د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر

# مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## ١٩٧٥-١٩٧٦

### دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش

بەرگی یەکەم

# مێژووی

# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**(١٩٧٥-١٩٧٦)**

**دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش**

**بەرگی یەکەم**

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

ناوی کتێب: مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (١٩٧٥-١٩٧٦)

بەرگ: یەکەم

نووسینی: د.سەروەر عبدالرحمن عمر

نۆرەی چاپ : دووەم

سالی چاپ: ٢٠١١

شوێنی چاپ: هەولێر

چاپخانە : هێڤی

تیراژ: (١٥٠٠) دانە

**بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە پێشکەشە:**

**بەو کادیرە هۆشیارو پێشمەرگە لەخۆبوردوانەی کاری جدی دەکەن بۆ بەرز راگرتنی دروشمی: (مانەوەمان، سەروەریمان، گەشـەکردنمان، پاراستنی دەستکەوتەکانی نیشتیمانیو کۆمەلایەتیو دیموکراسیشـمان بەندە بەمانەوەو پێشکەوتنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە).**

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی چاپی دووەم | ٧ |
| پێشەکی چاپی یەکەم | ١٣ |
| بەشی یەکەم: بارودۆخی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لەساڵی ١٩٧٥ دا | ٢٣ |
| باسی یەکەم: هۆکارەکانی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول | ٢٥ |
| ١-هۆکارە ناوخۆییەکان | ٣٧ |
| ا-هۆکارە حزبییەکان | ٣٧ |
| ب-هۆکارەکۆمەلایەتییەکان | ٤٥ |
| ج-هۆکارەسەربازییەکان | ٥٢ |
| ٢-هۆکارە دەرەکییەکان | ٦٢ |
| ا- پێوەندییە دەرەکییەکان | ٦٢ |
| ب-ڕێکەوتننامەی جەزائیر | ٧٣ |
| باسی دووەم: کاردانەوەی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە سەر کۆمەڵی کوردەواری | ٨٥ |
| بەشی دووەم: قۆناغی دوای هەرەسی ١٩٧٥ و سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نوێ... | ١٠٥ |
| باسی یەکەم: دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ١٠٧ |
| باسی دووەم: پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ١٢٩ |
| ١-کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان | ١٢٩ |
| ٢-بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان | ١٤٦ |
| ٣-هێڵی گشتی | ١٥٧ |
| باسی سێیەم: بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: | ١٥٩ |

١-بەرنامەی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٥٩
٢-یەکێتی و ستراتیژی نەتەوەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٧٥
بەشی سێیەم : ١٨٥
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ. ١٩٧٦
باسی یەکەم: دەست پێکردنەوەی شەڕی چەکداری دژی حکومەتی عیراق ١٨٧
باسی دووەم: رێکخستنی نهێنی و خەباتی جەماوەری شارەکان ٢٢١
باسیسێیەم: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بواری راگەیاندن ٢٣٣

بەشی چوارەم : ٢٤٧
پێوەندیەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەنێوخۆ و دەرەوەی ولاتدا
باسی یەکەم: پێوەندی هاوکارانەی یەکێتی و هێزە کوردستانیەکان ٢٤٩
باسی دووەم: پێوەندی یەکێتی بە هێزە بەرهەڵستکارەکانی عیراقەوە ٢٧٣
باسی سێیەم: پێوەندی یەکێتی لە گەڵ بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی نێوچەکە ٢٧٩
باسی چوارەم: پێوەندی یەکێتی لە گەڵ دەوڵەتانی نێوچەکە ٢٨٧
باسی پێنجەم: پێوەندی یەکێتی بە دەوڵەتە زلهێزەکانەوە ٢٩٥
ئەنجام ٣٠١
سەرچاوەکان ٣٠٥
پاشکۆکان ٣٢٧

# پێشەکی چاپی دووەم

دەکرێ ساتەوەختی لەدایك بوونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەساتەوەختی لەدایك بوونی ستایلێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەیی کورددا ناوبنێین ،کەلەپاڵ داهێنانی خەباتی نیمچە بەرەیی، هەڵگری جیهانبینی و خەیاڵێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تازەش بوو، کەدواشت توانی کاریگەریەکی گەورە بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردستاندا دابنێت ، چونکە یەکێتی ئەو هێزە سیاسیە بوو کەهەردوو رەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەیەکەوە لەناو پرۆسەی شۆڕشدا کۆکردەوە، واتا خەیاڵی شۆڕش لەدنیای یەکێتیدا تەنیا خەیاڵێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکو لەیەك کاتدا هەردووکیان بوو بەیەکەوە.

بۆیە ئەم قۆناغە مێژووییەی (١٩٧٥-١٩٧٦) کە (ی.ن.ك)ی تێدا لەدایك بوو، کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتی و تازەشی بەرهەمهێنا، لەوانە بەخشینی خەسلەتی کارکردنی پلورالیستانە بوو بەهێزێکی سیاسی بۆ ئەوەی لەپاڵ جیاوازیەکانی، بتوانێ بەیەك دەست دژی داگیرکەرانی کوردستان بوەستێتەوە، دواتر ئەم خەسڵەتە بووە زەمینەی بەرهەمهاتنی بیرکردنەوەی دیموکراسیانەو مامەڵەکردن لەگەڵ هەمەرەنگی کۆمەڵگاو جیاوازیەکانی و سەرمایەگوزاریکردنیشی وەکو وەزیەکی تازە بۆ شۆڕش، بەو مانایە سەر زەمینی شۆڕش تەنیا زەمینی جەنگاوەران نەبوو، بەڵکو سەرزەمینی مەشقی خەباتێکی دیموکراسیانەش بوو، ، یەکێتی بەم نەریتە نوێیە کۆمەکێ زۆری بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشەکەی کرد، بەوەی کاراکتەرەکانی بەخەونی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە گەورە ببن، خەونی سیاسی بەواتای فۆرمەلەکردنی پێداویستی و ئامرازەکانی شۆڕشی

رزگاریخوازی نەتەوەیی، خەونی کۆمەڵایەتیش بە مانایەی دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ چەمکەکانی دیموکراسی و کرانەوەو هەمەچەشنی کۆمەڵایەتی، هەر بەم هۆیەشەوە یەکێتی دوای راپەڕینیش ئەندازیاری یەکەمی دەسکارکردنی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە بوو کەدنیای دوای راپەڕینی لەسەر بونیاد نرا.

یەکێتی ئەو هێزە سیاسیە بوو کەئەو راستیەی بەروونی بەرجەستە کرد کەشۆڕش بەمانا سیاسیەکەی پرۆسەیەکی ناتەواوە و ئەو توانایەی تێدا سەوز نابێت دەسکاری ئەندازەی کۆمەڵایەتی بکات و خەونی کۆمەڵایەتی هێزو گرپ و پێکهاتە جۆربەجۆرەکان وەدیبێنێ، بەهەمان ئەندازەش کورتکردنەوەی شۆڕش بۆ چەند ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ترازانی لەئەرکە سیاسیەکانی، ئەو وزە پێویستە لەشۆڕش وەردەگرێتەوە رووبەڕوی دوژمنەکانی ببێتەوە، چونکە بەعس تەنیا هەڕەشەیەکی سیاسی نەبوو بەسەر کوردستانەوە، بەڵکو هێزێك بوو بەسەختی کاری بۆ ئیفلیجبونی کۆمەڵگەی کوردستان و دۆڕاندنی تواناکانی دەکرد، هەر بۆیەشە ئەرکێکی سەرەکی دوای راپەڕین رووبەڕوبونەوەی بەعسیزم و ریشەکێشکردنی بوو لەکۆمەڵگەی کوردستاندا.

واتا شوناسی یەکێتی وەکو هێزێکی سەرەکی دوای ساڵی ١٩٧٥ شوناسی کۆی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان بوو کەدواشت سەری کێشا بۆ راپەڕین و لەوێشەوە بۆ پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت و ئەزموونی هەرێمی کوردستان، واتا گەر بمانەوێت سەرداوەکانی دنیای ئەمڕۆمان بگێڕینەوە سەر رەگی مێژووی خۆیان، ئەوا بێ دودڵی سەردەکەنەوە بەماڵی یەکێتیدا، سەردەکەنەوە بەو رۆژانەی یەکێتی تیایدا نەریتی فرەیی و

بەیەکەوە گرێدانی خەونی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناو شۆڕشدا داهێناو بووە نوێنەری خەڵکی خوێندەوارو شارنشین و لادێکانی کوردستان.

یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە هەمەرەنگی شوناسی خۆیەوە لەساتەوەختی شۆڕشدا بەسەر کارەسات و نەهامەتی گەورەدا کەوت (دەسگیرکردنی سەرکردایەتی ناوەوەی وڵات و لەسێدارەدانی سەرکردەکانی، شەهیدکردنی یەکەم دەستەی چەکداری بەسەرکردایەتی ئیبراهیم عەزۆ، کارەساتی هەکاری لەساڵی ١٩٧٨، جیابونەوەی بەشی هەرەزۆری بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان، جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش، دواگورزیش شاڵاوی بەدناوی ئەنفالەکان)، بەڵام ئەو کارەساتانە نەك یەکێتیان لەجوڵە نەخست، بەڵکو بەشێوازی دیکە بوونە سەرچاوەی هێزو توانای نوێ و تراژیدیاکانی ئەو هێزە دواشت بەسەر ئاسۆی راپەڕیندا کرانەوە، واتا یەکێتیی سەرەڕای کارەساتەکانی، قوڵی برینەکانی، لەجێبەجێکردنی ئەرکە سیاسیەکانیدا تائەندازەیەکی زۆر بێ گرفت بوو کەبەراپەڕین دوایی بە بەشێکی هەرە زۆریان هات.

بەڵام ئەوەی مایەی پرسیارە ئەوەیە تاچەند ئەو هێزە لە وردکردنەوەی خەونە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیدا بەهرەمەند بووە؟ دنیای دوای راپەڕین ئەو دنیا تازەیەیە کەیەکێتی وەکو هێزێك رووبەڕوی ئەرکی وردکردنەوەی خەونە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی دەکاتەوە، روو بەڕوی ئەوەی دەکاتەوە کەچۆن بەرخورد لەگەڵ دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و پێداویستی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان دەکات، چۆن بەشداری لەدامەزراندنی دنیای دامەزراوەیی دەکات؟ چۆن رۆحی تازە بەبەر چەمکی

دیموکراسی و ئازادیدا دەکاتەوە؟ چۆن لەدنیای کۆدەنگی ڕەوایەتی شۆڕش دەگوازێتەوە بۆ جیهانی پڕ لەگومانی دەسەڵات؟

هەر چەندە یەکێتی بەداهێنانی تازەوە لەدەرگای دوای ڕاپەڕینیش دەدات، بەڵام ئەمجارە هەڵگری خەیاڵێکی کۆمەڵایەتیە، هەڵگری ئەو جیهانبینییە کەفۆرمی سیاسی مانایەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بگرێتە خۆی، کەدادپەروەری و ئازادی و تازەگەری و دیموکراسی و هاووڵاتی بوون بەرجەستە بکاتەوە، بەڵام لەزەمەنێکدا کەجیهان تووشی گۆڕانێکی ریشەیی بۆتەوە.

یەکێتی لەو جومگەیەدا تووشی دڵەراوکێی خەونی دامەزراندنی دەوڵەت و مانەوەی بەها شۆڕشگێریەکانی خۆی دەبێتەوە، بەوەی دنیای دوای ڕاپەڕین دابەشی سەر دەوڵەت و کۆمەڵگە دەبێتەوە کەلەئەدبیاتی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردستان بەدەسەڵات و کۆمەڵگە ناودەبرێت، کەئەم دابەشبوونە دابەشبوونی فەزای گشتی و تایبەت بەرهەم دێنیت و تیایدا ئینسان وەکو دوو کیانی تەواکەری یەکتر دەردەکەوێت، جارێکیان وەکو هاووڵاتی کەبەشێکە لەدەسەڵات و بەشداری ژیانی سیاسی دەکات، جارێکیشیان وەکو تاك کەپیادەی خەونە فەردیەکانی خۆی دەکات و ڕەنگە بونەوەرێك بێت دژی تۆڕەکانی دەسەڵات، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات یەکێتی زیاتر هێزی ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان ئەم بوارە دەدۆڕێنێت و سەختریش تووشی فۆبیای کەوتنی بەهاو نەریت و خەسڵەتەکانی دەبێتەوە، لەپاڵ ئەوەی دڵەراوکێ هێزی داهێنان لەناو یەکێتیدا سەوز دەکات، ترس لەدۆڕاندنی رابردوش دەستوقاچەکانی دەبەستێتەوە، کەبەناکۆکی نەوەی کۆن و تازە بەرجەستە دەبێت، لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیشی تووشی

گرفتی سەخت دەبێتەوە، کەبەشەڕی ناوخۆ کۆتایی دێت و تیایدا یەکێتی تووشی پەتای لاسایکردنەوە و کۆپی کردنی ئەوانی تر دەبێتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەم مێژووە یەکێتی ئێستا ئاوڕ بەسەر جیهانێکدا دەداتەوە کەبەلاوازبوونی خۆی ئەو جیهانە بێهێز نابێت، بەکەوتنی خۆی، ئەویش ناکەوێت، بەڵکو جیهانێکە زۆرێك لەئەدگارەکانی، لەپایەکانی هی یەکێتین، نەك هەر بێ یەکێتی ناکرێ قسە دروستبوونی بکەین، تەنانەت بێ یەکێتی رەونەقی خۆی دەدۆڕێنێت، بەڵام کامە یەکێتیی؟ بێ گومان ئەو یەکێتییەی لەناو لەیەکچوونی سیاسی و ئەو فەزا تازەیەی بەسەر دنیای ئێمەدا کراوەتەوە بەهەمان ئەندازەی جارانی جیاواز بێت لەبەرجەستەکردنی خەونەکانی خۆی و لەوێشەوە خەونی هەموو کۆمەڵگەی کوردستان.

لەکۆتایی ئەم پێشەکیەدا دەمەوێت ئەو تێبینیە بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیزەوە کە ئەوەی لە دوو توێی ئەم کتێبەدا نوسراوە نامەیەکی ئەکادیمیە لەبواری مێژوودا، ئەگەر چی ئێستا بارودۆخی کوردستان گۆڕاوەو هاوکێشە سیاسیەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. بەلام تاکە ئیعتیبار لێرەدا کە لەبەرچاو گیرابێت وەبەر چاوخستنی راستیە مێژووییەکانو نوسینەوەی مێژووە بۆ نەوەکانی داهاتوومان، وەك ئەوەی کە روویداوە بە سودوەرگرتن لە دەکۆمێنتە مێژووییەکانەوە، وهیچ ئیعتیبارێکی تر لەبەر چاو نەگیراوەو هیواداریشم هەر بەو چاوەوە تێی بڕوانرێت. ئەمە بەشی یەکەمەو پشت بەخوا لەنزیکترین دەرفەتدا بەرگەکانی دووەمو سێیەمیش کە ئامادەن دەیانخەینە بەر دیدەی خوێنەرانی ئازیز.

د.سەروەر عبدالرحمن عمر

٢٠١١/٥/٢٣- هەولێر

# پێشەکی چاپی یەکەم

دوا چارەکەی سەدەی بیستەم قۆناغێکی تایبەتمەندو جیاوازترە لە مێژووی نەتەوەی کورد دا وەك لە قۆناغەکانی پێشتر. گۆڕانکاری‌یەکانی جیهـان کاردانـەوەی راسـتەو خۆیـان بـۆ سـەر ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەراستو کوردستان هەبووە.

بەڵام مەخابن سەبارەت بەکورد کاردانەوەکان سەلبیو جەرگبڕانە بوون، لەلایەکەوە گەورەترین شۆڕشی باشوری کوردستان بە پیلانی وڵاتانی ناوچەکەو هاوکاری سیاسەتی نێونەتەوەیی بە چەشنێکی تراژیدیا کۆتایی پێهێنرا، کە بێگومان بەرپرسیاریەتییەکی گەورەش دەکەوێتە ئەستۆی سەرجەمی سەرانی شۆڕشەکەو بە راشکاوی دەتوانین بڵێین کە سەرکردایەتی (پ.د.ك)ی ئەو سەردەمە نە لە ئاستی سیاسەتی دەوڵیو دیپلۆماسیەتی سەردەمدا بوونو نە خاوەنی هیچ بەرنامەیەك بوون. لە دەزگە بەڕێوەبەرایەتیەکانی شۆڕشیشدا زیاتر دەسەڵاتی تاکەکەسی باڵادەست بوو، هەر ئەوەش بوو کە لە ماوەیەکی بە رێژە کورتدا ئەو شۆڕشەی کە لە روی توانای ماددیو سوپاییەوە بە گەورەترین شۆڕشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێردرا هەرەسبهێنیو هەرچی دامو دەزگەی چەکداریو سیاسی هەیە هەڵبوەشێنرێ.

لە لایەکی دیکەوە، هەر ئەو سەردەمە قۆناغی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و چەکدارانەی نەتەوەی کورد بووە لە گەلێك شوێنی کوردستاندا کە بەرەو رووی سیاسەتێکی شۆڤینیانەی داگیر کەران بووەتەوە.

لە باشوری کوردستاندا سێ مانگ تێپەڕی نەکردبوو کە خەباتی کوردایەتی سەر لەنوێ دەستی پێ کردەوە. نەتەوەی کورد پێویستی

بەڕێکخستنێکی نویٚ‌و بەرنامەیەکی نوێی دەستوبردانە هەبوو کە وەڵامێك بێت بۆ راگرتنی سیاسەتی عەفلەقیانەی بەعسیانەی دژ بە کوردو بەدەستهێنانی مافی جەماوەری کوردستان.

ئەم رێکخراوە نوێیەش خۆی لە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا بینیەوە کە لە ١٩٧٥/٥/٢٢ دا دامەزرا، و پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دامەزراندنیدا لە (١٩٧٦/٦/١)دا شۆڕشی چەکدارانەی دژ بە رژێمی بەغدا دەست پێکردەوە.

ئەوەی هانیدام بۆ نوسینەوەی ئەم بابەتە ئەوەبوو کە: ئەو ماوەیە سەردەمێکی گرنگە لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەیی کورداو تا ئێستاش بە شێوەیەکی زانستانە لێی نەکۆڵراوەتەوە، بەڵکو نوسینەکان زیاتر لە شێوەی وتاردا بڵاو کراونەتەوە یاخود تەعبیری لە بۆچونی لایەنێك کردووە.

بۆیە بە پێویستم زانی تەنگەتیلکانە بۆ مەسەلەکان نەچم و بەپێی ئەو بەڵگەو سەرچاوانەی بە دەستم کەوتوون قۆناغەکە بخەمە بەردەست. بەڵام ئەوەش دەبیٚ لەیاد نەکەین ئەنجامدانی ئەم کارە بۆ من هەروا ئاسان نەبوو، چونکە لەلایەکەوە کەمی سەرچاوە و زانیاری تەواو کە تاك‌و ئێستاش وەك نهێنی ماونەتەوە ئەرکی منیان زەحمەتترکرد. لەمەش بترازیٚ کەمی سەرچاوەی لایەنەکانی تر کە لەسەر ئەم بابەتە نوسرابن. بۆیە بە ناچاری زیاتر هانام بۆ بڵاوکراوەکانی خودی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بردووە.

لە هەمان کاتتدا ناچار بووم هانا بۆ چاوپێکەوتن بەرم لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەی کە خۆیان بەشداری ڕووداوەکانیان کردوەو ڕۆڵیان تێدا

گێڕاوەو تا ئێستاش لە ژیاندا ماون. جا چ ئەوانەی لە نێو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابوون، یاخود حزبە کوردستانیەکانی تر، ئەگەر چی هەندێکیان بە سوپاسەوە، بە سنگی فراوانەوە بە دەنگمەوە هاتن، بەڵام هەندێکیان ئامادە نەبوون بە هیچ شێوەیەك لەم بارەیەوە گفتوگۆم لەگەڵدا بکەن و زانیاریم پێبدەن و تەقەلاکانم لە پەیوەندی کردن لەگەڵیاندا بە فیڕۆ چوو. لەو بارەیەوە هاوکارییان نەکردم.

ئەم نوسینەی کە لە بەردەستدایە لە چوار بەش پێك هاتووە :

<u>بەشی یەکەم :</u> باس لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی باشوری کوردستان دەکات لە ساڵی ١٩٧٥ داو لە دوو باس پێك هاتووە.

باسی یەکەم : دەربارەی هۆکارەکانی هەرەسێهنانی شۆرشی ئەیلولە، بەسەر هەردوو لایەنی ناوخۆ و دەرەکی دا دابەش کراون. کە پێکهاتوون لە هۆکارەکانی سەربازی و کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی پێوەندیدار بە کارو باری نێو خۆی پارتی و هۆکارە دەرەکییەکان و هۆکاری گرنگ و ڕاستەوخۆ و دوا هۆکاریش کە (ڕێکەوتنامەی جەزائیر) ە لێی دواوین.

باسی دووەم :پەیوەندی بە بارودۆخی باشوری کوردستانەوە هەیە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و ڕەنگدانەوەی ئەم هەرەسە لە بوارەکانی:- سیاسی، سەربازی، ئابووری، ڕۆشنبیری و پەروەردەیی دا خراونەتە روو.

<u>بەشی دووەم</u> : باس لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نوێ دەکات کە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا خۆی دەبینیەوە و بەسەر سێ باس دا دابەش کراوە.

باسی یەکەم : لە دامەزراندن و هاتنەکایەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەدوێت.

باسی دووەم : باس لە شێوەی پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات کە لەسیٚ باڵی سەرەکی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی) پێکهاتبوو. لێرەدا لە مێژووی دامەزراندن و ئایدیۆلۆژیای هەریەك لەمانە دواوین.

باسی سیٚیەم : دەربارەی بەرنامەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ە، لە چوارچێوەی بەرنامەکەیدا باسمان لە سیاسەتی یەکێتی کردووە، لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی ستراتیژی نەتەوەیی یەکێتیدا کوردستانیەت و هەوڵەکانی(ی.ن.ك)مان خستۆتە بەر دەست.

<u>**بەشی سیٚیەم :**</u> ئەم بەشە باس لە شۆرشی نویٚ دەکات لە لایەن (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ەوە کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ دا دەستی پیٚکرد و لە هەمان کاتدا شێوازەکانی خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو سەردەمەدا، باس کراوە کە ئەویش بەسەر سیٚ باسدا دابەش کراوە :

باسی یەکەم : سەبارەت بە دەست پێکردنەوەی شەڕی چەکدارییە دژ بە حکومەتی عێراق. شێوەی خەباتەکە شیکراوەتەوەو بیرو ڕاکانی هەریەك لە باڵەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باس کراوە.

باسی دووەم : باس لە ڕێکخستنی نهێنی و خەباتی جەماوەری نێو شارەکان دەکات ئەو شێوازە نویٚیەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا لە ڕێکخستنەکانی پێشوتری بەرنامەی خەبات کردنی بۆدانابوو.

باسی سێیەم : خەباتی(ی.ن.ك) لە بواری راگەیاندندا چ بە نهێنی لە شار و لە دەرەوەدا خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

**<u>بەشی چوارەم</u> :** لێرەدا لە پێوەندیەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دواوین لە نێو خۆو دەرەوەی وڵاتدا. ئەم بەشەش بەسەر پێنج باسدا دابەش کراوە :-

باسی یەکەم : پێوەندیەکانی یەکێتی لەگەڵ هێزە کوردستانیەکاندا خراونەتە بەردەست، لەباشور و گشت پارچەکانی دیکەی کوردستاندا.

باسی دووەم : باس لە پێوەندیی نێوان یەکێتیی نیشمانیی کوردستان و هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق دەکات، بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی نێو (ججطح الوطن طحر) کە لەو سەردەمەدا وەك بەرەیەك دیمەشقیان کردبووە بنکەی چالاکیەکانیان.

باسی سێیەم : باس لە پێوەندیەکانی یەکێتیدەکات لەگەڵ بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی نێوچەکەدا، بەتایبەتی ڕێکخراوە فەلەستینی و ئیرانیەکان و ژمارەیەك لە ڕێکخراوە چەپڕەوەکانی تورکیا.

باسی چوارەم : دەربارەی پێوەندییەکانی یەکێتیە لەگەڵ دەوڵەتانی نێوچەکە دا باسکراوە، بەتایبەتی لەگەڵ (سوریا و لیبیا) دا.

باسی پێنجەم : پێوەندی یەکێتی بە دەوڵەتە زلهێزەکانەوە. لەوە دواوین کە پێوەندیەکان زیاتر لەگەڵ کە سایەتیە ناسراوەکان و ڕۆژنامەنوسان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکاندا بووە، چونکە لەو سەردەمەدا هیچ پێوەندییەك لە نێوان یەکێتی و ئەو دەوڵەتانەدا نەبووە.

بۆ بە ئەنجامدانی ئەم نوسینە، پەنامان بۆ ژمارەیەکی جیاواز لە سەرچاوەو بەڵگەکان بردووە کە دەکرێ لێرەدا بەسەر چەند پۆلێلێك دا دابەشیان بکەین:

- ئەو نوسین و بڵاوکراوانەی لەلایەن (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ەوە بڵاوکراونەتەوە. یاخود لەلایەن کەسانێکی بەرپرس لەنێو ریزەکانی یەکێتی یەوە نوسراون، وەك: (مام جەلال، شاسوار جەلال(ئارام)، نەوشێروان مستەفا، مەلا بەختیار، عادل مراد، ...)، نوسینی ئەم نوسەرانە گرنگی تایبەتی خۆیان هەبووە بۆ باسەکەمان، چونکە لەناو روداوەکاندا بوون و بە وردی ئاگاداری گۆڕانکاری یەکان بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نوسەرانە ئەگەرچی لەنێو چوارچێوەی یەك رێکخراویشدا کاریان کردووە، بەڵام لەهەندێك مەسەلەدا بیرو رای جیاوازیان سەبارەت بە هەندێك لەمەسەلەکان هەبووە.

- هەروەها سودمان لەو یادداشت و بیرەوەرییانەش وەرگرتوە کە لەلایەن ژمارەیەك کەسایەتیەوە نوسراون کە لەو رۆژگارەدا ژیاون و بەشداری روداوەکانیان کردووە، لەوانە: (ئەرسەلان بایز، محمدی حاجی محمود، سەید کاکە، رێباز، حسێن عارف، عبدالله حسن زادە، فاتح رەسول، مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، شێخ جەمال شێخ نوری، حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی، ...).

- لەم نوسینەدا سود لەهەندێ لەو سەرچاوانە وەرگیراوە کە لەلایەن نوسەرە بێگانەکانەوە نوسراون و تێڕوانینی خۆیان هەبووە سەبارەت بە بزوتنەوەی کوردایەتی. بەشێك لەوانە گرنگی زۆریان هەبووە بۆ باسەکەمان و سودمان لێ بینیون، هەندێك لەوانە وەك رۆژنامەنوسێك

سەردانی کوردستانیان کردووە و زانیاری‌یان لە لێپرسراوانی بزوتنەوەکە و لە زمانی خەڵکی وەرگرتووە، وەك:(جوناثان راندل، کریس کۆچیرا، مارتن ڤان برۆنەیسن، گوینتەر دیشنەر). جگە لەوانە، ژمارەیەکی دیکەش کە لە دەزگە نهێنی و موخابەرایەتی‌یەکاندا کاریان کردووە و لاپەڕە نهێنی یەکانیان دەرخستووە، وەك:(عیسا پژمان و شلومو نکدیمون))، یاخود نوسینەکانی (هنری کیسنجەر) کە گرنگی‌یەکی تایبەتی هەیە چونکە ناوبراو ئەو سەردەمە دەسەڵاتدارێکی گەورە بووە، لە ئیدارەی ئەمریکی‌دا و راستەوخۆ ئاگاداری پەیوەندیەکانی کورد و ئێران و بەڵێنەکانی ئەمریکا بووە کەبەکوردیان داوە و کۆمەڵێك راستی‌ی درکاندووە. لەمەش بترازێ ژمارەیەك لە نوسەرانی عەرەب و فارس، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك سەرچاوە بەرهەمەکانیان نوسیوە و نوسینەکانیان گرنگی‌یەکی زۆریان هەیە بۆ کەسێك ئەگەر لەو ماوە مێژوویی‌یە بکۆڵێتەوە، وەك نوسینەکانی : (صلاح الخرسان، حامد محمود عیسی، منوچهری پارسادۆست)، کە سودمان لێیان وەرگرتوون. هەروەها سودمان لە هەندێك سەرچاوەی عەرەبیی دیکەش وەر گرتووە، وەك: (منذر الموصلی، سعد البزاز)، لەم نوسینانەشدا کۆمەڵێك زانیاری باش هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە ئەو نوسەرانە هەستی شۆڤینیەتی عەرەبی بەسەریاندا زاڵە و بەچاوێکی تەسك بینانەوە لە کێشەی کورد دەڕوانن.

- جگە لەمانە سود لەهەندێك لە راپۆرتی سیاسی پارت و رێکخراوە کوردستانی و عیراقیەکان وەرگیراون کە لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانیاندا نوسیویانەو تەعبیر لە بیر و بۆچونی رێکخراوەکانیان دەکەن، وەك:

راپۆرتی سیاسی (حزبی شیوعی عیراق) کە لەلایەن (عزیز محمد)ەوە لە ساڵی ١٩٧٦دا پێشکەشی سێیەمین کۆنگرەی حزبەکەیانی کردووە، راپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی- پارتی دیموکراتی کوردستان کە (سامی عبدالرحمن) لە ساڵی ١٩٧٦دا نوسیویەتی، راپۆرتی سیاسی نۆیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٧٩دا لەلایەن (مەسعود بارزانی)ەوە نوسراوە، راپۆرتی سیاسی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە لەساڵی١٩٨١دا لەلایەن (رەسول مامەند)ەوە پێشکەش بەیەکەمین کۆنگرەی حزبەکە کراوە، و راپۆرتی سیاسی هەردوو کۆنگرەی هەشتەم و نۆیەمی (حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست) کەلە ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٨٢ دا بەستراون. ئەم راپۆرتانە گرنگی زۆریان هەبوو و سودی زۆرمان لێ وەرگرتوون چونکە بە رونی بیر و باوەڕ و بۆچونی ئەو پارت و رێکخراوانە دیاری دەکەن لە ئاست روداو و مەسەلەکاندا.

- هەروەها سود لە هەندێ لە دەکۆمێنت و بەیان و بەڵگەنامەو نامەی شەخصی وەرگیراوە، وەك: هەندێ بەڵگەی دەزگای موخابەراتی عیراقی و هەندێك لە بەیاننامەی حزبەکان و نامەی کەسایەتیەکان وەك (مام جەلال) و (قادر عەزیز).

- بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی باسەکە و وەدەست خستنی زانیاری زیاتر سودمان لە چاوپێکەوتنی هەندێك کەسایەتی وەرگرتووە کە بەشداری راستەوخۆیان هەبووە لە بزوتنەوەی کوردی‌دا، جا ئەو چاوپێکەوتنانە لەگۆڤار و رۆژنامەکاندا بلاوکرابنەوە، یاخود خۆمان لەگەڵیاندا سازمان دابێت، سەرجەم ئەو چاوپێکەوتنانە لە ئەرشیفی نوسەری ئەم تێزەدا پارێزراون. چاوپێکەوتنەکانی(مام جەلال، د.فوئاد

مەعصوم، د. کەمال فوئاد، عومەر شێخموس، مەلا بەختیار، ملازم عومەر عبداللە، سالار عەزیز، عومەری سەید عەلی، سەلاحەدینی مهتدی، د.محمود عوسمان، محمدی حاجی محمود، ئازاد جندیانی، جمال حکیم ئاغا...هتد) ئەم چاوپێکەوتنانە گرنگی زۆریان هەبوو و گەلێ لایەنی تاریکیان بۆ رون کردینەوە و زانیاری پێویستیان پێداین.

- جگە لە هەموو ئەمانەش گەلێ سەرچاوەی تری جیا جیا بەکار هێنراون کە هەریەکەو لە بوارێکدا گرنگی خۆیان هەبوو بۆ باسەکەمان، وەك: ئەو کتێبەی بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان- کۆمیتەی ئامادە کردن)ەوە بلاو کراوەتەوە و (د. محمود عوسمان)نوسیویەتی، و کتێبەکانی(حسێن محمد عزیز)کە چاوپێکەوتنە لەگەڵ (ئیبراهیم ئەحمەد و جەرجیس فەتحوللا)دا، و کتێبی (گەلێکی پەژموردە) کە چەند نوسەرێکی کورد و بێگانە نوسیویانە و کتێبەکانی (محمد حسنین هیکل)(الحل والحرب) و (مدافع ایه الله)و گەلێ سەرچاوەی تریش.

لە کۆتایی ئەم پێشەکیەدا جێی خۆیەتی ئەو راستیە بڵێم کە بەڕێز(د.کەمال عەلی) لەپێناو بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا ئەرك و ماندوبونێکی زۆری لەگەڵ توێژەردا بەخەرج داوە. هیچ کارێکیش بێ کەمو کوڕی نابێت. و ئەم کارەش پێویستی بە دەیان لێکۆڵینەوەی تر هەیە کە ئومێدەوارم کەسانی شارەزاتر لەمن هەڵەکانم راست بکەنەوە.

نوسەر

کانونی دووەمی ٢٠٠١

سلێمانی

# بەشی یەکەم
## *بارودۆخی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لەسالی ١٩٧٥ دا*

### باسی یەکەم:
### هۆکارەکانی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول

**١-هۆکارە ناوخۆییەکان**

**ا-هۆکارە حزبییەکان**

**ب-هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان**

**ج-هۆکارە سەربازییەکان**

**٢-هۆکارە دەرەکییەکان**

**ا- پێوەندییە دەرەکی یەکان.**

**ب-ڕێکەوتننامەی جەزائیر**

### باسی دووەم:
### کاردانەوەی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە سەر کۆمەڵی کوردەواری

# باسی یەکەم
# هۆکارەکانی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول

شۆڕشی ئەیلول لەساڵی١٩٦١ دا لەبارودۆخێکی ناوچەیی و نێو دەوڵەتی دیاریکراو، لەئەنجامی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی دەیان ساڵ دا، بەشێوەیەکی تراژیدی لەچیاکانی کوردستان مەشخەڵی بەرز بۆوە و گەیشتە هەموو ناوچەکانی باشوری کوردستان.

ئەم شۆڕشە وەلاّمدانەوەیەکی مێژوویی بوو بەرامبەر بەسیاسەتی سەرکوت کەرانەی حکومەتی قاسم. ئەنجامی پاشگەز بوونەوەی حکومەتی عیراق بوو لەبەڵێنەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کوردستان لە چوارچێوەی ژیانی دیموکراتی و ئاشتی دا.

تراژیدیای شۆڕشی ئەیلول وێنەیەکی ئەوەندە سامناك و دڵتەزێنە کەڕوداوەکانی سەرنجی گەلێ لەرۆژنامەنوسانی راکێشا تا ریپۆرتاژ و کتێبی لەسەر بنوسن، سەرنجی زۆر لەپارتو رێکخراوی دنیای راکێشابوو تاکو پشتیوانی لێ بکەنو هاوکاری بکەن. سەرنجی هەندێ ولاتانی جیهانی راکێشابوو لەکۆڕو کۆنفرانسو کۆبوونەوە نێودەولەتی یەکاندا بەسۆزەوە باسی لێ بکەن. جگە لەمانەش هەزاران گەنجو لاوی کورد بوونە قوربانی ئەوڕاپەڕینە چەکدارییە، هەزاران دێهات سوتانو لەگەڵ زەوی دا یەکسان کران. تێکڕا گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی نیشتیمانەکەیدا پشتیوانیان لێکرد و بەهیوای دووا رۆژێکی سەرکەوتووانەوە دەیانڕوانیە ئەنجامەکەی.

دوای ڕێکەوتننامـەی ١١ی ئـازای ١٩٧٠، و چـوار سـاڵ بـارودۆخی نەشەڕ نەئاشتی لەکوردستاندا، لەئەنجامی مل نەدانی حکومەتی عێراق بۆ مافـەکانی کـوردو داننـەنان پێیانـدا لەنیسـانی (١٩٧٤)وە شـەڕ بەگـەرمی لەکوردسـتاندا دەسـتی پێکـردەوە. نزیکـەی هـەموو کـوردی باشـور لـەژێر ئاڵای بارزانیـدا کۆبوونـەوەودژی حزبی بـەعس وەسـتان، جگـە لـە (حزبـی شـیوعی عێـراق)* و ژمارەیـەکی کـەمی کـورد نـەبێت، کەسـێکی ئـەوتۆ هاوکاری بەعسی نەکرد، شەڕی ئەمجارە لەچاو قۆناغـەکانی پێشـوودا لـە هـەمووکات گـەرمترو سـەخت تـر بـوو. پشـتیوانی کـوردیش لەشۆڕشـەکەدا لەچاو قۆناغەکانی پێشووتردا لەهـەموو کـات فـراوانتر بـوو. سـەدان هـەزار کەس چوونە ناو ریزی شۆڕشەکەوە، لەوانە بەسەدان ئەفسەر، مامۆسـتای زانسـتگاو قوتابخانـەکانی ناوەنـدیو سـەرەتایی، پزیشـك، ئەنـدازیار، پارێزەرو . هتد، تۆپخانەی قورسی ئێرانو شارەزاکانی بۆ پاڵپشتی کورد بەشـداربوون.[1] دەتـوانین بڵـێین شـەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥ لـەنێوان حکومـەتی

---

* حزبـی شـیوعی عـیراق ئەوکاتـە لەبـەرەدابوو لەگـەڵ بەعسـدا هاوبەشـی حـوکم بـوو، چـەکدارەکانی لـەپاڵ سـوپای عیراقـدا دژی شۆڕشـی کـورد شـەڕیان دەکـرد. وەلـە رۆژنامەکانیشـیاندا (طریـق الشـعب، فکـر الجدیـد، بـیری نوێ)داسـەر کردایـەتی شۆڕشـیان بـە داروەدەسـتەی ئیمپریـالیزم و کۆنەپەرسـت دادەنـاو بـە (جیـب العمیـل) ناویـان دەبـردن، ستایشـی حزبـی بـەعس و دەسـکەوتەکانیان دەکـرد و پێیـان وابـوو حزبی بەعس عیراق بەرەو سۆسیالیزم دەبات.

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکـانی کوردسـتانی عێـراق ١٩٧٥-١٩٧٨. چ٢، سـلێمانی ، ١٩٩٧ ، ل٢٠؛ مارتن ڤان برۆنەسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و/کوردۆ ، ب١، چ٢، سلێمانی، ل٥٨.

عێراق و شۆڕشی کوردستاندا، کەوتە سنورێکی ئەوەندە فراوانەوە کە بوو بەشەڕی میللەتی کوردو حکومەتی عێراق. ئەمە راستییەکەو دەسەلاتدارانی عێراقیش نەیانتوانی خۆیان لەئاستیدا لادەن. ئەوەتا (سەدام حسین) بە بۆنەی هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی جەزائیر لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٨٠دا بەم جۆرە دانی پێ دادەنێ:"جەنگە کە گران و سەخت بوو، هێزی چەکدار زیاتر لە (١٦) هەزار پێکراوی لەنێوان شەهیدو بریندارردا لەدەست چوو، وسەرجەمی پێکراوەکان لەجەنگدا لەنێوان سەربازو هاوولاتی دا نزیکەی (٦٠) هەزار پێکراو بوو لەنێوان شەهیدو کوژراو و بریندارردا..."[1]

لەشوێنێکی تردا (سەدام حسین) سەبارەت بەخراپی بارودۆخی دەوڵەتی عێراق کە بەهۆی شۆڕشی کوردستانەوە تووشی هاتبوو دەڵێت : "کار گەیشتبووە پلەیەکی ترسناك، کاتێك پێداویستییە بنچینەییەکانمان، بەتایبەتی چەکی یەکلاکەرەوەمان بەرەو کەمی دەچوو. جبەخانەی تۆپی قورسمان لەتەواوبوون دابوو، لەبۆمبا قورسەکانی چەکی ئاسمانی تەنیا سێ دانەمان مابوو".[2]

ئەمە دوا کارتی بەعسیەکان بوو لەڕووی گرتنەبەری تەقەلای سیاسی و دبلۆماسیانە بۆ لەباربردنی شۆڕشی کورد. لەڕێکەوتی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ دا رێکەوتننامەی جەزائیر لەشاری (الجزائر)دا لەنێوان

---

(١) حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست: راپۆرتی ناوەندی نۆیەم کۆنگرەی هەرێمانە، حوزەیرانی ١٩٨٢، بغداد، ١٩٨٣، ل٧٧.

(٢) مؤسسة الدرسات والابحاث: الصراع العربي الفارسي: ١٩٨١، باريس، ص١٢٠؛ سعد البزاز: الاكراد في المسألة العراقية، عمان ، ١٩٩٦، ص٤٣.

(صدام حسين)و (شای ئێران)دا مۆرکرا.[1] کە ئەوەش بوو بەهۆی تێکشکانی شۆڕشی ئەیلول و رزگاربوونی رژێمی بەعس لە لەناوچوون.

راستە رێکەوتنی جەزائیر وەك هۆیەکی دەرەکی و فاکتەرێکی بابەتی کاریگەربو. بەڵام ئەگەر هۆیە ناوخۆییەکان و فاکتەرە خۆییەکە بۆڕوخان و هەرەس هێنانی شۆڕش لەبار نەبونایە هەرگیز ئاشبەتاڵ نەدەبوو.*

ئەو کاتەی بارزانی بڕیاری ئاشبەتاڵی دا، هەندێك لەسەرکردەکان و پێشمەرگەکان دژی ئاگربەست وەستان و رایانگەیاند کە:" ئێمە سیانزە ساڵە بۆ بەدەست هێنانی مافی رەوای خۆمان لەم شاخ و داخە خەریکی شەڕو بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمنین. ئێمە بی یارمەتی شای ئێران تا دوا هەناسەی ژیانمان درێژە بە شەڕ دەدەین".[2] لەوانە: (عەلی عەسکەری) داوای دەکرد لەسەر بەرەنگاربوونەوە بەردەوام بێ و سوربوو لەسەر ئەوەی

---

(١) عیسی پژمان: نهێنی بەستنی پەیمانی١٩٧٥ی ئەلجزائیر لە ئەرشیفی تەواونهێنی تەواونهێنی ساواك، وەرگێڕان: ناسر ئیبراهیمی، سوئید، ١٩٩٧، ل٩٠؛ منوچهر پارسادۆست: ناکۆکی ئیران–عێراق، وەرگێڕانی محسن علی ١٩٩٥، سلێمانی، ل٥٢؛ جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەرگڕی ئاگری جەنگی عێراق وئێراندا، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٩، ل ١٦.

* ئاشبەتاڵ.. ئەو وشە دڵ سوتێنەرەبوو کە جەماوەری دڵ پڕ لەژانی گەلی کوردستان هەست و هەڵوێستی خۆیان پێ دەردەبڕی بەرامبەر ئەنجامی نالەباری ئەو بزووتنەوەیەی کە هەرەسی هێنا، وبەکارەساتێکی کەم وێنە لەمێژووی کوردەواری دادەنرێت. و بوو بەهۆی بەفیڕۆدانی خەباتی چەکدارانەو سیاسییانەی دەیان ساڵی کوردایەتی.

(٢) عیسا پژمان: نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزائیر–ل٩٢

چەك دانەنێن.[1] هەروەها (ئەسعەد خۆشەوی) كە فەرماندەیەكی لەشكری پێشمەرگەبوو وەڵامی بروسكەی بارزانی دایەوە كە ئەگەر بڕیاری خۆڕاگرتن بدات ئەوان دەتوانن بۆ ماوەی دوو ساڵ شەڕبكەن، چونكە تا دوو ساڵ چەك و خواردنیان هەیە. بەڵام بارزانی بروسكەیەكی تری بۆ لێدان كە لەگەڵ كەس و كاریان خۆیان بگەیەننە حاجی ئۆمەران.[2]

لەشەوی ١٨-١٩٧٥/٣/١٩ فەرماندە سەربازیەكان لەگەڵ بارزانی كۆبوونەوەو داوایان لەبارزانی كردووە كە بمێنێتەوەو شەڕی پارتی زانی درێژە پی بدەن و ئەو لە شوێنێكی ئاسایشدا دابنیشێ. بەڵام بارزانی رازی نابێت و رەشبینی خۆی دەردەبڕێ لەبارودۆخەكەو دەڵێ هیچ رێگا چارەیەك نیە. جگە لەوەی هەر كەسێك دەیەوێ بگەڕێتەوە عێراق بەخشین هەیە. ئەو كەسەش كە ناگەڕێتەوە عێراق ئەوا بابێتە ئێران و دابنیشێت.[3]

(سەیدا ساڵح یوسفی)ئەندامی مەكتەبی سیاسی بیروڕای بەرامبەر بەشۆڕش بەم جۆرەبوو : "من رام وابوو كە شۆڕش بەردەوام بێ و پێمان دەكرێ شەڕبكەین بۆ ئەوەی بتوانین لەنزیكترین دەرفەتدا، لەپێگەی

---

[1] حسین محەمەد عەزیز: خولانەوە لەبازنەی بۆشدا، دەقی چاوپێكەوتن لەگەڵ جرجیس فتح الله، چاپی یەكەم، سوید،١٩٩٧، ل١١٢؛ عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، الحلقة الالى، جريدة الاتحاد، العدد(٣٧٣) ٢٠٠٠/٦/٩ .

[2] كریس كوچیرا: مێژووی كورد لەسەدی ١٩و ٢٠دا، ل٥٠٦.

[3] حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی: لەشنرویێوە بۆستۆكهۆڵم، چەند لاپەڕەیەك لە بیرەوەریەكانم لەشۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلی كوردستاندا، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٥٥-١٥٦ .

بەهێزی یەوە وتو وێژ لەگەڵ حکومەتدا بکەین. . و خەباتی دبلۆماسی زیاتر پەرە پێ بدەین لەگەڵیدا. بەلام کەسێکیان گوێیان لەو بۆچوون و پێشنیارەم نە گرت...".[1] هەروەها لەکۆبوونەوەی ١٩٧٥/٣/١٨ دا سەیدا سالح یوسفی روی کردە بەشداربووان و وتی:"هەڤالان. . لەکاتێکدا کەپێویست نەبوو شەڕبکەین شەڕمان کرد...ئێستاش کەپێویستە لەسەرمان شەڕبکەین، پێمان دەڵێن شەڕوبەرەنگاری کردن لەبەرژەوەندی ئێمەدانیە..."[2]

سەرکردایەتی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)یش (شیهابی شێخ نوری و ئارام) پێوەندیان بە (ئیدریس بارزانی)یەوە کردبوو و پێیان راگەیاندبوو کە رێکخراوێکی نهێنین و ئیمکانیاتی شارو شاخ ئەوەی هەیانە دەیخەنە ژێر دەسەلاتی سەرکردایەتی شۆڕش بە مەبەستی بەرگری، بەلام کەس گوێی لێ نەگرتن.[3]

---

[1] عبد السلام علي: صفحات من نضال الشهيد صالح اليوسفي، ص٢٥؛ حسين عارف: بیرەوەری سالێك لەتەمەن ١٩٧٤/٣/٢٨بۆ ١٩٧٥/٣/٢٧ چ ١، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢١٤-٢١٥؛ عادل مراد: محاولة جادة لكتابةجزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، الحلقة الالى، جريدة الاتحاد، العدد(٣٧٣)٢٠٠٠/٦/٩ .

[2] محمد رەنجاو: شەهید سەیدا صالح یوسفی...رابەرێکی نوێی تێکۆشان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٢١)١٩٩٣/٦/٢٥.

[3] ئەرسەلان بایز: راگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی (١٩٧٥-١٩٩١)، ل٤٥؛ ئەرسەلان بایز: رۆژانی سەخت، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٨٥٦) ١٩٩٩/٥/١٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار عەزیز لە ٢٠٠١/١٠/١٣ لە سلێمانی؛ عومەری

هەروەها سەبارەت بەدرێژە پێدانی شۆڕش ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێ: "کەبیستم شۆڕش خەریکە هەرەس دێنێ، گەڕامەوە، چومەلای بارزانی، پێم وت با لیژنەیەك دروست بکەین، ئێمە خۆمان هیچ ناکەین، با کۆمەڵێکی تازە ئەو کارە لەئەستۆی خۆیان بگرن. . ئەوانەی دەیانەوێ خەبات بکەن چەکەکانیان دەدەینێ. باخەباتی خۆیان بکەن "مەلا مستەفا پیشانی دا، کە ناتوانین شەڕبکەین و هیچمان پی ناکرێ. وەپێی وتم، ئەگەر شەڕبکەین، تۆ دەتوانی لەم شەڕەدا چی بکەی؟ وتم نازانم تەقەش بکەم، بەڵام لەلای تۆ دادەنیشم و مەخزەنت بۆ پڕ دەکەمەوە. پێم وت: ..دوژمن وازوو ناگاتە لای تۆ، مەگەر بەسەر لاشەی دەهەزار پێشمەرگەدا هەنگاو هەڵێنێ. وتی برایم تازە لەدەستچوو، کەسمان لەگەڵ نیەو هیچ ئومێدم نەماوە..".[1]

جگە لەمانە هاوڕێیانی قیادەی مەرکەزی (حزبی شیوعی عێراق)* یش پێیان وابوو بەرگریی بکرێ، داوای یارمەتی چەك و پێداویستی تریان لەبارزانی کرد. ئەگەرچی بارزانی سەرەتا بەڵێنی دابێ

---

سەید عەلی: هەندێ لایەن و رەوتی مێژوویی و سەرەتایی دامەزراندنی ی.ن.ك، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە(١٩)، ل٤٤

[1] حسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا، چاپی یەکەم، چاپخانەی باران ، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥، ل ٧٥-٧٦.

* قیادەی مەرکەزیی حزبی شیوعی عیراق، ئەوباڵەبوو کە لە (حشع) جیا بووبووەوە و لە بەرەی شۆڕش دابوو لە پاڵ(پ. د. ك)دا دژی رژێمی بەعس، ئەم باڵە (ابراهیم علاوی)سکرتێر یان بوو.

کردنــی پێداویســتیەکانی پــێ دان. بــەڵام دوایــی هیچــی بــۆ نــەکردن و پشتگوێی خستن. [1]

هــەروەها هــەردوو ڕێکخــراوی (یەکیــّتی قوتابیــانی کوردســتان) و (یەکێتی لاوانی کوردستان) کە ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لە لاوانی کورد بە دەورەوەبوو. بەگیانێکی پڕ لەحەماسەتەوە دژ بە بڕیاری ئاشبەتاڵ وەستانەوەو داوای بەردەوامبوون لەسەر بەرگری و درێژەپێدانی شۆڕشیان دەکــرد. (عــادل مــوراد)ی ســەرۆکی (ی.ق.ك) بڕیــاری ئــەوەی دابــوو کــە چــەندین مــەفرەزەی چــەکداری جــەنگاوەر لــەقوتابیانیش دروســت بکــەن و شان بەشانی پێشمەرگە بەشداری شەڕ بکەن. [2]

(سەربەست بامەڕنی) لەیەکێتی لاوانەوە دەڵێ: "رۆژی ١٩٧٥/٣/١٩) وەفدێکمان ناردووە بۆ لای (مەکتەبی سیاسی) پارتی و پێیان ڕاگەیاندون کــە ئــەو بڕیــارەی داویانــە تــاوانێکی زۆر گەورەیــە دەرهــەق بــەکوردو شۆڕشــەکەی. و ئــەوانیش داوای بــەرگری و درێژەپێــدانی شۆڕشــیان کردووە". [3]

بەڵام ئـەم هەوڵانـەو دەیـان هـەوڵی تـری لـەم بابەتـە لـەدواتردا، هـیچ شتێکی لەشوێن نەڕواوکەس گوێی پێ نەدا چونکە بارزانی سـەرکردەی شۆڕش بڕیاری کۆتایی پێهێنانی دابوو.

مــام جــەلال لــەم بارەیــەوە دەڵێــت:" بــەر لەهــەرەس لەبــەیروت (بریمـاکۆف)م بینـی، زۆر هـەوڵی دا مـن هـەوڵ بـدەم لەگـەڵ بـارزانی کـە

---

[1] حسین عارف: بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن، ل٢١٦-٢١٧، ٢٢٣

[2] هەمان سەرچاوە، ل٢٠٢

[3] هەمان سەرچاوە، ل٢١٢

وازنەهێنێت و شۆڕشەکە بلاوە پێ نەکات. تەنانەت بەڵێنی پێدابن وتی ئەگەر ئێوە درێژەبدەن بەخەبات ئێمەی سۆڤیەت وەکو جاری جاران، وەکو شەستەکان یارمەتیتان دەدەین و وتی ئەوە تازە بۆتان دەرکەوت ئەمریکا خیانەتی لێکردن و ئێران خیانەتی لێکردن، وتی فەرموو سەرکردایەتی کورد ئەوەندە هاوکاری ئێرانیان کرد، ئەوەندە هاوکاری ئەمریکای کرد، ئەوەندە هاوکاری دەوڵەتی تری کرد، فەرموو ئەوەتا پشتیان لێکردن و ئێوەیان فرۆشت و واخەریکە دەربەدەربن. بۆیە ئێوە درێژە بەخەباتەکەتان بدەن و ئێمەش پشتیوانیتان لێدەکەین. گوتیان لەدوو لاوە پشتیوانیتان لێدەکەین. یەك: وەك جاری جاران یارمەتیتان دەدەین و دووەمیان: فشار دەخەینە سەر عیراق. " مام جەلال دەڵێ: ئەو هەواڵانەم نارد بۆ سەرکردایەتی شۆڕش بەداخەوە بە جیددی وەرنەگیرا.[1]

بارزانی رۆڵی یەکەم و سەرەکی لەشۆڕش و بڕیاری وازهێنانی لەشۆڕشدا هەبوو. هەروەك هەرەس سەلماندی کەسەرجەم گەلی کورد چاوەڕوانی بڕیاری ئەوبوو. بەڵام بەتەنهاش تاوانی ئەوهەڵانە خستنە ئەستۆی بارزانی کاری نابەجێ یە. چونکە گشت دەستەی سەرکردایەتی لەوەدا بەشدارن. بێگومان بارزانی و کوڕەکانی لەسەرووی هەمووانەوەن، ئنجا مەکتەبی سیاسی و دەزگەی(پاراستن).

لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی پێی وایە" بارزانی پاش ساڵی ١٩٧٠ مەسئول نەبووە لەزۆر هەڵەی کە کراو زۆر شتیش ئێمەو مانان کە لە

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە(١٢٩٨)، ١٩٩٦/٦/٢

دەوری ئەو بووین لێی مەسئولین... و هەموو قیادە مەسئول بووە"[(١)] بەلاَم مستەفا بارزانی خۆی دەڵێت: "ئەوەی بەسەرمان هات هەمووی ئیهمالی و زوڵمی ئێمە بووەو زیاترین کەس من تەحەمولی مەسئولیەت دەکەم".[(٢)] کە ئەگەر ئەم وتەیە شیبکەینەوە دەتوانین بە یەکیٚ لە وتە جوان و پڕ مەسئولیەتەکانی بارزانیی دابنێین کە لە بەرامبەر مێژوودا دانی پێدادەنێت و لە مەسئولیەتەکەی راناکات.

بەلاَم لەگەڵ ئەوانەشدا نابیٚ گەورەیی کارەسات و قەبەیی هەڵەو زۆری زیانەکان راستیمان لیٚ بشارنەوە. بۆچونی زانستیانەمان لیٚ تێك بدەن و کۆی ئەو هۆیانەی کە هەن لێمان ون کەن. پێویستە لێپرسراوەتی دەیان سەرکردەو سەدان کادری سەربازی و سیاسی و هەزاران رۆشنبیرو تێکۆشەر نەخرێتە لاوە... سەرکردایەتی پارتی و دەزگاکانی سەرجەم بەرپرسیارن، هەریەکەو بەپیٚی جێگەو لێپرسراوەتی و تواناو رۆڵ و وازی کردنی ئۆبالی هەرەسەکە، سەرجەم تێکۆشەرانی ناو جولاَنەوەی نیشتمانی، پڕیشکی بەر پرسیاری دەیانگرێتەوە، چونکە راستە کە بارزانی دانیشت و سەرکردایەتی پارتی کۆڵیداو بووبەژێر هەرەسەوە. بەلاَم زەمینەی بەردەوامیی خەبات و بەهەزاران پێشمەرگەو پاڵپشتی

---

(١) مسعود بارزاني: التقريرالسياسي والقرارات السياسية والبلاغ الختامي للمؤتمر التاسع للحزب الديمقراطي الكوردستاني-العراق، المنعقد في تشرين الثاني عام١٩٧٩، ص٣-٤؛ حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني-العراق، ص٣٧٤.

(٢) مومتاز حیدری و نەژاد عزیز سورمیٚ: کۆنگرەی ٩٠ساڵەی لەدایك بوونی بارزانیی نەمر، سەلاحەددین١٤١٧/٩/١٩٩٣، چاپی یەکەم، کوردستان، ١٩٩٧، ل٢٨٦.

جەماوەرو چەك و تفاقی شۆڕشە کە لەئارادابوون. هەر چەند تێکۆشەرێ بجولاّنایە کارەساتەکە روی نەئەدا، یا بەو قەبەیی یە نەدەبوو، یان ئەو هەموو زیان و شوێنەوارو سەرەنجامە خراپانەی لێ نەدەکەوتەوە و خەباتی دوا سەردەمەکەیشی وا پڕ ئەرك و کوێرەوەری نەدەکرد.

لە ئێوارەی ١٨/١٩-٣-١٩٧٥ کە بارزانی کۆبونەوەیەکی فراوانی بە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و بەشێکی زۆر لەفەرماندەکان کرد و بڕیاری راگرتنی شەڕو کشانەوە ناو ئێرانی پێ راگەیاندن. بڕیارەکەی بارزانیان پەسەند کردو سەرانی پارتی و لێپرسراوانی لەشکر، تەنانەت ئەوانەیش کە سووربوون لەسەر درێژە پێدانی شەر بەگشتی دوای کەوتن.[1]

گەلێ فاکتەر و هۆکاری ناوخۆو دەرەکی بوونە مایەی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول. دەکرێ لێکۆڵینەوەی وردو زانستیانەیان بۆ بکرێت، دور لە لەبەر چاو گرتنی لایەنی هەست و سۆزداری.

سەبارەت بەمە مەسعود بارزانی دەڵێت:"دەبێ دان بەوەدابنرێت کە رێککەوتنامەی جەزائیر تاکە هۆ نەبوو بۆهەرەسی١٩٧٥، بەلکو هۆکاری ناوخۆیی گرنگ هەبوون، وەك بەرەڵلایی و ئاژاوە لەناو ریزەکانماندا".[2]

---

[1] مسعود بارزاني: التقريرالسياسي والقرارات السياسية والبلاغ الختامي للمؤتمر التاسع، ص٣؛ ژیرار چالیاند: گەلێکی پەژموردە... ل ٣١٧.

[2] مسعود بارزاني: التقريرالسياسي والقرارات السياسية والبلاغ الختامي للمؤتمر التاسع، ص٤؛ حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني-العراق، ص٣٧٥.

ئەمە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە هۆی بنچینەیی و گرنگ پێش ئەو رێککەوتنە لەسەر یەك کەڵەکە بوو بوون، تا دەهات زیاتر ناوجەرگی بزوتنەوەکەیان دەخواردەوەو پوچیان دەکردەوە. رێکەوتنەکەی ئێران و عیراق تەنها ئەو کاتە توانی رۆڵی کاریگەر ببینێ کە ئەو هۆ بنچینەیی و گرنگ و کاریگەرانە رۆڵی تەواوی خۆیان بینی بوو، و وایان لەبزوتنەوەکە کردبوو کە تەنیا قاوغێکی بەتاڵی لێ مابووەوە بۆیە ئەوموئامەرە دەولییەی لەکورد کرا وا بە ئاسانی توانی مەبەستەکەی خۆی بپێکێ و کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول بێنێ.

## ١-هۆكاره ناوخۆییەكان

### ا-هۆكاره حزبیەكان:

سەركردایەتی بزوتنەوەكه لەگەڵ ئەوەشدا كه جەماوەرێكی فراوانی هەبوو، بەڵام هەروەك بزوتنەوه كوردیە چەكدارەكانی پێش خۆی پێگەیەكی چینایەتی خێڵەكی پێوه دیاربوو.

بەدرێژایی تەمەنی چواردەساڵەی شۆڕش، پارتی لەبواری رێكخستن وكادر پەروەرده كردندا سەركەوتوو نه بوو. كەم و كوڕی رۆشنبیری و تێگەیشتن لەسیاسەت لای زۆربەی كادرەكان دیاردەیەكی شاراوه نەبوو.[1] تەنانەت نزمی ئاستی رۆشنبیری لەنێو ریزەكانی پارتیدا بەڕادەیەك بوو كه مەكتەبی سیاسی باش هەستی پێ كردبوو، هیچ جۆره خۆراكێكی روناكبیری لەنێو دانەمابوو، پارتی لەبواری رێكخستن و كلتوریدا هەڵوەشابۆوه... خۆشیان دەركیان بەم راستیه كردبوو،[2] پارتی خۆی بەهیچ تیۆرێكی كۆمەڵایەتیەوه نەبەستبۆوه، تاڕادەیەكی زۆر پراگماتی بوو.[3] لەڕوی سیاسیشەوه گەلێ باڵی جیاواز هەبوون، كه هەریەكەیان بیرو رایەكی جیاوازی هەبوو.

بارزانی سەرۆكی پارتی بوو هەر لەدامەزراندنیەوه. . بەڵام باوەڕی بەكاری حزبی نەبوو...هەولی دەدا كه بەتەنها خۆی كۆنترۆڵی تەواوی

---

[1] ئۆرخانی غالب: شۆڕش ئەیلولو رۆژگاری دوای هەرەس، چاپی یەكەم، لندن، ١٩٩٠، ل٢١.

[2] حسین محمد عزیز: خولانەوه لەبازنەی بۆشدا، ل١١١.

[3] پارتی دیموكراتی كوردستان(سەركردایەتی كاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد، ل.٢١

حزبەکە بکات بەڵام پاش بەیانی ئازاری١٩٧٠ کەئیدی حزب رۆلی بەرچاوی بینی و جڵەوی کارەکانی گرتەدەست. ئیدریس و مسعود چونە نێوحزب و کرانە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.[(١)] لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی راستیی پێکاوە کە دەڵێت:"نابێ گلەیی لە پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پارتی بکەین، بەڵکو دەبێ گلەیی لەخۆمان بکەین چونکە ئەو پرۆگرام و پەیرەوە جێبەجێ نە ئەکرا".[(٢)]

بیرو باوەڕی ئەندامانی سەرکردایەتیش رۆژ بەرۆژ کزتر دەبوو و پێوەندیان لەگەڵ بارزانی دا زیاتر مۆرکی شوێن کەوتەیی وەردەگرت.[(٣)] پارتی لەیەك ترازابوو، هەست بەلێپرسراویەتی نەمابوو. چەند شوێنێکی خاوەن دەسەلأت پەیدابوو بوونو گیانی فەرامۆشیو هەڵپەرستیو رەچاوکردنی بەرژەوەندی تایبەتی تەسك لەهەموو پلەو پایە جیاجیاکانی سەری هەڵدابوو.[(٤)] جگە لەمە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لەنێو خۆیاندا پێوەندییێکی باشیان نەبوو، هەر یەکەیان دژی ئەوی دیکەیان

---

(١) پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکردن): هەڵسەنگاندنی رەوش و.. ل١١.

(٢) حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني-العراق، ص٣٧٥.

(٣) پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکردن): هەڵسانگاندنی رەوش و...ل١٢.

(٤) جەلال دەباغ: هۆیەکانی داڕمان و پەند و تاقی کردنەوەکانی شۆڕشی ئەیلول، گۆڤاری هەڵوێست، ژمارە (٢)، سالی ١٩٨٧، لەندەن، ل٤٨ ؛ پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٥.

بوو، تەڵەیان بۆ یەکتری دادەنا، دژی یەکتری پیلانیان دەگێرا. [1] لەبەر ئەوهۆیانە هەمووی، پارتی سەرکردەی راستەقینەی شۆڕش نەبوو، بەڵکو یاریدەدەری دەزگەی بارزانی بوو، و زۆرجاریش یاریدەدەرێکی بێ کەلك بوو، ئەمە یەك لەو هۆکارە سەرەکیانەی نەمانی شۆڕش و هاتنە پێشەوەی هەرەس بوو.[2] خۆ پەروەردەی شۆڕشگێڕانە کە لەبزوتنەوەکەدا پێشێل کرابوو ئەگەر پەیڕەو بکرایە لەزۆر روەوە رێگای لەوە دەگرت کە بزوتنەوەکە وا بەجارێك بکەوێتە باوەشی دوژمنەوە– ئێران و ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی – ئەمەش مەسەلەی هەرەس هێنانی شۆڕشی بەجۆرێکی تر ئەگۆڕی، راستە شۆڕش توانی جەماوەر بەلای خۆیدا راکێشێ و هەزاران رۆشنبیر کێش بکاتە نێو ریزەکانی پارتی و دەزگاکانی شۆڕشەوە. بەلام ئەم هاتنەناوە تەنها چەندایەتیەکەی رەچاوئەکرا نەوەك چۆنایەتیەکەی و هیچ پلانێك دانەئەنرا بۆ نوێکردنەوەی دەزگاکانی پارتی و شۆڕش و چەسپاندنی ئەندامانی رۆشنبیر و خاوەن توانا لەجێگەی ئەندامە هەڵپەرست و دواکەوتووەکان. بەلکو ئەوجۆرە کەسانە هەر لەشوێنی خۆیان مانەوەو هەوڵیان ئەدا کە رێگە لەپێشکەوتن و بەرەو پێشەوەچوون بگرن. بۆیە پارتی هەر بەو شێوەیە مایەوە وەبەهیچ جۆرێك بەکردەوە سەرکردایەتی شۆڕشی نەکرد.[3] بۆ نمونە: ئەگەر پلان هەبووایە چونە دەرەوە وا بەلێشاو و بە بەرەڵلایی نەئەبوو، ئەوەندە کەس ئەچوونە

[1] حسین محمد عزیز: خولانەوە لەناو بازنەی بۆشدا، ل ٧١.

[2] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٥.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٦٤.

دەرەوە کە بزوتنەوەکە پێویستی پێ بوایە[1]. ئەوەتا مەسعود بارزانی دەڵێت: "هەموومان تووشی لەخۆبایی بوون بوو بوین، رۆژ لەدوای رۆژ گیانی شۆڕشگێڕیمان لە دەست دەدا. لەجیاتی ئەوەی سود لەوسەرکەوتنە وەربگرین و رێکخستنی پارتی بچەسپێنین لە ناو جەماوەر، دەرگای بەرەڵلایی و فەوزا کرایەوە و شتی ئەساسی کەبۆ هەر شۆڕشێك پێویستە لەبیر چوو".[2]

لە ئازاری ١٩٧٤ دادەیان هەزار کەس چونە ریزی شۆڕشەکەوە. دەزگای پاراستن هانی خەڵکیان ئەدا شارەکان بەجێ بهێڵن. بەعس رێگای لێ نەئەگرتن. لای وابوو لێشاوی خەڵك ئەبێ بەبارێکی قورس بەسەر بزوتنەوەکەوەو ئەویش هەندێکی دەرکرد.[3] هەرخۆیان لەسەرەتای شەڕەکەوە گشت کادرانی هەرێم و ناوچەو رێکخراوەکانی (لاوان، قوتابیان، ژنان) یان کێشایە دەرەوە بۆ ناوچەکانی سنوری دەسەلاتیان و کارێکی ئەوتۆیان رەخساند گشت پیسپۆرانی زانیاریو تەکنەلۆجیو خوێندکاران دوای ئەوان بکەون. گشت ئەوانەیان لە باڵەك (دۆڵی چۆمان) کۆکردەوەو زۆربەی زۆری ئەو کادیرانە بێ کاربوونو لەتوانادا نەبوو بەر پرسیاری گونجاو لەگەڵ تواناياندا بەوانە بسپێرن. زۆری تریشیان بەسەر دەزگاکاندا سەپاند. بەو جۆرە توانای کاری شۆڕشگێڕانەو نهێنی یان

---

[1]: هەڵبژاردەیەك لەنوسینەکانی شەهید ئارام، بەشی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، چاپخانەی شەهیدئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٠، ل١٩.

[2] مسعود بارزاني: التقرير السياسي والقرارات السياسية والبلاغ الختامي للمؤتمر التاسع، ص٣؛ حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب الديمقراطي-العراق، ص٣٧٤.

[3] نەوشێروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ١٩٩٨، ل ١١٢.

لەشارەکاندا کەم کردەوە،[1] بردنەوە دەرەوەی دەیان هەزار کوردی هەموو توێـژێکی گـەل لەشـارەکانو چـونیان بـۆ نێـو شـۆڕش بـە جۆرەهـا ڕێگـا مسۆگەر کرد. بەبێ ئەوەی شۆڕش جێی ئەوانەی تێدا ببێتەوەو بتوانێ وەکـو پێویسـت گوزەرانیـان دابـین بکـات. لـەم بارەیـەوە (سـامی عەبدولرەحمان) دەڵێت:"دەزگاکانمان توانای بەڕێوەبردن وسازدانی ئەو بـەهرە تازانـەی بەشـی زۆری ئەوخەڵکـەی نـەبوو کـە تـازە هاتبوونـە نێـو شۆڕشەوە".[2] هەروەها دەزگای پاراستن هانی ئەوانەی دا بچنە ئێرانو پەنا بەر ئەم ولاتە ببەن. بەبێ ئەوەی زۆربەی کات پێویست بکات.[3] ئەمە نـەك هـەر هەڵەیـەك بـوو، بـەڵکو گوناهێـك بـوو دەرهـەق بـەم گەلـەکراو هۆکارێکی سەرگەردانی بوو. ئەو هەڵئاوسانە گەورەو خێرایەی شۆڕش بووە مایەی بێ هێزبوونیو بارێکی قورس لە وزەی شۆڕش بەدەربوو. بێگومـان ئـەوە یـەکێك بـوو لـەهۆکارە سـەرەکیەکانی هەرەسـی شۆڕشـی ئەیلول.

فەسادی ماڵیو ئیداری لەناو دەزگاکانی حزبو پێشمەرگەدا پەرەی سـەندبوو، واسـیتەو خزمایـەتی نـەك توانـاو لێ وەشـاوەیی، گـرنگترین

---

[1] ژیدار چالیاند: گەلێکی پەژموردە...، ل ٣٢٣؛ ئۆرخانی غالب: هەرەسی شۆڕشی ئەیلول... ل٢١.

[2] پـارتی دیمـوکراتی کوردستان(سـەرکردایەتی کـاتی): ڕێبـازی بزوتنـەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٦٥.

[3] پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکردن): هەڵسەنگاندنی رەوشو... ل١٣؛ جەلال دەباغ: هۆیەکانی داڕمان و پەند وتاقیکردنەوەکانی شۆڕشی ئەیلول، گۆڤاری هەڵوێست، لەندەن ، ژمارە (٢)، ساڵی١٩٨٧، ل٤٨.

پێوانەی دامەزراندن بوون لەدائیرەکاندا. بازرگانی قاچاخ لەگەڵ ئێران بوو بە سەرچاوەیەکی گرنگی دەوڵەمەندبوونی کاربەدەستەکانی پێشمەرگە.[1] ئەوکەسانەی کەدەست پاك نەبوون هیچ لێیان نەدەپرسرایەوە و لەدام و دەزگای بارزانیش نەبوایە لەکەسی ترنەدەترسان. ئەنجام ئەوەبوو شۆڕش لەو دەستکەوتە گرنگانە بێ بەش بوو، وەبەرەللایی و دزی وخراپەکاری زۆر پەرەی سەندبوو، کەئەمەش کارێکی زۆرخراپی کردبووە سەر ناوبانگی شۆڕش. هەتا گیانی خۆبەخت کردنیش لەناو پێشمەرگەدا بێهێز ببوو. تەنانەت ئەمانە پاڵی نابە سەرکردایەتیەوە کەرووبکاتە یارمەتی دەرەوەو لەدواییشدا بەئێجگاری پشتی بەشای ئیران بەست لەبارەی بەخێوکردنی ئەندامانی ناو ریزی شۆڕش.[2] کێشانەو تەرازوی هەڵسەنگاندنی پیاوی شۆڕشگێڕو ناشۆڕشگێڕ هاتبوە سەر ئەوەی کە کێ شەڕ کەرە؟ کێ مل کەچی فەرمانی بارزانی یە؟ کێ بۆڵەو خوتەی نییە؟ کار گەیشتبوە ئەو رادەیەی کە بۆچوون و بیروڕای زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیش بڕی نەدەکردو کەس گوێی لێ نەدەگرتن.[3] سیاسەتی رازی کردن و بەرەللایی و سزانەدان و نەبوونی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ و داکەوتنی چەند مەرکەزێکی بەهێزو توانا لەجێگەی ئەوان،

---

[1] ا. کاوة: قضیة کردستان الجنوبیة والافاق المستقبلة، ص٨٢ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل١١١ .

[2] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٩ .

[3] ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، چاپی سێیەم، سلێمانی ، ١٩٩٩، ل٣٨٧-٣٨٨ .

بڵاوبوونەوەی بیرۆکراتیەت و زۆربوونی ناوچەی دەسەڵات ببو بەشتێکی باو.[1] ئەوەتا "جرجیس فتح الله " سەبارەت بە لێپرسراوانی ئەو رۆژگارە دەڵێت :" چ گاڵتە بازارێ بوو، هەمووی هەر گەمەکردن بوو، شتێ نەبوو ناوی مافی گەل‌و پارتی بووبێ. هەرگیز شتی وانەبوو. نەدەنگی هەبوو نەڕەنگی هەبوو.... ".[2]

لەگەڵ ئەمانەشدا، بەشی پاراستن بوو بوو بەشێرپەنجەی ناو شۆڕش‌و پەنجەی ژەهراوی بۆ ناو هەموو دەزگاو بارەگاو رێکخراوەکان و هێزەکانی پێشمەرگەو تەنانەت بۆ زۆربەی ناو ماڵەکانیش درێژ کردبوو. بوو بووە بەمۆتەکەی سەر سنگی هەموو کەس. کەس نەیدەتوانی هەناسەیەك بەئاشکرا هەڵکێشێ و لەگەڵیا دوو بیرو بۆچونی دڵسۆزانەو شۆڕشگێڕانەو سیاسیانە دەربڕێت. هەر کەسێکیش بەخۆیدا رابپەرمواییە رەخنەیەك یا بۆچونێکی خۆی دەربڕیایە، لەکورترترین ماوەدا بەراپۆرتی پاراستن لەبەندیخانەکانی شۆڕش توند دەکرا، یان دوور دەخرایەوە بۆ ئێران. یا لە بارەگاکاندا دەست بەسەر دەکرا. ئەو رەفتارو کردەوە ناشۆڕگێرانەی پاراستن دەرگای لەسەر هەموو بیرو بوچونێکی بەسود بۆ شۆڕش‌و کورد داخستبوو.[3] پاراستن ببوو بەپارتیەك لەناو پارتیداو ناکۆکی و بەیەکداچوون دەستی پێکردبوو لەنێوان ئەم دام ودەزگایەو هەموو رێکخراوەکانی پارتی بەبێ پسانەوە. بێگومان کارێکی ناشەرعی

---

[1] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازیکورد، ل٦٥.

[2] حسین محمد عزیز: خولانەوە لەناو بازنەی بۆشدا، ل٥٣.

[3] ابراهیم جلال: خاوروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول.. ل ٣٨٧.

وەها هەرئەبیٚ ئەوە ئەنجامەکەی بیٚت. بەتایبەتی کەئەندامانی پاراستن هەموو دەسەلاٚتیٚکی خۆیان بەشیٚوەیەکی راستەوخۆلە دام و دەزگاکە وەرئەگرت.[1]

---

[1] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): ریٚبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٥.

## ب-هۆكاره كۆمەڵایەتیەكان

پێویست بوو شۆڕشی ئەیلول، وەك شۆڕشی گەلێكی ژێردەستە كراو لەهەموو هەلو مەرجێكدا بەپێی توانا بۆ بەدیهێنانی قوڵترین ئاڵوگۆری كۆمەڵایـــەتی و دابینكردنـــی مـــاف و بەرژوەنـــدە رەواكـــانی چـــینە زەحمەتكێشـــەكان و دانـــانی ئاواتـــەكانی ئـــەم جـــەماوەرە رەنجـــدەرە تێبكۆشایا. گرنگی دان بەم لایەنە كۆمەڵایەتیە پێویست و ناچاری بوو بۆ شۆڕش چونكە جەماوەری زەحمەتكێش بەشی هەرە زۆری پێشمەرگەو دواتـریش بڕبـڕەی پشـتی شۆڕشـی پێكهێنـا، بـەڵام سـەركردایەتی تـا رادەیـەكی زۆر ئـەم لایەنـە كۆمەڵایەتیـەی فـەرامۆش كـرد. بـەجۆرێ وای لێهات شۆڕشیش پێ بەپێ و وردە وردە ناوەرۆكە كۆمەڵایەتیەكەی خۆی و پاڵپشتی پێویستی چینە چەوساوەكانی كۆمەڵی لەدەست دەدا.

سەركردایەتی شۆڕش لەبەر پشتگوێ خستنی ئەم مەسەلەیە بواری نـەدا ریفـۆرمی كۆمەڵایـەتی قـوڵ لـە كوردسـتاندا بكـرێ. هـەنگاو نـانی لێبڕاوانـەو بنەڕەتیانـە لـە لادێكـانی كوردسـتاندا زۆر پێویسـت بـوو. جێ بـەجێ كردنـی یاسـای چارەسـەركردنی كشـتوكاڵ و كێشـەی زەوی و زار دەبوایـە یـەكێك لـەكارە گرنگـەكانی شـۆڕش بوایـە. بـەڵام سـەركردایەتی بایەخی بە جێبەجێكردنی تەواوەتی و راستەقینەی ئەم یاسایە نەدەدا كە هەنگاوێكی گرنگ بوو بۆ كۆمەڵی كوردەواری.[١] وەهیچ هەڵبژاردنێكی بۆ ئەنجومـەنی دێهاتـەكان نـەكرد، بـەڵكو كوێخـاو پیاوەكۆنـەكان هـەروەكو جاران دەسـەڵاتی خۆیـان مـابووەوە. لەكاتێكدا ئەگەرهەلبـژاردن لـەرێگای

---

[١] ا. كاوة: قضية كردستان الجنوبية والافاق المستقبلة، ص٨٢.

پشت بەستن بەچینە رەنجدەرەکانەوەبکرایە، ئەوە باشترین نمونەی دیموکراتیەتی نیشان ئەدا، هەروەها دەسەلاتی ئەو چینە چەوسێنراوانەش کەبارگرانی شۆڕشیان لەسەر شان بوو بەهێزتر و فراوانتر دەبوون.[1]

هەڵوێستی سەرکردایەتی پارتی بەم شێوەیە بوو، ئەویش بۆ رازیکردنی هەندێ موڵکدارو ئەو لێپرسراوە سەربازیانەی کە شوێنی دەکەوتن و زەوی و زاری فراوانیان هەبوو. ئەو گوندانەی کە خاوەنەکانیان بەشداری شۆڕشیان کردبوو دەستیان لێ نەدرا. ئەگەر کادرەکانی پارتیش ویستبایان بۆ جێبەجێکردنی چارەسەری زەوی هەنگاوێك بنێن، دەرەبەگەکانی نێو شۆڕش نەیاندەهێشت. ئەمەش بوە هۆی ئەوەی چینی جوتیار، کە جەماوەری بنچینەیی شۆڕشی پێك دەهێنا، رۆژ لەدوای رۆژ بڕوای بەشۆڕش نەمێنێ و ئامادە نەبێ لەپێناویدا قوربانی بدات.[2] هەروەها نەتوانرا ئەم جەماوەرە بەرینە بەقازانجی شۆڕش سازو تەیار بکرێ و جۆش بدرێ. ئەم دیاردەیە زیانی لەشۆڕشداو مۆرکە رزگاریخوازانەکەیشی کاڵ کردەوەو بوو بەخاڵی لاوازبوونی.[3]

---

[1] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازیکورد، ل٢٩.

[2] عزيز محمد: تقرير ل. م للحزب الشيوعي العراقي في المؤتمر الثالث للحزب، طريق الشعب، ١٩٧٦/٤/٩؛ جەلال دەباغ: هۆیەکانی داڕمان و پەند و تاقیکردنەوەکانی شۆڕشی ئەیلول، ل٤٨.

[3] پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکردن): هەڵسەنگاندنی رەوش و... ل١٨.

سەبارەت بە بەرنامەی پەروەردەو فێرکردنیش وەك پێویست هەنگاوی بۆ هەڵنەنرا، هەر چەندە لەسەرەتای هەڵگیرسانەوەی شەڕ بەهۆی راکردنی هەندێك مامۆستای قوتابخانەکان‌و زانکۆی سلێمانی بۆ مەڵبەندی شۆڕش، هەندێ هەوڵی بچوك درا بۆ دامەزراندنی خوێندنگەو تەنانەت زانکۆیش، بەڵام دوای دەست پێکردنی بۆردومانی حکومەتی عیراق‌و بەتایبەت بۆردومانی قەڵادزێ لە ١٩٧٤/٤/٢٤ ئەم هەوڵەش نەماو بەرەو کزی چوو. نەخوێندەواری‌و بێ قوتابخانەیی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا. زۆربەی مامۆستاکان چون بۆ ئۆردوگاکانی ئاوارەکان لەئێران. بەدەگمەن هەندێك لەگوندەکانی کوردستان خوێندنگەیان هەبوو.[1]

بارودۆخی تەندروستی و لەشساغی لەکوردستاندا لەوەش خراپتر بوو، لەناوچەیەکی پان‌و بەرین دا تەنیا برین پێچێکیان بۆ دادەنا کە چارەسەری خەڵکی دەکرد. هەر چەندە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ ژمارەیەکی زۆر دکتۆر چونە ریزی شۆڕشەوە، بەڵام ئەوانیش وەکو مامۆستاکان زۆربەی هەرە زۆریان چونە ئێران وەبەشێکی کەمیان لە کوردستاندا مانەوە.[2]

لەماوەی چوار ساڵی راگرتنی شەڕیشدا (١٩٧٠-١٩٧٤) کارێکی ئەوتۆ بۆ دروست کردنی رێگەو بان نەکراو زۆربەی ئەو دراوەش کە حکومەت بۆ ئەو کارەی تەرخان کردبوو، دەچوە گیرفانی بەڵێندەرەکانەوە،

---

[1] سەرهەڵدان و تێکشکانی شۆڕشی ئەیلول لەکوردستانی عیراق، لەبلاوکراوەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ل٣٢ .

[2] سەرهەڵدان و تێکشکانی شۆڕشی ئەیلول لەکوردستانی عیراق، ل٣٢.

لەکاتێکـدا بەڵێنـدەرەکانیش لــە لێپرســراوە گــەورەکانی شـۆڕش پێـك هاتبوون،[1] دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕیش هەرچەندە ئیدارەیەك بەناوی ئیشغال دامەزرابوو، بەڵام بۆ دروست کردنی ڕێگەو بان‌و هـەروەها خانوو بەرەش هەنگاوێکی ئەوتۆ نەنرا. لەدروستکردنی جۆگەو بان کە هـەر هیچ نەبوو.[2]

پێوەندیەکانی نێوان حزبیش لەسەر بنچینەی خێلەکی دامەزرابوون لـەجیاتی ئـەوەی پرەنسـیپە حزبییـەکان‌و دەزگـا دیموکراتیـەکان ڕۆڵـی خۆیـان ببینن، عەقڵیـەتی خێڵـەکی‌و کۆنەپەرستانە پێوەندیـەکانی دیـاری دەکرد. پێوەنـدی نێـوان سـەرکردایەتی‌و گـەل لـەرێگای چەند کەسێکەوە بوو، بۆ نمونـە خێڵ لـەرێگای سـەرۆکەکەیەوەو ناوچەیەك لـەرێگای تاکـە لێپرسراوێکی خۆیەوە کە دەبوو بەر پرسی هەموو دانیشتوانی ناوچەکەو ڕای ئەو نەك ڕای گـەل یا ڕێکخستنەکانی پـارتی یا پێشـمەرگە بەکردەوە لەبەرچـاو دەگـیرا. بـەم شـێوەیە ئـەو لێپرسـراوە دەسـەلاتێکی ڕەهـای لەناوچەکەدا دەبوو سەرکردایەتی هەموو دەسەڵاتێکی پێ دەبەخشێ، ئەم کـارەو ڕەفتـاری چـەوتی ئـەو بەرپرسـیارانە لەزۆربـەی کاتـدا لەمپـەری زیاتریـان لـەناو سـەرکردایەتی پـارتی‌و شـۆڕش‌و گەلـدا دروسـت دەکـرد‌و متمانەی گەلیان بـەم سـەرکردایەتیە لەلایـەن گەلـەوە دادەماڵی[3] هـەروەها

---

[1] ڕێبـاز: قەنـدیل بەغـدای هەژانـد، بـەرگی یەکـەم، چاپی یەکـەم، چاپخانەی زانکـۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٣، ل٢٠-٢١.

[2] سەرهەڵدان و تێکشکانی شۆڕشی ئەیلول لەکوردستانی عیراق، ل٣٣.

[3] پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتـەی ئامادەکردن): هەڵسـەنگاندنی ڕەوش‌و... ل١٣.

کۆنترۆڵی تەواوی شۆڕش لەلایەن سەرکردایەتی بارزانیەوە گەلێك دوژمنی خێڵەکی بۆ دروست کرد کە لەریزی هێزەکانی حکومەتدا بەچەك شەڕیان لەدژی دەکرد، مەبەست لەو خێڵە کوردانەیە کە بەتایبەتی لەناوچەی بادینان و ناوچەکانی دەوروبەری بارزان دا ناکۆکی کۆنی خێڵەکیان لەگەڵ خێڵی بارزاندا هەبوو، ئەم خێڵانە ئەو هێزە غەیرە نیزامیە بنچینەییەیان پێکهێنا کە چەکی حکومەتیان دژی شۆڕش هەڵدەگرت و بەپێی بەرژەوەندی خێلەکەیان هەڵوێستیان دیاردەکرد و وایان دانابوو شۆڕشی کورد لەژێر دەستی بارزانیەکاندایەو مانەوە لەو ناوچانەدا یا هاوکاری کردنیان، واتە ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی خێڵی بارزان. ئەو کارە کە هەمیشە لەبەر هۆی خێلەکی رەتیان دەکردەوە. سەرکردایەتی پارتی بەکردەوە نەکەوتە دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم گیروگرفتە کە زیانێکی زۆری لەشۆرشدا. بەتایبەتی کە فەرماندەی هێزەکان لەناوچەکانی ئەم خێڵانەدا بەدرێژایی ساڵانی شۆڕش بارزانی بوون.(١)

لەلایەکی ترەوە جیاوازیەکی چینایەتی زۆر لەنێوان بەرپرسەکانی شۆڕش و خەڵکی ئاسایی دروست بوو بوو، فەرمانبەرە مەدەنیەکان و سەرکردە زلەکانی لەشکر لەخۆش گوزەرانی و رابواردندا بوون وخێزانەکانیان لەئێران زۆر لەجارانیان خۆشتر دەژیان. بەڵام پێشمەرگەئاسایی یەکان و خێزانەکانیان لە ژیانێکی نەبوونی و کولەمەرگیدادەژیان.(٢) زۆربەی پیاوەکانی بارزانی کەلەرابردوودا

---

(١) هەمان سەرچاوە... ل١٧.

(٢): هەڵبژاردەیەك لەنوسینەکانی شەهید ئارام، ل ٢٢.

بەژیانێکی کەم دەرامەتیەوە دەژیان و پێشڕەوی پێشمەرگەکانیان دەکرد، بوون بەهەرە دەوڵەمەندانی لادێی کوردیو بوون بەخاوەن دەسەلاٚتێکی ئابوریو سیاسی بێهاوتا لەهەموناوچەکانی ژێر دەسەلاٚتی خۆیاندا بەگشتی. وەهیچ یەکێك لەوانە سەرەڕای ئەوسکالاٚ زۆرانەی کەلەدژیان هەبوو لێ نەدەپرسرانەوەو لانەدەدران. وای لێ هاتبوو جەماوەر ناوی لێنابوون (لۆرتەکانی جەنگ)،[1] ژیانی پێشمەرگەش بریتی بوو لەو (١٠) دینارەی کە بەناوی موچەوە پێ ی دەدرا.[2]

لەروی سیاسیو ئایدیۆلۆژیشەوە جەماوەر بەگیانی شۆڕشگێڕانە پەروەردە نەکرابوون، جەماوەر خۆی ئەوەی ئەکرد کە بەراستی دەزانی، سەرەرای ئەمەش زۆر جار (حزب)و (شۆڕش) خەڵکیان بەشێوەیەکی چەوت ئاراستە ئەکرد. بۆ نمونە هەر چونە دەرەوەیان رێك نەخست، بەڵکو خۆیان بەزۆرو بە هەڕەشە زۆر کەسیان ناچار کرد کە بچنە شاخ. کەچی لەشاخ هەمان (حزب)و (شۆڕش) گوێ یان پێ نەئەدانو ئەو کەسانەی سەر بەخۆیان نەبوون کاری گرنگیان نەئەدرایە دەستو خەڵکێکی زۆر کرابوو بە بار بەسەر بزوتنەوەکەوەو لەجیاتی سود وەرگرتن لەو پەڕی هێزو توانایان، بەرەڵلاٚکرابوونو بێ ئیشو کار دەسورانەوە.[3] چەندان دکتۆرو ئەندازیارو پارێزەرو دەرچووی زانکۆ لەو دۆلاٚنەدا کەوتبوون.

---

[1] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٩.

[2] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩٧٢–١٩٨٠ – دەستنوس ل٥٤٠.

[3] هەڵبژاردەیەك لە نوسینەکانی شەهید ئارام، ل ١٩.

بچـوكترین پـرس‌و رایـان پـێ نـه ده‌كـرا و ته‌نانـه‌ت رێگـای پێشـنیار كردنیشیان نه‌ده‌دان.[1]

[1] ابراهیم جلال: خواروی كوردستان و شۆرشی ئه‌یلول، ل ٣٨٧.

## ج-هۆكاره سەربازییەكان

لـەناو هێـزی پێشـمەرگەش دا هـەروەك لایەنـەكانی تـر، لـەجیاتی رێكخسـتن، لـەجیاتی پـەروەدەی شۆڕشـگێڕانە، پەشـێوی و بـەرەڵلایی و خۆپەرستی و بیرۆكراتیەت باوبوو. لەهەمووی خراپتر ئەوەبوو كە تفەنگ سیاسەتی (حزب)ی ئاراستە دەكرد. واتە ئەو كەسانە دەنگیان زوڵاڵ بوو كە هێزی چەكداریان لەگەڵدا بوو.[1] لەگەڵ ئەمەشدا رێكخستنێكی حزبی نـەبوو لـەناو هێـزی پێشـمەرگەدا، نـەك هـەر هـەوڵ نـەدەدرا كـە هێـزە چـەكدارەكان بەكەسـانی حزبیـی رۆشـنبیر موتوربـە بكرێـت، بگـرە بـە پێچەوانەوە سەركردایەتی دەیویست هەموو دەسەڵاتێك لەدەستی چەند بەرپرسـێكی دەسـتنێژی خـۆی یـا سـەر بەخۆیـدا كۆبكاتـەوەو ئـەوانیش لەزۆربـەی كاتـدا نـاحزبی و كـەم بـەهرەو نارۆشـنبیربوون و ئەمـە لەگشـت رویەكـەوە زیـانی قورسـی بـەتواناى پەرەپێـدانی هۆشـیاری سیاسـی و شەڕكەری پێشمەرگەو فێربوونی كاروباری سەربازیی نوێ لەریزەكانیانـدا گەیاند.[2] لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە دەسەڵات سەربازی و هێزی چەكداری شـۆڕش و هـەموو بەرپرسـەكانی خرانـە ژێـر دەسـتی بارەگـای بـارزانی و پارتیـان لێ دوور خرایـەوە. مەبەستیشـیان ئـەوەبوو ببنـە خـاوەنی هێـزی چـەكداری شـۆڕش و نـەهێڵن هـیچ كـۆنترۆڵێكی حزبـی لەسـەربێ. ئەمـە بەشێوەیەكی كاریگـەر كاری كردە سـەر نەخشـی حزب لـە شۆڕشـدا. نـەك هـەر ئەمـە بـەڵكو دەسـتە حزبییـەكان زۆر لـەم هێزانـە بێ دەسـەڵاتتربوون و

---

[1] هەڵبژاردەیەك لەنووسینەكانی شەهید ئارام)، ل٢٢.

[2] پارتی دیموكراتی كوردستان (كۆمیتـەی ئامادەكردن): هەڵسـەنگاندنی رەوش و... ل١٦.

لێیان دابڕابوون و بگره ڕۆڵیان لەچاو ئەم هێزانەو بەر پرسەکانیاندا بوو بەڕۆڵێکی لاوەکی.[1] دەتوانین هەڵەو لاوازییەکانی شۆڕش لەڕوی سەربازیەوە لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە:

١-پسانی دیسپلینی شۆڕشگێڕانە کە بەگشتی شیرازەی پچڕابوو. ئەمە لەکاتێکدا دیسپلینی سەربازی کە بنچینەی رایی کردنی راست و دروستی کاروباری هەر سوپایەکە، رۆژ بەرۆژ بەرەو لاوازبوون دەچوو... بەرەڵلایی لەریزەکانی پێشمەرگەدا زیادی کرد، گوێ بەرێکخستن و زنجیرەی موراجەعەت نەدەدرا. ئەمەش توانای شەڕکردن و فەرمان جێبەجێ کردنی ئەم هێزانەی هێنایە خوارێ و لە هەموو روویەکەوە بە خراپی کاری کردە سەر شۆڕش. هەر رێ و شوێنێکی نووسراویش کە دادەنرا وەك مەرەکەبی سەر کاغەز دەمایەوەو جێبەجێ نەدەکراو ئەندامانی سەرکردایەتی یەکەم کەس بوون سەرپێچییان لێ دەکرد.[2] هەروەها سەرکردایەتی پەیڕەوی سیاسەتی(دڵڕاگرتن)ی دەکرد لە بری چاودێری و لێپرسینەوەی بەرپرسان و پێشمەرگە بە گشتی.

٢- نەبوونی یەکسانی شۆڕشگێڕانە، پێشمەرگەکان لە نێوخۆیاندا چەند دەستەیەك بوون، جیاوازی زۆر لە نێوان بەرپرسەکان و پێشمەرگە ئاساییەکاندا هەبوو ئەمەبوو بووە مایەی بێزاری و ساردکردنەوەی پێشمەرگە، چونکە پەیوەندی نێوان پێشمەرگەو هەندی لە لێپرسراوان

---

[1] -هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

[2] هەڵبژاردەیەك لەنووسینەکانی شەهید ئارام. ل ٢٣؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکرن): هەڵسەنگاندنی رەوش و.. ل١٥.

زۆربـەی کـات دەبـووە شـێوە پەیوەندیـەکی نێـوان ئاغـاو مسـکێن. خـزم خزمێنــەو برادەرایــەتی تەشــەنەی کــردو لێپرســراوان ژیــانێکی خــۆش گوزەرانیان لە چاو توانای شۆڕشدا بە سەر دەبرد. لە کاتێکدا پێشمەرگە لـەم خـۆش گوزەرانیـە بێبـەش بـوو و ئـەم مەسـەلەیەش جۆش‌و خرۆشـی پێشـمەرگەی لـە شـەڕدا دادەمرکانـدەوە، چـونکە هەسـتیان دەکـرد ئـەوان دەبنـە قوربـانی‌و دەسـکەوتیش هـەر بـۆ ئـەو بەرپرسـانەیە کـە لـە پشـت بـەرەکانی شـەڕدا خـۆش گـوزەران دەژیـن. ئـەم دیاردەیـە لـە سـەروبەندی شـەڕی سـاڵی ١٩٧٤ دا تـەواو روون‌و ئاشـکرا بـوو. سـەرکردایەتی هـیچ هــەنگاوێکی بــۆ چارەســەرکردنی نــەنا. چــونکە ســەرکردایەتی هێــزی چـەکدار(بارەگـای بـارزانی)یش هەمیشـە لـە پشـت بـەرەکان بـوو، تـەنیا فــەرمانی دەردەکــرد.[1] ئــەم دام و دەزگایــە(بارەگای بــارزانی) لایەنــە خراپەکانی لەساڵانی دواییدا زۆرتربوو و نەیتوانی پێ بەپێی پێشکەوتنی شۆڕش هەنگاو بنێت و بەرامبەر بە ئاڵۆز بوونی باری شۆڕش سەر دەر بکات.[2] چاودێری جێبەجێ کردنی کاری هێزەکانی نەدەکرد. یا سەری لـە بـەرەکانی شـەڕ نەئەدا تـا بزانـێ چـی هەیـە. لـە کاتێکدا زۆربـەی ئـامر هێزەکـان لـە بارزانیـەکانی سـەر بـە سـەرکردایەتی بـارزانی بـوون‌و هـەر ملکەچـی فەرمانـەکانی ئـەو بـوون،[3] ئەوهـەموو دەسـەڵاتانەی بـەو شـێوە

---

[1] هەمان سەرچاوە... ل ١٦.

[2] پــارتی دیمــوکراتی کوردستان(ســەرکردایەتی کــاتی): رێبــازی بزوتنــەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٨.

[3] پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتـەی ئامادەکردن): هەڵسـەنگاندن‌و رەوش‌و... ل ١٦.

زۆره لەدەست ئەم دامو دەزگایە کۆببوەوە، جێگای ڕەزامەندی گشتی نەبوو، وەزیانێکی گەورەی بە شۆڕش گەیاند.[1]

٣- نەبوونی پلانی زانستیانەی ورد بۆ گونجاندنی ئەو ئیمکانیاتانەی بزوتنەوەکە هەیبوو لە گەڵ ئیمکانیاتی سەربازیی زۆری بەعس. چونکە ئاشکرایە کە شۆڕش ڕۆژێك لە ڕۆژان خاوەنی چەکی هاوتای چەکی سوپای عیراق نەبوو تا بە شێوەیەکی بەرەیی بەرەنگاری ئەم هێزانە بکات. بۆیە دەبوو پتر پشت بە شەڕی پارتیزانی ببەستێ کە پێویستی بە باوەڕو ڕێکخستنو مەشق کردن لەسەر ئەم شەڕەو فێر بوونی پرەنسیپە تازەکانی هەیە.[2] بەڵام جەنگ شێوەیەکی بەرامبەری وەرگرتبوو بەپاڵپشتی تۆپەکانی بێگانە لەگەڵێك ناوچەدا، وەپیلان ونەخشەدانانی سەربازیو مەشق کردنو ڕۆشنبیری سەربازی خەریك بوو بەجارێك باوی نەمێنێت، لەمانەش گرنگتر ئەوەبوو کەبەکردەوە شەڕەکە کرا بەشەڕی دەوڵەتی و بەشێوەیەك کەیەکسەر هەردوو هێزە گەورەکانی جیهانی گرتەوە. دەبێ ئەوەش بزانرێت شەڕێکی لەم بابەتە کە دەبێت بەشەڕێکی دەوڵەتی خاوەنەکانیان دەسەڵاتیان بەسەر ئەو شەڕەدانامێنێ.[3]

---

[1] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): ڕێبازی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ل٢٨.

[2] پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکردن): هەڵسەنگاندنی ڕەوشو...ل١٤.

[3] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): ڕێبازی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ل٦٥.

نا بەرامبەرییەکی زۆریش لە نێوان شۆڕش و حکومەتی عیراقدا هەبوو لە رووی سەربازییەوە لە سالانی کۆتایی شۆڕشدا. توانای چەکی هەمە چەشنەی عیراق وای لێ هاتبوو کەوا تەرازووی هیزی سەربازی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق بە جارێ لاسەنگ و لار ببوو.[1] بۆ نمونە سالی ١٩٧٤-١٩٧٥ عیراق (٥٤٦) فڕۆکە (١١١) کۆپتەر، (١٦٠٠) تانك، (٩٠٠) تۆپی قورس و (١٥٠٠) نەفەر بەری هەبوو[2]. حکومەتی عیراق بە چەکی رۆژهەلات و رۆژئاوا، لە ژێر سەیوانی جەنگی سارددا، هەرچی توانای سەربازی و سیاسی و سایکۆلۆژی هەیبوو خستیە مەیدانەکانی جەنگەوە، پێشکەوتوو ترین کەرەستەی جەنگ و جەنگینی هەبوو، فڕۆکەکانی عیراق کوشندە بوون، بەلام دژە فڕۆکەکانی شۆڕش کەم و لاواز بوون. تانکەکانی عیراق کاریگەر و تازە بوون، بەلام دژەکانی لەلایەن شۆڕشەوە کەم و لە ناوچەیەکی کەمیشدا رێگای بە کارهێنانیان دەدران. تۆپ و تۆپخانەکانی عیراق پێشکەوتوو بوون، بەلام بەرپەرچدانەوەکانی شۆڕش کەم و دیاریکراو بوون، ئەویش بە زۆری لە سەرکردایەتی شۆڕش و قولی رەواندوزدا هەبوو[3]. ئەو سەنگەر لارییەی لە رووی سەربازییەوە، وای کرد لە زۆربەی جەنگە بەرەییەکاندا رژێم بەو چەکە قورسانەوە سەربکەوێ. هەروەها حکومەتی عیراق لە رووی زۆری ژمارەی شەڕ

(1) جەلال دەباغ: هۆیەکانی دارمان و پەند و تاقیکردنەوەکانی شۆڕشی ئەیلول، ل٤٨.

(2) حیکمەت محمد کریم(مەلابەختیار): شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم، چ٣، هەولێر، ١٩٩٤، ل٢٢٤.

(3) پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٥٥.

کەرانیشەوە هەر زاڵ بوو. بۆ نمونە تا پایزی ١٩٧٤ زیاتر لە (١٠٠) هەزار چەکداری خستبوە شەڕەوە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کاتە چوار لەسەر پێنجی سوپای عیراق لە شەڕگەکاندا دژ بە شۆڕشی کوردستان بە کار دەهێنا.[1]

لەگەڵ ئەمەشدا نابێت ئەوەمان بیر بچێت کە پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو کەم و کوڕی و نابەرامبەری یەشدا بەرامبەر بەدوژمن چەندین سەرکەوتنی گرنگی بەدەست هێنا. کە دیار و ئاشکرایە حکومەتی عێراق لەگەڵ ئەو هەموو هێرش و پەلامارە دڕندانەیەیدا، نەیتوانی بەڕێگەی شەڕو بەکارهێنانی توانای سوپایی مەبەستەکانی خۆی بەدەست بێنێت. بۆیە دوای ساڵێك شەڕی سەرنەکەوتوو کەوتە بەکارهێنانی دوانەخشەی ستراتیژی خۆی کە ڕێگەی فەندو فێڵی نێونەتەوەیی بوو، واتە ڕێگای رازی کردنی ئێران. ئەوەتا (سەدام حسین) کاتێ چاوی بەنوێنەری پارتی کەوتبوو، بە (ئیدرس بارزانی) وتبوو:"چارەنووسی ئێوە بەستراوە بەپشتیوانی ئێرانەوەو ئێران داوای (شط العرب) ئەکا. (شط العرب) لەکوردستان خۆشەویستتر نیە. ئەگەر شەڕ دەست پێ بکەنەوە، ساڵێك شەڕتان لەگەڵ ئەکەم. ئەگەر نەمتوانی بەسەرتاندا زاڵ بم، لەگەڵ ئێران ڕێك دەکەوم و نیوەی (شط العرب)ی ئەدەمێ بەرامبەر بەوەی یارمەتیتان لێ ببڕێ".[2]

---

[1] د. گوینتەر دێشنەر: کورد، گەلی لە خشتە براوی غەدرلێ کراو، وەرگێڕانی: حمە کریم عارف، هەولێر، ١٩٩٩، ل٢٧٠.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانەبەوە.. ل٢٠.

٤- نـەبوونی سـەرکردەی لێ وەشـاوەو شۆڕشـگێڕ لـە سـەرکردایەتی هێزەکاندا. جلەوی شۆڕش تەنیا بەدەست بارزانیو چەند کەسانێکی بە تەمـەنو کـەم خوێنـدەواری وەك :عیسـا سـوار، عـەلی خـەلیل، عەبـدوللا پشدەریو چەندانی تری لـەم بابەتانـەوە بوو. ئەوانە ئەگەر چی کەسانی تێکۆشەرو شـەڕکەری زۆر ئازاو کارامـە بوون، خاوەنی ئـەزموونی شـەڕی چەندین ساڵەی پارتیزانی بوون. بەڵام لە ئاستی شەڕی بەرەییو تەکنیکی سەربازی نوێدا تەقەی سەریان دەهات.[1] ئەمەش وای کرد لـە زۆر قوڵـەوە کە پێشمەرگە تێك شکانو حکومـەتی عـیراق لـە پێشـڕەوی دابـوو. حـزب ناچار بوو کە هانا بۆ کادرو شارەزای ئێران بەرێ بۆ بەکارهێنانی چەکی قورس. ئەمەش کەلەپچەیەکی تر بوو کە کرایە مەچەکی بزوتنەوەکە لە لایـەن رژێمـی ئێرانـەوە. لـە کاتێکـدا کـە سـەدان فەرمانـدەو خـاوەن پلـەی سوپایی شارەزاو کارامەو خوێندەوارو دەرچووی کۆلێژی سوپایی لە نـاو شۆڕشـدا هـەبوو کـە ریزەکـانی سـوپای عیراقیـان بـە جـێ هێشـتبوو، بـێ ئیشو کار لەو دۆڵانەدا دەخولانەوە بێ ئەوەی کارێکی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەییان پێ بسپێر درێت. کە ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری پلە داری جۆراو جۆر بوو.[2]

٥- چـاك نەگونجانـدنی جـەنگی پـارتیزانیو جـەنگی نیزامـی دژی دوژمن. هەروەها نەگونجاندنی هێرشە پارتیزانەکانیش کە دەکرانە سـەر

---

[1] هەڵبژاردەیەك لە نووسینەکانی شەهید ئارام، ل٢٣.

[2] صلاح ألخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، بيروت ٢٠٠١، ص٢١٩؛ ئیبراهیم جلال: خواروی کوردستانو شۆڕشی ئەیلول، ل٣٨٦-٣٨٧.

شـوێنێك[1]. سـەركردايەتی لـەم بـوارەدا بـاوەڕی نـە بەمـەو نـە بـە دەرس وەرگـرتن لـە ئـەزمونی گـەلانی تـر نـەبوو و ئەمـە رای زۆربـەی لێپرسـراوە سـەربازییەكان بـوو كـە سـەركردايەتی خـۆی داینـابوون و رۆشـنبیرییەكی سیاسـی و سـەربازی كـەمیان هـەبوو. سـەركردايەتی نـەك هـەر بايـەخێكی شايانی باسی بەم بابەتە نەدا بەڵكو بە پێچەوانەوە هانی پێشمەرگەكانی دەدا شەڕی بەرگری بەرەیی بكەن و هەردەم تێدەكۆشا چەكی قورس پەيدا بكات. برەو پێدانی ئەم شـەڕە بەرەیی یە شۆڕشی ناچار كرد زياترو بە شـێوەيەكی سـەرەكی پشـت بـە يارمـەتی دەرەكـی ببەسـتێ. هـەرەها پێشمەرگە لە هیچ بوارێكدا هیچ جۆرە مەشقێكی بە بەردەوامی نەبوو و ئەمـەش وای لێ كـردن شـارەزای مەسـەلە سـەربازییە پێويسـتەكان نـەبن و تووشی تەمبەڵی بن و ئەركەكانیان پێ جێبەجێ نەكرێت و كەمتر پەرۆشی كاركردن بن و توانای سەربازی شۆڕش بەم شێوەيە رووی لـە كـزی كـردو هێزەكانی پێشمەرگە شەڕی پارتيزانیان بیر دەچۆوە. بەبێ ئـەوەی فێـری شەڕی بەرەیی ببن يا بتوانن بە راستی ئەنجامی بدەن.[2] واتە وای لێ هات شارەزای هیچ يەكێ لەو دوو جۆرە شەڕە نەبن و توانای سەربازی شۆڕشی بـە جـۆرێكی بەرچـاو كـەم كـردەوە. ئەمـەش ئـەوە دەگەيـەنێ كـە سـەركردايەتی شـۆڕش لايـەنی تـەكنيكی زاڵ كردبـوو بـە سـەر رۆڵـی پـێشـمەرگەدا. بـەكارهێنانی تـۆپی ئێرانيـەكان كـارێكی خـراپتری هـەبوو

---

(١) يونان هرمز: ايامي في ثورة كردستان، ص٢١٤.

[2] پـارتی ديمـوكراتی كوردسـتان (كۆميتـەی ئامـادەكردن): هەڵسـەنگاندنی رەوش و...ل١٥.

لەسەر سارد کردنەوەی پێشمەرگە کەئەو حەماسەتەی نەمێنێ لەشەڕدا.[1] کەواتە بە کارهێنانی چەکی قورس لە نێوان دوو لەشکری نیزامی لە بری ئەوەی پێشمەرگە رۆلی سەرەکی ببینێ کاردانەوەی خراپی هەبوو.

لەگەل ئەو هەموو کەم و کوڕیو هۆکارە نێوخۆیی یانەشدا کەباسمان کرد پێشمەرگە شەڕێکی زۆر قارەمانانەی دەکرد، بەلام فاکتەرە دەرەکیەکان ئەوەندە کاریگەر بوون ئەوەندە پشتیان لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوەپێ بەسترا، وایان کردبوو قەناعەتێك لە لایەن پێشمەرگەوە دروست بێ کە لە ناوەوە هیچ ناکرێت بەلکو هەموو شتێك دۆستان بۆ کوردی دەکەن. بۆ نمونە هێنانی هێزی ئێران رۆلێکی زۆر خراپی گێڕا بۆ سارکردنەوەی خەلكو پێشمەرگە بە تەمای ئێرانیەکان وازیان لە زۆر سەرەتای پێشمەرگایەتی هێنا،[2] ئەم سیاسەتە زۆر زەبری لە بزوتنەوەی کوردی باشور دا... بەلام گەورەترین زیانی ئەم دیاردەیە بۆ بزوتنەوەی کورد دوو شت بوو:

یەکەمیان ئەوەبوو کە پێشمەرگەی کورد ئەو بڕوا بە خۆبوونەی جارانی لە خۆیدا شك نەدەبردو زیاتر چاوی لەوە بوو داخۆ تۆپە دوور هاوێژەکانی ئێرانو بە گشتی ئەرتەشی شاو رژێمی شا چی دەکەن.

---

[1] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٥٥.

[2] رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم، ل٣٢.

دووەمیش ئەوەبوو کاتێك رژێمی شا لە شەڕەکانیدا ببوە لایەنێکی سەرەکی، سروشتی بوو کە لە ئاشتیشدا دەبێتە لایەنیکی سەرەکی و بگرە لایەنی بڕیاردەریش.[1]

رۆژنامەی (خەبات)لەژمارە(١)یسالْی ١٩٧٦دا نوسیویەتی:

"یەکێك لە هەڵەگەورەکانی شۆڕش لەوەدابوو کەلەمانگەکانی یەکەم دا پلانی بەدیلی دانەنابوو ئەگەر یارمەتی دەرەوەمان لێ ببڕێ چی بکەین؟ لەبەر ئەوە وەستانی شەڕ لەدوای رێککەوتنی جەزائیر مەسەلەیەکی بابەتی نەبوو، بەلکو خۆیی بوو".[2]

---

[1] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل٩٥.

[2] خەبات، ژمارە(١)، سالی١٩٧٦.

## ٢-هۆكاره دەرەكيەكان

### ا- پەيوەنديە دەرەكيەكان

مەسعود بارزانی لەم بارەیەوەدەلێت:" دەبیّ لێرەدا نەترسین و دان بەهەڵەکانماندابنێین کەلەسەر ئاستی پەیوەندیەکانی دەرەوەشدا هەڵەی زۆرمان کرد، جا چ لەژێر فشاری روداوەکان بوبیّ، یابەهۆی نەزانینمانەوە، بەتایبەت لەسالأنی١٩٧٣-١٩٧٤". [1]

مافی هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازە کە لەکاتی پێویست دا پێوەندی بەدەرەوە بکات، نەك هەر ئەمە بەڵکو پێویستییەکی گرنگ‌و سەرەکیشە یارمەتی بۆ خۆی دابین بکات‌و سودی لێ وەربگرێت. بەڵام بەمەرجێك هاوسەنگیەك لە پێوەندیەکانی رابگرێت‌و یارمەتیە دەرەکییەکە زیان لە ستراتیژی جولأنەوەکە نەدات.

بەڵام دەبیّ بزانریّ ئایا ئەو یارمەتیانە چین کە شۆڕشێك لەدەرەوە وەریدەگرێت؟ لەچ لایەك‌و بەچ مەرجێك " ئەگەر مەرج هەبێ". شۆڕشی کوردستان توشی شەڕێکی رەگەزپەرستانە بووبوو ئاسایی بوو پێوەندی بەدرەوە بکات‌و یارمەتی وەدەست بخات. بەڵام ئەنجامی پێوەندیە دەرەکیەکانی شۆڕشی کوردستان لەدواییدا لەجیاتی ئەوەی بەقازانج بۆی بگەڕێتەوە بەزیان شکایەوە. ئەوەش یەك لەهۆکارەکانی هەرەس هێنانی شۆڕشەکە بوو کە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا بیخەینە روو:

---

[1] مسعود بارزاني: التقرير السياسي والقرارات السياسية والبلاغ الختامي للمؤتمر التاسع...، ص٣؛ حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني – العراق، ص٣٧٤.

١-شـۆڕش بەتـەواوی پشـتی بـەدەرەوە "بـە تایبـەت بـە ئێـران و ئـەمریکا" بەسـتبوو، ئەمـەش سـەربەخۆیی بزوتنەوەکـەی لەدەسـت دابوو[١]... چونکە لـە بچوکترین پێداویستییەوە تا تۆپی تـەیارە شکێن دەبوایـە لەئێرانـەوە بێـت.[٢] واتـە یارمـەتی دەرەکـی ببـوو بـە بناغـەی جوڵانەوەکە لەبری پشت بەستن بەناوەوە،[٣] ئەمە لەکاتی شەڕدا (لەساڵی ١٩٧٤) بەئاشکرا دەرکـەوت. پەیوەنـدی لەگـەڵ ئێرانـدا بـەکردەوە ببـووە ستراتیژ، گرنگ نەبوو چی لەناو دڵدا هەیە، هەمووشتێك بەسترابووەوە بەو یارمەتیـەی کەلـە ئێرانـەوەدەهات.[٤] هۆیەکەشـی ئـەوەبوو سـەرکردایەتی بەشێوەیەکی بازرگانی بارودۆخەکەی شیدەکردەوەو قەناعەتی وابوو گەلی کورد چیتر توانـای نـەماوەو دەبـێ هـەموو شـتێکی لـە دەرەوە بـۆ بێـت. مەسـەلەی پشـت بەسـتن بـە دەرەوە گەیشـتە رادەیـەك کـەوا لایەنـە یاریـدەدەرەکان کاربکەنـە سـەر شـۆڕش و بـە پێـی بەرژەوەنـدی خۆیـان لـە ناوچەکەدا هەڵس و کەوت بکەن. بەبێ ئەوەی هیچ زامنێکی سیاسی بۆ مسۆگەر بکەن. ئەمەش جۆرێکە لە نەبوونی تێگەیشتن و دەرك پێکردنی سیاسی. ئەم بارودۆخە رەسەنایەتی شۆڕشی کەم کردەوەو وای لێ کرد

---

[١] یونان هرمز: ایامي في ثورة كردستان،ص ٢١٤.

[٢]. مـارتن ڤـان برۆنەسـن: ئاغاوشـێخ و دەولـەت، ب١، چ٢، ل٥٨، ؛ ا. کـاوة: قضـية كردستان الجنوبية والافاق المستقبلة، ص٨١، ؛ جەلال دەباغ: هۆیـەکانی داڕمـان و پەند و تاقیکردنەوەکانی شۆڕشیئەیلول، ل٤٨.

[٣] مارتن ڤان برۆنەسن: ئاغاوشێخ و دەوڵەت، ب١، چ٢، ل٥٧.

[٤] پـارتی دیمـوکراتی کوردستان(سـەرکردایەتی کـاتی): رێبـازی بزوتنـەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٥٦.

زیاتر پشتی بە لایەنەدەرەکییەکان ئەستوربێ و کاتی یارمەتییەکانی لێبڕا بشلەژێ و ڕێگەی خۆی ون بکات. بۆیە تا دەهات وردە وردە جولانەوەکە کەسایەتی سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدا.[1]

٢-سەرکردایەتی شۆڕش هەلومەرجی تازەی نێودەولەتان و ئەو گۆڕانکاریانەی باش هەلنەسەنگاندبوو کە هاتبوونە کایەوە.[2] لەبەر ئەوە رەفتارو سیاسەتی شۆڕش وەك جاران مایەوە و گۆڕانە تازەکانی دنیای رەچاو نەکرد، وەك قەیرانی وزەو شەڕی ئۆکتۆبەری عەرەب دژی ئیسرائیل و تەبایی نێو دەولەتی لە نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا. بارزانی بە تەواوی پشتی بە ئیران و ئەمریکا بەستبوو وە هەموو لایەنەکانی تری پشتگوێ خستبو، لەو پشت بەستنەدا زۆر گەشبین بوو، پێی وابوو کە لە لایەن ئەو بەناودۆستانەوە زەمانەتی دراوەتێ. زەمانەتێکی وەها کە ئەم جارەیان دەبێتە مایەی چارەسەری کێشەی کورد. لەم رووەوە بارزانی دەیگوت: "ئێمە پشت بە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبەستین و متمانەمان پێی هەیە".[3]

بارزانی تا دەهات زیاتر خۆی یەکلا دەکردەوە لە لایەنگیری ئەمریکیەکان. لە گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانیدا لە(١٩٧٣/٦/٢٢) لە گەل هەوالدەری رۆژنامەی واشنتۆن پۆست(جیم هیوا گلاندی)دا رایگەیاند کە: "ئامادەیە بە ئاشکرا بلاوی بکاتەوە کە لایەنگری سیاسەتی ئەمریکیە لە

---

[1] پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکردن): هەلسەنگاندنی رەوش و...ل٣٠.

[2] ا. کاوة: قضیة کردستان الجنوبیة والافاق المستقبلة، ص٨١.

[3] د. گۆینتەر دیشنەر: کورد، گەلی لە خشتە براوی غەدر لێ کراو، ل٢٤٠.

ناوچەکەداو ئامادەشە بە دەوری خۆی هەڵسێ لە پارێزگاری کردنی بەرژەوەندی ئەمریکاو داکۆکی کردن لە سەری لە ناوچەکەدا، هەر لەوێدا بارزانی ئامادەیی دەربڕی کە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و دەرهێنانی تەسلیم بە کۆمپانیایەکی نەوتی ئەمریکی بکات".[١]

پێوەندی نێوان CIA و بارزانی گەیشتە رادەی پێکهێنانی لێژنەی پێوەندی هاوبەش کە لەلایەن بارزانیەوە نوێنەرەکانی بریتی بوون لە(ئیدریس، مەسعود)کوڕانی بارزانی و (سامی عبدالرحمن). لە بەر ئەوەی مەسعودو ئیدریس لەو سەردەمەدا کەسانی کەم ئەزموون بوون، وە لە گەمەی دیبلۆماسیو دەولەتان شارەزاییان نەبوو، پێیان وابوو کە ئەمریکا هاریکاریەکەی هەتا سەرەو تا سەرکەوتن پشتی کورد بەر نادات.[٢]

بەڵام پێوەندییەکانی ئەمریکا بە بارزانیەوە لە چوارچێوەی تاکتیك بە دەر نەبووە.[٣] چونکە لە هەردوو کۆبوونەوە کەی بارزانی لە تاران کە لە مانگی ١٠/١٩٧٤ لەگەل شای ئێراندا داوای گفتوگۆی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا نیکسۆن و سکرتێری دەولەتی ئەمریکی (ولیام رۆجێرس) کردبوو. بەڵام هیچیان ئامادە نەبوون لە گەڵ بارزانی دانیشن.[٤] هەروەك لە کاتی شەڕی (عەرەب-ئیسرائیل) یش لە ساڵی ١٩٧٣دا ئەم راستیە دەردەکەوێت.

---

[١] ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستانو شۆڕشی ئەیلول، ل٣٥٥.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل٣٥٤.

[٣] محمد حسنين هيكل: مدافع اية الله، قصة ايران والثورة، ص ١٣٦.

[٤] ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستانو شۆڕشی ئەیلول، ل٣٥٥.

بــارزانی دەیویســـت هەڵومـــەرجی ئـــەم شـــەڕە بقۆزێتـــەوەو وەك بارودۆخێکی لە بار بەکاری بێنێ بۆ مسۆگەر کردنی پشتیوانی ئەمریکا. بۆیــە لــە ١٥/١٠/١٩٧٣ دا بــە بروسـکە داوای لــە کیسـنجەر کـرد کـەڕای حکومـەتی ئـەمریکای سـەبارەت بـە هێـرش بردنـە سـەر سـوپای عیراق بـۆ وەربگریێ و وەڵامی بداتەوە.[1] هەر هەمان پێشنیاریشی دا بە شای ئێران. کیسنجەر پێشنیاری بارزانی دابە نیکسۆنی سەرۆك کۆماری ئەمریکا بە نهێنی پەیوەندی بە عیراق و ئێرانەوە کرد و داوای لێکردن کە بە هەردوو لا هـەوڵ دەن ناکۆکیـەکانیان نـەهێڵن و " ئـەو شـێرپەنجەش لـە ناوبـەرن کـە سودەکەی لە پێشدا بۆ عیراق و ئینجا بۆ ئێران". دەبێت (مەبەستی لەو شـێرپەنجەیە شۆڕشـی کـورد و بـارزانی بـووە).[2] لـە لایـەکی دیکـەوە لـە ١٦/١٠/١٩٧٣ وەڵامی بارزانی دایەوە کە جاریێ هێرش نەباتە سەر سوپای عـیراق.[3] تەنانـەت کیسـنجەرو شـای ئێـران نـەیان دەویسـت کوردەکـان سـەرکەوتنی بنـەبڕ بـە دەسـت بهێـنن. بـەڵکو سـوربوون لـە سـەر ئـەوەی

---

[1] محمد حسنين هيكل: الحل و الحرب، ط ٨، بيروت، ١٩٨٨، ص ١٣٩؛ امين هويـدي: كيسـنجر وأدارة الصـراع الـدولي، ص٧٧-٧٨؛ منـذر الموصـلي: القضـية الكرديـة في العراق " البعث و الاكراد"، ص.٣٣٥

[98] مـارتن ڤـان برۆنەسـن: ئاغاوشـێخ و دەوڵـەت، ب١، چ٢، ل٥٧؛ ئیـبراهیم جـەلال: خاورى كوردستان و شۆڕشى ئەيلول، ل٣٥٩؛ امين هويدى: كيسنجر وأداره الصراع الدولى، ص٧٧-٧٨.

[3] محمد حسنين هيكل: الحل و الحرب، ط ٨، بيروت، ص١٣٩، ١٩٨٨؛ مارتن ڤان برۆنەسـن: ئاغاوشـێخ و دەوڵـەت، ب١، چ٢، ل٥٧؛ امـين هويـدي: كيسـنجر وأدارة الصراع الدولي، ص٧٧-٧٨.

جولانەوەی کورد هەر هێندەیان توانا هەبێت کە بەرگری لە خۆبکەن و کەش و هەوای دوژمنکارانە بپارێزن و هەرهێندەیان هێز هەبێ کە بتوانن عیراقی دراوسێی ئێرانی هاوپەیمانی ئەمریکا سەرقاڵ بکەن.[1] هەڵبەتە ئەم سیاسەتە بە کوردەکان نەوترا، بەڵکو تاقە چالاکی دەرەوەی ئەو سەردەمەی ئەمریکاو ئێران هاندانی بەردەوامی کورد بوو.[2]

ئەوەتا کیسنجەر پەردە لە روی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد هەڵدەماڵێت و دەنوسێت:"وڵاتە دراوسێکانی وەکو ئێران بەو مەبەستە یارمەتی کوردیان دەدا تا خۆیان لە گێچەڵی عیراق بپارێزن. بۆیە بەهیچ شێوەیەك ئامادەی ئەوە نەبوون کە دروست بونی دەوڵەتێکی نیشتمانیی کوردی لە ئامێز بگرن. بەهەمان شێوە کارگێڕێتی (نیکسن)یش هەرگیز پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردەکانی عیراق نەکردووە".[3]

هەر کیسنجەر لە شوێنێکی تردا دەڵێت:"ئێمە زولمێکی گەورەمان لە کوردەکان کرد، لە کاتێکدا دەبوایە عیراق دژی سوریا بوەستێت، شەڕمان بە کورد راگرت و پشتمان تێکرد...".[4]

دواتر لە راپۆرتی (پایك)یش دا هاتووە کە ئەمریکیەکان دەڵێن: "سیاسەتمان بەرامبەر بە کورد زۆر بێ ڕەوشتانە بوو، نە یارمەتیمان

---

[1] امین هویدي: کیسنجر وأدارة الصراع الدولي، ص٧٨؛ منذر الموصلي: القضية الكردية في العراق " البعث و الاكراد"، ص٣٣٥.

[2] د. گوینتەر دیشنەر: کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، ل٢٨٧.

[3] هنری کیسنجەر: کارەساتی کوردەکان، وەرگێڕانی صەباحی غالب، گۆڤاری باسکار، ژمارە (٣)، سالی١٩٩٩، ل.٧

[4] محمد حسنين هيكل: الحل و الحرب، ص١٤٠-١٤١ .

دان و نه لێشیان گەڕاین کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بە گفتوگۆ چارەسەر بکەن. ئێمە هانماندان و دواتریش دەستمان لێ کردنەوەو جێمان هێشتن..."[1].

بارزانی لە چەندین بۆنەدا گوزارشتی لەوە کردووە کە بە رادەیەك متمانەی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە کە ئەو متمانەیەی بە هیچ زلهێزێکی تر نیە، بۆیەشە رایگەیاندووە کە ئەگەر دۆزەکەی سەر بکەوێ، ئەوا کوردستان دەبێت بە پەنجاو یەکەمین ویلایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.[2]

بەلام دوای ئەوەی ئەمریکا پشتی لە کورد کرد و هیچ کام لە گفت و بەڵێنەکانی بە جێ نەهێنا، بارزانی لە دوا دیمانەی رۆژنامەوانی خۆیدا لە باشوری کوردستاندا، ئاوا وەڵامی رۆژنامەنوس (گوینتەر دیشنەر) دەداتەوە کە لێی پرسیوە:

–دەربارەی هەڵەیەکی گەورەی شەخصی کە خۆی کردبێتی چی بووە؟

بارزانی لە وەڵامدا دەڵێت: "گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەوەیە کە متمانەم بە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد* و باوەڕم بەو گفت و بەڵێنانە کرد کە پێیان داین".[1]

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠؛ حامد محمود عیسی: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، ص٢٣٩.

(٢) د. گوینتەر دیشنەر: کورد، گەلێکی لەخشتە براوی غەدر لێکراو، ل٢٣٩؛ شلومونکدیمون: الموساد في العراق و دول الجوار، ص٢٩٧.

* بروانە پاشکۆی ژمارە(٤)

لەلایەکی تریشەوە پەیمانی دۆستایەتی نێوان بەغداو مۆسکۆ ئیمزا کرابوو. لە پەیمانەکەدا هاتبوو کە عیراق چەك و جبەخانەیەکی زۆری لە سۆڤیەتەوە پێ بگات. عیراق بووبوو بە هاوپەیمانێکی بنەڕەتی بۆ سۆڤیەتیەکان لە ناوچەکەدا.[2] پێدانی چەکی زۆرو هاندانی بەغدا لە لایەن سۆڤیەتەوە، وای کرد کە هێرش بکاتە سەر کوردەکان. ئەمەش لەوە زۆرتر بوو کە هاوکاری ئێرانیەکان و ئەمریکیەکان و ئیسرائیلیەکان کە هاوکێشەکەیان راگرتبوو.[3]

سامی عبدالرحمن لەچاوپێ کەوتنێکدا دەڵێت: " تا ساڵی ١٩٧٢ سۆڤیەت یارمەتی شۆڕشی کوردستانی عیراقیان داوە، دوای ئەمە هاوکێشەکان گۆڕان و هاوپەیمانی و شتی تازە هاتنە پێشەوەو دوایش پەیوەندی لەنێوان جولانەوەی کوردی و سۆڤیەتدا پچڕا و لە ئاکامدا لەگەڵ ئۆردوگای سۆسیالیستی بە گشتی پچڕا".[4]

لەشەڕی کوردستان(١٩٧٤-١٩٧٥)دا سۆڤیەت بەهەموو جۆرە چەکێك هاوکاری عیراقی کرد. بەتایبەتی چەندان فڕۆکەی تازەی دابوو بە

---

[1] د. گوینتەر دیشنەر: کورد، گەلێکی لەخشتە براوی غەدر لێکراو، ل٢٩٨-٢٩٩؛ ممتاز حیدری: کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایك بوونی بارزانی نەمر، ل٣٢.

(٢) سامی شورش: تنوع الكرد في العراق، ص٢٦.

[3] هنری کیسنجەر: کارەساتی کوردەکان، ل٩ .

[4] چاو پێ کەوتن لەگەڵ سامی عبدالرحمن، رۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ژمارە(١٧)، شوبباتی ١٩٩٠.

عیراق،[1] و نـەك هـەر بـە چـەك، بگـرە بـە شـارەزاو پسـپۆری شـەڕكەریش بەشـداری ئـەو شـەڕەی كـرد لەبەرژەوەنـدی عـیراق. لەوانـە: ڕۆژنامـەی (ڤیگـارۆ)ی فەرەنسـی لـە ١٩٧٤/٧/٤ دا بـڵاوی كردۆتـەوە كـە فرۆكـەی (تۆبۆلـۆف-٢٢) كـە لـە شـەڕدا بـەكار دێـت، ئەفسـەرێكی روسـی بـە نـاوی (كۆلۆنیـل ئەلیكسـەندەر ڤاسیلڤ) سەرپەرشـتی ئـەو چـەك و بۆردومانانـە دەكات كە لە كوردستان دا بەكار دەهێنرێن.[2]

لەماوەی یەك ساڵی شەڕدا، ئەگەر پشتیوانیەكەی ئیران و ئەمریكا لـە رووی ئیداریـەوە لـە ئۆردوگاكـانی ئـیران و سـەر سـنورەكاندا یارمـەتی شوڕشیان باش دابێ، ئەوا لە رووی سیاسی و سەربازییەوە كێشـەی گەلی كوردیان نابوود كرد. لە بەرامبەر ئەو هەموو توانا سەربازیەی عیراق و ئەو هەموو هێرشە ستراتیژیانەی دەكرانە سەر ناوچە ئازاد كراوەكان، ئێران و ئەمریكا تەنیا چەكی تەكنیكی سەربازیان دەخستە مەیدانەوە. ئێستاش چـەكی ئـەوتۆیان نەدایـە شـۆڕش كـە بتـوانێ بنكـە ئـابوری و ئۆردوگـا سەربازیە گەورەو گرانەكانی عیراق بۆردومان بكا.[3]

سـەبارەت بـەو سیاسـەتە د. محمـود عوسمـان لـە چـاو پێكەوتنێكـدا دەڵێت:

---

[1] مەسـەلەی كـورد لـە رۆژنامـەو گۆڤـارە ئەلمانیەكانـدا، گۆڤاری دەنگـی كوردسـتانی عیراق، ژمارە(١)، ١٩٧٤، ل١٢٣ .

[2] كـوردۆ عـەلی: سـۆڤیەت و بزوتنـەوەی نیشـتمانیی كـورد، ل١١٢؛ مـیرزا مـەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی كورد(دەستنوس)، ل٥٢٠.

[3] حیكمـت محمـد كـریم (مـەلا بـەختیار): شۆڕشـی كوردسـتان و گۆڕانكاریـەكانی سەردەم، ل٢٢٥.

(موشی دایان)ی وەزیری بەرگری پێشووی ئیسرائیل بڕیاری دابوو ژمارەیەك دەبابەمان بداتێ. بەڵام ئێرانیەکان نەیانهێشت "بە بیانوی ئەوەی نەوەك قەوارەیەکی سەربەخۆ لە کوردستاندا رابگەینن"[1]

لە بەر ئەم هۆکارانە ئەمریکاو ئێران شۆڕشیان لە رووی سەربازیەوە خستە سەنگەری بەرگری نێگەتیڤی جەنگی بەرەیی فراوانەوە. ئەم جۆرە جەنگە بەرەییە فراوانە بۆ بزوتنەوەیەکی چەکداری پارتیزانی کە لەسەر زەمینێکی جوگرافی تەسكو لەناو میلەتێکی کەمتر لە نەتەوەی سەر دەستە، بە پشتیوانیەکی لاوازو بە مەشقو سازدانی سەربازی دواکەوتوانەوە، مەترسیەکی سەربازی روخێنەرە.[2]

ئەو پێوەندیەی کە سەرکردایەتی شۆڕش لە گەڵ دەوڵەتاندا هەیبوو بە شێوەیەکی رەسمی و لە رێگای کاری دیبلۆماتیەوە نەبوو، بەڵکو زیاتر پەیوەندیەکی مخابەراتی و ژێر بەژێر بوو. لە راستیشدا دەبێ هەموو جۆرە پێوەندیەکی دبلۆماسی و سیاسی و سەربازیو ئیداری ستراتیژی بزوتنەوەی کورد لەگەڵ دەرەوەدا مۆرکراو، رونکراو، کۆنکرێتو ساغ کراو بێ، دەنا هەموو دەوڵەتێك بۆی هەیە بەئارەزوی بەرژەوەندیەکانی یاری بە پێوەندیەکە بکا.[3] هەر ئەمەش بوو وای کرد کاتێ بارودۆخەکە گۆڕاو وای خواست کە دۆستانی کورد (ئەمریکاو ئێران) وازیان لە کۆمەك و هاوکاری شۆڕشی کورد هێناو کورد لە گۆڕەپانەکەدا بەتەنیا مایەوە.

---

[1] دیرۆکی پێوەندی یەکانی کورد–ئیسرائیل لەسەر زاری د. محمود علی عوسمانەوە (چاوپێکەوتن) رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٢٤) ١٩٩٧/١٢/٢٣.

[2] حیکمت مجمد کریم (مەلا بەختیار): شۆڕشی کوردستانو.... ل٢٢٥.

[3] هەمان سەرچاوە... ل٢٣٣.

کێشــەیەکی تــری ســەرکردایەتی شۆڕشــی کــورد ئــەوەبوو کــە سیاسەتێکی جێگیری نەبوو، لە سیاسەتی دەرەکی و کاری دبلۆماسی نێو دەوڵــەتان لاوازو بــێ بەرنامــەبوو. بۆچــونەکانی بــارزانی لای نوێنــەرانی دەوڵەتان یەك رەنگ و هاوئاهەنگ نەبوون، بۆنمونـە: بە ئەمـەریکای دەوت " ئەگـەر یارمـەتیم بـدەن کوردسـتان دەکـەم بـە ویلایـەتی پـەنجاو یـەکی ئـەمریکاو"[1] و بـە سـۆڤیەتی دەوت: " ئەگـەر یارمـەتیم بـدەن کوردسـتان ئەکەم بە قەڵای کۆمۆنیزم". بە ئێرانی دەوت: " ئێمە هەموومان لەرەگـەزی ئـارین ". وە بـەعیراق ئـەوت: " مـن عەبباسـیم". بەعـەرەبی ئـەوت:" مـن موسـڵمانم ئامـادەم پێشـمەرگە بنێـرم بـۆ شـەڕی جـوو" و بـە جولەکەشـی ئەوت: " کوردو جوو نەتەوەی حەزرەتی ئیبراهیمن ئەبێ پێکەوە هاوکاری بکـەن"[2]. بـارزانی بەبۆچـونی خـۆی هـەوڵی دەدا پەیوەنـدی بـە هــەموو لایەکەوە بکات و بۆ بەرژەوەندی شۆڕش ئیستیغلالیان بکات بەڵام ئەوان هــیچ کامێکیــان ئامادەنــەبوون وەك پێویســت بــە دەنگــی یــەوە بچــن و هەوڵەکانی هەمووی بێ سود دەرچوون.

---

[1] صلاح ألخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، بيروت ٢٠٠١، ص٢٢٥.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل١١٠.

## ب-ڕێکەوتنی جەزائیر لە (١٩٧٥/٣/٦) دا :

ئـەو هۆکارانــەی لــە پێشــەوە باسمــان کــردن، تــا ئاســتێکی زۆر شۆڕشــەکەیان لاواز کردبــوو و بــەلا ڕێیانــدا بردبــوو، بــەڵام بەســتنی پەیماننامــەی جــەزائیر زیــاتر بڕســتی لەشۆڕشــەکە بــڕیو گــورزێکی کاریگەری پێگەیاندوو بزوتنەوەکە هیچی تر توانای خۆڕاگرتنی نەماو هەرەسی هێنا.

دەمێك بوو هەوڵی لێك نزیك کەوتنـەوەی عیراقو ئیران دەدرا لەلایـەن چـەند دەوڵـەتێکی دۆسـتی هـەردوو لایانـەوە بـەو مەبەسـتەی هـەردوو دەوڵـەت ئاشـت ببنـەوەو کۆتـایی بـە شۆڕشـی کـورد بهێنـرێ.[1] بـەڵام سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردی لەم ڕووەوە نوتقی لەخۆی بڕیبوو. ئاخۆ ئاگاداری هیچ کام لەم جموجۆڵانە نەبوو کە بۆ ئاشت بونەوەی عیراقو ئیران دەکرا کە روون بوو ئەنجامەکەی کەنارخستنو هەرەس پێهێنانی شۆڕشی کورد بوو، یاخود سەرکردایەتی قەناعەتێکی جێگیری ئەوتۆی هەبووکە پـێی وابـوو ئێـرانو ئـەمریکا دۆسـتی هـەتا هـەتایی کوردن و هەرگیز پشتی تێ ناکەن.

هەر چۆنێ بێ، لەهەردوو حاڵەت دا ئەمە ساویلکەیی سەرکردایەتی کـوردیی ئـەو ڕۆژگـارە دەگەیـەنێ لەمەیـدانی سیاسـەتدا. تەنانـەت بـەر لەڕێکـەوتنی جـەزائیریش چـەندین کۆبونـەوە لـەنێوان نوێنـەرانی عـیراقو ئیران کراوە بۆ نمونە:

---

[1] عدنان المفتي: الاكراد والعلاقات العربية الكردية، ص٤٧.

توركيا بەر لە هەر لایەك هەوڵی چارەسەركردنی كێشەكانی نێوان عیراق‌و ئیرانی دەدا، هەر بۆ ئەم مەبەستە لەرۆژی ١٩٧٤/٥/١٦ دا لە ئەنقەرەی پایتەختی توركیادا كۆبونەوەیەكی سێ قۆڵی لەنێوان عیراق‌و ئیران‌و توركیا بەسترا. لەوەزیری دەرەوەی ئیران داواكرا كە یارمەتی كوردەكانی عیراق نەدەن چونكە سەركەوتنی كورد بۆ هەر سێ دەوڵەت كێشەیەكی گەورە دەخوڵقێنێ.[1]

دوابەدوای ئەوە لە ١٢-١٨ی ئابی ١٩٧٤ دا نوێنەرانی عیراق‌و ئیران (سەعدون حمادی و عباس خلعتبری)وەزیرانی دەرەوەی ئەم دوو دەوڵەتە لە ئەستەمبوڵ كۆبونەوە.[2] جارێكی تریش لەكۆتایی ساڵی ١٩٧٤دا توركیا توانی نوێنەرانی عیراق‌و ئیران لەئەستەمبوڵ بگەیەنێتە یەك‌و كۆبونەوەیان پێ بكات.[3] لەرێكەوتی ١٩٧٥/١/٦ یش شای ئێران لە عەممان لەگەڵ مەلیك حسین دا كۆبونەوە. وە لە ١٩٧٥/١/٨یشدا چوو بۆ

---

(1) میرزا مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی كورد (دەستنوس)، ل٣٩٨.

(2) منوچهر پارسادۆست: ناكۆكی عیراق - ئیران، ل٥١؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كوردستان العراق، ص٢٢٤؛ د. گوینتەر دیشنەر: كورد، گەلی غەدر لێكراوی لەخشتە براو، ل٢٨٩؛ پارتی دیموكراتی كوردستان(سەركردایەتی كاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازیكورد، ل٥٦؛ شلومونكديمون: الموساد فيالعراق و دول الجوار، ص٢٩٧.

(3) د. جەبار قادر: چەند بابەتێكی مێژوویی، ل ٧٨؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كوردستان العراق، ص٢٢٤.

قاهیرەو لەگەڵ سادات دا کۆبۆوە.[1] کەهەر بەمەبەستی گەیشتنی ڕێککەوتننامەیەك بوو لەنێوان هەردوولادا. جگە لەوانە لەماوەی ١٦-٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٧٥ دا دیسان وەزیرانی دەرەوەی عیراق و ئێران چاویان بەیەکتری کەوت.[2] کیسنجەر دەڵێت: لەکۆبونەوەی ٨/ی شوباتی ١٩٧٥ دا لە زوریغ (Zurich) لە کۆتایی گەشتەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا شای ئێران بێ هیچ پێشەکی و ئاگادار کردنەوەیەك، پێی ڕاگەیاندم کە بیری لەگفتوگۆ کردۆتەوە لەگەڵ (سەدام حسین) دا منیش سەرۆك فۆرد (Ford)م ئاگادارکردەوە".[3]

لەرۆژی ١٩٧٥/٢/٢١ دوو نوسراوی (هەواری بومیدین) سەرۆك کۆماری جەزائیر نێردران بۆ (احمد حسن بکر) و (شا)ی ئێران. لەو نوسراوانەدا داوا لەهەردوو لایان کرا بوو کە ڕێك بکەون و کێشەو هەرای نێوانیان نەهێڵن.[4] هەر لەو بارەیەوە، کیسنجەر دەڵی" شای ئێران بڕیاریدا بەشێوەیەکی دبلۆماسیانە پاشە کشە بکا.

---

[1] ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆرشی ئەیلول، ل ٣٩٠؛ شلومونکدیمون: الموساد فی العراق و دول الجوار، ص٢٩٧.

[2] منوچهر پارسا دوست: ناکۆکی عیراق – ئیران، ل٥١؛ عبد الکریم فندي: فصول من ثورة ایلول في کردستان العراق، ص١٣٤-١٣٥.

[3] هنری کیسنجەر. کارەساتی کوردەکان، ل٢٠.

[4] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد (دەستنوس)، ل ٦٠١.

له ١٩٧٥/٢/٢٨ دا شای ئێران سەردانی قاهیرەی کردو لەگەڵ سادات کۆبۆوە، گەوهەری کۆبونەوەکە لەدواییدا لەلایەن (محمد حسنين هيكل)ەوە ئاشکرا کرا کە پەیوەندی بە ڕێکخستنەوەی ئێران و عیراقەوە هەبوو.[١]

شای ئێران تامەزرۆو پەرۆشی هەر جۆرە چارەسەرێکی سیاسی بوو کە ویستەکانی بەدی بێنێ. هەر ئەو هۆیەش بوو کە هانی دا یارمەتی شۆڕشگێڕانی کورد بدات،[٢] تا عیراقی دراوسێی ناچار بکات مل بۆ داواو مەرجەکانی کەچ بکات کە بریتی بوون لەمانە: چارەسەری کێشە سنوریە جۆراو جۆرەکان، بەتایبەتی کێشەی (**شط العرب**) بەجۆرێك کە بەرژەوەندییە هەرێمییەکانی شا وەدی بێنێ. کۆتایی هێنان بەهێرشی (عەرەبستان) کە عیراق لەپارێزگای (خوزستان)ەوە ئاراستەی دەکرد. هەروەها وازهێنان لەهەموو هەوڵەکانی دیکەی روخاندنی رژێمی ئێران، کە عیراق یارمەتی دەدات، وەکو بلوجستان کە چەندین ساڵ بوو بوو بە بنکەی پشێوی و هەرا.[٣]

بەم جۆرە هەموو فاکتەرو هەلومەرجەکان خۆشبوون بۆ ئەوەی شا بەمەرامەکانی خۆی بگات. تاقە کۆسپی سەر ڕێگە، کێشەی کوردی عیراق بوو کە شا یارمەتی دەدان و لەسەرەتادا داوای دەکرد کە داخوازییەکانیان جێبەجێ بکرێ و ئازادی و مافی چارەنوسی سیاسیان بدرێتێ. کەچی دوایی بەو چاوە سەیری هەمان ئەو داخوازیانەی دەکرد کە خەونی

---

[١] ئیبراهیم جەلال: خاوروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، ل ٣٨٩.

[٢] م. س. لازەرێف: کورد و کوردستان، فاکتەرەکانی دروستبونی کێشەکە، وەرگێڕانی: د. جەبار قادر، ل٧٨-٧٩.

[٣] محمد حسنين هيكل: مدافع اية الله، ص١٤٢.

سیاسی و هیواو ئاواتی دوورن لەواقیع. جا لەبەر ئەمە هەر دەبوایە قوربانی بەکوردی عیراق بدریّ.[1]

لە ٤-٦-ئازاری ١٩٧٥ لەکۆبونەوەی سالاّنەی سەرانی ئوپیّك دا عیراق و ئیّران (سەددام حسین) و (شا) بەناوبژیوانی (هەواری بومیدیەن)ی سەرۆك کۆماری جەزائیر بەیەك گەیەشتن بۆ چارەسەرکردنی کیّشەکانیان. دوای وتوو ویّژەکان سەرانی هەردوو دەولّەت بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لە رۆژی ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا بلاّکردەوە کە بەریّکەوتنی جەزائیر ناسراوە.[2]

بەپیّی ماددە ئاشکراکانی ریّکەوتنەکە:* دەبوو هەردوو دەولّەتی عیراق و ئیّران پاریّزگاری ئەمن و ئاسایشی ناوچە سنوریەکانیان بکەن و نەهیّلّن هاتوچۆی قاچاغی تیّدا بکریّ. و لەدژی یەکتری یارمەتی یاخیبوون و ئاژاوە نانەوە و پشیّوی نەدەن. لەگەلّ یەکتری هاوکاری بکەن دژی ئەو تاقمە تیّکدەرانەی کە لەیەکیّك لەم دوو دەولّەتەوە دژی

[1] د. گوینتەر دیشنەر: کورد، گەلی غەدر لیّ کراو لەخشتە براو، ل٢٩٠.

[2] منوچهر پارسادوست: ناکوکی ئیران و عیراق – ل٥٢؛ عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تیّکۆشان، بەرگی یەکەم، ل٩٦؛ ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆرشی ئەیلول، ل ٣٩٠.

* بروانە پاشکۆی ژمارە(١).

دەوڵەتەکەی تر دەیانەوێ هەڵیسوڕێنن. ئەمانە خاڵە گرنگەکانی ماددە ئاشکراکانی ڕێکەوتنەکە بوون لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا.(1)

هەرچەندە ڕێکەوتنەکە بەرواڵەت کورت بوو، وناوی کوردی بەهیچ جۆرێك تێدا نەهاتبوو، و لەپلەی یەکەمدا دژی شۆڕشی کوردستانی عیراق بوو، کە ئەو کاتە گەیشتبووە باڵاترین قۆناغی پەرەسەندنی چەندایەتی و مەترسییەکی گەورەی بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی لەناوچەکەدا پێك هێنابوو، بەڵام لەراستیدا پەیمانەکە دژی هەموو نەتەوەی کوردبوو. چونکە بۆتەواو کردنی ئەم ڕێکەوتنە دوو بەندی نهێنی تریشیان خستبووە سەر:

یەکێکیان: لەهیچ هەڵو مەرجێکدا شاو رژێمی ئێران مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراندا نەسەڵمێنێ و لەمەدا حکومەتی عیراقیش پشتیوانی بکات.

دووەمیان:حکومەتەکانی ئێران و عیراق هەریەکەیان لەلای خۆیەوە هەوڵ بدات بۆ راکێشانی حکومەتی تورکیا کە بەشداریان بکات لەو سیاسەتە ناو کۆییەی دژی کورد لەناوچەکەدا.(2)

ئەم ڕێککەوتنە سەودایەکی ئێرانی عیراقی بوو لەسەر بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، کۆبونەوەی شاو سەددام حسین لەگەڵ یەکتری و ڕێکەوتنەکەیان، بۆ بارزانی و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد روداوێکی

---

(1) د. بیجەر مانی: کوردستانی نیشتمان و کێشە لە بەڵگەنامەو هەڵوێستی نێو دەوڵەتاندا، گۆڤاری پێشکەوتن، ژ(٣)، ساڵی١٩٨٧، ل٣٤-٣٥؛ د. جەبار قادر: چەند بابەتێکی مێژوویی، ل٧٩.

(2) یەکێتی نشتیمانی کوردستان: قیادەی موەقەتە لەچ بەرەیەکدا وەستاوە، ل٦-٧.

کتوپڕی چاوەڕێ نەکراوبوو. ئەوانیش وەکو خەڵکی تر لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانییەوە بیستیان. بەڵام بارزانی بڕوای وابوو کە ناکۆکیەکانی شاو سەددام لەوە قوڵترە بتوانن ڕێك بکەون. لەبەرئەوە ئەو هەوڵانەی بەهەند هەڵنە دەگرت. پشت بەستنی بارزانی بە ئەمریکا و ئێران و دواتریش هاتنەکایەی ڕێکەوتننامەی جەزائیرو یەکلایی کردنەوەی کێشە سنوریەکانی نێوان عیراق و ئێران و مەسەلەی (**شط العرب**)، هەرەسیان نزیك کردەوە.

هاوکات لەگەڵ ئیمزاکردنی ڕێکەوتنەکەدا، حکومەتی ئێران هەموو یارمەتیەکانی لە کورد بڕی و لەژێر ڕەحمەتی سوپای عیراقی دا بەجێی هێشت، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم شۆڕش سەرکوت کراو ئەمریکاش هەمان ڕێگەی ئێرانی گرتە بەر.[١] هەر ڕۆژێك دوای ئیمزاکردنەکە، (١٩٧٥/٣/٧)دەوڵەتی ئیران تۆپ و تەیارە شکێنەکان و تفاقە سەربازیەکانی سوپای خۆی کێشایەوە بەرەو ئێران و هەموویان بە بەردەم بارەگای بارزانی دا تێپەڕین و بارزانیان بێ بەرگری بەجێ هێشت. هەر ئەو کاتە فرۆکەکانی عیراق بێ ترس کەوتنە بۆردومان کردنی گەلاڵە.[٢]

---

[١] حنا یوسف فریج: مەسەلەی نەتەوەیی کورد لەعیراقداو... ل١٢.

[٢] مارتن ڤان برۆنەسن: ئاغاوشێخ ودەوڵەت، ب١، ل٥٨؛ حسین عارف: بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن، ل١٨٨؛ جوناثان راندل: أمة في شقاق، ص٢٢٤.

دوابــەدوای ئیمزاکردنــی ڕێکەوتنەکــە، شــای ئێــران داوای لــە (ئەرتەشبود نەسیری)* کرد کە بارزانی بانگ بکەنە تاران، لە ١٢ی ئازاردا بارزانی لەگەڵ د.محمود عوسمان و محسن دزەیی بران بۆ دیدەنی شا. لەو دیدەنیـەدا (نەسـیری)ش بەشـداربوو. شـا بـەم چەشـنە ئاگـاداری وەفـدە کوردیەکـەی کـرد : ئێمـە ئیختـیلاف و مەشـاکلی خۆمـان لەگـەڵ دەوڵـەتی عـیراق کۆتـایی پـێ هێنـاوەو دەمانـەوێ لەگـەڵ عـیراق کـە دراوسـێمانە پەیوەندیەکی دۆستانەمان هەبێ. لەتۆش داوا دەکەم بەهەموو بەرپرسانی حزبی و پێشمەرگە رابگەیەنێ کە لەم سەعاتەوە شەڕ لەگەڵ سوپای عیراق تەواو بووەو کەس هـەقی نیـە سـەر ئێشـە بۆ دەوڵـەتی عیراق ساز بکات. ئێمە لەمـەودوا بـەهیچ چەشنێك یارمـەتی بەدرێـژە پێدانی شۆڕشـی کورد ناکـەین".[1] هـەر لـەو دانیشـتنەدا شـا درێـژە بەقسـەکانی دەدات و دەڵـێ: "دەوڵـەتانی عـەرەبی لـەم سـەردەمەدا بونەتـە هێزێکـی گـەورەی ئـەوتۆ لـەدنیادا کـە نـاکرێ پشـتگوێ بخـرێن. قـازانجی ئـیران لەوەدایـە کـە ناکۆکیەکانی خۆی لەگەڵ ئەوان بەلادا بخات و لەگەڵیان ڕێك بکەوێ، بەم ڕێکەوتنە ئێمە توانیمان ناکۆکیەکانی خۆمان لەگـەڵ عیراق کـە (٤٢) ساڵ نـەماتوانی بـوو لا بـەلای بکـەین. بـەجۆرێ بـەلای دابخـەین کـە ئێمـە دەمانویست. ئێوەش خۆتان ئازادن لەوەدا چی دەکەن:

---

* ئـەر تەشـبود نەسـیری: ئەوسـا جەنـەراڵێك بـوو و سـەرۆکی دەزگـای (سـاواك) بـوو لەئیران.

[1] عیسـی پـژمان: نهێنـی یـەکانی بەسـتنی پـەیمانی الجـزائیر – ل٩١؛ چاوپێکەوتن لەگەل د. محمود عوسمان لە ٢٠٠١/٨/٢٣، لەسلێمانی؛ عبد الكريم فندي: فصول من ثورة ايلول في كردستان العراق، ص١٣٦.

–دێنە ئێران، وڵاتی خۆتانەو وەکو هاوولاتی ئێران رەفتارتان لەگەڵ دەکەین.

–دەگەڕێنەوە عیراق، بەڵێنم لە سەددام وەرگرتوە کەستان نەکوژێ.

–درێژە بەشەڕ دەدەن، ئارەزوی خۆتانە، بەڵام من ئیتر سنور لەیار مەتیدانی جەنگ دا دائەخەم..".[1]

لە وەلامی شای ئێراندا بارزانی وتی :–

"ئێمە میللەتی تۆین، مادەم تۆ لە رێکەوتنەکە رازیت و قازانجی ئێرانی تێدایە، ئێمەش هیچمان لەسەری نیە، ئێمە لەژێر فەرمانی ئێوە داین، ئێمە دڵسۆزی ئێوەبوین و دڵسۆزی ئێوە دەمێنینەوە..."[2]

رۆژی ١٩٧٥/٣/١٣ بارزانی لەتاران گەڕایەوە، لەگەڵ لیژنەی ناوەندیدا کۆبۆوەو ئەنجامی سەردانەکەی تاران و بینینی شای بۆ باس کردن و پێی راگەیاندن کە شا چی پێ ووتوە، هەر لەو کۆبونەوەیەدا هەندێ بڕیاری گرنگ درا، گرنگترینیان درێژەدان بوو بە شۆڕش،[3] بەڵام لەهەمان کاتدا بارزانی بروسکەیەکی دابوو بەهەموو هێزەکانی پێشمەرگە

---

[1] د. گوینتەر دیشنەر: کورد، گەلی غەدر لێ کراوی لەخشتە براو، ل٢٩٤؛ چاوپێکەوتن لەگەل د. محمود عوسمان لە ٢٠٠١/٨/٢٣، لەسلێمانی؛ جوناثان راندل: أمة في شقاق، ص٢٢٤؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە... ل٢٩.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە...ل٢٩؛ چاوپێکەوتن لەگەل د.محمود عوسمان لە ٢٠٠١/٨/٢٣، لەسلێمانی.

[3] حسین عارف: بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن، ل ١٩٩؛ حسین محمد عزیز: خولانەوە لەبازنەی بۆشدا، ل ١١٤؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە...ل ٣٠؛ ژیرار چالیاند: گەلێکی پەژموردە، ل ٣٩٧.

كه لەسەعات یازدەی بەیانیەوە تەققە بوەستێنن.[1] شەوی ١٩/١٨-٣-١٩٧٥ سەركردایەتی شۆڕش (بارزانی) لەگەڵ مەكتەبی سیاسی و لیژنەی مەركەزیی پارتی، لەكۆبونەوەیەكیاندا بڕیاریاندا كە بەردەوامبوون لەسەر شەڕكردن، لەتوانادا نەماوەو چەكدانان و تەسلیم بوون بە ئێران بۆتە ناچاریی.[2]

هەر دوای ئەوە بەرۆژێك لە ١٩٧٥/٣/٢٠ لەئیزگەی دەنگی كوردستانەوە فەرماندەی پێشمەرگە (رشید سندی) بەناوی بارزانی و شۆڕشەوە بڕیاری راگرتنی شەری بڵاوكردەوەو داوای لەهەموو خەڵك كرد، چەكدارو بێ چەك ئازادن تەسلیم بەعیراق ببنەوە یان بچنە ناو ئێرانەوە.[3] لە ١٩٧٥/٣/٢١ یەكەم رۆژی جەژنی نەورۆز رادیۆی دەنگی كوردستان بێ هیچ پێشەكی و راگەیاندنێك دەنگی لێ نەهاتەوە، تەنها

---

[1] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی كورد (دەستنوس)، ل ٦١٥؛ گۆڤەند عبدالقادر: پاش رێكەوتنی الجزائر ئامادەیی شەڕو بەرگری هەبوو...بەڵام؟ رۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ(٩٠٧)، ١٩٩٥/٢/٦.

[2] كۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایك بوونی بارزانی، ل١٢٢؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەكەناری دانوبەوە...ل٣٠؛ حسین عارف: بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن، ل ٢٩؛ میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی كورد، ل ٦٣٤ .

[3] كریس كوچیرا: مێژووی كورد لەسەدەی ١٩، ٢٠ دا، ل ٥٠٧؛ ئیبراهیم جەلال: خواروی كوردستان و شۆڕشی ئەیلول، ل٣٩٦.

ئەوەی ڕاگەیاند کە " لەبەر هۆیەکی هونەری لەسبەی شەوەوە ئێزگە لەکار دەکەوێ".[1]

بەم جۆرە شای ئێران لەرێگەی ئەو یارمەتیەوە کە پێشکەشی شۆڕشی ئەیلولی کرد، دەیویست کەڵك لەجولانەوەی رەواو هەقی خەڵکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عیراق وەربگرێ و لەدژی عیراق بیکاتە فاکتەری فشارو زۆر هێنان بۆ سەر سەددام تاکو مەبەستەکانی خۆی لەخەلیج و ئاوی (شط العرب) و عەرەبستان و ناوچەکانی سنوری عیراق و ئێران دا بهێنێتەدی[2]. شای ئێران لەم پەیمانەدا بەمەبەستەکانی خۆی گەیشت، بۆیە ئیتر وازی لەبارزانی و جولانەوەی رزگاری گەلی کوردستان لە عیراق هێنا. هەر پاش ماوەیەك بەسەر رێککەوتنەکەیاندا شا لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ رۆژنامەنووسی بەنێوبانگی عەرەب (محمد حسنین هیکل) دا دانی پێدانا،[3] شا بە مەبەستی خۆی گەیشت و سەری بەرژێمی عیراق دانواند و مەرجەکانی خۆی بەسەردا سەپاند. رژێمی بەعس چۆکی لەپێش شای ئێران دادا، لەبەرامبەر ئەمەدا شا، بارزانی لەمەیدانی شەرو بەربەرەکانێی عیراقدا کێشایەوە دواوە.

بەم شێوەیە رێکەوتنامەی جەزائیرو مەیدان چۆڵکردنی سەرکردایەتی جولانەوەی چەکدارانی پارتی و دواتر رۆڵی هەرە خراپی بەعس و بەرنامەکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی. هەموو ئەمانە

(1) کریس کوچیرا: مێژووی کورد لەسەدەی ١٩، ٢٠ دا، ل٥٠٧؛ حسین عارف: بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن، ل ٢١٩.

(2) محمد حسنین هیکل: مدافع ایه الله، ص١٤٢.

(3) جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەرۆژی کورد...ل٢٠.

بەیەکەوە کۆمەڵێك فاکتەرن و هەر یەکەو بەجیا ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی بۆ لەنێو چوون و هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول.

# باسی دووەم
# کاردانەوەی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لەسەر کۆمەڵی کوردەواری

ئاشتبوونەوەی عێراق و ئێران کاردانەوەیەکی (سلبی) لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا دروست کرد. جگە لەوەی هەرەسی بەشۆڕشی ئەیلول هێناو بزوتنەوەی کوردایەتی لاواز کرد، لەهەمان کاتدا دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ بەغدا کەبەرنامەکانی پێشووتری لە (تەهجیرو تەرحیل و تەعریب و تەبعیس)، درێژەپێ بدات.

حوکمڕانانی رژێم زۆر لەخۆبایی ببوون. پێیان وابوو ئیتر هەتا هەتایە شۆڕشی کورد هەڵناسێتەوە، هەر بۆیە لەچوارچێوەی ئەوبەرنامەیەی سەرەوەیاندا سیاسەتی تواندنەوەی کوردیان پیادە کرد. لەهەموو ئەو خاڵانەش پەشیمان بوونەوە کە لەساڵی ١٩٧٠ دا لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی لە چوارچێوەی بەیاننامەیەکدا مۆریان کردبوو.

هەرەسی شۆڕش، جگە لەوەی شکستێکی سیاسی و سەربازی گەورەبوو، لەڕوی سایکۆلۆژیشەوە رۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی لەنێو جەماوەری کوردا دی تەنانەت تاماوەیەکیش خەڵك لەشۆڕش نائومێد بوون.

دەسەلاتدارانی بەعس لەئەندامێکی بچوکیانەوە تا ئەندامێکی سەرکردایەتیان وا خۆیان بەژێرکەوتنی کوردەوە بادەدا کە عێراق بەهەموو دانیشتوان و تەواوی سامان و دارایی یەوە موڵکی ئەوانەو لەمەودوا بۆ هیچ هێزو لایەنێك نییە دەست درێژی ئەو سنورە بکات کە بەعس بۆیان دائەنێ. گەر هەستیان بە هەر جولەیەك بکردایە کە بۆنی

دژایەتی ئەوانی لێ بهاتبایە بەجۆرێکی دڕندانە لێیان ئەداو لەناویان دەبرد بێ ئەوەی گوێ بەهیچ داب و نەریت و یاسایەك بدەن یا نرخ بۆ شتێك دابنێن کە پێی دەوترێت مافی مرۆڤ.[1]

کاردانەوەی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لەسەر ژیانی کوردەواری لە گەلێك لایەنەوە کاریگەری سلبی هەبوو، بۆ وێنە: لەروی سەربازیەوە، دەیان هەزار پارچە چەکی سوك و قوڕسی گەلی کوردی خستە دەست عیراق و ئێران. ئەزمونی سەربازی و فەرماندە سەربازیەکان و وەرەی سەربازی هێزی پێشمەرگەی داتەپاند. هەیبەتی هیچ فەرماندەیەکی بەرامبەر بە رژێم و لە ناو جەماوەردا نەهێشت. تەواوی نهێنیە سەربازیەکانی شۆڕش و ناوچە رزگار کراوەکانی بۆ رژێم ئاشکرا کرد.[2] حکومەتی بەعس بەنرخێکی هەرزان چەکەکانی لەپێشمەرگە دەکڕییەوەو مەبەستی لەو چەك کڕینەوەیە سەر هەڵنەدانەوەی شۆڕشێکی نوێی کورد بوو.

لە روی سیاسیەوە، کێشەی کوردی وەکو کێشەیەکی بە کرێ گیراوی سەر بە ئێران ناساند. زەمانی ناحەزانی درێژتر کرد. ریزی سیاسی یەکگرتووی کوردایەتی لێك ترازاند. دەستەو توێژاڵی سیاسی لەنێو جەماوەردا لاوازکردو رژێم توانی بەئاسانی کاربکاتە سەر بەشێکی

---

[1] فاتح رسول: چەند لاپەڕەیەك لەمێژوی خەباتی گەلی کوردمان، بەرگی یەکەم، ل٣٣.

[2] سەرکەوت رشید: ئاشبەتال و خیانەتی نەتەوایەتی، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٩٦٦)، ١٩٩٥/٤/١٩ .

بەرچاوی خەڵك.[١] لەمەش بترازی نەفسیەتی مرۆڤی کوردی بەرامبەر داگیرکەر لاوازکرد. هەموو ئەوانەی هاتنەوە عێراق، زەلیل و لاواز کەوتنەوە بەردەست دوژمن. دوژمنیش بەئارەزوو بەشارەکانی خواروی دا دابەش دەکردن. گەورەترین فەرماندە کەسەری بۆ لەشکری عێراق شۆڕنەدەکرد، ناچار لەلایەن ئەمن یا ئیستخباراتێکەوە کارو فرمانی بۆ دیاری دەکراو دەبوایە بەپێی رێنماییەکانی ئەوان هەڵس و کەوت بکات.[٢] ئەو راستیانە تێکڕا زەمینەیان خۆشکرد تا رژێم بتوانێ سیاسەتی نەگریسی (تەعریب و تەهجیرو تەبعیس) بە ئاشکرا بسەپێنێ.

لەدوای ئەمە رژێمی عێراق چالاکیەکانی دژ بەکوردی گۆڕیە ئاستێکی بەرزتر. پلان دانەرانی نەریتی دژە یاخی بوون، هەل و دەرفەتیان بۆ لوا کەسەر لەنوێ نەخشەی سروشتی باشوری کوردستان بەپێ ی خواستی خۆیان بکێشنەوە، ئەمەش مانای ئەوەبوو کەوا کوردە شۆڕشگێڕەکان لەخاکی باوو باپیرانیان راگوێزرێن و لەناوچەی نوێ ی ژێر کۆنتڕۆڵی سەربازی توندو تیژی دەسەڵاتداریێتی بەغدادا دووبارە نیشتەجێ بکرێنەوە.[٣]

بەرنامەو سیاسەتی نوێی بەعس بەرامبەر بەکورد دوای هەرەس بەم چەشنەبوو :-

---

[١] سەرکەوت رشید: ئاشبەتاڵ و خیانەتی نەتەوایەتی، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٩٦٦)، ١٩/٤/١٩٩٥.

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٣] میدل ئیست وۆچ: جینوساید لە عیراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد وەرگێرانی: سامندی موفتی زادە، ل٩٩ .

گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی کوردستانی عیراق ئەمەش پێویستی بە کۆچ پێکردن (تهجیر)ی زۆری کوردەکان هەبوو بۆ ناوەراستو خوارووی عیراق،[1] کە بەشی زۆری لەباشووردا بەناو خێڵە عەرەبەکانی فوراتی خواروودا بەرێژەی سێ تا پێنج خێزان بۆیەك گوند بڵاوکردەوە.[2] بەتایبەت لەپارێزگاکانی (ناسریە، دیوانیە، سەماوەو، رمادیو عیمارە)دا.[3] بەشێکی زۆر لە گوندەکان سوتێنرانو لەگەڵ زەویدا تەخت کران، یاخود عەرەبیان تیادا نیشتەجێکرا، لەتەقەلای ئەوەدابوون کە بست بە بستی زەوی کوردستان بچوك بکەنەوەو بەعەرەب نشنی بکەن.[4] هەر لەناو کوردستاندا (٣٠٠٠٠) تا (٤٠٠٠٠) کەسیان لەشوێنی خۆیان هەڵکەندەوەو هەندێکیان لەقوڵایی رۆژهەڵاتدا دامەزراندەوە،[5] وە ئەو کوردانەی بەکۆمەڵ راگوێزران لەسەر ئەم شێوەیەی خوارەوە دابەش

---

(1) جلیلی جلیل والاخرون: الحرکة الکردیة في العصر الحدیث، ط١ بیروت، ١٩٩٢، ص٢٩٧؛ پرۆفیسۆر م. س. لازەرێف: کورد و کوردستان، فاکتەرەکانی دروستبونی کێشەکە، و/ د.جەبار قادر، ل٤٢؛ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: عیراق ومەسەلەی کورد، ل١٤.

(2) رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، ب١، ل ٤٠.

(3) د. دلێر ئەحمەد حمد: ئەو بارودۆخە سیاسیوکۆمەڵایەتیەی ی.ن.ك ی تێدا لەدایك بوو، رێبازینوێ، (١٩)، ل١٢؛ جلیلی جلیل والاخرون: الحرکة الکردیة في العصر الحدیث، ص ٢٩٩ .

(4) فاتح رسول: چەند لاپەڕیەك لەمێژووی گەلی کوردمان، بەرگی یەکەم، ل٣١-٣٢ .

(5) د. مارف عومەر گول: جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتی دا، ل٢٨.

کران: لەو ناوچانەوە کە گشت دانیشتوانی کوردن،[1] یان ئەو ناوچانەی ڕێژەی زۆری دانیشتوانی کوردن و بەر هەرێمی ئۆتۆنۆمی نەخراون، وەك: ناوچە نەوتیەکانی کەرکوك، خانەقین و عینزالەو هەروەها ناوچە سنوریەکانی شەنگار، پارێزگای هەولێر، زوممارو ناوچەکانی قۆرەتوو بەمۆو مەیدان و سەروی خانەقین.[2]

لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ دا لێپرسراوێکی ڕەسمی عیراق دانی بەوەدا نا کە نزیکەی پەنجا هەزار کورد ڕاگوێزراون –تەنها لەو ساڵەدا– بۆ هەرێمەکانی باشور لەناسریەو دیوانیە،[3] بێگومان ئەو ژمارەیە ڕاست نیە چونکە ژمارەی ڕاستەقینە لەوە زۆر زیاترە.

ئەو پێشمەرگەو تێکۆشەرانەی پاش ڕاگەیاندنی یاسای (لێبوردن) گەڕانەوە بۆ لای هێزەکانی عیراق و بە بنەچە دانیشتوانی ناوچەکانی بەر (هەرێمی ئۆتۆنۆمی) نەکەوتوو بوون، یان ناوچە بەعەرەب کراوەکان بوون، لە شوێنەکانی خۆیان نیشتەجێ نەکرانەوە.[4] بەتایبەتی لەهەندێك شارۆچکەی سنووری بادینان کە بۆ کاری لەشکری ستراتیجین، بۆ نموونە ناوچەکانی زێبار، بارزان، ئەتروش و زاخۆ، لەدەروازەی پارێزگای

---

[1] مەگۆیان: هەڵگیرسانەوەی خەباتی کوردەکانی کوردستانی عیراق لە پێناوی ئۆتۆنۆمی دا، گۆڤاری (پەیڤ)، ژمارە(٩)، ساڵی١٩٨٩، ل٩٤٩.

[2] سامی عبدالرحمن: من اوراقی، ل١٣٩؛ ئەمین قادرمینە: ئەمنی ستراتیجی عیراق و سێ کوچکەی بەعسیان، ل ٢٥٦" ژیرار چالیاند: گەلێکی پەژموردە، ل ٣٣٦.

[3] میدل ئیست وۆچ: جینۆساید لە عیراقدا، ل ١٠١.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ٩٩؛ ژیرار چالیاند: گەلێکی پەژموردە، ل ٣٣٧.

هەولێریش کە بوو بە پایتەختی هەرێمی ئۆتۆنۆمی هەزاران کوردیان لەدەشتی مەخمور راگوێزا... هەر لەدوای هەرەسی شۆڕشی (١٩٧٥) رژێم بڕیاری دا کە پشتێنەیەکی ئاسایش لەسنوری عیراق‌و ئێران دروست بکات، بۆیە بەپێی ئەو بڕیارە لەسەر سنوری نێوان ئێران‌و عیراق، عیراق‌و تورکیا، عیراق‌و سوریا، لەکوردستاندا، دەبێت ٣٠-٤٠ کم بۆ قولایی ناو کوردستان لەهەموو ئاوەدانیەك چۆڵ بکرێت،[1] دانیشتوانی ئەو شارو گوندانەی کە دەکەونە ناو مەودای ئەو ٤٠ کیلۆمەترە دەبێت راگوێزرێن بۆ پشتی هێڵی پشتێنەی ئاسایش، وە لەسەر رێگەی نێوان شارەکان‌و ژێر دەسەڵاتی رێگاوبانی هاتوچۆی سوپای رژێم لە (گوندی هاوچەرخ)، واتە لە ئۆردوگای زۆرە ملێ نیشتەجێ بکرێن.[2]

رژێمی بەعس بەهەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا روخساری نەتەوەیی کورد بشێوێنێ، مەبەستی لەم کارانەدا ئەوە بوو کە زیاتر لە (٣٠٠٠) گوندو (٢٢) شارو شارۆچکەی کوردستان تێك بدات‌و بیروخێنێ، هەروەها زیاتر لەنیو ملیۆن کەس لەو ناوچانەوە راگوێزرێت بۆ قولایی کوردستان‌و نیشتەجێیان بکات لە ئۆردوگای زۆرە ملێیەکاندا بێ دابین کردنی زەوی

---

[1] سامی عبدالرحمن: من اوراقی، ص١٢٣؛ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: عیراق و مەسەلەی کورد، ل١٤.

(٢) جلال الطالبانی: حول القضیة الکردیة في العراق، ص ٢٩. ؛ سامی عبدالرحمن: من اوراقی، ص٧٥، ؛ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: عیراق و مەسەلەی کورد، ل١٥؛ ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتجیی عیراق، ل ١٩٣. ؛ مارتن ڤان برۆنەسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ب١، چ٢، ل٥٩؛ ابراهیم جلال: خواروی کوردستان‌و شۆڕشی ئەیلول، ل ٤٠٤، ؛ ژێرار چالیاند: گەلێکی پەژموردە، ل ٣٩٨.

کشـتوکاڵ بۆیـان.[1] بەمـەش خـەڵکێکی زۆری جوتیـاری کوردسـتان لەخاکـەکانیان دور خرانـەوەو کردنیـان بەخـەڵکێکی بـێ بەرهـەمو موستەهلیكو چاو لەدەستی حکومەت، واتە نزیکەی نیو ملیۆن کورد برسی و بێ چارەبنو زیاتر لە (٥٠٠٠٠) کەس بێ کاربوون.[2]

بەعس بڕیارێکی تریشی دەرکردبوو کە بەپێی ئەمە هیچ حزبێکی سیاسی بۆی نەبوو لە ناو ئەم خەڵکانەدا کاربکات (جگە لەو حزبە کارتۆنیانەی کە سەر بەخۆی بوون، وەك: پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان). بەڵکو تەنها ئەم مافە بۆ حزبی بەعس بوو. تا بتوانن بە ڕێکوپێکی ئەم حاڵەتە ئابوری یەی خولقاندبویان لە ناویاندا دەسگیری بکەن بۆ بە بەعسی بونیانو روخاندنیانو دورخستنەوەیان لە کاری شۆڕشگێڕی.[3] لە کۆڕو کۆبونەوەکاندا بە راشکاوی باسیان لەوە دەکردو داوایان دەکرد کە دەبێ هەموویان پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە بکەن.[4] هەروەها راگوێزراوەکانیان ناچاردەکرد کە بەهۆی بێکاریی و برسێتی و نەبوونیانەوە چەك بۆ رژێم

---

[1] ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستانو شۆڕشی ئەیلول، ل ٤٠٥؛ سامی عبدالرحمن: من اوراقی، ص١٠٤.

[2] نوزاد. م: کوردستانو رۆژهەڵاتو تایبەتمەندیەکانیان، ل ٢٩؛ سامی عبدالرحمن: من اوراقی، ص١٠٤.

[3] فاتح رسول: چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی خەباتی گەلی کوردمان، ب١، ل٣١؛ نوزاد. کوردستانو رۆژهەڵاتو تایبەتمەندیەکانی، ل٢٩.

[4] ئەرسەلان بایز: رۆژانی سەخت، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٨٦٣)-١٩٩/٥/١٩.

هەڵگرنو بېن بەجاش، یان کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراقو لەکوردستان دووربکەونەوە.[1]

حکومەتی عێراق بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی بەعسو بنکەکانی خۆی لەکوردستاندا، تۆڕی جاسوسیو دامەزراوەکانی ئەمنو ئیستخباراتیان زیاتر گەشە پێدەداو فراوانتریان دەکردن. هەزاران ئەفسەرو جاسوسو پۆلیسی نهێنی کە پێشتر بەبیرو باوەڕی شۆڤێنیانەی عەرەبی پەروەردەکرابوونو مەشقی تایبەتیان پێ کرابوو، ناردرانە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، ئەوانە بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکانی بەعس چەندین جۆرە خەلاتو ئیمتیازاتیان پێ دەدرا. کارو رەفتارەکانی ئەو کەسانە کە لەدامەزراوە و دەزگاکانی ئەمنو جاسوسیدا کاریان دەکرد، ئەوەندە دڕندەو وەحشیانە بوون شێوازی کارکردنو مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی ئەوەندە نامرۆڤانە بوو کەنموونەیان لەمێژووی عێراقدا هەرگیز نەبووە.[2] بەهەموو کۆچەو کۆڵانێکدا بڵاوببوونەوە، دەستیان کرد بەپێشێل کردنی حورمەتی خەڵکی کوردستان. سیاسەتی بەعسیەکان لەو ساڵە گەیشتە رادەیەك کە هەر کوڕێکی عەرەب کچە کوردێکی بخواستایە بڕی(٥)هەزار دیناریان پێ دەدا.[3]

---

[1] ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستانو شۆڕشی ئەیلول، ل٤٠٥.

[2] د. دلێر ئەحمەدحمەد: ئەو بارودۆخە سیاسی وکۆمەلایەتی یەی ی.ن.ك ی تێدا لەدایك بوو، ل١٥.

[3] رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم، ل ٤٠؛ ژیرارچالیاند: گەلێکی پەژموردە، ل٣٩٨.

بەعسی دەسەلاتدار لەم قۆناغەدا خەسڵەتێکی حوکمڕانی زۆر خراپ و توندو تیژی بەخۆوە گرتبوو. بە بەعسی کردنی خەڵك تەواوی دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەتی گرتبۆوە. ئەوانەی دووچاری ئەم جۆرە سیاسەتە دەبون بریتی بوون لە ئەفسەرانی سوپا، دکتۆرەکان، مامۆستایان، ئەندازیاران، کرێکاران و هەموو خوێندکاران. بە بەعس کردن خەسڵەتێکی تۆتالیتاریانەی گشتی هەبوو. هەموو ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە کار بەدەست و فەرمانبەرانی دەوڵەت بوون. ئەوەی پابەندی مەرجەکانی رژێم نەبوایە دووچاری بێ کاریو دەرکردن دەبۆوە. بێگومان ئەم سیاسەتەی رژێم تەواوی خەڵکی بێلایەنیشی دەگرتەوە. بون بە بەعسی بۆ هەموو کەس ئیجباری بوو. ئەوانەی دژی بەبەعسی بونیش بون فشاریان لەسەربوو. چونکە ئەرکی پەروەردەییان لەئەستۆ بوو. بەعس پرۆگرامێکی تازەی داڕشتبوو کە لەگەڵ بیری سیاسی خۆی هاوجووت بوو. بەپێی ئەو پرۆگرامە مامۆستایان دەبوایە بە بیروباوەڕی بەعسیانە بیربکەنەوەو نەوەی تازەش بەبیروباوەڕی نەتەوەیی عەرەبیی بەعس پەروەردەبکرێن.[1] هەر بەئامانجی جێبەجێ کردنی ئەم پلانە حکومەتی بەعس دەستی کرد بەدروست کردن و دامەزراندنی رێکخراوەکانی (طلائع، شبیبةو فتوة) کە گشتیان رێکخراوی لاوان و

[1] نەژاد عزیز سورمێ: درەختی بنکۆڵ کراو، ل ١٤.

هەرزەکاران بوون و بۆ بە بەعسی کردنیان حکومەت پارەو پولێکی زۆری بۆ تەرخان کردبوون.[1]

بەعەرەبکردن بوارەکانی رۆشنبیری و خوێندنیشی گرتبۆوە. بەرنامەی پەروەردەی خوێندن بەرۆحێکی بەعسیانە کاری بۆ دەکرا لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بەپێچەوانەی بەندەکانی بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ کە کورد مافیان هەیە بەزمانی کوردی بخوێنن و وانە بڵێنەوە. گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر ئەوبەرنامەیە داهات و لەزۆربەی خوێندنگەو کۆلیجەکانی کوردستان زمانی عەرەبیی خۆی زاڵ کرد.[2] گەلێ وانەی بەعسیانەیان بەزۆری ئەخستە مێشکی منداڵانی کوردەوە کەبێ سوود بوون وەك (سەقافەی قەومی بەعس و مێژووی نەتەوەیی عەرەب و پەروەردەی نیشتمانی بەعس و . . هتد)[3] تەنانەت وای لێ هات کە زۆربەی خوێندنگە کوردیەکان داخران و خوێندنگەی عەرەبی شوێنی گرتنەوە،

---

(1) عدنان المفتي: الاكراد والعلاقات العربية الكردية، ص٣٩؛ د. دلێر ئەحمەدحەمەد: ئەوبارودۆخە سیاسی وکۆمەڵایەتییەی ی.ن.ك ی تێدا لەدایك بوو، ل١٥.

(2) ژیرارچالیاند: گەلێکی بەژموردە، ل ٣٣٧-٣٣٨؛ د. دلێر ئەحمەد حەمەد: ئەوبارودۆخە سیاسی وکۆمەڵایەتییەی ی.ن.ك ی تێدا لەدایك بوو، ل١٤؛ ب: عن التعليم في كردستان العراق، ص٢٩؛ مەگۆیان: هەڵگیرسانەوەی خەباتی کوردەکانی کوردستانی عیراق، ل٩٤٨.

(3) ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم، ل٤٠؛ نەژاد عزیز سورمێ: درەختی بنکۆڵ کراو، ل ١٢.

لەزۆربەی خوێندنگەکانی کوردستان زمانی کوردی هەر لادرا.[1] ساڵی ١٩٧٦ دەزگاکانی رژێمی عیراق کەوتنە دەرهاویشتن و سوتاندنی ئەوکتێبانەی کە لەمێژووی کورد دەدوێن، هەروەها قەدەغەکردنی بابەتی مێژووی کورد لە خوێندنگەکاندا.[2]

سەرباری ئەمانە حکومەتی عیراق ئەو عەرەبانەی کە هێنابوونی لەناوچەکانی کوردستاندا لەشوێنی کوردە کۆچ پێکراوەکاندا نیشتەجێی کردبوون. هەریەك لەو خێزانە عەرەبانە خانویەك‌و پارچە زەوی کشتوکاڵ‌و (٢٠٠٠٠)بیست هەزار دینار و تفەنگێکیش یان بۆ پارێزگاری کردنی خۆیان پێدەدرا.[3] کەمەبەست لەمانە هەمووی بەعەرەب کردنی کوردستان بوو، هاوکات لەگەڵ ئەم سیاسەتە، سیاسەتی تیرۆرو گرتن‌و دورخستنەوەی هەزاران رۆشنبیر، مامۆستا، دکتۆر، ئەندازیار، کرێکار، و فەرمانبەری کورد درێژەی هەبوو وەهەوڵی ئەوەی دەدا کە بزوتنەوەی کوردی پاکتاو بکات لەپێشڕەوانی دیموکراتخوازو کەسانی چەپ‌و پێشکەوتوخواز لەرێگەی تیرۆرو کۆچ پێکردنیانەوە. [4] جگە لەمە

---

[1] جلیلی جلیل واخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث و المعاصر، ص ٢٢٩؛ نەژاد عزیز سورمێ: درەختی بنکۆڵ کراو، ل ١٢؛ أ. ب: عن التعليم في كردستان العراق، ص٢٨.

[2] د. مارف عومەر گول: جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتی دا، ل٢٨، ؛ نەژاد عزیز سورمێ: درەختی بنکۆڵ کراو، ل ١٢، ٢٠.

[3] ئیبراهیم جلال: خواروی کوردستان‌و شۆڕشی ئەیلول، ل٤٠٤.

[4] جلیلی جلیل واخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث و المعاصر، ص ٢٩٧؛ نەژاد عزیز سورمێ: درەختی بنکۆڵ کراو، ل ١٤؛ رۆژنامەی الشراره، ژ (١) ١٩٧٥.

بەردەوام هەوڵیان دەدا کە ئاژاوەو کێشە لەنێو کۆمەڵی کوردەواری دا بنێنەوە. بۆ نموونە لەنێوان جوتیارو دەرەبەگەکان لەلایەك، وە جوتیارو جوتیار لەلایەکی دیکە یاسایەکی تایبەتی کشتوکاڵیان دەرکرد، کەدەیان گیروگرفتی بۆ جوتیاری کورد دروست کرد.[1] هەروەها چەندین کێشەیان خستە نێوان جیاوازی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوایەتییەوە.[2]

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا حکومەتی عیراق پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ هاوپەیمانە کۆنەکانی لەپەیمانی بەغدا (بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی ئێران و تورکیا) قۆستەوەو گرنگی پێ دان. ئەم دەوڵەتانە لەململانێی هاوبەشیان دژ بە (مەترسی کورد) هاوکاری یەکتریان دەکرد کە ئەمەش بەزیانی کورد کەوتەوە.[3]

لەروی ئابورییەوە: داهاتی عیراق روو لەزیادبوون بوو، راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی هەشتەمی سەرکردایەتی هەرێمی عیراقی (حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست) لەکانونی دووەمی ١٩٧٤ کە لەبەغدا گیراوە، دەریخست کەداهاتی نەوت لە ساڵەکانی ١٩٦٩-١٩٧٤ نزیکەی سێ قات بودجەی دەوڵەتی بەرز کردۆتەوە. هەمان راپۆرت روونی کردۆتەوە کە بەرزبونەوەی بودجەی دەوڵەتی عیراق لەنێوان ١٩٧٢ و ١٩٧٤ دا لەبری

---

[1] رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم، ل ٤٠.

[2] جلیلی جلیل واخرون: الحرکة الکردیة في العصر الحدیث، ص ٢٩٧.

[3] جلیل جلیل واخرون: الحرکة الکردیة في العصر الحدیث، ص ٢٩٧؛ دریة محمد علی عونی: عرب و اکراد خصام ام وئام، ص٩٤ .

(١٢١٨) مليون دينار خۆيداوه له (٢٥٥٠) مليۆن دينار.[١] لەساڵی ١٩٧٥ عيراق بەرميلێك نەوتی خاوی فرۆشتوه به ١١. ٢٥ دۆلار، واته كۆی فرۆش بەوه گەيشتۆته (٢٨٣٤) مليۆن دينار كه دەكاته (٩٥٧١) مليۆن دۆلار. نزيكەی ٧٠٪ی ئەو نەوتەش لەكانەكانی (كەركوك) دەرهاتوه، وه ٥ ٪ يش لەكانەكانی (عين زاله) و (خانەقين) دەرهاتوه كه دەكاته ٧٥٪ی نەوتی كوردستان.[٢] لەمەوه دەتوانين بڵێين كەلەو دەسكەوتەی نەوتی كوردستانی بۆ دەرەوه نێردراوه ساڵی ١٩٧٤ نزيكەی (٥٦٢) مليۆن دۆلارو ساڵی ١٩٧٥ (٧١٨) مليۆن دۆلار چۆته سەر بودجەی عيراق. ئينجا بەشی كوردستانيش لەم بودجەيەدا تەنها جەنگ‌و ماڵوێرانی بووه.

بەعس دەڵێت لەكاتی ئاسايی دا، ٣٠٪ كەمتر لەسودی نەوت بۆ بودجەی كيشوەری بووەو بەشە زۆرەكەی تری دانراوه بۆ خەرجی پرۆژەو سەرمايەی كاری بەشە گشتيەكانی كيشوەر.[٣] هيچ باس لەخەرجی چەك‌و تەقەمەنی ناكەن. بەڵام لەراستيدا بەشێكی زۆری لەم داهاتە تەرخان كرابوو بۆ ميليتاريزەكردنی سوپای عيراق.[٤] بۆ سەلماندنی ئەم

---

[١] راپۆرتی سياسی سەربه هەشتەمين كۆنگرەی هەرێمايەتی حزبیبەعسی عەرەبی ئشتراكی-كانونی دووەمی ١٩٧٤، ١٩٧٧، بغداد، ل ١٦٣؛ جۆستروك: نەوت و گەشەی سەرمايەداری لە عيراقدا، وەرگێڕانی: خاليد ئەحمەد شەريف، پاشكۆی گۆڤاری يەكگرتن، ژمارە(١٢) ساڵی ١٩٩٠، ل٣٢.

[٢] ژيرار چالپاند: گەلێكی پەژموردە، ل ٣٠٠.

[٣] هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٩-٣٠٠.

[٤]د. دلێر ئەحمەد حەمەد: ئەو بارودۆخە سياسی‌و كۆمەڵايەتيەی ی.ن.ك ی تێدا لەدايك بوو، ل ١٩.

راستیەش ئـەم نەخشـەیەی خـوارەوە دەخەینـە روو کـە بـەوردی ئامـاری چـەکی عیراقـی تێدایـە کـە سـاڵانە چـەندی کڕیـوەو تێچـوونی سـاڵانەی دەوڵەتی عیراق چەندبوە لەبواری سەربازیەوە:[1]

## نیشانەکانی مەسروفاتی سەربازیی

| شمەك | پێودانگ | ١٩٧٣ | ١٩٧٤ | ١٩٧٥ | ١٩٧٩ | ١٩٨٠ | رێـژەی ٪ سـاڵانە ٧٥-٨٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەسـرەفی سـاڵانەی سەربازی | ١ ملیـۆن دۆلار | ١٢١٢ | ١٥٦٦ | ١٦١٤ | ٢٧٧٥ | ٢٠٠٠ | ٩.٨٥ |
| هـاوردەی سـاڵانەی سەربازی | ١ ملیـۆن دۆلار | ٦٢٥ | ٦٢٥ | ٦٧٥ | ٢١٠٠ | ٢٢٧٠ | ٣.٢٣٦ |
| ژمـارەی هێـزە چەکدارەکان | هەزار پیاو | ١٠٥ | ١٠٥ | ١١٠ | ١٥٥ | ٣٨٤ | ١.٢٤٩ |
| پشـکی نـاوەنجی سەربازیەك | دینار | ٣٨٠٠ | ٥٠٠٠ | ٤٩٠٠ | ٦٠٠٠ | ٢٦٠٠ | |
| پشـکی نـاوەنجی هاوڵاتیـەك لـەداهاتی نەتەوە | دینار | ١٣٠ | ٢٧٠ | ٣٢٠ | ٨٣٠ | ١١٦٠ | |

لەگـەڵ ئەمەشـدا، حکومـەتی عـیراق نەخشـەی بـۆ ئاوەدانکردنـەوە کێشـابوو، بـەڵام سـودی تـەنها بـۆ عیراقـی عـەرەب هـەبوو. دەسـتکرا بەدامەزراندنی جۆرەها کارگە لە شارەکانی ناوەراست و خواروی عیراقدا. واتـە لەناوەراسـت و خـوارودا، ئەگـەر بـەراوردیان بکـەین لەگـەڵ ئەوانـەی لەکوردستاندا هەبوون جیاوازیەکی گەورە بەدی دەکرا، چونکە لەهەر سێ پارێزگای بەناو ئۆتۆنۆمی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) ژمارەی کارگەکان

[1] حیکمت محمد کریم: شۆڕشی کوردستان و گۆرانکاریەکانی سەردەم، ل ٢٢٣.

لەپەنجەی دەست تێنەدەپەڕین.[1] پرۆژەی ئابوریيان بەجۆرێك نەخشە كێشابوو كە عیراق بەدارایی كورد دەوڵەمەند بكەن. بەتایبەتی بەغدا. وزەی كارەبای هەردوو پەنگاوەكەی دووكانو دەربەندیخان كە لەخاكی كوردستانن بەزۆری بۆ بەغدا بوو. پرۆژەكانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی بریتی بوون لەكارگەكانی جگەرەی سلێمانیو هەولێر، كارگەی چیمەنتۆ، كارگەی فەرشو چینین، مریشكو ئاژەڵداری.[2]

رژێمی بەعس هەڵسوكەوتی لەگەڵ چینە پارەدارەكانی شارەكانی كوردستان، وەك هی شارەكانی دیكەی عیراق نەبوو، چونكە بەردەوام خستبونیە ژێر مەترسی ئەوەی كەدەست بەسەر ماڵیان دادەگرێت. بۆیە بەهیچ شێوەیەك بیریان لەكردنەوەو دامەزراندنی كارگەی گەورەو دەزگای بەرهەمێنەری نەدەكردەوە، بەڵكو ئەگەر نیازی بوایە لەبەغدا و شارەكانی دیكەی عیراق دەیكرد. بۆیە ناوچەی كوردستان لەروی پیشەسازییەوە دواكەوتنێكی زۆری بەخۆوە بینی بە بەراورد لەگەڵ ناوچەكانی دیكەی عیراقدا. چ لەروی كەرتی تایبەتی و چ لەروی كەرتی دەوڵەت.[3] ئەمانە لەلایەكو لەلایەكی دیكەشەوە ئەم ناوچەیە هیچ ئارامیەكی بەخۆوە نەبینی لەبەر سەپاندنی حوكمی سەربازی بە بەردەوامی، حكومەتی عیراق بۆ زیاتر كۆنترۆڵ كردنی كوردستانو بەئاسانی جوڵەكردنو گواستنەوەی هێزی سەربازی لەناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر، دەستی كرد بەزیادكردنی جادەو بان لە كوردستاندا، ئەم دیاردەیەش لەسالأنی

[1] نوزاد. م: كوردستانو رۆژهەلاتو تایبەتمەندیەكانی، ل ٢٩.

[2] ژیرار چالیاند: گەلێكی پەژموردە، ل ٣٣٦.

[3] نوزاد. م: كوردستان و رۆژهەلاتو تایبەتمەندیەكانی، ل ٢٩.

۱۹۷۰-۱۹۷٤ دا بەشێوەیەکی زەق دژی شۆڕشی کوردستان دەبینراو ڕژێم بەداهاتو دراوێکی زۆر سەر قاڵی بوو. بەسانایی کاروانی سەربازی دەیانتوانی لەچوار وەرزی ساڵدا بۆ کوێستانو گەرمیانی کوردستان، بۆ هەموو ناوچەکانی بجوڵێن، لەکاتێکدا کەلەسەرەتای شۆڕشی ئەیلول دا وانەبوو.[1] بەم شێوەیە عیراق کە پارەیەکی زۆری لەسوپا خەرج دەکردو تەواو پڕ چەکی کردبوو، سیاسەتی بە بەعسی کردنیشی کە بەشێوەیەکی چڕو پڕ ریزەکانی سوپای گرتبۆوەو سەدان ئەفسەری دەرکر دووخانەنشینی کردن بەتۆمەتی ئەوەی بەعسی نەبوون. ئەم هەنگاوەی بۆ ئەوەبوو کە ریزەکانی سوپا لەئەفسەرانی نابەعسی پاك بکاتەوە، چونکە سوپا بۆ بەعس کۆڵەکەو بڕبڕەی مانەوەی ڕژێم بوو لەسەر دەسەڵات. سوپا ئامادەبوو هەموو دەنگێکی نارەزایی و خۆنیشاندانێك دەم کوت بکات، سوپا ببوە داردەستی ڕژێم بۆ کۆنترۆڵ کردنی تەواوی کوردستانی عیراق، هەموو گوندێك کەوتبوە ژێر کۆنترۆڵی سوپاوە.[2]

ئەوانەی باسمان کردن، هەر لەشکستی شۆڕشەوە تاکو سیاسەتەکانی (تەعریب، تەهجیر، تەبعیس)، وە وێران کردنی کوردستانو سیاسەتی تیرۆرو ئاژاوە نانەوەو... هتد. هەمووی کاردانەوەی زۆر خراپی هەبوو بەسەر هەستو بیری کوردیو نەتەوەی کورد بەگشتی، ئەوانەو چەندان کاری خراپتری بەعس کە لەدواتریشدا کردی، بەهیچ

---

[1] حیکمت محمد کریم: شۆڕشی کوردستانو گۆرانگاریەکانی سەردەم،ل ۲۲۲-۲۲۳.

[2] د. دلێر ئەحمەد حەمەد: ئەو بارو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەی ی.ن.ك ی تێدا لەدایك بوو، ل۱۹.

شـێوەیەك بـیرو بۆچـون و ئایـدیای حزبـی شـیوعی عیراقـی نەجوڵانـد.[1] وەهـیچ بـەرگری یـەکیان نـەکرد، بـەڵکو بەشداریشـیان دەکـرد لـەبڕیاردان‌و جێبەجێکردنیشی کە هاوبەشی بەعس بوون لەبەرەو حکومەتەکەیاندا.

ئــەوەتا کــەریم ئەحمــەدی ســکرتێری ئــەو ســەردەمی هــەرێمی کوردستانی(حشـع) دەنوسێت:"سـەرکردایەتی راسـتڕەوی کۆنەپەرسـتی بزوتنــەوەی کــوردی بەرژەوەندیــە چــینایەتیەکانی لەگــەڵ گۆڕانکاریــە پێشکەوتنخوازیەکانی لە وڵاتدا هاتبونەکایەوە وێك نەدەهاتـەوە. هەربۆیـە بـە پشـتگیری ئیمپریـالیزم و کۆنەپەرسـتی ناوچـەکە چـەکیان هـەڵگرت بەڕوی دەسـەلاتی نیشـتمانی و هێزەکـانی بـەرەی نیشـتمانی و نەتـەوەیی پێشــکەوتنخوازو دژ بــە بەرژەوەندییــەکانی گــەلی کــورد. لــەو کاتــەدا دەســەلاتی نیشــتمانی بــە بەشــداری‌و لایــەنگیری بــەرەی نیشــتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز یاسای ئۆتۆنۆمی راگەیاند، بێگومـان ئاساییە کــە حزبمــان دژی ئــەو هەلگەڕانــەوە چــەکدارییە دەوەســتێتەوە کــە ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستان یارمەتی دەدەن".[2]

هەروەها (حشع) سەبارەت بە هەرەسی شۆڕشی کوردی پـێی وابوو کـە"روخانی یـاخی بوونـە چەکدارە کۆنەپەرسـتەکە –مەبەسـتی شۆڕشـی ئەیلولـە – توانایـەکی مـەوزوعی باشـتری خولقانـد بـۆ جێبـەجێکردنی چـارەی ئاشـتی خوازانـەو دیموکراتیانـەی مەسـەلەی کـوردو راکێشـانی

---

[1] بهاءالدين نوری: في تقيم سياسة الحزب الشيوعي العراقي في سني ١٩٥٨-١٩٨٣، ص٣٤.

[2] الفكر الجديد، ژمارە (٢٩٧)، ١٩٧٨/٦/٢٤.

کۆمەڵانی گەلی کورد لەرێگای یاسای ئۆتۆنۆمی و قوڵ کردنەوەی رێرەوی شۆڕشگێڕیو بەرەللاکردنی تواناو وزەی..." .[1]

(حشع) وێـران کردنـی کوردسـتانی بـەکارێکی پێشـکەوتووخوازانە دەزانـێ هـەروەها پێـی وابووکـە :" لـەکاتی هـەرەس هێنانەکـەوە تـا ئێسـتا چەند دەست پێشخەریەکی باش کراوە بۆ ئاوەدان کردنـەوەی ناوچـەکەو فـراوان کردنـی خزمـەت گـوزاری تەندروسـتیو راپەرانـدنی ئـابوری ئـەو ناوچـەیە...[2] بـەم شـێوەیە (حشع) هەڵوێسـتێکی هەڵـەو هـەرە چـەوتو نالەباری هەبوو بەرامبەر بەشۆڕشی کوردسـتان کـە لـەروی چەکداریشـەوە هاوکـاری بەعسـی دەکـردو چـەکدارەکانی شـان بەشـانی بـەعس راوی شۆڕشگێڕانی کوردیان دەکرد.[3]

سیاسەتی توندو تیژی دراندانـەی بەعسو ئەو بارودۆخـەی هـاتبوە کایەوە، بەشێوەیەك نا ئومێدی لەناو کورد دا دروست کردبوو کە ئەوانەی زۆر گەشـبینیش بـوون چـاوەڕوانی ئەوەنـەبوون کـە بزوتنـەوەی کـورد تاماوەیـەکی دوورو درێـژ بتوانـێ بـەهێز بێتـەوە، لـەناو ئـەو رۆشـنبیرو کەسایەتیانەش کە پاش هەرەس گەڕانەوە عیراق، چەندین دیدو بۆچوون پەیدا بوو، کە تیایدا هیوا بە خـەباتی چەکداری نـەبوو یا زۆر لاواز بـوو،

---

[1] لەبەڵگەنامـەکانی سـێیەمین کـۆنگرەی حزبـی شـیوعی عـیراق – ئایـاری ١٩٧٦ لـەپێناوی چەسـپاندنو قوڵکرنـەوەی رێـرەوی شۆڕشـگێرانەی عیراقـدا رەوەو سۆسیالیزم، ل ٥١–٥٢؛ ابـراهیم محمـود: وێنـەی کـورد لای عـەرەب لـەپاش جـەنگی کەنداو دا، وەرگێڕانی، حسن جهاد، ل١٠١–١٠٢.

[2] لەبەڵگەنامەکانی سێیەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی عیراق، ل ٥٢.

[3] فاتح رسول: چەند لاپەرەیەك لەمێژوی خەباتی گەلی کوردمان، ل ٣٠.

بەڵکو پتر لایەنگری ئەوەبوون دەبێ بەچارەنوسی سەپێنراو رازی بن و هەوڵی هاوژینی بدرێ لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدادا.[1]

بەڵام سەرباری ئەوەی هەرەسی شۆڕشی١٩٧٥ کارێکی گەورەی کردبووە سەر هەست و هۆشی نەتەوەی کورد، لەلایەکی ترەوە ئەو زەبرو زەنگەی بەعس و داپلۆسینی پۆلیسیانەی سەربازو سیخورەکانی بەردەوام بوون، کەچی ئەمانە نەبوونە مایەی ئەوەی جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد کۆتایی پێ بێ. بەڵکو ئەو نائومێدییە ئەوەندەی نەبردو خودی ئەم هۆکارانە بوونەوە هۆی سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوەکە بەشێوازێکی تازەتر و گەلێ کۆمەڵەو گروپی جۆراو جۆر، هەریەکەو لەژێر ناوێکدا *چونەوە مەیدانی خەباتەوە.[2]

تەنها دوو مانگ بەسەر هەرەس دا تێپەڕی بوو، رێکخراوێکی تازەو بە بەرنامەیەکی نوێوە هاتەمەیدانەوە. کە (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) بوو لە ١٩٧٥/٥/٢٢ دامەزراو ئالای شۆڕشێکی تازەی بەرزکردەوەو بەم سیاسەتە سەپێنراوەی بەعس، بەو واقیعە رازی نەبوو، لەماوەیەکی کەمدا بەهەزاران تێکۆشەری لەدەوری خۆی کۆکردەوەو سەرلەنوێ شۆڕشی لەشاخەکانی کوردستاندا دەست پێکردەوە.

---

[1] ژێرار چالیاند: گەلێکیپە ژەموردە، ل ٣٩٧.

* بروانە پاشکۆی ژمارە(٣٤).

[2] ئاسی رەباتی: هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل٤١.

# بەشی دووەم

# قۆناغی دوای هەرەسی ١٩٧٥ و سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نوێ

باسی یەکەم: دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

باسی دووەم: پێکهاتەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

١-کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان

٢-بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

٣-هێڵی گشتی.

باسی سێیەم: بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان:

١-بەرنامەی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٢-یەکێتی و ستراتیژی نەتەوەیی

# باسی یەکەم
# دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

دوابەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول، بارودۆخێکی ئاڵۆزو نائاسایی و دژوار باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو، ئەو بارودۆخەش نەک تەنیا باشوری کوردستان، بەڵکو هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانی گرتبۆوە. هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ئەنجامێکی وای دابەدەست رژێمی بەغداوە کەلە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای شۆڤینیستیانەی بەعسیانەدا دوژمنایەتی و هەڵوێستی دڕندانەی دژ بەکورد بنوێنێ. ئەمە لەکاتێکدا کە زۆربەی ئەو تێکۆشەرانەی چوبونە ریزی شۆڕشەوە، چ سەربازیەکان و چ سیاسیەکان ورەیان بەردابوو، تا ئەو رادەیەی قەناعەتی ئەوەیان لا چەسپابوو کە ئیتر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ناژیێتەوەو بەردەوام نابێ.[1] لەنێو کاربەدەستانی رژێمیشدا کەسانی واهەبوون کە شانازیان بەو سەرکەوتنەوە دەکرد، پێشتر ئەوانە دژی شۆڕشی کورد دەجەنگان نەیانتوانی سەرکەوتن بەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بەدەست بێنن، یان بڵێسەی شۆڕش دامرکێننەوە. هەندێ لەکاربەدەستانی عیراق گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد کە مەحاڵە جارێکی تر چیاکانی کوردستان باوەش بۆ پێشمەرگەی چەکدار بکەنەوەو دەیانووت (یاخی بوون) هەتا هەتایە کۆتایی هات.[2] تەنانەت سەددام حسین لە

---

[1] ژێرار چالیاند: گەلێکی پەژموردە، ل ٣٩٧.

[2] د. کەمال فوئاد سەرەتاکانی دامەزراندن ودەست پێکردنەوەی شۆڕش دەگێڕێتەوە، رێبازی نوێ، ژ (١٩)، ل٢٣-٢٤؛ محمودی مەلا عزەت: بازنەکانی ململانێ و ستراتیجی

گفتوگۆیەكی لەگەل (جۆرج حەبەش)دا سەبارەت بە مام جەلال وتبووی: "جەلال دار خورما لەسەری بڕوی جارێكی تر ناتوانیٚ حەوت كەس بنێرێتە شاخ ".[1] رژێمی بەعس هەوڵی دەدا بەناوی داننان بەمافی نەتەوایەتی و دیموكراتی گەلی كوردەوە، لەرێگەی شێواندنی مافەكانیەوە، دامەزراندنی دامو دەزگای ساختەی وەكو : ئۆتۆنۆمی، رێكخراوەكانی قوتابیان، ئافرەتان، نەقابەو رۆژنامەو گۆڤارەوە، گەلی كورد لە مافە دیموكراتی و نەتەوایەتیەكانی بێبەش بكات.[2] هەر پاش هەرەس پارتی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامو دەزگا حزبی و سەربازیو ئیداریەكانی شۆڕشی دابوو، تەنانەت حەلكردنی (پدك)یش كە نزیكەی (٣٠) ساڵ لەتەمەنی تێپەراندبوو.

ئەمە هۆیەك بوو بۆئەوەی كە جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی كورد توشی بارێكی ناهەموارو شكست بێت. بەتایبەت كە: سەركردایەتیەكەی خۆی بڕیاری هەڵوەشانەوەی دامو دەزگا حزبی و ئیداریو سەربازیەكەی دابوو و لەو دەمەدا چی تر باوەڕی بەخەباتی چەكداریو جەماوەریو تەنانەت سیاسیش نەمابوو. ئەوەبوو داوای تەسلیم بونی لەجەماوەریش

---

ئاسایشی نەتەوەیی كورد، ل٨٥؛ دریە محمد علی عونی: عرب و أكراد خصام أم وئام، ص٩٧.

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەكەناری دانوبەوە.. ل٩٣، ؛ الاتحاد الوطنی الكردستاني: حول الحركة التحررية للشعب الكردی فیكردستان العراق، ص١٧١.

[2] چەند رواڵەتێكی نوێی پیلانەكانی دوژمن بۆ بەگژاچونی شۆڕشی كوردستانی عیراق، گۆڤاری كۆمەڵە، ژ(٢)، ساڵی ١٩٧٩، ل ٣.

کــرد و ســـەرکردایەتیەکە خۆشـــی چـــووە ئـــیران و بـــووە پەناهەنـــدەو هەندێکیشی تەسلیم بەعیراق بوونەوە.

پاش هەرەس، بەتەنیا حزبە کارتۆنیە ساختەکەی حکومەتی بەغدا، کـە بـەناوی (پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان)ەوە ئیشـی دەکـرد و لەبـەرە داتاشراوەکەی رژێم دا ئەندام بوو. بارەگاو رۆژنامەی ئاشکراو یاسایی هەبوو، کە کەوتبوە جموجۆڵ و پیرۆزبایی شکستی هێنانی گەلی کوردی لەرژێمی عیراق و سەددام دەکرد. بەم شێوەیە جولانەوەی کوردی هیچ ئامرازێکی سیاسی بۆ نەمایەوە تا خەبات و تێکۆشان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی و بەرگری لەمافە رەواکانی کورد بکات و بەرپەرچی سیاسەتی نوێی رژێمی عیراق بداتەوە لەگرتن و راونان و راگـوێزان و بەعـەرەب کـردن و بەبەعسـی کردنـی کۆمـەلانی خـەڵکی کوردستان. ئاوارەکردنی هەزاران خێزانی کورد و هەڵکەندنیان لەخاکی نیشتمانیان و زەوت کردنی ماڵ و سامان و زەوییان ببوونە مەترسییەکی گەورە، نەك هەر لەسەر مافە نەتەوایەتییە ساکارەکان، بەڵکو لەسەر مانەوەی خودی نەتەوەی کورد. بۆیە گەلی کورد دەبوو پێش هەموو شتێك بەرگری لەمافی نەتەوایەتی خۆی بکات و خەباتی ئەو سەردەمەی لەو پێناوەدا بوایە. هەر بۆیە جولانەوەکە لەرووی بابەتیەوە پێویستی بە ئامراز و کەرەسەو بیرو هەلوێست وپێوەندی نوێ هەبوو، کە لەگەڵ رەوتی مێژووی جولانەوەکە بگونجێ و سەرجەم کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە هـەموو چـین و توێـژە شۆڕشـگێڕەکانیەوە لەچوارچـێوەی رێکخراوێکـدا کۆبکاتـەوە، بیانکاتـە هانـدەرێك و بـۆ خـەباتێکی سـەختی درێـژ خایـەن. ئامادەیان بکات تاکو ببنە ئەلتەر ناتیڤێك لەکوردستان دا. خاوەن بیری

نوێو کرداری نوێو تاکتیكو ستراتیژێك بێت بۆ بەدیهێنانو پاراستنی دەسکەوتی ئەو هێزانەی سوتەمەنی شۆڕشنو سودیان لەسەرکەوتنی شۆڕش و هێنانەدی مافە ڕەواکانی گەلی کورددایە. ئەو کاتە کوردایەتی نەشکابوو، بەڵکو سەرکردایەتیەکەی وازی هێنابوو، بڵاوەی بەخەباتگێڕەکانی کردبوو. واتە خەباتی رزگاری دیموکراسی لەڕووی بابەتیەوە هەر بەردەوام بوو. بۆیە پێویستی بەرێکخستنەوەو سازدانەوە بوو، پێویستی بەرێبازێکی نوێی شۆڕشگێڕانە هەبوو، پێویستی بەڕێبەرێکی مۆدێرنو لەناوجەرگەی جەماوەر هەڵقوڵاو هەبوو.[1] شایانی باسە کە کۆمەڵی کوردەواری، وەك هەر کۆمەڵێکی تر بیرو بۆچوونی جۆراو جۆری تێدایە، کە فەلسەفەو قەناعەتی جیاوازی گرتۆتە خۆ. لەو سەردەمەی بارودۆخی کوردستانیشدا بۆ بە ئەنجامدانی ئەرکە نەتەوایەتیەکان دامەزراندنی حزبێك کە بتوانێ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بگرێتە ئەستۆ پێویست بوو. جگە لەم راستیانە تێگەیشتنی خەباتی گەلی کوردیش رەچاو بکا. چونکە خەباتی گەلی کوردستان خەباتی هەموو چینو توێژەکانیەتی، کورد وەك نەتەوە دەچەوسایەوە، هەڕەشەی لەناوبردنی لەسەر بوو، بۆیە بیر لەوە دەکرایەوە ئەو چینو توێژانە لەچوارچێوەیەکی تۆکمەو رێكو پێكو دیاردا کۆبکاتەوە.[2] لەلایەکی تریشەوە باوەڕی شۆڕگێڕانەی وڵات بەرەو هەڵچونو تەقینەوە دەڕۆیشت،

---

[1] مام جەلال: سەروەریی یوبیلی زیوین... ل٧.

[2] د. فوئاد مەعصوم: یەکێتی وەك رێکخراوێکی نیمچە بەرە لەدایك بوو، کوردستانی نوێ، ژ(١٦٢٤)، ١٩٩٨/٦/١.

دابین کردنی ئەم بارودۆخەو لەباوەش گرتنی هەوڵو تێکۆشانی هەموو هێز و (تیار)ە شۆڕشگێڕەکانی ئەویست، لەبەر ئەمانە هەمووی، لەمانگی حوزەیرانی ١٩٧٥دا،* هەر دوو مانگ دوای هەرەس، بیرۆکەی دروست کردنی (ی.ن.ك) هاتە کایەوە.

دامەزرانـدنی (ی.ن.ك) زادەی سـاتە وەختێـك نـەبوو. ئەوانـەی بەپەرۆشەوەبوون بۆ دوارۆژی کورد لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، بیریان لەوە

---

* فەرەیدوون عبدالقادر دەڵێ:"مارتی ١٩٧٣ مام جەلال لەنامەیەکدا بۆ ناوەندی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی‌کوردستان) بۆیەکەمین جار باسی پێویستیی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی فراوان، یانیشتیمانیی فراوانی کردبوو کە:
-لەکۆمەڵە فراوانتر بێت و توانای ئەوەی ببێ کە فراوانترین بەشی خەلکی کوردستان بگرێتە خۆی، ئامانجە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکانی خەلکی کوردستان بکاتە ڕێنمای خەبات، کۆمەڵەش ئەتوانێ داینەمۆو هەڵسوڕێنەری بێت.
-بتـوانێ ڕێکخـراوی پێشـەنگی کوردایـەتی بێـت. هـی چـینە نیشـتمانی‌و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بێت نەك بەتەنها بۆ چینی کرێکار.
-ئەورێکخراوە بۆئەوەبوو کەبتوانێ ببێتەئامرازی دۆزینەوەی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی‌ی کوردو ڕێبەری کردنی.
لە کۆبوونەوەی لێدوانی ئەم مەسەلەیەدا، جەعفەر عبدالواحد، محمد میرزا سعید، ئاوات عبدالغفور و فەرەیدون عبدالقادر ئامادەبوون. چونکە ئەوسەردەمە هەموومان لەروانگەی چینایەتیەوە سەیری هەموو مەسەلەیەکمان دەکرد و زۆر دڵمان بە کۆمەڵە خۆشبوو. بیرۆکەی نامەکەی مام جەلال خۆشحالی نەخستەوە، و ئەتوانم بڵێم بەباشی لەمەبەستەکەی نەگەیشتین و بە وەرچەرخانێکی کتو پڕ لە قەڵەم درا. ئەمە یەکەمین بیرۆکـەی دامەزرانـدنی (ی.ن.ك)بـوو لـەو هـەڵو مەرجـەدا". (گۆڤـاری ڕێبـازی نـوێ، ژمارە(١٥) ل٣٤).

دەكـردەوە كـە چـۆن ئـەو بۆشـاييە سياسـييەی كوردسـتان پڕبكەنـەوە. تەقەلاكانی ئەم ڕێبازە سەرەتا لەكۆبوونەوەيەكدا بەئەنجام درا، گەلێ كەس بەشـەوقەوە هـەوڵيان دا كـە لـەو كۆبونەوەيـەدا بەشـدار بن، هـەر ئـەو دەمـە زنجـيرە كۆبونەوەيـەك لـەناوەوەی وڵاتو چـەند ناوچـەيەكی جياجيـای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئەوروپا بەسترا كە لە سەرەتای مانگی نيسانەوە دەستيان پێ كرد. لەوێدا بەشداربوان هەوڵيان دا ئەلتەرناتيڤێكی سياسی پێك بهێنن بۆ ئەوەی ئەو كاروبارە بگرێتە ئەستۆ كە ئەو كاتە روبەڕوی تێكۆشـەران دەبـۆوە.[1] مـام جـەلال كـە سـكرتێری (كۆمەڵـەی ماركسـی لينينـی كوردسـتان) بـوو، بيرۆكـەی دامەزرانـدنی (ی.ن.ك) لای ئـەوەوە دەستی پێ كرد، سەرەتاش بەنامـە راوێـژی لەگـەڵ ناوەنـدی كۆمەڵـە كـرد، لەئەوروپاش پێوەندی لەگەڵ ژمارەيـەكی زۆری كوردپەروەرانـدا كـرد. مام جەلال لەسـەرەتادا لـەڕێی (شـازاد صـائيب)ەوە، بـە دوو نامـە كۆمەڵـەی لـە ناوەوە لە بيروڕاكانی خۆی ئاگادار كردبۆوە، سـەركردايەتی كۆمەڵـەش لـە مايسی١٩٧٥ وە ئەم بيرۆكەيەی مام جەلالی خستە بەر باس و لێكۆڵينـەوە كە لە مارتی ١٩٧٥ دا بۆی ناردبوون.[2] لەم كۆبوونەوەيەدا پشتيوانی لەو بيرۆكەيـەكرا بـۆ دامەزرانـدنی ڕێكخراوێكـی نيشـتمانی فـراوان كـە كۆمەڵـە بـەنهێنی داينـە مۆكـەی بـێ. هـەر لەهـەمان كۆبوونـەوەدا (شـيهابی شـێخ

---

[1] د. كـەمال فوئـاد سـەرەتاكانی دامەزرانـدن ودەسـت پـێ كردنـەوەی شـۆڕش دەگێڕێتەوە، ڕێبازی نوێ، ژ (١٩)، ل ٢٤.

[2] هـەڤال فەرەيـدون عبـدالقادر لـە زەمينـەو سـەرەتاو دامەزرانـدنی (ی.ن.ك)دەدوێ، ڕێبازی‌نوێ، ژمارە(١٥)، ل٣٦.

نـوری) * پێشـنیاری دەسـت پێکردنـەوەی شۆڕشـی کـرد، و داواش لـە (فەرەیـدون عبـدالقادر) کـرا کـە ئـەم بیروڕایـە بگەیەنێتـە مـام جـەلال و لەدەرەوەی عیراق قسـەی لەگەلدا بکات و دوا بیروڕا بۆ ناوەندی کۆمەڵـە بێنێتەوە.(1)

لێـرەوە بـیری دامەزرانـدنی یـەکێتیی یـەکی نیشـتمانیی وەکـو ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەی تـەیار و چینە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردسـتان گەلالـە بـوو، بۆکۆکردنـەوەی هـەموو ڕۆڵـە دلسـۆزو تێکۆشـەرەکانی کوردستان، لەچوارچێوەیەکی فراواندا، کە ئەندامەکانی کۆمەڵە ببنە داینەمۆی بەگەڕخستن و بەڕێوەبردنی.

بۆچونەکانی ئەوانەی دەرەوەی وڵات لەکۆبوونەوەکاندا بریتی بوون لەم خاڵانە:

یەکەم: ریکخراوێکی فراوان بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر دابمەزرێنری و ئـەو بۆشـاییە سیاسـییە پڕبکاتـەوە. کـە لەئـەنجامی هەرەسـی شۆڕشـی ئەیلولەوە هاتبووە کایەوە.

---

* ناسراوە بە(خاڵە شیهاب) کوڕی شێخ نوری شێخ صالحی شاعیرە، لەساڵی ١٩٣٠ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، ئەندامی دامەزرێنەر و سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، لەهـەمان کاتـدا ئەنـدامی دامەزرێنـەری (ی.ن.ك) بـوو لـە نـاوەوەی وڵاتـدا. لـەڕۆژی ١٩٧٦/٧/١١دا لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە حـوکمی خنکانـدنی بەسـەردا درا و لـە ١٩٧٦/١١/٢١دا لە ئەبوغریب لە سێدارە درا. (دەفتەری سەروەری زنجیرەی -٢- ل٧)

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دووەم: ئـەورێكخراوە حـزب نـەبێ بـەمانا تەقلیدییەكـەی بـەلكو چوارچێوەیەكی رێكخراوەیـی فـراوان بـێ بـۆ جولانـەوەی شۆڕشـگێڕانەی جەماوەر.

سێیەم: ئەم رێكخراوە بەرەش نەبێ لەبەر نەبوونی حزبێكی پێشڕەوو نەبوونی حزبێكی دیكە.

چـوارەم: لـەناو ئـەم رێكخـراوە فراوانـەدا تـەیار و لایەنـە سیاسـیە پێشكەوتنخوازە جیاجیاكان مافی ململانێی فكرییان هەبێ.

پێنجـەم: كۆمەڵـە بەسـەربەخۆیی بمێنێتـەوە، تـا ئەندامـەكانی بتـوانن رۆڵی بەڕێوەبەرێتی ئەو رێكخراوە ببینن تیایدا.[1]

سـەرەنجام بڕیـاردرا كۆبونەوەیـەك پێـك بـێ بـۆ ئـەوەی بڕیارێـك لـەم بارەیەوە بدەن. ئەوەبوو لـە ١٩٧٥/٥/٢٢ دا لـە (دیمەشق) لـە ریسـتورانتی (**طليطلة**) لەگـەرەكی (ابـو رمانـە) یەكـەم كۆبونـەوەی دەسـتەی دامەزرێنـەر سازدرا، كە لەم كۆبونەوەیەدا (مام جەلال، د. فوئاد مەعصوم، عادل مراد، عبدالرزاق فەیلی) بەشدار بوون.[2] پرۆژەی ئـەو بەیانـەی كـە (مـام جـەلال) نوسـیبوی لەلایـەن بەشـداربوانەوە گفتوگـۆی لەسـەر كـراو دوای دەسـكاریكردنێكی كـەم، بەیانەكـە چاپ كـرا. بـەم چەشـنە یەكـەم بـەیانی

---

(1) كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان: بلاوكراوەی ناوخۆ، ژمارە(٢)، ل٧.

(٢)مقابلة مع السيد جلال الطالباني، مجلة ألوسط، العدد(٣٥٥) تشرين ألثاني ١٩٩٨، ص١٣؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ مـام جـەلال، كوردسـتانی نـوێ، ژمـارە(١٢٩٨) ١٩٩٦/٦/٢؛ عـادل مـراد: محاولـة جـادة لكتابـة جـزء مـن التـاريخ الحـديث لكـرد العـراق، جريـدة (الاتحـاد)، ٣٧٣، ٢٠٠٠/٦/٩؛ صـلاح الخرسـان: التيـارات ألسياسـية في كوردسـتان العراق، ص٣١٦.

دامەزراندنی (ی.ن.ك) راگەیەندرا.[1] دەزگاكانی راگەیاندنی عەرەبیش لەسوریاو لبنانو مصرو گەلێ شوێنی تر ئەم بەیانەیان بڵاوكردەوە.[2]

لەئەوروپاش بۆ ئەم مەبەستە هەوڵو كۆشش بەردەوام بوو. لە رۆژی ١٩٧٥/٥/٢٧ كۆبونەوەیەك لەگەرەكێكی كەناری (بەرلین) لە ئەڵمانیا بەسترا. لەم كۆبونەوەیەدا كە مام جەلال سەرپەرشتی دەكرد كۆمەڵێك كەسایەتی و كادیری تێكۆشەر كە نزیكەی (٢٠) كەس دەبوون بەشداربوون، لەوانە: (هێرۆ ابراهیم احمد، د.كمال فوئاد، عمر شێخ موس، د.لەتیف رشید، د.دڵشاد احمد، د.ئەرجومەند صدیق، د.دارا ئەدیب، رەئووف احمد، د.جبار علی شریف، د.لاوچاك فهمی و د.حسن محمد علی...)[3].

لەم كۆبونەوەیەدا مام جەلال باسی ئاكامی هەوڵ و كۆششەكانیو پێوەندی كردنی بەو هەڤاڵانەوە كرد كە لەناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراست

---

[1] چاوپێكەوتن لەگەڵ د. فوئاد مەعصوم لە ٢٠٠١/٣/٣، لە سلێمانی.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەكەناری دانوبەوە، ل ٤٣؛ مقابلة مع السید جلال الطالباني، مجلة ألوسط، العدد(٣٥٥) تشرین ألثاني ١٩٩٨، ص١٣؛ عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاریخ الحدیث لكرد العراق، جریدة الاتحاد، عدد٣٧٥، ٢٠٠٠/٦/٢٣، ؛ صلاح الخرسان: التیارات ألسیاسیة في كوردستان العراق، ص٣١٦.

[3] چاو پێكەوتن لەگەڵ د. كەمال فوئاد، لە ٢٠٠١/١٢/١ لە سلێمانی؛ صلاح الخرسان: التیارات ألسیاسیه فى كوردستان العراق، ص٣١٧.

ئەنجام درابوون. لە هەمان کاتدا دەقی ئەوبەیاننامەیە خوێندرایەوە کە ئامادە کرابوو بەمەبەستی وەرگرتنی بیروڕای بەشداربووان.[1]

شایانی باسە کە تەنیا بڕگەیەك بۆ بەیاننامەکە زیاد کرا کە ناوەرۆکەکەی بەم جۆرەبوو:

"دامەزراندنی (ی.ن.ك) وەڵامدانەوەی بڕیاری وازهێنان لەشۆڕشی کوردە. بۆیە داوا لەهەموو خەباتگێرانی گەلەکەمان دەکەین کە پیشتوانی لەم رێکخراوە نوێیە بکەن و درێژە بەخەباتیان بدەن لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا".[2]

دوای ئەم دەسکاری کردنە، لە ١٩٧٥/٦/١دا بەیانەکە لەئەوروپا بڵاوکرایەوەو* دواتر هەر ئەو مێژووەش بوو بە رۆژی راگەیاندنی رەسمی (ی.ن.ك). [3] ئەم بەیانە لەگەڵ ولاتی دنیادا بەزمانی جیاواز چاپو بڵاوکرایەوە. بەعەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فارسی، و بەیاننامەکە لەلایەن کەمال بورقایەوە کرایە تورکی کەئەودەمە لەتورکیا مانگنامەیەکی بەنێوی (ئویز گویرلك یولو) دەر دەکرد.[4]

---

(١) عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدة الاتحاد، عدد ٣٧٥، ٢٠٠٠/٦/٢٣.

[2] د. کەمال فوئاد سەرەتاکانی دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش دەگێڕێتەوە، رێبازی نوێ، ژ (١٩)، ل ٢٦.

* بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥).

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

[4] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە، ل ٤٣.

لەهەمان کاتدا لەکۆبوونەوەکەی بەرلین دا دوو بیرو بۆچونی جیاواز سەبارەت بە پێکهێنانی ئەو ریکخراوە هەبوو، کە ئایا ئەم ریکخراوە رێکخراوێکی چەکدار بە ئایدۆلۆجی بێ، یان رێکخراوێکی پێشکەوتخوازو نیشتمانی بەرفراوان بێ.

راو بۆچونەکان لەسەر رەوتی دووەم گیرسایەوە. واتە رێکخراوێکی فراوانی ئەوتۆ کە گشت تێکۆشەران بەبێ گوێدانە ئایدۆلۆجییەکی تایبەتی بگرێتە خۆ. هەر بۆیە (ی.ن.ك) لەسەرەتای دامەزراندنیەوە چەندین هێڵو باڵی سیاسی تێدابوو.[1]

سەبارەت بەمە (د.فوئاد معصوم) دەڵێ: "حزب ئایدۆلۆژی خۆی هەیە. واتە ئەگەر بیرمان لەوە کردبایەوە کەناوی حزبی لێ بنرێ، دەبوو بەنوێنەری چینێك، لەبەر ئەوەی ئەو هێزو کەسایەتیە سیاسیانەی دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لەچوارچێوەی حزبی سیاسی دانەبوون. بۆیە نەدەکرا ناوی بەرەی لێ بنرێ. هەر لەبەر ئەوە (ی.ن.ك) وەك رێکخراوێکی نیمچە بەرەیی لەدایك بوو، کە خواستی تێکۆشانی ئەو قوناغە بوو. لەناو ئەو نیمچە بەرەیەدا، چەند تەیارێك هەبوون کە بیرو بۆچونی حزبی جیاوازیان هەبوو. بەڵام لەسەر بەرنامەی گشتی (ی.ن.ك) یەکبون. کە ئەوەش رەنگدانەوەی ئەو کاتەی پێکهاتەی سیاسی کوردستان بوو".[2]

---

[1] د. کەمال فوئاد سەرەتاکانی دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش دەگێڕێتەوە رێبازی نوێ، ژ (١٩)، ل ٢٧.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. فوئاد معصوم. کوردستانی نوێ، ژ(١٦٢٤)، ١٩٩٨/٦/١.

شاسوار جەلال(ئارام)یش لەم بارەیەوە پێی وابووکە:"(ی.ن.ك) حزب نیە و جێی حزبی پێشڕەوی پرۆلیتاریا ناگرێتەوە. چەند تەیارو گروپێکی تێدایە، یەکگرتنەوەشیان لەچوارچێوەی (ی.ن.ك) دا بەرەی نیشتمانی تەواوی پێك نەهێناوە، بەلکو شێوە بەرەیەکە کەلەگەل واقیعی حزبی و سیاسی کوردستان دا دەگونجێت، بێگومان ئەم واقیعەش لە گۆڕان دایەو شتێکی بڕاوە نیەو بەستراوە بە گەشەکردنی ئەو تەیار و گروپانەوە".[1]

یەکەم بەیانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەرەسی ١٩٧٥ی کردە خاڵێکی وەرچەرخان لە خەباتی گەلی کورددا:"ئێمە بە سەر بەرزی یەوە سوربوونی تێکۆشەرانی گەلەکەمان رادەگەیەنین لەسەر بەردەوامی خەباتی شۆڕشگێڕانە لەڕیزی جەماوەری گەلەکەمان، لەچوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، کەلەسەر ڕێبازی جەماوەریی شۆڕشگێڕ دەڕوات"[2]

شایانی باسە لە(قۆناغی دوای هەرەسی ١٩٧٥)دا، کورد لەبەردەم ناکۆکیەکی سەرەکی دابوو، کە ئەویش ناکۆکی بوو لەنێوان گەلی کوردو حوکمی بەعسدا بەهەموو چینەکانیەوە. ئەم ناکۆکیە، هەڕەشەی لەبوونی کورد دەکرد، بەسەر ناکۆکیەکانی نێوان چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری دا زاڵ بووە دایپۆشی بوون.

---

[1] ئاڵای شۆڕش، ژمارە (١)، ئەیلولی ١٩٧٧، ل ٥.

[2] ئەرسەلان بایز: راگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی(١٩٧٥-١٩٩١)، ل٤٦-٤٧.

سەبارەت بەمە لەیەکەم بەیاننامەدا هاتووە: "(ی.ن.ك) هەوڵ دەدات هێزە نیشتمانی و دیموکراتەکانی شۆڕشی کورد، بەشێوەی یەکێتی یەکی نیشتمانیی دیموکرات رێك بخات کە تیایدا رەوتە پێشکەوتوخوازەکان و یەکێتیی پتەوی خەباتگێرانەیان بتوانن بەیەکەوە بژین لەژێر سەرکردایەتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕانەی کوردستانیدا".[1]

ئەم رەوتانەش دواتر لەچەند رێکخراوێك بەر جەستە بوون کە یەکێتی یان پێکدەهێنا:

١-کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان.

٢-بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.

٣-هێلی گشتی (ی.ن.ك)

ئەزمونی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەزمونێکی نوێ بوو لەبزوتنەوەی کوردایەتیدا، کە سێ رێکخراوی جیاواز، سێ ئایدۆلۆجیای جیاوازو سێ سەرکردایەتی جیاواز، هەرسێکیان سەربەخۆیی رێکخراوەیی تەواویان هەبوو. بەڵام کە بەعس بەتەواوی و یەکجاری هەڕەشەی هەرە گەورە بوو بۆ سەر بوونی کورد، هەرسێکیان سەرەڕای هەموو جیاوازیەکانی ئەوسایان لەقەوارەیەکی یەکگرتوودا یەکیان گرت و بەرنامەیەکی هاوبەشیان دانا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوهەڕەشەیە، کە خۆی لەبەرنامەی (ی.ن.ك) دا بینیەوەو بڕیاریان دا سەرکردایەتیەکی هاوبەش، هێزێکی چەکداری هاوبەش، بودجەیەکی هاوبەش،

---

[1] یەکەم بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ١٩٧٥/٦/١، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥).

راگەیاندنێکی هاوبەش، سیاسەتێکی دەرەوەی هاوبەش دا بنێن‌و هەر لایەش سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی خۆی بپارێزێ. هەرچەندە لەراستیدا ئەم سێ ڕێکخراوە سێ حزب بوون بەڵام بۆچونێکی لەیەکچویان دروست کرد لەسەر ئامانج‌و ئاسایشی نەتەوەیی کورد. لەبەر ئەوە بڕیاریان دا، سەرەڕای هەموو جیاوازیەکانیان پێکەوە بژین و کار بۆ گەلەکەیان بکەن.[1] بۆیە (ی.ن.ك) بەم جۆرە پێکهێنرا کە ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی بێت تاکو بتوانێ هەموو چینە شۆڕشگێڕەکان‌و ڕەنجدەران‌و توێژە نیشتمان پەروەرەکانی کوردەواری بۆ خەبات ساز بدات‌و بەرێبازێکی نوێ‌و، پلان‌و سیاسەت‌و تاکتیکی نوێ ڕێنماییان بکات.[2]

(ی.ن.ك) بۆ هەڵسانەوەو درێژەدان بەتێکۆشان دروست بوو. لەدایکبوونی، وەڵامێکی دەستبەجێی ئەو شکستییە بوو کە سەرکردایەتی (پدك) دووچاری بووبوو و لەگەڵ خۆشیدا هەرەسێکی گەورەی لەناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا دروست کردبوو. و ئەگەر وردتر پێشینەو پاشینەی مەسەلەکە بخوێنینەوە ئەوە رون دەبێتەوە کە لەدایکبونی (ی.ن.ك) سەرەتای قۆناغێکی نوێی کوردایەتی بوو کە لەروی فکری سیاسی، سۆسیۆ- سیاسی‌و پراکتیزەکردنی شۆڕشدا بەشێوەیەکی رادیکاڵانە جیاواز بوو.[3]

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عیراق و دیاردەی فرە حزبی، کوردستانی نوێ، ژ (٢١٢٠)، ٢٠٠٠/٤/١٥.

[2] مام جەلال: سەروەریی یۆبیلی زیوین، ل ٧.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد جندیانی، کوردستانی نوێ، ژ (٢١٦١) ٢٠٠٠/٦/١.

لێـرەوە بۆیەکـەمجار لـەناو کوردایـەتی خۆیـدا، واتـە لەجولانـەوەی رزگـاریو دیموکراتی خـەڵکی کوردستاندا، فـرە باڵیو فرە بیرو بـاوەڕی فەلسەفیو سیاسی جیاجیا لەناویەك تاکە ڕێکخستندا هاتەکایەوە.[1]

دامەزرانـــدنی (ی.ن.ك) پێگـــەی کۆمەڵایـــەتیو هێـــزە بزوێنـــەرە کۆمەڵایەتیـەکانی شۆڕشـی گـۆڕی. مانـاو مـەوداکانی (سـەرکردایەتی) گـۆڕی. ئـەویش بـەرزگارکردنی یـەکجارەکی کوردایـەتی لەتاکـە حزبـی کوردایەتیو تاکە رابەری کوردایەتی، کە ئەمـەش خۆی لەخۆیـدا گۆڕینی بنەرەتی بوو لەوەی پێی دەڵێن سۆسیۆلۆژیای شۆڕش.[2]

جمو جۆڵ و چالاکیەکانی مام جەلال سەرنجی موخابەراتی عیراقیان ڕاکێشابوو، لەبەر ئەوە موخابەرات کەوتبوە هەڵپەی کۆکردنەوەی زانیاری لەسـەر مـام جـەلال و جموجۆڵـەکانی، نۆکـەرەکانی هـان دابـوو زووبـەزوو ڕاپۆرتی لە مەڕ چالاکیەکانی بۆ بنووسن. ومخابەراتی عێراق مەترسی لەو هەولانەی مام جەلال هەبوو لەمەڕ دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری. یـەکێ لـەو ڕاپۆرتانـەی موخابـەرات کـە لەوماوەیـەدا بـۆ سـەرکردایەتی بەعسی بەرزکردبووەوە، کە ئەمڕۆ بەبەڵگە نامەیەکی گرنگ دەژمێردرێت، ڕاپـۆرتێکی تێروتەسـەلی هەشـت لاپەرەییـە کـە زۆر بـەووردی هەلومـەرجی چـەند مـانگێکی پـاش هـەرەس دەگێڕێتـەوە. لەڕاپۆرتەکـەدا هـاتووە: "لەکۆبوونـەوەی ڕۆژی ١٩٧٥/٨/٢٠ دا لـە لەنـدەن کـە مـام جـەلال بـە خوێنـدکارە کوردەکـانی کردبـوو، سـەبارەت بـە رابـردوو باسـی ئـەو

---

[1] مام جەلال: سەروەریی یوبیلی زیوین، ل ١١.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد جندیانی، کوردستانی نوێ، ژ (٢١٦١)، ٢٠٠٠/٦/١.

ناتەبایییەی کرد کە لە بزوتنەوەی کورددا رووی داوەو لە رەوتی باسەکەیدا چەند جارێك پێی لە سەر ئەوە داگرت کە هۆی ئەو ناتەباییە بۆ ئەو ئاراستەیە دەگەڕێتەوە کە لە ئاستی لێپرسراوەتیدا نەبوون و ووتی "دەبێت رابردوومان بیر بچێتەوە و ڕق وکینە لە یادی خۆمان بەرینەوە چونکە مەسەلەکە مەسەلەی جەلال و مەلا وهیچ کەسێکی تر نیە بەڵکو مەسەلەکە مەسەلەیەکی چارەنووس سازەو ئەمڕۆ گەلی کورد بە قۆناغێکی هەرە ترسناکدا تێدەپەڕێت".[1] راپۆرتەکە درێژەی پێ دەدات و دەنوسێت:"سەبارەت بە بارزانی لەمام جەلال دەپرسن:

چۆن دەڕوانیتە بارزانی؟

+ بارزانی سەرکردەیەکی نیشتمان پەروەرەو نە نۆکەرەو نە خاین، بەلأم کابرایەکی خێڵەکیە و ئەوەش شتێکە کەس نکوڵی لێناکات.

ئایا پێوەندییەك لەنێوان (ی.ن.ك) و (پدك)دا هەیە؟

+ هیچ پێوەندییەك لەنێوان (ی.ن.ك) و (پدك)دا نیە، ئەمڕۆ شتێك نەماوە ناوی (پدك) بێ، چونکە ئەم حزبە هەڵوەشێنراو بەشێکی سەرکردەکانی گەڕانەوە بۆعیراق. بەشەکەی تریش تائێستا لەئیران دان. بەلام ئەگەر دەستیان بەکاری سیاسی کردەوەو خۆیان رێکخستەوە ئەوا ئێمە دژایەتیان ناکەین و رەنگە بەپیریشیانەوە بچین.

بەشداربووانی کۆبوونەوەکە تێکڕا ئەو پرسیارەیان لە مام جەلال کرد کەبۆ داهاتوو چ بکرێت باشە؟:

---

[1] بەلگەنامەی ژمارە(ش١ ق س/١٩٣٢٠/٣١)ی(مدیریە الاستخبارات العسکریە) لەرێکەوتی ١٩٧٥/٩/١٣.

+ دەبێ ریزەکانمان یەکخەین، وزەو توانا بخەینەوەگەڕو خزمەتی مەسەلە نەتەوەییەکانمان بکەین، دەبێ رابردوو لەیاد خۆمان بەرینەوەو رق و کینەومەسەلە شەخصیەکان بخەینەلاوە. نابێ مەئساتی جەلالی و مەلایی دووبارە بکەینەوە. من پێم وایە پێکگەیشتن لەچوارچێوەی (ی.ن.ك)دا بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجانە چاکترین رێ و شوێنە.[1]

چالاکیەکانی (ی.ن.ك) لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان بەردەوام بوو تا ئەو دەمەی دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك) کە پێك هاتبوو لە (مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، د.فوئاد معصوم، د.کمال فوئاد، عمر شێخ موس، عادل مراد، عبدالرزاق فەیلی) لە ١٩٧٥/١٢/١٧دا یەکەم کۆبونەوەی فراوانی خۆی لە (دیمەشق) بەست کە تەنها (عمر شێخموس) ئامادەنەبوو. لەم کۆبونەوەیەدا بەوردی هێلە سەرەکیەکانی چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەناوەوەو دەرەوەدا دیاری کران.[2]

لەئەوروپا (د.کمال فوئاد، نەوشیروان مستەفا و عمر شێخ موس) چەند کۆمیتەیەکیان پێکهێنا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی (ی.ن.ك).

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. فوئاد معصوم، الاتحاد، ژ ٣٧٣، ٢٠٠٠/٦/٩ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە، ل ٤٣، ؛عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من لتاريخ الحديث لكرد العراق، جريدةالاتحاد، ٣٧٧، ٢٠٠٠/٧/٧؛ صلاح الخرسان: التيارات ألسياسية في كوردستان العراق، ص٣٤٣، ؛ سنوات مضيئة من العمل في حياة الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني، مجلة دراسات كردستانية، العدد٢ سبتمبر ١٩٩٩، سويد، ص٥٤.

سەرەتا د.کەمال فوئاد لێپرسراوی کۆمیتەی دەرەوە بوو.[1] لەبەر ئەوەی زەمینەی سیاسی لەباربوو، لەماوەیەکی کورت دا توانرا لەزۆربەی ولاتانی ئەوروپا رێکخستنی فراوان دامەزرێنرێ. (مام جەلال و د.فوئاد و عادل مراد و عبدالرزاق فەیلی) ش لەسوریاوە کەوتنە پێوەندی کردن لەگەڵ کادرە ناسراوەکانی جولانەوەی کورد لە ئێران و عیراقدا.

یەك لە هەوڵەکانی مام جەلال کە بەکارێکی مێژوویی گەورە دادەنرێ پێوەندی کردنی بوو لەگەل بارزانیدا. لەنامەیەکیدا سەبارەت بە دامەزراندنی (ی.ن.ك) بۆی نوسیبوو:-

"بارزانی لەوە دڵنیا دەکات کەنەك هەر دژی نابێت، بەڵکو وەك سەرکردەی بزوتنەوەی کوردایەتی سەیری دەکات و پشتیوانیش لە هەر هەنگاوێ دەکات کە ئەو بینی".[2]

سەرهەڵدان و دامەزراندنی (ی.ن.ك) هەر لە سەرەتاوە دەنگدانەوەیەکی زۆری لەناوەندە کوردستانیەکاندا هەبوو، کۆمەلانی خەڵك بەپەرۆشیەکی زۆرەوە ئاواتە خوازبون لەنزیکەوە ئەم رێکخراوە نوێیەو ئامانجەکانی بناسن. (ی.ن.ك) لەساڵی یەکەمدا لەسەر ئاستی سیاسی، لەساڵی دووەمدا لەسەر ئاستی خەباتی چەکدارانە کە لەمێژووی (ی.ن.ك) دا بە شۆڕشی نوێ ناسراوە بوونی خۆی سەلماند.[3] بەلام

---

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال فوئاد، لە ٢٠٠١/١٢/١، لە سلێمانی.

[3] د. کەمال فوئاد سەرەتاکانی دامەزراندن و دەست پێ کردنەوەی شۆڕش دەگێڕێتەوە، رێبازی نوێ، ژ (١٩)، ل ٢٩.

ئەوکاتە ئەرکەکان سەخت بوون، چونکە تواناکان کەم بوون و کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم خەباتی (ی.ن.ك) زۆر بوون، لەوانە:

١-تیرۆریستی رژێمی بەعس و ئەو بڕیارەی سەبارەت بەراگواستنی دانیشتوانی گوندەکوردیەکانی سنور بەقولایی (٣٠)کم و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردگا زۆرەملێکاندا دابووی و لەلایەکی ترەوە رژێم هەوڵی دەم چەورکردنی بەمادده دەدا. وێڕای ئەو حالەتی نائومێدییەی کەلەئاکامی هەرەس هێنانی ئەو جولانەوەیەدا لای هاوولاتیان دروست بوو بوو. گەڕاندنەوەی متمانە بۆ ئەوخەڵکە مەسەلەیەکی زۆر سەخت بوو.

٢-هەروها (ی.ن.ك) کەبەم بیرو بۆچوونە نوێیەوە هاتبووە مەیدانەوە روبەڕووی دوژمنایەتییەکی سەخت بووەوە لەلایەن هێزە تەقلیدییەکانی باشوری کوردستانەوە، کەهێشتا بیری تۆتالیتاری زاڵبوو بەسەریاندا.

٣-رێگرییەك لەلایەن ئەو بەناو بزوتنەوە چەپخوازە سەرتاسەرییەوەبوو کەلە (حشع)دا خۆی دەبینیەوە وە دەترسا کوردایەتی لەکاتی فراوانبونی ئامانجی نەتەوەیی رووتەوە بۆ ئامانجەگەلێکی کۆمەلایەتی جلەوەکە لەدەست ئەو دەربێنێ و پاکانەی بوون و جێ پێ قایمبوونی لەکوردستان نەمێنێ.[1] جگە لەمە ئەوساش (حشع) هاوپەیمانی سیاسی بەعس و هاوبەشی دام و دەزگاکانی بوو. (ی.ن.ك)ی تاوانبار دەکرد بە دەستکردی ئیمپریالیزم لە (باکوری وولات)دا*.

---

[1]عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدةالاتحاد ٣٧٣، ٢٠٠٠/٦/٩.

* سەرکردەکانی (حشع) مەترسییان هەبوو لەسەرهەڵدانەوەی شۆڕشی کوردی و بەردەوام قسەیان لە دژی دەکرد، بۆنمونە لەئاهەنگی یادی دامەزراندنی (حشع)دا

هەروەها رێگری یەکی تری (ی.ن.ك) ئەو رەوتە کۆنەپەرستە بوو کە حەزیان بەوە دەکرد کوردایەتی هەروا دروشمێکی سیاسی بەتاڵ بێت وهیچ رەهەندێکی کۆمەڵایەتی – ئابووری کە هەڵقوڵاوی ئاستی پێگەیەشتنی کوردەواری بێت لە خۆ نەگرێت. ئەمەش خۆی لە قیادەی موەقەتەی (پدك) دا دەبینیەوە کە خۆی بە پێشرەوی جولانەوەی کوردو بە خاوەنی سەروەریەکانی شۆرشی ئەیلول و بە خاوەنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی سیاسی کورد دائەنا. بە چاوی دوژمن کەوتە سەیر کردنی (ی.ن.ك)و هەر لە سەرەتاوە شەرێکی لەگەڵدا هەڵگیرساندو قیادەی موەقەتەو دام ودەزگا ئەمنیەکانی تورکیا هاوکاریەکی تەواو لە نێوانیاندا هەبوو بۆ بە گژدا چوونەوەی ئەو بزووتنەوە نوێیەی کە (ی.ن.ك) رابەرایەتی دەکرد.[1]

٤–لەلایەکی تریشەوە دامەزراندنی (ی.ن.ك) رژێمی عیراقی نیگەران کردبوو. هەموو وزەو توانای خۆی تەرخان کرد بۆ رووبەرووبونەوەی جم و جۆڵ و خۆسازدان و خۆرێك خستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەو مەترسیانەی لەئایندەدا دێنە پێشەوە.

---

لەساڵی ١٩٧٦ لە شاری هەولێر یەکێ لەئەندامانی سەرکردایەتی‌یان لە وتارێکدا وتی: "پاشماوەی جیب ئەلعمیل خەریکن دووبارە مەفرەزەی شەڕی پارتیزانی دروست دەکەن" کەمەبەستی لە شۆڕشی نوێ بوو. (ممتاز حیدری: داری ماوەران، ل٤٤). ؛ بۆ زانیاری زیاتر بروانە د.سەروەر عبدالرحمن: پارتی کۆمۆنیستی عیراق و مەسەلەی کورد ١٩٣٤–١٩٧٥، دکتۆرانامە، چاپنەکراوە.

[1] عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدةالاتحاد، ٣٧٣، ٢٠٠٠/٦/٩.

لە هەمان کاتدا رژێم زۆر بەوردی حسابی بۆ ئەو بزوتنەوە نوێیە دەکرد، ئەمەش لەو کۆبونەوانەدا دەر دەکەوت کە بەزۆر بە جەماوەری کوردیان دەکرد.[1]

ئەو کۆبونەوانەی کە دامو دەزگا تۆقێنەرەکانی رژێمی عێراق لەشارەکانی کوردستان دا بە ئەنجامیان دەدا لە سێ تەوەرەدا خۆیان دەبینیەوە:-

یەکەم: ئەوەیان بەخەڵك رادەگەیاند کە ئەگەر ئەمجارەش شۆڕش لە کورستاندا بەرپابێتەوە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ و توشی شکستو لەناوچوون دەبێتەوەو بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەشیان هەرەسی ١٩٧٥ یان بەنمونە دەهێنایەوە.

دووەم: بریتی بوو لە هەرەشە کردن لەخەڵكو بەوە دەیان تۆقاندن ئەگەر بۆیان دەرکەوێ کەسێك هاوکاری یەکێتی بکات ئەوا لەسێدارە دەدرێ یان ئەگەر کەسێك بیانناسێ و ئاگاداری جموجۆڵیان بێ و ئاگاداری دامو دەزگاکانی حکومەت نەکات ئەوە بەخیانەتێکی نیشتمانی دائەنرێو چارەنوسی خیانەتکاریش لەسێدارەدانە لەکاتێکدا ئەگەر کاریشیان لەگەڵدا نەکات.

سێیەم: بریتی بوو لەهێرش کردنە سەر کەسێتی (مام جەلال).

---

[1] شێخ جەمال شێخ نوری: بیرەوەریەکانم لەرێکخستنەکانی کۆمەڵەدا (١٩٧١-١٩٨٣) بەشی یەکەم، ١٩٩٨، سلێمانی، ل٩.

**جگـه لەمـەش رژێمـی عـیراق کەوتـە دورخسـتنەوەی هەنـدێ لـەو کەسانەی کـە پێشـتر لەشۆڕشـی ئـەیلول دا کاریـان لەگـەڵ مـام جـەلال دا کردبوو بەتایبەتی لەباڵی مەکتەبی سیاسی دا.**

# باسی دووەم.
# پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## ١-کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان:

سەرەتای بیرۆکەی دامەزراندنی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی/پدك، بەتایبەتی بۆ کەسایەتی مام جەلال کەئەو کاتە ئایدیۆلۆژیای ماویزمو پرەنسیپەکانی سۆسیالیزمی چین کاری تێکردبوون. مام جەلال پێی وابوو ئەو ڕێبازە گونجاوترە لەگەل بارودۆخی باشوری کوردستانو باشترە لەئەزموونی سۆڤیەت کە زێتر پشت بەچینی کرێکار دەبەستێ، چونکە بەلای ئەوەوە کۆمەڵی کوردەواری سروشتێکی جوتیارانەی هەیەو زیاتر لەکۆمەڵگەی چینی دەچێت.[١]

مام جەلال زیاتر کاریگەری بیروباوەڕەکانی (کۆرش لاشائی)*بەسەرەوەبوو، پێی وابوو پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت کە شانەو ئەڵقەی مارکسی دروست بکرێتو وردە وردە زەمینە خۆش بکات بۆ هاتنە کایەی حزبێکی شۆڕشگێڕو جەماوەری بەتوانا. ئەمەش لەدوو لاوە بەدەستدێ:-

١-بوونی مینبەرێکی راگەیاندن کەبیرو باوەڕەکە لەناو جەماوەردا بلاْو بکاتەوەو ڕێگە خۆش بکات بۆ حزبە شۆڕشگێڕەکە.

---

[١] صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كوردستان العراق، ص٣٢٦

* کۆرش لاشائی ناسراوە بە(د. جەلال) سکرتێری (سازمانی أنقلاب أيران)بوو.

٢-شانەی ڕێکخستنی نهێنی دروست بکرێت بۆ ڕۆشنبیرکردنی کادیران و لەسەر بەرنامەی ئەو بابەتانەی مینبەرە ڕاگەیاندنەکە بڵاوی دەکاتەوە پەروەردە بکرێن.[(١)]

سەرەتا مام جەلال بۆ جێبەجێکردنی ئەم بۆچوونە لەکاری سیاسی و ڕێکخستن دا چەند ڕۆشنبیرێکی هەڵبژارد لەوانەی کە لایەنگر یا ئەندامی (باڵی مەکتەبی سیاسی/ پدك)بوون و ئەڵقەی مارکسی لێ پێك هێنان بۆ کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران لە دەوروبەریان. گرنگترین ئەوکەسانەی کەئەو سەردەمە ڕۆڵیان بینی(نەوشیروان مستەفا، شازاد صائیب، محمودی مەلاعزەت، رفعت مەلا محمود عبدالرحمن) بوون.[(٢)]

ئەوانەش بەنهێنی لەناو (باڵی مەکتەبی سیاسی/ پدك)دا کاریان دەکرد و وردە وردە شانەی نهێنییان دروست دەکرد. بەڵام لە بەدەست هێنانی لایەنی دووەمدا لەساڵی ١٩٦٩دا گۆڤاری (ڕزگاری)یان دەرکرد، ڕزگاری ئەو مینبەرەبوو کە جەماوەری کوردی بەبیرۆکەی مارکسی ئاراستە دەکرد.

دوای ئەوەی بەیانی ئازاری١٩٧٠ ڕاگەیەندرا و هەردوو باڵی(پدك) تێکەڵ کرانەوە. هەر ئەودەمە مام جەلال پێی وابوو پێویستە ڕێکخستنێکی مارکسی نهێنی بێتە کایەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی١٩٧٠دالەبەغدا چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، لەکۆتایی کۆبوونەوەکاندا لە ١٩٧٠/٦/١٠دابڕیاری دروستکردنی(کۆمەڵەی مارکسی

(١) صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كوردستان العراق، ص٣٢٦.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٧.

لینینــی کوردســتان)یان داو ئەمــەش ئەلتــەر نــاتیڤی (حزبــی شــیوعی کوردستان)بوو. پێڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی کارکردنی ڕێکخستنەکان مام جەلال نووسی کە بە(کوردایەتی) ناسرا وە.[1]

کۆمەڵـەی مارکسـی لینینـی کوردسـتان سـەرەتا بەشـێوەی تـەیارێکی فکری لەئارادابوو. یەکەمین دەست پێشکەری بۆ ئەم کارە بەسەرپەرشتی مام جەلالو بەشداریکردنی (شیهابی شێخ نوری، فازڵی مەلا مەحمودو فەرەیدون عبدالقادر) ئەنجامدراو وردە وردە پەرەی سەند. ئەم ڕێکخراوە بەڕەنگدانەوەیـەکی تێـرو پـڕی بیروبـاوەری (ماوتسـی تـونگ)و تێزەکـانی جەنگی گەلی یەوە هاتە مەیدانی تێکۆشانەوە.

کۆمەڵـە زوو بـەناو زۆربـەی خوێنـدکارانو لاوانـی بەغـداو سلێمانیو هــەولێرو کــەرکوكو خانــەقین دا تەنییــەوەو پــاش ماوەیــەکی کــەم جەماوەرێکی باشی پەیدا کرد کە ئەندامەکانی وەك کادر پەروەردە ئەکرد. بەتایبەتی ئەوسەردەمە، قۆناغێك بوو کەسەرجەمی بزوتنەوە چەپڕەوەکان و گەلانی ژێردەستە دوواڕۆژی چارەنوسی خۆیان لەبەرەی سۆسیالیزمدا دەدیتەوە کە مخابن لەئەنجامدا خەباتی گەلانی ژێر دەستە و چەپڕەوەکان بوونە قوربانی بەرژەوەندییەکانی ئەو بەرەیە.

بەدرێژایی ئەو ماوەیە (١٩٧٠-١٩٧٥) مام جەلال سکرتێری کۆمەڵە بـوو. گەرچـی لـەرووی فیکـرو نوسـینەوە کاریگـەری زۆری هـەبوو، بـەڵام بـەهۆی هەلومـەرجی ئـەو کاتانـەوە لەڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـە دووربـوو. زۆربــەی کــات لەهەندەرانــەوە ئامۆژگــاری ئــەکردو نوســینی خــۆی بــۆ

[1] صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كوردستان العراق، ص٣٢٨ .

پەروەردە کردنی ریزەکانی کۆمەڵە ئەنارد. ناوەندی کۆمەڵەو (شیهابی شێخ نوری) لەنزیکەوە کارە رێکخراوەیی‌یەکانیان ئەنجام ئەدا.[1]

ئەندامەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠دا لەمانە پێکهاتبوون:-

شهابی شێخ نوری _ سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتی (لەناوەوەی ولات)

محمد میرزا سعید عباس _ لێپرسراوی لیژنەی بەغدا

جعفر عبدالواحید _ لێپرسراوی لیژنەی هەولێر

ئاوات عبدالغفور _ لێپرسراوی لیژنەی سلێمانی

فەرەیدون عبدالقادر _ لێپرسراوی لیژنەی کەرکوك[2]

کۆمەڵە سودی لەو کەشە حەماسیە وەرگرت کەلەدوای بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ هاتبووە کایەوە، و لاوانیش ئەوکاتە سودیان لەو ئاراستە فکری‌یە بینی کەلەناوچەکەدا وەك ئاراستەیەکی مارکسی_ نەتەوەیی باوی هەبوو لە شەستەکان و حەفتاکاندا. وە زۆربەی ئەوانەی پێوەندی‌یان بە کۆمەڵەوە دەکرد خوێندکاران و کرێکاران بوون.

کارکردنی رێکخراوەیی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا، لەچاو ئەوەدا کە دەیان هەزار کەس بەشداربوون لەجوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەدا زۆر کەم بوو، بەڵام لەچاو هەلومەرجی ئەوسای کوردستاندا کە (بیروباوەری راسترەو زاڵ بوو

---

[1] فەرەیدون عبدالقادر لەزەمینەو سەرەتاو دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەدوێ، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە (١٥)، حوزەیرانی ١٩٩٩، ل٣٣.

[2] صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة في کوردستان العراق، ص٣٢٩.

بەسەر بیروبۆچونی خەڵکی و دامو دەزگای پارتی و پاراستن دەستی گرتبو بەسەر کوردستاندا)، زۆر باش بوو.

ئەندامانی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا بەو پەڕی ژیری و هۆشیاریەوە کاریان دەکرد، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە ناحەزو دوژمنەکانی کۆمەڵە نەیانتوانی سەرەداوێکی رێکخستنەکەی بدۆزنەوە، هەرچەندە جاروبار هەستیان بەبوونی رێکخراوێك دەکرد بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان لەو بارەیەوە نەکەوتە دەست.

لەم قۆناغەدا کۆمەڵە دەیان ئەندامی پەیداکردو پێ ی گەیاند، رێکخستنی لەزۆربەی شارە گەورەکانی کوردستان و بەغدادا دامەزراندبوو. تەنانەت لەناو هەندێ لەرێکخراوە دیموکراتیەکاندا وەها جێگەی خۆی کردبوەوە کە لەهەڵبژاردنی ئازاددا ئەندامەکانی کۆمەڵە دەرئەچوون و ئیشیان ئەگرتە دەست، بەتایبەتی لە (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) و لە (یەکێتی لاوان)دا. هەرچەندە کەسانی راستڕەوی ناو پارتی و پاراستن بەتوندی ئەچونەوە بەگژیاندا. [1]

لەدەست پێکردنەوەی شەڕی کورد و حکومەتی عیراق لە (١٩٧٤-١٩٧٥) دا، کۆمەڵەش کادرەکانی خۆی ناردە ناو شۆڕش و نەیتوانی لەرووداوەکانی کوردستان خۆی دابڕێت و بەشداری جوڵانەوەکەی کرد. ئاوات عبد الغفور لەم بارەیەوە دەڵێت: "هەرچەندە بزوتنەوەی ئەوکات (١٩٧٤)لەڕووی فیکرییەوە، زۆر جیاوازبوو لەفیکری کۆمەڵە، بگرە

---

[1] کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان: بڵاوکراوەی ناوخۆ تەنیا بۆ ئەندامان، ژمارە (٢)، (٢)، ١٩٨١، ل٣-٤.

پێچەوانەشی بووین و خۆمان بەئەلتەر ناتیڤیش ئەزانی کە رۆژێك لە رۆژان خەبات بکەین بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش بگرینە دەست. بەلاّم لەبەر ئەوەی شەڕ لەلایەن بەعسەوە ناڕەوایەو لەبەرامبەردا سەرکردایەتی بارزانیش رەوایەو بەرگری یە لە کوردستان. کۆمەڵە داوای لە هەموو ئەندام و پالّێوراو و دۆستەکانی کرد کە بەشداری ئەو بزوتنەوەیە بکەن و لەڕیزی پێشەوەش بن. بەم پێیە ئێمە لەڕیزی پێشەوەی شۆڕش بووین و لە شەڕیشدا دەیان ئەندامی چالاّکی کۆمەڵەمان شەهید بوون، هەر لە بۆردومانی قەلاّدزێو بەرەکانی شەڕو بەرگری کەبەپێی ئاماری ئەوکاتەمان دەگەنە(٤٠)شەهید". [١]

لەنامەیەکی مام جەلال دا کە سەرەتای ئازاری١٩٧٥ بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵەی ناردبوو " داوای خەباتێکی پارتیزانی درێژخایەنی لێکردبوون و بیرۆکەی دامەزراندنی رێکخراوێکی نیشتمانی فراوانیشی بۆ خستبونە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەم مەسەلەیەش بەلای سەرکردایەتی کۆمەڵەوە پێشنیازێکی باش بوو کە بەگەرمی پێشوازی لێکرا چونکە هەل و مەرجەکە زۆر لەباربوو بۆ باسکردن و ئەنجامدانی کارێکی لەم جۆرە. [٢]

---

[١] ئاوات عبدالغفور: بۆ ئەوەی مێژوو وەکو خۆی تۆمار بکرێ، کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٠٣)، ١٩٩٣/٦/١.

[٢] فەرەیدون عبدالقادر لەزەمینەو سەرەتاو دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەدوێ، رێبازی نوێ، ژمارە (١٥)، ل٣٤؛ چاو پێکەوتن لەگەڵ سالار عەزیز، لە ٢٠٠١/١٠/١٣، لە سلێمانی؛ ئاوات عبدالغفور: بۆ ئەوەی مێژوو وەکو خۆی تۆمار بکرێ، کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٠٣)، ١٩٩٣/٦/١؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة في کوردستان العراق، ص٣٣٥.

بۆ بەئەنجامدانی ئەم کارە، (شیهاب شێخ نوری)و هەڤاڵانی تری پێوەندیان بە (فەتاح ئاغا)* وەکردو داوای هاوکاریی‌و پشتیوانی‌یان لیٚکرد. بەڵام وەڵامی (فەتاح ئاغا) ئەوەبوو کە "بێ ڕەزامەندی سەرۆك بارزانی ناتوانیت ئەوکارە بە ئەنجام بدات". هەروەها هەر بۆئەم مەبەستە سەرکردایەتی کۆمەڵە پێوەندی‌یان بە عەلی عەسکەری‌شەوە کرد تا قسە لەگەڵ بارزانی‌دا بکات، و لەگەل ئیبراهیم ئەحمەد یش گفتوگۆ کرا تا هەوڵ بدرێت بەرگری بکرێت و سەنگەری خەبات چۆل نەکرێت، بەلام بێسود بوو[1]. پاش ئاشکرابوون و سوربوونی سەرکردایەتی (پدك) لەسەر قبوڵکردنی‌واقیعی هەرەسهێنان‌و ئاشبەتاڵ کردن، سەرکردایەتی کۆمەڵە بێ ئومێدبوون، بۆ باسکردنی هەلومەرجی پڕ لەمەترسی تازەی جوڵانەوەی کورد، بۆ بیرکردنەوە لەباشترین شێوەو کاتی درێژەدان بە بەرگری، بۆ دانانی ڕێ‌و شوێنی تاکتیکی دروست بڕیاری کۆبونەوەیەکی فراوانی کادرەکانیان دا. بۆ ئەم مەبەستە هەموویان چونە گوندی (کێلو) لەرۆژئاوای پێنجوێن. ماوەی دوو ڕۆژ کۆبونەوە بەمەبەستی ڕێکخستنی‌کاری ئاینده. دوای راوێژێکی زۆر بڕیاریاندا هەموویان بگەڕێنەوە عیراق‌و ڕێگا نەدەن ئەندام‌و لایەنگرانی کۆمەڵە بچنە ئێران.[2] چونکە مەیدانی خەبات تەنها سەر گۆڕەپانی نیشتمان‌و ناو میللەتە چونە

* فەتاح ئاغا ئەو کاتە ئامیر هێزی خەبات بوو.

[1] چاوپێکەوتن لەگەل مەلا بەختیار، لە ٢٠٠١/٣/١٤ لە سلێمانی.

(٢) ئەرسەلان بایز: ڕۆژانی سەخت، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٨٦١)، ١٩٩٩/٥/١٧، چاو پێکەوتن لەگەڵ سالار عەزیز، لە ٢٠٠١/١٠/١٣، لە سلێمانی؛ ئاوات عبدالغفور: بۆ ئەوەی مێژوو وەکو خۆی تۆمار بکرێ، کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٠٣)، ١٩٩٣/٦/١

ئێران و ئەوروپا دابڕانە لە جەماوەرو خۆدزینەوەیە لەخەبات** لەدوای ئەم کۆبونەوەیە، کادرانی کۆمەڵە دەستیان کرد بەکۆکردنەوەی چەك و شاردنەوەیان. داوا لەهەموو ئەندامان کرا کە هەرچی دەزگای چاپ و چەکیان بۆ پەیدا ئەکرێ لەشوێنی ئەمین بیشارنەوە.

لە نێوان ٢٧/٣-٥/٤/١٩٧٥ دا زۆربەی کادرو رێکخستەکانی کۆمەڵە لەشاخ گەڕانەوە شارەکان. سەر لەنوێ رێکخستنەکان لەگەڵ هەلومەرجی نوێ دا داڕێژرانەوە. حسابی پاراستنی نهێنیەکان، پاراستنی کۆمەڵە لەیەکترو ناسینی ماوەی رابردووی لەشاخ و لەیەك جیاکردنەوەی ئەو رێکخستنانەی‌کە ئەبوو لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕشدا لەشارەکاندا کاربکەن لەوانەی کە نیاز بوو بۆ کاری هەڵسانەوەی جولانەوەی چەکدارو بۆ مەفرەزە سەرەتاییەکان و گەشەپێدانیان سودیان ئەبێ، هەردووکیان لەیەك جیا بکرێنەوە. [1]

کۆمەڵە لەو بارودۆخە سەخت و دژوارەی دوای هەرەس سورتر بوو لەسەر بەگژاچوون و بەرگری کردن لەشالاوی نامرۆڤانەی رژێمی عیراق،

---

** " لەم کۆبونەوەیەدا بڕیاری گەڕانەوە بۆ عیراق و ژێر دەسەلاتی رژێم لەلایەن ئەرسەلان بایز و ئەنوەر شاکەلی ەوە بەچاك نەزانرا، بەڵکو پێیان باش بوو بەرگری بکەن، بەلام شیهابی شێخ نوری زۆر قسەی لەگەڵ کردوون کە بەرگری بێ سودە چونکە سەرباری ئەو هەوڵە زۆرەی داویانە کە سێکی وا نەبووە هاوکاریان بکات. دواتر پێی راگەیاندون کە ئەمە بڕیاری سەرکردایەتیەو هەموو لایەك دەبێ جێبەجێ بکەن". کوردستانی نوێ، ژ١٨٦١، ١٧/٥/١٩٩٩.

[1] فەرەیدون عبدالقادر لەزەمینەو سەرەتاو دامەزراندنی(ی.ن.ك)دەدوێ رێبازی نوێ، ژمارە (١٥)، ل٣٥.

دەستی کرد بەخۆئامادەکردن‌و نەخشەکێشان بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕش. سەرباری کەم ئەزموونی، کۆمەڵە بارودۆخی کوردستانی هەڵسەنگاندو پەرەی بەخەبات دا. زیاتر کەوتە چالاکی نواندن‌و خۆی لەبەرگری کوردستان دوور نەخستەوە. هەر لەسەر پێشنیازی شیهابی شێخ نوری سەرکردایەتی کۆمەڵە لەهەمان کاتدا بڕیاری دا نەخشەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەست پێ بکاتەوە و لەهەمان کاتدا: پرۆژەکەی (مام جەلال) سەبارەت بە دامەزراندنی رێکخراوێکی نیشتمانی فراوان قسەی لێ بکرێت‌و کاری پێ بکەن. مەفرەزەکان دیاری بکرێن بۆ ئەو ناوچانەی کە لەتوانادایە. بۆ ئەم مەبەستە پێشنیازکرا کە (علی بچکۆل، عبدالرزاق سێگردکانی، بێستون، غەریب سعید، علی ساڵح، حمید پۆلیس‌و عەلی مغاویر) بۆ ناوچەکانی قەلاسێوکەو بەری کۆیەو (فەیسەڵ تاڵەبانی)* بۆ بەری قەرەداغ‌و قسەش لەگەڵ (تاهیر علی والی بەگ) بکرێ بۆ شەمیران‌و رێکخراوی هەڵەبجەش مەفرەزەی هەورامان‌و سلێمانی‌و هی شارباژێر دیاری بکەن.[1]

لەهەمان کاتدا سەرکردایەتی کۆمەڵە (فەرەیدون عبدالقادر)ی راسپارد کە سەفەری دەرەوە بکات، بە مەبەستی پێوەندی کردن لەگەڵ مام

---

* فەیسەل تالەبانی کە بە (سیروان)ناسرابوو، لەسالی ١٩٤٧ لەکەرکوك لە دایك بووە، لەسالی ١٩٧٦ بووە بە پێشمەرگە، فەرماندەی هەرێمی پێنجی قەرەداغ بوو. ئەندامی پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو، لە سالی١٩٧٩ لە دێی زێرینجۆ بەدەستی جاش شەهید کرا. (دەفتەری‌سەروەری، زنجیرەی ٢، ل٧٩)

[1] فەرەیدون عبدالقادر لەزەمینەو سەرەتاو دامەزراندنی(ی.ن.ك)دەدوێ رێبازی نوێ، ژمارە (١٥)، ل٣٥-٣٦.

جەلالـدا کـە پێشـتریش (شـازاد صـائب) سـەردانی کردبـوو بیروراکـانی ناوەوەی بۆ بردبوون و بیروڕای دەرەوەشی بۆ ناوەوە هێنابۆوە.

لەتـــــەموزی ١٩٧٥ دا(فەرەیـــــدون عبـــــدالقادر) ســـــەفەری کردوروژی١٩٧٥/٨/١٤ لەبەرلینی رۆژئاوا چاوی بەمام جەلال دەکەوێت[1] و نامـــەی ســـەرکردایەتی کۆمەڵـــەی پـــێ دەگەیـــەنێ و بیروڕاکـــانی ســـەرکردایەتی کۆمەڵـــە لـــە مـــەڕ دامەزرانـــدن و پێکهاتـــەی (ی.ن.ك)و دەسـتکردنەوەی بەخـەباتی چـەکدارانە بـۆ مـام جـەلال بـاس دەکـات. هەردوولایان لە کێشەو گیروگرفتەکانی نـاوەوە دەدوێن، مـام جـەلال دوای باسـکردنی بـیرورا و ئامۆژگـاری خـۆی لەسـەر چـۆنیەتی دەسـتپێکردن و پەرەپێدانی مەفرەزەکان و گەشەکردنیان رای خۆی بەم جۆرە دەربڕی:-

-کۆمەڵە بەنهێنی داینەمۆی (ی.ن.ك) ئەبێ و کاری تێ ئەکا.

-سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) لـەناوەوەی وڵات لـە (علـی عسـکری، عمـر دەبابە، شازاد صائب، رسول مامند و ناوەندی کۆمەڵە) پێك بێت.

پێوەندی بکرێ بەکادیر ە سەربازیەکان و فەرماندەکانی پێشمەرگەی پێشووەوە، بەمەبەستی دەست پێکردنـەوەی خـەباتی چەکدارانەی دژ بـە رژێمی‌بەعس رێك بخرێن.

بـەهیچ شـێوەیەك کوردسـتانی عـیراق جـێ نـەهێڵن تـەنها لـەکاتی زۆر زەرور و ناچاری‌دانەبێ.[2]

---

[1] صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كوردستان العراق، ص٣٢٩.

[2] کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان: بڵاوکراوەی ناوخۆ، ژمارە (٢) ل٨.

بەڵام دوای ئەوەی (فریدون عبدالقادر) دەگەڕێتەوە عیراق بۆلای هاوەڵانی، شاڵاوی دەسگیرکردنی سەرکردایەتی و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەستی پێکردبوو. بڕیاری گرتنی هەموو سەرکردایەتی کۆمەڵەش دەرچووبوو. (فریدون عبدالقادر) بەهۆی شێخ سالاری حەفیدەوە هەواڵ بۆ (علی عسکری) دەنێرێ[1] و (جعفر عبدالواحید)*یش رادەسپێری کە قسە لەگەڵ (د. خالد سعید) *بکات سەبارەت بە (ی.ن.ك). بەڵام هەلومەرجی راونان و گرتنی ئەندامانی کۆمەڵەو سەرکرایەتیەکەی بواری ئەوەی نەدا ئیشەکان جێبەجێ بکرێ.[2]

لەئەیلولی ١٩٧٥ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ئاشکرابوون، بەهۆی ڕێکخراوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبیەوە (الحرکە الاشتراکیە العربیە) کە پێوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ (ی.ن.ك) دا هەبوو، یەکێ

---

[1] المحامی الشیخ سالار حفید: علی العسکری والحکم للتاریخ،ص ٤٧.

* جەعفەر عبدالواحید لەساڵی١٩٤٥ لە شاری کۆیە لەدایك بووە، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و ئەندامی دامەزرێنەری(ی.ن.ك)بوو لە ناوەوەی وڵاتدا، لە رۆژی ١٩٧٦/٧/١١ لەگەل خاڵە شیهاب و ئەنوەر زۆراب دا حوکمی خنکاندنی بەسەردادرا، لە رۆژی ١٩٧٦/١١/٢١دا لە ئەبو غریب لە سێدارە درا. (دەفتەری سەروەری، زنجیرەی ٢، ل٧).

* دکتۆر خالید سەعید لەساڵی ١٩٣٢ لە شاری کۆیە لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە شۆڕەوە، ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەو (ی.ن.ك) بوو، لە مانگی ١٩٧٨/٦ بەدەستی قیادەی موەقەتە لە کارەساتی هەکاری شەهید کرا. (دەفتەری سەروەری، زنجیرەی ٢، ل٦٣).

[2] فەرەیدون عبدالقادر لەزەمینەو سەرەتاو دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەدوێ،ڕێبازی نوێ، ژمارە (١٥)، ل٣٨.

لەئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە دەگیریٚ و ئیعتراف لەسەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەکات. سەرەتا (ئەنوەر زۆراب)** دەسگیر دەکرێت و لە ماڵەکەیدا دەمانچەیەك و چەندین بەیان و بەڵگەنامەو ناوی هەندێ لەهاوڕێکانیشی دەکەوێتە دەست بەعس.[1] ئیتر لەمەوە ڕژێمی بەعس شالاوێکی گرتن و ڕاونانی گەورەی دەست پێ کرد لەشارەکانی کوردستان و بەغدا. لەشاری بەغدا "ئەنوەر زۆراب، جەبار فەرمان، سەعدون فەیلی، دارۆی شێخ نوری، ئەنوەر حەسەن، خدر سەوز، محمد میرزا سعید و سەلام برزۆ)دەسگیرکران.

لەشاری سلێمانیش " ئاسۆی شێخ نوری، علی بچکۆڵ، عوسمان نانەوا، مامۆستا حسین ڕەزا، کمال عەلی، فاروق احمد، د. جمیل، کاکە حەمەی عەتیە، نورالدین فتاح، جەمیل و عەلی مراد) دەسگیرکران.[2] کە ئەم شالاوە دەست پێ دەکات، هەڤالانی تر بەنیازی خۆ دەربازکردن لەو شالاوی گرتنەی ڕژێم دەستی پێ کردبوو ڕۆژی ١٩٧٥/٩/٢٣ بەرەو ئیران دەکەونە ڕێ، تا لەوێشەوە بەرەو سوریا بڕۆن کە پێك هاتبون لە (شیهاب شێخ نوری، جعفر الواحید، فریدون عبدالقادر، عمری سید علی، عەلی بچکۆل) بەلام ئەمانە لە ئیران ئاشکرادەبن و دەگیرێن، هەروەها دەوڵەتی ئێران لەتشرینی دووەمی هەمان ساڵدا دووکەسی تری لە سەرکردەکانی

---

** ئەنوەر زۆراب لەساڵی ١٩٤٩ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، ئەندامی هەرێمی بەغدای کۆمەڵە بوو، لەرۆژی ١٩٧٦/٧/١١دا حوکمی خنکاندنی بەسەردادرا، لەرۆژی ١٩٧٦/١١/٢١دا لە ئەبو غریب لە سێدارە درا.

[1] ئەرسەلان بایز: ڕۆژانی سەخت، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٨٧٦)، ١٩٩٩/٦/٧.

[2] شێخ جمال شێخ نوری: بیرەوەریەکانم لەرێکخستنەکانی کۆمەڵدا، ل١١.

کۆمەڵە گرتبوو کە (ئەرسەلان بایز و ئاوات عبد الغفور)بوون. ئیران بەپێی ڕێکەوتنی جەزائیر کە لەگەڵ عیراقدا ئیمزای کردبوو، لەرۆژی ١٩٧٦/١/١ هەموو ئەو کەسانەی تەسلیم بە دەوڵەتی عیراق کردەوە، [١] دەوڵەتی عیراقیش لەدادگایەکی روکەش دا لە (١٩٧٦/٧/١١) بڕیاری لەسێدارەدانی سێ سەرکردەی کۆمەڵەی دا کە بریتی بوون لە (شیهاب شێخ نوری، جعفر عبدالواحیدو ئەنوەر زۆراب). هەڤالانی تریش هەریەکەیان بە (٦) ساڵ زیندانی حوکم دران.[٢]

دەسگیرکردنی سەرکردایەتی کۆمەڵە لەلایەن رژێمی بەعسەوە بە کارەساتێکی گەورە دەژمێردرێ لەمێژووی کۆمەڵەدا. بەتایبەتی لەو کات و ساتە ناسکەدا کە چارەنوسی کورد نادیار بوو. چونکە تا رادەیەك بوو بەهۆی پچڕان و لەبەریەك ترازاندنی ریزەکانی ڕێکخستن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. لەئەنجامدا ریزەکانی ڕێکخستن پەشێوییەکی زۆریان تێکەوت و کۆمیتەکان لەیەك دابڕان و بەشێکی ئەندامان لەیەکتری بزر بوون.

لەم بارودۆخە سامناکەدا، بۆ هەڵسانەوەی ڕێکخراوەکەو ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، شاسوار جەلال (ئارام) * کە

---

[١] بەڵگەنامەی (مديرية امن المحافظة السليمانية) ١٩٧٦/١ سەبارەت بە تەسلیم کردنەوەی ئەو هەڤاڵانە لەلایەن ئیرانەوە بەعیراق. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٣).

[٢] بەڵگەنامەی (قرار محكمة الثورة) ذمارة (٣٧٤/ج/١٩٧٦) لە ١٩٧٦/٧/١١ سەبارەت بەحوکمی شیهابی شێخ نوری و هاوڕێکانی. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٤).

* شاسوار جەلال کە بە (ئارام) ناسراوە، لەساڵی ١٩٤٧ لە سلێمانی لەدایك بووە، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بوو،

نەئەنـدامی سـەرکردایەتی کۆمەڵـە بـوو، وەنـە لـەلای سـەرکردایەتیەوە ڕاسپێردرا بوو، چووە مەیدانی خەباتەوەو دەست پێشکەری‌یەکی گرنگ‌و کاریگـەری کـرد، ئـەوەی کـە سـەرکردایەتی کۆمەڵـە بـەرێکخراوێکی ڕێك‌و پێـك ئـەبوو ئـەنجامی بدایـە. ئـەم بـەرێکخراوێکی لێـدراو و لـەت‌و پـەت کەوتەجێ بەجێ‌کردنی.

تەقەلاکانی ئارام بە کۆمیتەو ڕێکخراوو شانەکانی کۆمەڵەوە بەردەوام بـوو، ئەوەنـدەی بـۆی دۆزرانـەوەو بـۆی بەیەکـەوە گرێ‌درانـەوە کـۆی کردنەوەو ڕێکی خستن‌و ئەوسەر دەمە هەر٠٠ شارێکی گەورە لیژنەیەکی هـەبوو بـەناوی کۆمیتـەی هەرێمـەوە، لەنوێنەرایـەتی هـەر کۆمیتەیـەك لیژنەیـەك پێکهێنـرا بـەناوی کۆمیتـەی هەرێمەکانـەوە. ئـەم کۆمیتەیـەش لەمانە پێکهاتبوو:-

١-شاسوار جەلال (ئارام)

٢-نجم الدين عزيز (سالار)

٣-ئازاد هەورامی (عادل)

٤-حکمەت محمد كريم (مەلا بەختیار)

٥-عبدالرزاق محمد سێگردکانی[١]

ئەم کۆمیتەیە ڕۆڵێکی مێژوویی گرنگی بینی و کەوتە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵـەو سـازدانی پێشـمەرگەو ئامـادەکردنی مـەفرەزەی چـەکدار. بـەڵام

---

لەرۆژی١٩٧٨/١/٣١ لە گوندی تەنگیسەری ناوچەی قەرەداغ بە دەستی جاش شەهید کرا.

[١]چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا بەختیار، لە ٢٠٠١/٣/١٤ لە سلێمانی؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كوردستان العراق، ص٣٣٨

کۆمیتــەی هەرێمــەکان ســەرکردایەتیەکی کــاتی و لاواز بــوو، چــونکە ئەندامـەکانی جگـە لـە (ئـارام) ئـەوانی دیکـەیان لـەڕووی تەمـەن و کـاری سیاســی و ســەربازیەوە گــەنج و کــەم ئــەزمون بــوون و لەئاســتی پێویســتیەکانی جولانــەوەی گــەلی کــورد و گەشــەپێدانی کۆمەڵــەو پێکهێنانی دام و دەزگای پێویستی شۆڕش دانەبوون، بۆیە تا ماوەیەکی درێژخایەن نەیانتوانی باوەڕو متمانەی بەشی زۆری ئەندامەکانی کۆمەڵە و جەماوەری کورد بەدەست بێنن، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە ئیدی کۆمەڵە کەوتبووە خەباتی چەکداری و سیاسی ئاشکرا. [1] بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمیتەی هەرێمەکان چەند کارێکی گرنگیان ئەنجامدا :

١-ئەندامــەکانی کۆمەڵــەیان رێکخســتەوە و لەگــەل زۆری ئەوانــەی خۆیان شاردبووەوە و ئەوانەی ئاشکرا نەبووبوون، پێوەندیيان دروست کـرد و هـەموو ئـەو شـانەو هێلانـەیان پێکـەوە گرێدایـەوە کـەمابوون و کۆمیتـەیان لەشـارەکاندا دامەزرانـدەوەو کەوتنـە راکێشـانی تێکۆشـەرانی تازە.

٢-پێوەنــدیيان لەگــەڵ چــەندین ئەفســەری شۆڕشــگێڕو کــادری پێشمەرگایەتی دروست کرد و داوایان لێکردبوون خۆیان ئامادەبکەن بۆ چوونە شاخ.

٣-پێوەندیيان لەگـەل دەسـتەی دامەزرێنـەری (ی.ن.ك) لـە دەرەوەو بەتایبەتی لەگەل مام جەلال دروست کرد[2].

---

[1] کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بلاوکراوەی ناوخۆ، ژمارە (٢)، ل١٠.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە...ل٦٤.

جگە لە ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان، چەند کەسێکیتریش هاوکاری زۆرو کاریگەریان کردبوون بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانیان لەوانە :

جەمالی عەلی مەعروف (جەمالە رەش)و ئیبراهیم ئەحمەد هەریەکەی جارێك چوون بۆسوریا و نامەی کۆمەڵەیان بردبوو بۆ دەستەی دامەزرێنەر و (عوسمانی مام برایم)یش چەند جارێك چوو بۆ عەممان. لەو ماوەیەدا (ئارام) ژمارەیەك لە بەیاننامەو بڵاوکراوەی دەرکرد، لەوانە (پەیرەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان). بۆچونەکانی کۆمەڵە لەسەردەمی خەباتی چەکدارانەدا لەچەند خاڵێکدا خۆی دەبەستەوە:-

١-لەئەنجامی سیاسەتی رەگەز پەرستانەو شۆڤینیانەی دەسەلأتدارانی بەعسی بەغدا بەرامبەر بە کوردستان، هەستێکی نەتەوایەتی لای زۆربەی جەماوەری کورد دژ بەو سیاسەتە دروست ببوو کە تێبینی ئەوە دەکرا لەماوەیەکی کورتدا سەرلەنوێ بزوتنەوەیەکی جەماوەرییانەی چەکدارانە لە چیاکانی کوردستان دەست پێبکاتەوە. بۆیە کۆمەڵە پێی وابوو گەر خۆی دەست پێشخەر نەبێت ئەوا دوور نییە ژمارەیەك لەو دەستەو رێکخراوانەیپێشووتر کە لەگەڵ ئایدیاو بۆچوونەکانی کۆمەڵەدا ناگونجێن سەر لەنوێ دێنەوە سەر شانۆی کوردایەتی و هەلە مێژوویی یەکە بۆ خۆیان دەقۆزنەوەو دیسانەوە لە چوار چێوەی هەمان رێباز و فیکری کلاسیکیانەی خۆیاندا کۆنترۆڵی گۆڕەپانی کوردستان دەکەن و کوردی ژێردەستە بەرەو هەمان چەواشە کردن و ژێرکەوتن دەبەن.

٢-حکومەتی عیراق بەپەلە بوو لە گۆڕینی روخساری نەتەوایەتی کوردستانو بەعەرەبو بە بەعسیکردنی و راگواستنی خەڵکەکەی،

ئەیانویست لەماوەیەکی کەم داگیانی نیشتمان پەروەریو شۆڕشگێڕی لەناو خەڵك دابمرێنن و تۆوی دوو دڵی و بڕوانەبوون بەخەبات کردن و بەیەکتری بچێنن، بەیەکجاری ناوی کورد و کوردستان بسڕنەوە، کۆمەڵە بۆ پەککستنی ئەم پیلانەو هەڵوەشانەوەیو بەرگری کردن لەروخساری نەتەوایەتی، ڕێگای خەباتی چەکداری بەراست زانی و هەڵی بژارد.

٣-بڕوابوون بەوەی کە لەرەوتی خەباتی چەکدارانەدا ئەتوانری خەبات بۆ پێکهێنانی حزب بکات، بڕوای بەوە هەبوو کە بەبێ حزبی پێشڕەو ئامانجەکان بەدی نایەن. بەڵام ئەتوانرێ بەبێ حزب شۆڕش بکرێو کۆمەڵە باشتر گەشە بکات وەزیاتر بتوانێ لەجەماوەر نزیك ببێتەوەوەو هانیان بداو وشیاریان بکاتەوەو ڕێکیان بخات، ئەم بۆچونانە بوونە هاندەرێك کە کۆمەڵە بەگەرمی پێشوازی لەبانگەوازی (ی.ن.ك) بکات بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانە شان بەشانی رەوتە رزگاریخوازو شۆڕشگێڕەکانی تر. هەر چەندە بەچاکی و بە وردیزەمینەی بۆ ئەم کارە مەزنە خۆش نەکردبوو.[1] لەهەمان کاتدا کۆمەڵە چەقی کارەکانی خستبووە سەر خوێندەواران و زانستگاکانو کۆنە ئەندامەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی، بە پێچەوانەی ئەمەوە نەیتوانیبو وەکو پێویست رەگ لەنێو پاڵەو رەنجبەر و کرێکار و دێهاتەکاندا دابکوتێ. چونکە زۆرینەی ئەندامەکانی لە دەستەی وردە بۆرژوازی کورد پێکهاتبوون[2].

---

[1] ج. صادق: خەباتی چەکدارچۆن تێئەگەین ؟ گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە (٥)، هاوینی١٩٧٩ل١٣.

[2] کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان: بڵاوکراوەی ناوخۆ، ژمارە (٢)، ل٣.

## ٢-بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

بیرۆکـــەی دامەزرانـــدنی بزوتنـــەوەی سۆسیالیســـتی کوردســـتان لەئەنجامی زنجیرەیەك کۆبونەوەی بەشێك لەکادرو سەرکردەکانی شۆڕشی ئـەیلول سـەری هەڵـدا، کـە لـەدوای هەرەسـی ١٩٧٥ پـەنایان بردبـوە بـەر ئێران.

یەکـەمین کۆبونـەوەی ئـەو تێکۆشـەرانە لـە نیسـانی ١٩٧٥دا لـە ورمـێ لـەماڵی (عومـەر دەبابـە) بەسـترا[1]. بەشـداربوانی پێـك هـاتبوون لـە (علـی عەسکەری، د. خالـد سعید، علـی هـەژار، ابـراهیم احمـد، کـاردۆ گـەلاڵی، جـەمال ئاغـا، رەسـول مامەنـد، مـەلا ناصـیح، عـومر دەبابـە، عبـدالرحمن گۆمەشینی، ملازم تاهیری علی والی، سەلیم ئاغۆك‌و کەمال محی الدین‌و ...)[2] لەو کۆبونەوەیەدا* بڕیار لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوەدرا :-

١-کۆبونەوەکە گەیشتە ئەو دەر ئەنجامەی کەلەچوارچێوەی خـەباتی سیاسـی‌دا دژ بـە رژێمـی دەسـەلاٌتداری بەغـدا کـار بکـەن. دوای هەرەسـی شۆڕشی ئەیلول و بەپێی رێککەوتننامەی جـەزائیر شـای ئێـران رێگـەی بە پەنابەرە کوردەکان نەئەدا کە بەهیچ شێوەیەك چالاکی سیاسی‌دژی رژێمی بەعس ئەنجام بدەن. لەبەر ئـەوە زۆربـەی بەشـداربووان بڕیاریانـدا سـود لـە

---

[1] چاو پێکەوتن لەگەڵ جەمال حکیم ئاغا لە ٢٠٠١/٩/٣، لەسلێمانی.

[2] بەهرۆز گـەلاڵی: رەسـول مامەنـد، ٥٠ سـاڵ تەمـەن‌و ٣٣ سـاڵ خـەبات، ل٢٩؛ بـرزۆ عـەلی هـەژار: شـەهیدی سـەرکردە عـەلی هـەژار، ژیـانی و خـەباتی سیاسـی، ١٩٩٣، هەولێر، ل٩؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة في کردستان العراق، ص٤٧٨ .

* جەمال حکیم ئاغا دەڵێ بەشداربووانی ئەم کۆبونەوەیە ژمارەیان نزیکـەی (٢٠)کـەس دەبوون. چاو پێکەوتن لەگەڵ ناو براو لە ٢٠٠١/٩/٣لەسلێمانی.

لێبوردنی عێراق وەربگرن و بگەڕێنەوە وولات و لەوێ چالاکیەکانیان ئەنجام بدەن. هەر بۆیە زۆربەیان گەڕانەوە بۆ عێراق. [1]

٢-پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان، بیرو بۆچوونی جیا جیا لەناو ئەو کۆبوونەوەیەدا هەبو. زۆربەیان پێیان وابوو کە دەبێ بەزووترین کات حزبێك لەکوردستان دروست بکرێ، [2] ئەو زۆربەیە پێیان وابوو کە " دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی روخاو مەیدانی خەباتی چۆڵ کردو سەرکردەکانی هەلاتن و میللەتیان بەجێ هێشت. بێ ئەوەی هیچ رێگەیەکیان بۆ دیاری کردبێت، بەتایبەتی لەو کاتە ناسکەو پڕ مەترسیەدا کە کورد زیاتر پێویستی بە کۆکردنەوەو راست کردنەوەو رابەری هەبوو". [3]

٣-ئەم تێکۆشەرانە بەهەڵسەنگاندنی رەوشی خەباتی رابردوو گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی "سەرکردایەتیەکەی ئەوسای شۆڕشی کورد لەدوای رێکەوتنە شومەکەی جەزائیر لەنێوان عێراق و ئێران دا دەرئەکەوێت نەك هەر نەیتوانیبوو رابەری خەباتی چەکدارانەی گەلی کورد بکات و بڕیار لەسەر بەرگری کردن بدات، بگرە نەشی هێشت پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکان بەرهەلستی ئەو هەلو مەرجە بکەن، خۆیان

---

[1] صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، ص ٤٨٥.

[2] رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، وبەرگی یەکەم، ل٦٢.

[3] یەکەم بەیانی لێژنەی ئامادەکاری بزووتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان لە ئابی ١٩٧٦، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧)؛ راپۆرتی سیاسی یەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان-عیراق، لە ٢١-١٥ ئایاری ١٩٨١، ل٨.

**رێکخەن لەپێناو رزگاری کوردستانو بەدی هێنانی ئاواتەکانی گەلی کورددا"[(١)] هەر بۆیە پێیان وابوو سەرکردایەتی بارزانی بەو رێبازە سیاسیە چەوتەی کە لەچەند سالی رابردوودا رێڕەوی دەکرد، جولانەوەی کوردی تووشی هەلدێر کردبوو،* و لەهەمان کاتدا رێکخستنەوەی پارتی لەسەر بنچینەیەکی پێشکەوتووخواز، بەدۆستایەتیکردنی لەگەڵ بەعسو بەشداری کردنیلەدامو دەزگا ئۆتۆنۆمییەکانیدا، ئەکرێ هەندێ لەدەسکەوتەکانی کورد بپارێزرێ.[(٢)] خاوەنی ئەم بۆچوونانە بیانویان بۆ ئەو بیروڕایانەیان دەدۆزیەوە، بێخەبەرلەوەی کە حکومەتی عیراق رازی نەبوو لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی دا نوستاندن بکات پاش ریککەوتننامەی جەزائیر.**

---

[(١)] یەکەم بەیانی لێژنەی ئامادەکاری بزووتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان لە ئابی ١٩٧٦.

* جەمال ئاغا دەڵێت: لەکۆبوونەوەکەی ورمێدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وتی "ئێمە هەوڵ بدەین شتێك بکەین بەهیچ جۆرێك لەگەڵ جەنابی مەلامستەفا استدام نەکەین، بیر لەوە نەکەینەوە کەوا استدام لەنێوان ئێمەو ئەوانا ببێ. ئەوانە پارتین، من پێم وایە بیر نەکەینەوە کە پارتیبین، بەلکو بیر لە رێکخستنێکی نوێ بکەینەوە. و سەیری بارودۆخ بکەین، ئەگەر بارودۆخ باش بوو، و حکومەتێکی دیموکراتی هەبوو لەعیراقدا و دیموکراتیەت وجودی هەبوو لەعیراقدا ئێمە هەتا مۆلەتیش وەربگرین بۆ حزبەکەمان. ئەمە باشترە لەوەی خۆمان ناوبنێین پارتی و ئەوانیش پارتیبن و وەك جاران ململانێ دەست پێبکاتەوە. ئەمە هیچ سودی بۆ کورد نابێ". جەمال ئاغا دەڵێت: سەرجەم بەشداربووان هاوڕابوون لەگەڵ ئەم بۆچونەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دا. (چاوپێکەوتن لەگەل جەمال حەکیم ئاغا لە ٢٠٠١/٩/٣).

[(٢)] –نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە، ل٤٤.

ژمارەیەکی زۆر لەو کادیرانە کە پاش هەرەس گەڕابوونەوە عێراق، هەندێکیان دوور خرابوونەوە بۆ خوارووی عێراق، وەهەندێکیشیان لەشارەکانی کوردستان بوون. لەوانە:د. خالد سعیدو سەعدی عەزیز لە (بەغدا) بوون، عمر دەبابەو سەید کاکە لە (رمادی) بوون، عەلی عەسکەری لە (رفاعی)و تاهیری عەلی والی لە (عمارە) بوو.[1]

ئەم تێکۆشەرانە لەهاوینی ١٩٧٦دا، پاش ئەوەی هەندێ پێوەندیان لەگەڵ یەکتریدا بەستو دانیشتنو لێکدانەوەی هەلو مەرجی ئەو کاتەی کوردستانیان خستەبەر باسو لێکۆڵینەوە. بەدەست پێشخەری (سەیدا ساڵح یوسفی)و بەشداری ژمارەیەك لەکادیرو سەرکردەی هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، (بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)یان دامەزراندو یەکەم بەیانی لەئابی ١٩٧٦ دا ڕاگەیاند. (٢)دەستەی دامەزرێنەری (بزووتنەوە) سەرەتا پێکهاتبوو لە:

١-سەیدا ساڵح یوسفی

٢-عەلی عەسکەری

٣-د. خالید سەعید

٤-ملازم تاهیر عەلی والی بەگ

---

[1] -هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عێراق لەماوەی دوو ساڵدا، لەبڵاوکراوەکانی (ی.ن.ك)، مایسی ١٩٧٨، ل٢٧.

[2] یەکەم بەیانی لێژنەی ئامادەکاری بزووتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان لەئابی ١٩٧٦، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧)؛ نامەیەکی قادر عەزیز بۆ توێژەری بابەتەکە لەرۆژی (٢٠٠١/٢/١٨)؛ عبدالسلام علی: صفحات من نضال الشهید صالح الیوسفی، ص٢٧.

٥- سعدی عەزیز (سعدی گچکە)

٦-عمر مستەفا (عمر دەبابە)

٧-رسول مامند

٨-علی عبدالله علی (علی هەژار)

٩-عارب عبدالقهار (کاردۆ گەلاڵی)

١٠-مەلا ناصح اسماعیل ئەحمەد [١]

یەکەم بەیانی دامەزرێنەری بزوتنەوە لەرێی (کەریمی حیسامی)ەوە لە (بەیروت) چاپ کرا.[٢]

بزووتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان، وەك لەبەیانی دامەزراندنیدا هاتووە: "بزووتنەوەی کرێکارو جووتیارو شۆڕشگێڕەکانی کوردستانە لەسەر رێبازی پێشکەوتووانە، علمیانە خەبات ئەکات بۆ گەیاندنی کورد بەمافی چارەنووس..."[٣] هەروەها بەپێی بڵاوکراوەکان، بزووتنەوە رێکخراوێکی چەپی دیموکراتی شۆڕشگێڕەو باوەڕی بەمارکسیزمو سۆسیالیزمی زانستیو دادپەروەری کۆمەڵایەتیو مافی چارەی خۆنووسینو گرێدانی خەباتی نەتەوایەتیو خەباتی چینایەتی/ کۆمەڵایەتی هەیە.[٤]

---

[١] -صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، ص٤٨٦.

[٢] -کەریمی حسامی: بیرەوەرییەکانم، بەرگی پێنجەم، ل.

[٣]یەکەم بەیانی لیژنەی ئامادەکاری بزووتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان لە ئابی ١٩٧٦.

[٤] نامەیەکی قادر عزیز بۆ توێژەر لەرۆژی (٢٠٠١/٢/١٨).

بزووتنــەوە لــەو ســەردەمەدا وەك ڕێکخراوێکــی پێشــکەوتووخوازی شۆڕشگێڕ هاتە مەیدان بۆ ئەوەی ئەرکێکی قورس و گران جێبەجێ بکات، کــە بریتــی بــوو لەیەکخســتنی ڕیــزە پــەرش و بڵاوەکــانی بزووتنــەوەی رزگــاریخوازی گــەلی کــوردو چەســپاندنی رێبــازێکی پێشــکەوتوخوازو دیموکراســی لەشۆڕشــداو[1] دامەزراندنــەوەی پێوەنــدی لەگــەڵ هێــزە نیشـتمانی و دیموکراتیـەکانی کوردسـتان و عێـراق و ناوچـەکەو جیهانـدا، هەروەك لەیەکەم بەیان داهاتووە :

"بزووتنەوە تێئەکۆشێ لەپێناوی یەکگرتنی هەموو ڕێکخـراوو هێـزە نیشتمانیە پێشکەوتوخوازەکانی کوردستان لەبەرەیەکی کوردستاندا، تـێ دەکۆشێ لەپێناوی بەهێزکردنی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ هێزە نیشتمانیە پێشــکەوتووخوازەکانی عێــراق و پێکهێنــانی بەرەیــەکی نیشــتمانی راستەقینە بۆ دەستە بەرکردنی مافەکانی گەلی عێراق و بەستنی پێوەندی هاوکاری لەگەڵ حزب و هێزە نیشتمانیە پێشکەوتووخوازەکانی عـەرەب لەژێر بناغەی مافی چارەنووسی گەلانی ژێردەستەو بەهێزکردنی پێوەندی هاوکــاری لەگــەڵ بــەرەی سۆسیالســت بــۆ پشــتگیری خــەباتی گــەلانی ژێردەستەی دنیا".[2]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەرلەوەی(بزوتنەوە)بەیانی دامەزرانـدنی خـۆی رابگەیــەنێ، لەئــەیلولی ١٩٧٥دا مــام جــەلال لەڕێگــەی (فەرەیــدون

---

[1] راپۆرتی سیاسی یەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان–عیراق، لە ٢١-١٥ ئایاری ١٩٨١، ل١٣-١٤.

[2] یەکەم بەیانی لیژنەی ئامادەکاری بزووتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان لەئابی١٩٧٦.

**عبـدالقادر)ەوە پێوەنـدی بـە علـی عەسـكەری و عمـر دەبابـە و د. خالیـد سعیدەوە كردبـوو.[١] بـەڵام لەبەرئـەوەی لـەو كاتـەدا سـەركردايەتی كۆمەڵـە تووشی شاڵاوی گرتن‌و راوەدوونان هاتن، وەك پێویست نەتوانرا كارەكان جێبەجێ بكرێن*.**

**لە ٨ی ئابی ١٩٧٦دا كۆمـەڵێك لەسـەركردەو كەسايەتیە ناسـراوەكان وەك :(د. خالید سعید، عـەلی عسكری، عمر دەبابە، سـەید كاكە، سعدی عزیز، تاهیری علی والی)، لەسەر داوای مام جەلال و دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك) شوێنەكانی خۆیان بەنهێنی بەجێ هێشت‌و بەرەو چیای قەنـدیل كەوتنە رێ بۆ دۆزینەوەو رێكخستنەوەو ئامادەكردنی دەستەی چەكدارو لەشاخەكانی كوردستاندا شۆڕشیان دەست پێكرد.[٢]**

---

[١] **المحـامي الشـيخ سـالار الحفيـد: علـى عسـكرىء الحكـم للتـاريخ، ص٤٧؛ چاوپێ كەوتن لەگەل مام جەلال، كوردستانی نوێ، ژمارە(١٢٥٨)٢/٦/١٩٩٦ .**

* **پێوەندیيـەكانی دەسـتەی دامەزرێنـەر لەگـەڵ د. خالیـد سـەعید بەشـێكی زۆری لـە رێگای (محمد مەعصوم)ی برای د. فوئاد مەعصومەوە بوو، كە دەچوو بۆ كوێت و لەوێوە د. فوئادی برای دەدیت و نامەو بەيان و پارەی لێ وەر دەگرت و تەسلیم بە د. خالیـدی دەكـرد. تەنانـەت محمـد مەعصـوم ئاگـاداری رۆژی دەرچـوونی د. خالیـد و عومـەر دەبابـە بوو، خالیـد سـەعید كلیلـی خانووەكـەی تەسـلیمی ئـەو كردبـوو و پێـی گوتبوو: ئاگاداری مام جەلال بكە كە ئێمە دەرچووين. (چاوپێكەوتن لەگەڵ د. فوئاد مەعصوم، لە ٢٠٠١/١٢/٦ لە سلێمانی).**

[٢] **هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی كوردستانی عێراق لەماوەی دوو ساڵدا، ل ٢٧.**

لەبەر ئەوە تەنیارێگە لەپێش بزووتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان دا ئەوبڕیارەبوو بەچەك ڕووبەڕووی ئەو پیلانەی ڕژێم ببێتەوە، دەبینین ڕوو دەکەنە شاخ و لەسەر داوای دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی و لە پاڵ مەفرەزەکانی کۆمەڵەداو شۆڕشیان ڕاگەیاند. [1] هەر سەبارەت بەو بارودۆخە نوێیە مام جەلال دەڵێت:-

"جگە لە کۆمەڵە و بزوتنەوە پێوەندیمان بەهەندێك کەسانی سەربەخۆوەکرد، وەکو خاڵە سەید مەجید لەهەولێر و هەندێ تێکۆشەری تر"[2]

دوای ڕاگەیاندنی (بزووتنەوە)، لە ١٩٧٦/١١/٦ دا عمر دەبابە عێراق بەجێ دێڵێ و دەچێتە دیمەشق، و وەك نوێنەری بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان دەچێتە ریزی دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك)ەوە. [3] بەمە (بزووتنەوە) یەکەمین ڕێکخراو بوو دوای کۆمەڵە کە بەپیربانگەوازەکەی (مام جەلال)ەوە چوو، لەریزەکانی (ی.ن.ك)دا شان بەشانی کۆمەڵە خەباتی چەکداری درێژە پێدا. [4]

---

[1] بەهرۆز گەلالی: رسول مامند ٥٠ ساڵ تەمەنو ... ل١٣.

[2] چاوپێکەوتنی مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە(١٢٥٨)٢/٦/١٩٩٦ .

(٣) عادل مراد: محاولة جادة جزء من تاريخ.... الاتحاد، عدد (٣٧٣)، ٩/٦/٢٠٠٠؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية فی كردستان العراق، ص٤٧٨.

[4] صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، ص ٤٧٨؛ ڕاپۆرتی سیاسی یەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان-عیراق، لە ٢١-١٥ ئایاری ١٩٨١، ل١٨.

سەبارەت بەهاتنەدەرەوەی ئەو کەسایەتیانە مام جەلال دەڵێت:"ئەو برادەرانە هاتن ببنە ئەندام لە (ی.ن.ك)دا، ئێمە مەرجێکمان لەسەریان دانا کە ناوی خۆیان بگۆڕن، ئەو دەمە دژی ناوی سۆسیالیستیدیموکراتی بووین. سۆسیالیستی دیموکراتمان پێکردنە سۆسیالیست گوتمان چونکە سۆسیالیسی دیموکرات دژی خەباتی چەکدارەو گوتمان ئێوە سۆسیال دیموکرات بن کەواتە خەباتی چەکداریتان بەلاوە پەسەند نیە ئەگەر ئێوە ئەوەبن مانای خەباتی چەکداری ناکەن لەبەر ئەوە دەبێت بڵێن ئێمە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانین "[1]

بەڵام هەر لەسەرەتای دروست بوونی، بزووتنەوەهەندێك گیرو گرفتی تێدا تێبینی دەکرا. وەك:-

١-نەبوونی یەك ئایدیاو بیرو بۆچوون لەنێو سەرکردایەتی بزوتنەوەدا لەروی فیکری و سیاسیەوە هەموو هاوئاهەنگ نەبوون. لەوانە دەستەیەکیان هەڵگرانی بیری مارکسی-لینینی و ژمارەیەکی دیکەیان سۆسیال دیموکرات و گرۆیەکی دیکەیان هەڵگرانی بیری نەتەوەیی بوون". [2] ئەم هەم نا ئاهەنگیە گیرو گرفتێکی زۆری لەو دۆخەناسك و ئاڵۆزەدا دروست کردبوو.

٢-زۆربەی کادیرە سیاسیو سەربازییەکانی بزوتنەوە لەوانەبوون کە پێشتر لە ریزەکانی شۆڕشی ئەیلولدا بوون، ئەوانی دیکەشیان لەو کەسانە بوون کە سەر بەباڵی مەکتەبی سیاسی بوون. هەر پاش ئەوەی کە

---

[1] چاوپێکەوتنی مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە(١٢٥٨)٢/٦/١٩٩٦.

[2] رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم، ل ٦٢.

بزوتنـەوە بـووە ئەنـدامێکی (ی.ن.ک) ئـەو بۆچـونە جیاوازانـە بـە ئاشـکرا دەبینران.[1]

٣- هەڵبەت ئەوناهەماهەنگیە فیکری و سیاسی‌یە ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی هەبوو، بۆ وێنە : سەیدا ساڵح یوسفی و عەلی هەژار کە دوو لە سەرکردە ناسراوەکانی بزوتنەوە بوون، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هەر چەندە بزوتنـەوە ئەنـدامێکی نـاو (ی.ن.ک) ە، بـەڵام پێویسـتە لـە پێوەنـدی کردنیانـدا لەگـەڵ گـروپ و لایەنـە سیاسـی یـەکانی دیکـەدا سـەربەخۆیی‌یەکی تـەواویان هـەبێت. کـە ئـەم رایـە بەپێچـەوانەی بۆچـونەکانی د. خالیـد سـەعید و عـەلی عەسـکەری و هەنـدێکی دیکەوەبوو.[2]

لەمـەش بـترازێ سـالح یوسـفی کـە بـەناو سـەرەو کـاری بزوتنـەوەی دەکـردو* لـە بەغـدا دادەنیشـت ئەو رۆڵـە کاریگەری‌یـەی نـەبوو بـە رێـژەی

---

[1] بەهرۆز گەلاڵی: رەسوڵ مامند. ٥٠ ساڵ تەمەن‌و ... ل٣٢.

[2] هەمان سەرچاوەی.. ل، ٣٣، ٦٣.

* - جمال حکیم ئاغا دەڵێت: ئەو سەردەمە لێپرسراوی رێکخستنەکانی سلێمانی بووم، رۆژێك هاتن بەدواما لە کەرکوکەوە، وتیان حەزدەکەین سەرێك لە سەیدا ساڵح یوسفی بدەین لە بەغدا، چومە سەردانی، هەستم کرد ئەو خەتە لەدەوری ئەو کۆبونەتەوە، هەندێك لە هەڤالانی کەرکوك پێشتر پەیوەندیان لەگەڵ مندا هەبوو وردە وردە پێوەندیان لەگەڵ منا کەم کردبۆوە و چوبونە لای سەیدا ساڵح یوسفی، وادیار بوو ئەوان وەك سکرتێری حسابیان بۆ کرد، بەڵام ئەم مەسەلەیە نەگەیشتبوە لای ئێمە لە سلێمانی، بەرەسمی یا بە کۆبونەوەیەکی تایبەتی پێمانی رابگەیەنن و لەگەڵ منا باس بکەن. سەیدا ساڵح هەر ئامۆژگاری دەکردین و دەیوت پێویستە ئەو خەڵکە هان بدەین و لە دەوری بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانا کۆی بکەینەوە و

ئەندامــەکانی دیکــەوە کــە لــە چــیاکانی کوردســتان بــوون. لەلایــەکی دیکەشەوە سالح یوسفی باوەڕی بە سیاسەتی(الباب المفتوحە)هەبوو کە دەبێت دەرگەی وتووێژکردن لەگەڵ بەغدا دا بۆ هەمیشە کراوەبێت.[1]

---

ڕێکــی بخــەین. لــەوە زیــاتر ئێمــە وەك خــەتی ســلێمانی ئاگــاداری چــۆنیەتی بــوون بەسکرتێری سەیدا ساڵح یوسفی نەبووین. (چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال حکیم ئاغا لە ٢٠٠١/٩/٣ لە سلێمانی).

[1] ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم، ل٦٣.

## ٣-هێڵی گشتی

هێـزی بنچـینەیی پێـك هاتـەی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوو لە ناوەوەی وڵات و لە دواتردا بزوتنـەوەی سۆسیالیستی کوردستانیش چووە پاڵی، بەڵام جگە لەم دوو باڵە کۆمەڵێك تێکۆشـەری تـریش هـەبوون لـەناو یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان دا خـەباتیان دەکرد و لـە هـیچ کـام لـەم دوو ڕێکخـراوە نـەبوون. ئەوانـەش بە هێڵی گشتی (خەتی پان) ناسرا بوون.

لـەم بارەیـەوە مـام جـەلال دەڵێت : "یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوو بەسـێ بـاڵی سـەرەکی، باڵێکیـان کۆمەڵـە بـوو، باڵێکیـان بزوتنـەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوو، باڵەکەی تریشیان ئـەو کەسانە بوون کـە نەبزوتنـەوەو نـە کۆمەڵـە بـوون و ناومـان لێ نـابوون (خـەتی گشـتی) کـە هەرکەسێك بەرنامـەی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان قبـوڵ بکـات ئـەوا دەبێتە ئەندام لەو یەکێتی یەدا ". [١]

لـە بەیانی یـەکگرتنی بزوتنـەوەو هێڵـی گشتیدا هـاتووە کـە : هێڵـی گشـتی ئـەو کەسـانە بـوون کـە تـەنها بـیرو بـاوەڕی یـەکێتییان هـەڵگرتبوو بەرنامـەو پـەیڕەوی یـەکێتییان قبـوڵ کردبـوو ئەنـدامی ڕاسـتەو خـۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون. [٢]

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەل مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٢٩٨) – ١٩٩٦/٦/٢ .

[٢] دەربـارەی یەکگرتنـەوەی خـەتی گشـتی و بزوتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان، ١٩٨٢، ل٣.

له سەرەتادا هێڵی گشتی زیاتر له سەرکردایەتی یاخود له نێو ریزی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی‌دا هەبوون و هیچ بنکەیەکی رێکخستنی ئەو تۆیان نەبوو، چونکه لەناو وڵاتدا هێشتا رێکخستنەکانیان دروست نەکردبوو، بەڵکو له دواتردا واته له ساڵی ١٩٧٧ به دواوه رێکخستنەکانی هێڵی گشتی لەناو وڵاتدا گەشەی کردو گرنگی پێدراو شانەو کەرتی رێکخستنی تایبەتیی هێڵی گشتی دروست کرا.

هەڤاڵان (عومەری شێخموس، د. کمال فوئاد، د. فوئاد معصوم، عادل مراد، عبدالرزاق فەیلی). سەربه باڵی هێڵی گشتی بوون له نێو دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا.

# باسی سێیەم:
# بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## ١- بەرنامەی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان:

هاتنەکایەو دامەزراندنی (ی.ن.ك) لەو سەردەمەدا بەرهەمی پێگەیشتنی بیرێکی شۆڕشگێڕانەو واقیعی بوو دەربارەی بزوتنەوەی رزگاری خوازیی گەلی کورد، ئەم رێکخراوە زۆر بیرو بۆچونی دیموکرات و پێشکەوتنخوازو چەپی تیابوو، کە پارتی یەك بەتەنها نەیدەتوانی هەموویان بگرێتە خۆی، هەروەك لەدایك بوونی یەکێتی پەی بردنێکی هۆشیارانە بوو بە پێداویستیەکانی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیەکی زۆرلێکراو، ئەو پێداویستیانەی یاسایەکی زانستیی گشتی کۆی کردبوونەوە.[1] لەپرۆژەی بەرنامەو پێرەوی ناوخۆیداهاتووە کە:

"(ی.ن.ك) یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی تێکۆشەران و تاقمە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانە بەشێوەی بەرەیی، کە رێگە ئەدات بە پێکەوە ژیان و خەباتی پیل (تیار)ی کورد پەروەر، دیموکرات، پێشکەوتنخوازو مارکسی —لینینی بۆ هێنانە دی بەرەی یەکگرتوی چینەکانی کرێکاران و جوتیاران و هاوپەیمانەکانیان: بۆرجوازی بچوك و بۆرجوازی نیشتمانیی پێشکەوتوو بۆ لەناو بردنی یەکجارەکی دەسەلاتی ئیمپریالیزم و دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی و زایۆنیزم و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری بیرۆکراتی، وەهێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕشی نیشتمانی دیموکرات

---

[1] یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆچی؟.. ل٣، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣٠)

لەسەرانسەری عیراقدا بەدابین کردنی مافی ئۆتۆنۆمیشەوە بۆ کوردستان.[1]

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە "هەڵکەوتێکی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازانەی هەبوو"،[2] هێڵێکی فکری پێشکەوتنخوازانەو گوتارێکی چەپی تەبەنی کردوە. ئەم گوتارە چەپخوازە نەك تەنها لەسەر پێکهاتەکەی، نەك تەنها لەئاستی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی روانین بۆ پێکهاتەکانی کوردەواری رەنگی دابۆوە، بەڵکو لەسەر ئاستی ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانی لەبواری شێوازەکانی خەبات و ئینجاش بازنەکانی پێوەندی شۆڕش بەدەوروبەریەوە[3] کە ئەمانە هەموو رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی هەبوو.

ئەم شێوازە نوێیەی خەباتیش خوازیاری فەلسەفەو فیکرێکی سیاسی هاوئاهەنگ و دەربڕی خۆی دەکرد لەدیاری کردنی ئامانجە ستراتیژیەکانی دا. لێرە (ی.ن.ك) یەکەمین بنەمای کاری سیاسی حزبایەتی لەسەر بنچینەی تێڕوانینی فکری نوێ و دیاریکردنی چەمك و ئاراستەکانی شۆڕش لەبەر رۆشنایی ئەو فکرەدا بەپێی هەل و مەرجی ئەو کاتەدا ڕشت.

---

(1) الاتحاد الوطنی الکوردستانی: حول الحرکة التحرریة للشعب الکردي في کردستان العراق، ص٦٩، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٩)؛ حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة فی الشرق الاوسط، ص٢٨٤.

(2) ئازاد مستەفا: کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی، ل٧٣.

(3) ستران عبدالله: چەند سەرە قەلەمێکی تر دەربارەی ئەدەبیاتی کوردایەتی، رێبازی نوێ، ژمارە (١٩)، ل٧٦.

دیاره ئەو ئایدۆلۆجیایەی لەو قۆناغەدا دەیتوانی ببێتە دەربڕی ئەو چەمکە شۆڕشگێڕییە ئایدۆلۆجیای پێشکەوتنخوازی (مارکسیزم) بوو، کە بووە سەرچاوەیەکی کەلتوریو تیۆری زیندووی خەباتی رزگاریخوازی گەلان لەو ساتانەدا. دیارە هەموو ئەو بالانەی کە یەکێتی یان پێك هێنا کۆك بوون لەتێڕوانینی پێشکەوتنخوازی بۆ کێشەی سیاسی کورد ئەگەرچی لەنێوایاندا کۆمەڵە زیاتر پێ داگرترو توندڕەوتر بوون لەو مەسەلەیە. ئەمەش (ی.ن.ك)ی کرد بووە گۆڕەپانی جەدەلی فیکری بەردەوامی دیدی جیاواز. بەلام ئەمانە رێگر نەبوون لەبەردەم دیاریکردنی ئامانجو ستراتیژو دیاریکردنی ئەو قۆناغەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا،[1] ئەگەرچی پتر لەهێلێکی چەپ لەو ماوەیەدا کاریگەری خۆیان بەسەر سیاسەتی یەکێتییەوە هەبوو، بەلام دیارترینیان ئەندێشەی (ماوتسی تۆنگ) بوو کە لەدونیای سێدا برەوی هەبووە سەبارەت بەوەی هەردوو پرسی چینایەتیو نەتەوەیی پێکەوە گرێ دەدا.

(ی.ن.ك) توانی پێناسەی چینو توێژەکان بکاتو ئەرکو جۆرو ئاستی بەشداربونیان لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورددا دیاری بکات. لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەرکی مێژوییو شۆڕشگێڕی خستە ئەستۆی جوتیاران وەکو یەکەم چینی فراوان و چەوساوەی کورد، ئەوچینەی کە شۆڕش لەناویاندا خولقا، چونکە (ی.ن.ك) پێی وابوو کە "بزوتنەوەی رزگاری گەلی کورد لەجەوهەردا بزوتنەوەی جوتیارانە کە زۆرایەتی گەلی

---

[1] د. فۆئاد مەعصوم: دامەزراندی ی.ن.ك لە ١٩٧٥/٥/٢٢ ئیعلان کرا، بەلام...کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٠٣)١/٦/٩٣.

کوردن، لەشکری رزگاریی شۆڕشگێڕیش زۆربەی هەر لەجوتیاران پێك دێت، ئەو خاکەی شەرەکانی جەنگی گەلیشی لێ ئەکرێت لادێی جوتیاران و شاخ و دۆڵ و ئەشکەوتەکانێتی، جا سەبارەت بەوەی کە بزوتنەوەی رزگاریخوازانە جەوهەرەکەی بزوتنەوەی جوتیارانە، بۆیە ئەبێ خەبات بکرێت بۆ رزگارکردنیان لەدەرەبەگایەتی..."[1] چونکە رزگارکردنی جوتیاران کارێکی پێویست بوو بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵ بەرەو پێشکەوتن و بوژاندنەوەی ئابوری و پیشەسازی. بەڵام جەوهەری جوتیارانەی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانیی شێوە نەتەوەییە رزگاریخوازانەکەی ناسڕێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە پشتگیری ئەکات، شێوەی نەتەوەیی رزگاریخوازانەی لەو تێکۆشانەدا ئەدرەوشێتەوە کە بۆ رزگارکردنی نیشتمان ئەکرێ لەدەسەڵاتی بێگانەو لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی گەلدا، بەهەموو چینە نیشتمانییەکانییەوە لەبڕیاردانی چارەنوسی خۆیدا.

(ی.ن.ك) پێی وابوو کە "جوتیاران زۆربەی زۆری گەلی کوردن و دانیشتوی فراوانترین بەشی کوردستانی نیشتمانن. ئەوان هێزی بنچینەی گەشەکردنی ئابوری دواڕۆژن، زۆربەی زۆری کرێکاران هەر لەوان پێك دێ و کەرەسەی خاوی زۆر پیشەسازی لەناوچەکانی ئەوانەوە ئەهێنرێت، خاکەکەی ئەوان خواردەمەنی بەرهەم دێنێ و لادێکانیان بازاڕی بەبرەوی ساغ کردنەوەی کەلوپەلی خۆماڵییە، لەبەرئەمانە جوتیاران هێزێکی سەرەکی شۆڕشی رزگاریی نیشتمانیی دیموکراتین، بەڵام جوتیاران

---

[1] یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ ل٤-٥.

چینێکی کۆمەڵایەتی هاوشان نین بگرە لەچەند توێژێکی چینایەتی جیاجیا پێك هاتوون. جوتیاران دەوڵەمەندیان تیایە، لەناو ئەم توێژە کۆمەڵاتیانەدا، کرێکارانی کشتوکاڵو جوتیارانی هەژار لەهەموو تاقممە لادێیەکانی تر شۆڕشگێڕترن، لێهاتووترن بۆ شۆڕشو درێژە پێدانی، جوتیارە ناوەنجییەکان نزیکترین هاوپەیمانن. جوتیارە دەوڵەمەندەکانیش دۆستن بەڵام ڕاڕان". [1]

لەپاش ئەمانیش، کرێکارانو زەحمەتکێش دەهات کە (ی.ن.ك) پێی وابوو "چینی کرێکار نزیکترین چینی کۆمەڵایەتییەو هەمیشە لەپێگەیشتنو گەشەکردن دایە، ژمارەی لەزیادبوون دایەو لەروی چۆنایەتییەوە چاکتر ئەبێت. بەرژەوەندی ئەم چینە لەرزگارکردنی نیشتمانو بەدیهێنانی بنەڕەتیو ریشەیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی دایەو بەرژەوەندییە گرنگەکانی پێچەوانەی هەموو جۆرە ئازاردانێکی نەتەوایەتیو چەوساندنەوەیەکی چینایەتیو جیاوازیەکی کۆمەڵایەتیو ئاییزییە، لەهەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانی تر شۆڕشگێڕترە، لەهەمویان زیاتر توانای ڕێکخستنو خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەیە لەهەموویان کارامەترە بۆ پشودرێژیو خۆراگرتنو خاوەن گیانێکی تێکۆشەرانەی شۆڕشگێڕانەیەو خاوەنی تیۆرێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕانەیە کە ڕێبازی بەردەمی بۆ روناك دەکاتەوە. ئەمانە وای لێکردوە لەهەموو چینەکانی کە زیاتر شایستەی گێڕانی رۆڵی

---

[1] یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ ل٦.

پێشـــڕەوی شۆڕشـــگێڕ بێـــت لەبزوتنـــەوەی ڕزگـــاری نیشـــتمانی دیموکراتیدا". [1]

ئینجا لەدوای ئەوە وردە بۆرجوازی شارو لادێ دەهات کە بریتی بوو لەڕۆشنبیر، کاسبکار، پیشەگەر، خوێندکار، موچەخۆری بچوك، مەلا هەژارەکانو جوتیارانی ناوەنجیو بۆرجوازی بچوك، هێزێکی پێشکەوتنخوازەو بەشە ڕوناکبیرەکەی (ڕۆشنبیرانو خوێندکارانی شۆڕشگێڕ) ڕۆڵێکی گرنگو بایەخدا لەراپەڕاندنو هۆشیارکردنەوەی کرێکارانو جوتیاراندا ئەگێڕێت. ڕۆڵی هەڵگرتنی مەشخەڵ ئەبینێ لەخەباتی ڕزگاریی نیشتمانیدا، وە ئەگەر لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانو جوتیارانو ڕەنجدەرانی تر تێکەل ببێ هێزێکی شۆڕشگێڕی کاریگەرو بەتوانا پێك دێنێ و زۆر کەسی سەرکردەیی و پێشڕەوی تیا هەڵئەکەوێت. [2]

بەپێی لێکدانەوەی (ی.ن.ك) لەدوای ئەمە ئینجا بۆرجوازی نیشتمانی دەهات کە بریتییە لەبازرگانی، دەوڵەمەندی نیشتمان پەروەرو خاوەن پیشەسازیو پارێزەر، ئەندازیار، دکتۆر، بەڕێوەبەرایەتی دەزگاو کۆمپانیاکانو جوتیارە دەوڵەمەندەکانی لادێ. ئەم چینە لەسەرێکەوە بەهەستێکی نەتەوایەتیو لەسەرێکی ترەوە بەزۆر بەتەنگەوە هاتنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە ئەناسرێت، دژی دەسەلاتی بێگانەو چەوساندنەوەی نەتەوایەتییە، بەلام لەبەرئەوەی چینێکی کۆمەڵایەتی

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦-٧.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

فشۆڵو لاوازو بێ هێزە (لەڕوی ئابوریەوە لەئەنجامی ئەمەشدا لەروی سیاسیەوە) ناتوانێت لەسەر خەباتی درێژ خایەن بڕوات، بەهۆی هەستی نەتەوایەتی‌یەوە یاخود بەهۆی بەرژەوەندی چینایەتی‌یەوە جۆلانە دەکات لەنێوان نیشتمان پەروەری‌و سەوداکاری‌دا، کە هەستی نەتەوایەتی کاری تێ ئەکات، نیشتمان پەروەرێتی‌یەکەی ئەبزوێ، کە بەرژەوەندی تایبەتی‌یەکانیشی ئەکەونە مەترسی‌یەوە لەگەڵ دوژمن ئەکەوێتە سات‌و سەودا.[1]

بیروڕای (ی.ن.ك) وابوو کەوا جگە لەم چینە کۆمەڵایەتی‌یانەی کە ئەتوانن هاوپەیمانیەتیەکی نیشتمانیی بەرین پێك بهێنن کە هاوپەیمانێتی کرێکاران‌و جوتیاران بەردی بناغەی بێ، کەسانی تری زەویدار، مەلاو بنەماڵە مەزهەبی‌یەکانیش دێنە ریزی بزوتنەوەی نیشتمانیی رزگاریخوازەوە ئیتر سابەهۆی هۆشی نەتەوایەتی‌و مەزهەبی‌یەوە بی یان بەهۆی هەڵچونی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرەوە بێ یان لەسایەی نۆشینی بیرو باوەڕی نیشتمان پەروەرانەو دیموکراتخوازو تێگەیشتنی گیانی نوێی سەردەمەوە بێ هاوپەیمانێتی (یەکگرتن)ی کرێکاران، جوتیاران‌و بۆرجوازی بچوك، هێزی سەرەکی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی پێك ئەهێنن، (ی.ن.ك)یش لەپلەی یەکەم دا هەوڵی رێکخستن‌و یەکێتی تێکۆشەرانەی ئەمانەی ئەدا لەژێر ئالاکەی‌دا لەشێوەی "نیمچە بەرە" یەك دا چونکە ئەم هێزانە بەرژەوەندی بنەرەتی‌ی ناوکۆیی‌یان هەیەو ئامانجە نیشتمانی‌یە گشتی‌یەکان کۆیان دەکەنەوە. بەلام لەهەمان کاتدا

---

[1] یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟، ل٨-٩.

لـەنێوخۆیان دا لەسـەر کۆمـەڵێك مەسـەلەی کۆمەڵایـەتی و چـینایەتی و فیکـری نـاڕێکن، جیـاوازی ئایـدۆلۆجی و لەیـەك نەچـوون و روانـین و هەڵوێسـتی بەرامبـەر بەچـاك کردنـی کشـتوکاڵ (الاصـلاح الزراعـی) و دەسەڵاتی نیشتمانی و دوارۆژی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات. . ئەمانە چەند مەسەلەیەکی گرنگن لەسەری پێك نایەن. لەبەرئەوە ناکرێ هـەموو بخرێنـە یـەك پارتیـەوە، بـەڵکو ئـەتوانرێت یەکێتیـەکی ئارەزومەندانەیان لێ پێك بهێنرێت. [1]

لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەم چین و توێژانەو دیاریکردنی پێگەو شوێنی هەریەکەیان لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردو دانانی بەرنامە بۆ رێکخستنیان، هۆکاری ئەوەبوون کە تیۆری شۆڕش لە خوارەوە سەرچاوە بگرێت بۆ سەرەوەو بەزەرورەت ئەم شۆڕشە ئەرکی شۆڕشگێڕی بکەوێتە ئەستۆ چونکە ژێر خانەکەی هێزێکی شۆڕشگێڕو خەبات کەربوو.

واتە شۆڕشی نوێ بووە هەڵگری ئامانج و پێداویستیە مێژووییەکانی ئەو جەماوەرە زەحمەتکێشەی وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتی کارلێکەری و ئامانجەکانی خۆیان بەسەر شۆڕش دا سەپاندو بەڵکو ستراتیژیشیان ئاراستە کرد.

بەمەش شۆڕش تەنیا لەئامانجێکی سیاسی و بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکاندا نەمایەوە بەڵکو ئەرکی گۆڕینی سەرجەم ژیانی ئابوری، کۆمەلایەتی و سیاسیشی کەوتە ئەستۆ ئەمەش لەلایەکی ترەوە چەمکی سەرکردایەتی کاریزمی لەو شێوە خەباتەدا لەق کردو لەجێی ئەوە

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠-١١.

جێگەی بۆ سەرکردایەتی کردنی بە کۆمەڵی ئەو شۆڕشگێڕو روناکبیرە سیاسیانە کردەوە کە ئینتیمای کۆمەلایەتیان بۆ چین و توێژەکانی خوارەوە دەبوو و لەپرۆسەی چەندین ساڵەی خەباتدا شوێنی خۆیان وەرگرتبو.[1]

ئەوەی لەبواری رێبەرایەتیشدا شۆڕشی نوێ دەیوست جێگیریان بکات ئاوەژووکردنەوەی هەرەمی دەسەلاتی شۆڕشەکە بوو بە پێچەوانەی پێش خۆی. واتە رێبەرایەتیەکی شاری خوێنەوارو هەروا پێشکەوتنخوازیش کە پرۆژەیەکی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی هەبێت و بێتە کایەوە. لەهەمان کاتیشدا لادێ لانکی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش بێت، ئەوەی هاندەرو پاڵنەری بەرەوپێشەوەچونی ئەم ئەزمونە نوێیە بوو لەرێبەرایەتیکردنی شۆڕش، ئەزموونی لەمێژینەی رێبەرانی شۆڕشەکەبوو کە پێشتر لەنێو روداوەکانی ئەیلول دا ژیابوون و کەم و کورتیەکانی رەوشی کوردایەتیان هەست پێ کردبوو، سەرەنجام هەرەمی سەرکردایەتیی‌یەکە بەراستی ئاوەژووکردنەوەی هەرەمە تەقلیدییەکەی جاران بوو.[2]

شۆڕشی نوێ لەهەلومەرجێکی دژواری سەخت دا کەتەنانەت کوردایەتی ئاسایی و تەقلیدیش حەرام و سەرکوتکراو بوو، بێ پەروا کوردایەتی و کوردەواری ئاوێتەکردو گوتارێکی چینایەتی نیشتمانیی

---

(1) محسن حسن: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، گۆڕینی تێکشکانی سایکۆلۆژی ئینسانی کورد بۆ شۆرش، کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٠٣)، ١٩٩٣/٦/١.

(2) ستران عبداللە: چەند سەرەقەلەمێك دەربارەی ئەدەبیاتی کوردایەتی، رێبازی نوێ، ژمارە (١٩)، ل٧٨.

داڕشت که وەرچەرخانە گرنگەکانی شۆڕشی نوێی بەدی هێناو کەلتوری کوردایەتی، هی پێش خۆی دەوڵەمەندتر کرد. هەر بەڕاستیش لەڕێڕەوی شۆڕشی نوێدا مەسەلەی کورد وەك پرسێك کە پێکهاتوە لەلایەنی سلبی کە ئەویش داگیرکردن و دابەشکردنی کوردو کوردستان و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و روناکبیری و لایەنی ئیجابیش کە بریتی یە لەخەبات و تێکۆشانی کوردو کوردایەتیەکەی لەپێناو لابردنی زوڵم و زۆرداری داگیرکردن و دابەشکردن و لەرێگای لەناوبردنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی و ئابووری روناکبیری و...هتد.[1] ئەو سەروەری یەش بۆ یەکێتی لەمێژوودا نوسرا کە بەو پەڕی جورئەتەوە دابڕان لەنێوان دوو قۆناغی مێژوویی دا دروستکرد. بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی خۆی بەقۆناغی دێرێنەوە بپسێنێ. لەهەلورمەجی دوای هەرەسدا یەکێتی و شۆڕشەکەی نەك هەر بزوتنەوەی نیشتمانیان هەڵساندەوە بەڵکو ئەرکی سەربازی کۆمەڵایەتیشیان خستە سەر شان لەکاتێکدا شۆڕشەکەی کورد لەدژی دەوڵەتێك بوو لای بلۆکی رۆژهەڵات و ئەوەی پێی دەگوترا قەڵای سوسیالیزم کە بە و لاتێکی پێشکە وتنخوازی روولە سوسیالزم ناو دەبرا، کەچی شۆڕشی نوێ بەو ئامانجە پێشکەوتنخوازانەوە بەرەنگاری کردو ئەمەش خۆی لە خۆیدا خالی گومان و پرسیار بووپێشکەوتنخوازانەی رژێمی ناوەندی کە لە هەلو مەرجی بەرژەوەندی نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا پەلبەستکردبوو.

---

[1] ستران عبدالله: چەند سەرەقەلەمێك دەربارەی ئەدەبیاتی کوردایەتی، رێبازی نوێ، ژمارە (١٩)، ل٧٩.

ئەدبیاتەکانی یەکێتی (بەتایبەت کۆمەڵە) لەو قۆناغەدا پڕیەتی لەو شیکردنەوانەی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە چۆن بەشێکی زۆر لە هۆکارەکانی چەو ساندنەوەی چینایەتی لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ چەوساندنەوەی نیشتمانی و خودی چەوسانەوەی نیشتیمانیش بۆ بەتاڵان بردنی خێرو بێر و بەهەرزان کڕینی هێزی بازووی رەنجدەرانی کوردەواریە، هەروەها پێکەوە گرێدانی خەباتی نیشتمانی و چینایەتی رەنگدانەوەی ئەو لێکدانەوە تایبەتمەندەی یەکێتی بوو کە هەرگیز خەباتی چینایەتی بەتەنها ناتوانێ وەڵام دەرەوەی پێویستیەکانی قۆناغەکە بێ، هەروەکو چۆن بڕینی قۆناغی رزگاری نیشتمان مانای رزگاری تەواو ناگەیەنێ. ئەو پێوەندیە دەرەبەگایەتیەی کە ئەوەندەی لەمپەر بوون لەرێگای گۆرانی کۆمەڵایەتی بەرەو ئاراستەی داد پەروەری کۆمەلایەتی، دوو ئەوەندەش ئاستەنگیان بۆ خەباتی هەقخوازانەی گەلی کوردستان دروست کردبوو.[1] دامەزرێنەرانی (ی.ن.ك) باوەریان بەم راستی‌یەش هەبوو کە هەتا زوڵم و زۆری نەتەوایەتی بمێنێ، هەتا چەوسانەوەی چینایەتی بەردەوام بێت، ئەوا ناکۆکی نێوان داگیرکەران و گەلی ستەمدیدە، کاریگەر دەبێت و بەو پێکهاتانەی ئەو ناکۆکیانەش خەباتی رزگاری دیموکراتی و نیشتمانی و خەباتی چینایەتی چەخماخە دەدەن، واتە لەرووی بابەتیشەوە زەمینەی خەبات ئامادەبوو، بۆیە

---

[1] کاوە میرانی: هەڤال مام جەلال لە کۆڕێکدا پێش ١٩ سال: لەنزیکترین دەرفەتدا شۆڕش هەلدەگیرسێنین، کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٩٦)، ١/٦/٩٤.

جۆشدانەوەی خەبات لەکاتو ساتی پەرەسەندنی دەسەڵاتی داگیرکەراندا کارێکی راستو رەواو مومکین بوو.[1]

(ی.ن.ك) توانیبووی هەموو کەسو رەوتە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان بۆ گوێدانە ناکۆکییەکانی رابردوویانو شوێنە رێکخراوەیەکانی پێشوویان پێکەوە کۆبکاتەوە، بەمەش لاپەرەیەکی پڕ کوێرەوەری لە مێژووی گەلی کورددا ئەپێچرێتەوەو بیری چەوتو زیان بەخشی "تاکە پارتی" ئەنێژرێت کە ماوەیەکی درێژباو بوو لەناو بزوتنەوەی رزگاری کوردا، لەباتی ئەوە بیری راستی بوونی یەکێتیی نیشتمانیی، جێگرەوی کاتێ بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو دێتە کایەوە کە دان ئەنێ بە پارتی شۆڕشگێڕی پێشرەوو مافی هەبوونی پارتییە پێشکەوتنخوازەکانی تر لەپاڵیاندا.[2]

(ی.ن.ك) هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە باوەڕی بەژیانی فرە حزبیو بیرو رای جیاوازو کاری بەرەیی هەبووە.[3] داهێنانی ژیانی فرە حزبی لەکورستاندا، کە بەسەروەریەکی گەورە ئەژمێردرێ، بۆ (ی.ن.ك) ئەگەڕێتەوە، یەکێتی دوای هەرەسی ١٩٧٥ کە یەکێ لەهۆ سەرەکیەکانی پێرەوکردنی سیستەمی تاکەحزبی بوو، بەبیرو بۆچونێکی نوێوە هاتە مەیدانەوە، دیارە ئەویش چەند هۆیەکی هەبوو، سەرکردەکانی لێکۆڵینەوەی قوڵی رابردوویان کردبوو. ئەزمونیان لێ هەڵێنجا بوو،

---

[1] مام جەلال: سەروەریی یۆبیلی زیوین، ل٨، ١٠.

[2] یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ ل٢٧.

[3] مام جەلال: سەروەریی یۆبیلی زیوین، ل٨؛ جەمال نەبەز: دۆزی ناسیۆنالی کورد، ل٢٦.

زۆربەیان لەوڵاتانی دیموکراتی ئەوروپا ژیابوون‌و شارەزای چاکەی ژیانی فرە حزبی‌ی پلورالیزم‌و خراپەی ژیانی تاکە حزبی‌ی توتالیتاری بوو بوون.[1] بۆیە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی‌یەوە، یەکخستنی هەموو هێزەکانی کوردایەتی لەخەباتی شۆڕشگێڕانەدا، یەکخست پلان‌و نەخشەی کورد بەکورد بەکوشت دانی کردە ئەرکێکی گەورەی خۆی، هەروەك هاوکاری‌و هاوخەباتی بەشەکانی کوردایەتی لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا لابووە بەمەرجێکی بنەڕەتی‌و زۆر پێویست بۆ سەرکەوتنی کوردایەتی لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا.[2]

بەم جۆرە دەبینین کە (ی.ن.ك) سەبارەت بەراست‌و رەوایی لێکدانەوەو بۆچوونەکانیان و باش‌و ژیرانە زانین و تێگەیشتنی هەل‌و مەرجەکانی بابەتی‌و تایبەتی کوردستان و پێوەندی دامەزرێنەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی زیندوی نەبەزیوی کوردایەتی، وەئەوانەی لەدامەزراندنی (ی.ن.ك) دا بەشداربوون لەبواری سیاسەت‌و خەباتدا تازە نەبوون، بۆیە زۆر بایەخیان بەمەسەلەی پێوەندی بەستن لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات دەدا، بۆ ئاگاداری کردنیان کە خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد هەر بەردەوامە، لەم روەوە مام جەلال رۆڵێکی کاریگەری لەپێوەندی کردن بەهێزو لایەنە هاوسۆزەکان لەگەڵ مەسەلەی

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عیراق و دیاردەی فرەحزبی، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٢٠)، ١٥/٤/٢٠٠٠.

[2] جەلال تاڵەبانی: بانگەوازی کوردەواری، ل١١.

کوردا گیرا، بەتایبەتی لەگەڵ هێزە رزگاریخوازەکانی فەلەستین و گشت هێزە پێشکەوتنخوازو نیشتمانیەکان لەناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراستدا.

لەسەر ئاستی دەرەوەشی هەوڵدرا پێوەندی باش لەگەڵ هێزە سیاسیەکاندا پەیدا بکرێت. ئەگەرچی دوای سەهەڵدانی (ی.ن.ك) شالاوێکی بەرفراوان لەلایەن دوژمنانی کوردەوە دەستی پێ کرد. بەو مەبەستەی لەگرنگی دامەزراندنی (ی.ن.ك) کەم بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توانرا پێوەندی دۆستانە لەگەڵ هێزو حزبە سیاسییەکان لەناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراست و لە ئەوروپاو ئەمریکا وەدەست بهێنن.[1]

هەروەکو لەیەکەم بەیانی دامەزراندنی (ی.ن.ك) داهاتوە کە "لەمیانی روداوەکاندا دەرکەوت دەبێ هێزە شۆرشگێرەکانی کوردستان شان بە شان لەگەڵ تێکرای هێزە پێشکەوتنخوازو نەتەوەییە چەپەکان لەعیراقدا کاربکەن بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی شۆرشی نیشتمانی دیموکرات کەرووبەروی گەلی عیراقمان بەهەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردو کەمینەکانی دەبێتەوە.[2] هەر لەهەمان بەیاندا هاتوە کە:

"هێزەکانی شۆرشی عەرەب و بزوتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی لە جیهانی سێیەم و هێزە سۆسیالیست و کرێکاریی و شۆرشگێرەکانی جیهان بەهاوپەیمانی سەرەکیمان لەقەڵەم دەدەین، بۆیە کۆشش دەکەین پتەوترین پەیوەندی هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵیاندا ببەستین. ئێمە

---

(1) د. دلێر ئەحمەد حەمەد: ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی (ی.ن.ك)ی تێدا تێدا لەدایك بوو، رێبازی نوێ، ژمارە (١٩)، ل٢٨.

(2) یەکەم بەیانی دامەزراندنی ی.ن.ك لە ١٩٧٥/٦/١. بروانە پاشکۆی ژمارە (٥).

هاوخەباتی خۆمان‌و پشگیری بێ سنورمان بۆ نەتەوەی عەرەب دووپات دەکەینەوە لەو خەباتە سەرفرازانەی کە لەشۆڕشی هاوچەرخی جیهاندا گرنگی یەکی مێژوویی مەزنی هەیە، لەپێناوی رزگاری‌و یەکخستنی نەتەوەی عەرەب لەسەر بنەمای پێشکەوتنخوازو دیموکرات، هەروەها هاو خەباتی خۆمان بۆ تێکۆشانی رەوای لەپێناوی رزگاری‌کردنی فەلەستین لەکۆلۆنیالی ئیستیطانی زایونی‌و بەر قەرارکردنی دەوڵەتی دیموکراتی فەلەستین دووپات دەکەینەوە.[1] یەکێکی تر لەپرەنسیپەکانی (ی.ن.ك) ئەوەبوو کە لەخەباتدا پشت بەخۆو بەجەماوەر ببەستێ لەجیاتی ئەوەی وەکو شۆڕشەکەی پێشوو پشت بە دەوڵەتێکی دەرەکی ببەستێ، هەر بۆیە (ی.ن.ك) لەسەرەتای دەست پێکردنی خەباتی چەکداردا بڕیاری دا سیاسەتی پشت بەخۆبەستن بگرێتەبەرو ئەندامەکانی بەهەموو شێوەیەك دژی ئەوەبوون تاقیکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دووبارە بکەنەوە.[2]

بەپێی ئەم پرەنسیپە شۆڕشگێڕانەیە، (ی.ن.ك) چوارچێوەی چین‌و کۆمەڵە شۆڕشگێڕی‌یەکانی دیاری کردبوو، ئەوەشی دەست نیشان کردبوو کە دەبێ پشت بەکێ ببەسترێ‌و کێ خاوەنی راستەقینەی شۆڕشەو تاکو کۆتایی لەگەڵیدا دەبێت‌و بەجێی ناهێڵێ‌و دەبێ کێ سەرپەرشتی‌و سەرکردایەتی شۆڕش بکات.

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] الشرارة: ژمارە (٢) کانونی دووەمی ١٩٧٦، ژمارە (٦) حوزەیرانی ١٩٧٧.

(ی.ن.ك) لەیەكەم بەیانی دامەزراندنی‌دا هاتووە " ئێمە سورین لەسەر درێژەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەن بەپشت بەستن پێش هەموو شت بەهێزی لەبن نەهاتووی كۆمەلانی گەلەكەمان و بەهاوكاری بەتین و هاوخەباتی راستەقینە لەگەڵ هێزە پێشەكەوتنخوازەكانی عەرەبدا، بە تێڕوانینێكی روون و تێگەیشتنێكی قوڵ ئەو راستیەی كە ئیمپریالیزم و زایونیزم و رژێمە كۆنەپەرستەكانی شاهەنشاهی و تورانی و عەرەبی شۆڤینی و كۆنەپەرستی بەكرێگیراوی كورد بەدوژمنی سەرەكی یەكەمی بۆ دۆزینەوەی رزگاریخوازی گەلی كوردمان دادەنرێ، خەباتی بەردەوام و نەپساوە بێ سازش یان نوچ دان یان دواخستن لەدژیاندا دەكەین.[1]

---

[1] یەكەم بەیانی دامەزراندنی ی.ن.ك لە ١٩٧٥/٦/١. بڕوانە پاشكۆی ژمارە (٥).

## ٢-یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ستراتیژی نەتەوەیی

یــەکێتی نیشــتمانی کوردســتان رێکخراوێکــی سیاســی تایبــەت بەباشوری کوردستانەو ئەو پارچەیەی کوردستان بەگۆرەپانی سەرەکیی خــەباتی خــۆی دەزانێــت بــۆ هێنانــەدی مافــەکانی کــوردو "پێکهێنــانی یــەکگرتنی ریزەکــانی گــەلی کوردســتانی عــیراق، یــەکگرتنی کرێکــاران و جوتیــاران، بۆرجــوازی بچــوك و بۆرجــوازی نیشــتمانی پێشــکەوتوو، یــەکگرتنی تــاقم و پیلــە پێشــکەوتووە جیاجیاکــان لەیــەکێتی نیشــتمانیی پێشــکەوتوی دژ بــە ئیمپریــالیزم و کۆنەپەرســتی، دژی دەربــەدەرکردنی کوردو بەعەرەب کردنی کوردستانن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی نیشتمانی دیموکرات.[1]

هــەروەها "(ی.ن.ك)" بــاوەڕی بــەوە هەیــە بزوتنــەوەی نەتــەوەیی گــەلی کــورد بزوتنەوەیــەکی مێــژوویی بابەتیــەو تاگشــت ئامانجــە نەتــەوەیی و دیموکراتیەکانی وەدی نەهێنێ کۆتایی نایەت، درێژە بەتێکۆشان دەدات بـۆ رێکخســتنی هــەموو کــەس و دەســتە پێشــکەوتنخوازو شۆڕشــگێڕیەیە کوردستانیەکان بۆ سازدان و جۆشدانی جەماوەری گەلی کورد لـەپێناوی درێژەدان بەو کاروانە شۆڕشگێڕیەی کە کۆمەڵانی خەڵکی کورد دەستیان پــێ کــردووە بــۆ وەدی هێنــانی دیموکراســی بــۆ عێــراق و ئۆتۆنــۆمی راستەقینە بۆ کوردستان و بۆ پێشوازی کردن لەخەباتی نەتەوەیی کورد

---

[1] پـرۆژەی بەرنامــەو پــەیرەوی نــاوخۆی ی.ن.ك، ل٢٢. بڕوانــە پاشــکۆی ژمــارە (٢٩)؛ الاتحـاد الـوطنی الكردسـتاني: حـول الحركةالتحررية للشـعب الكـردي في كردسـتان العراق، ص٦٩.

لەسەر تاسەری کوردستان لەپێناوی وەدەست هێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراتیەکاندا. [1] لەیەکەم بەیانی دامەزراندنی دا (ی.ن.ك) داوای "سەلماندنی مافی گەلی کورد لەئۆتۆنۆمی راستەقینە لەچوارچێوەی کۆمارێکی عیراقی دیموکراتی سەربەخۆدا"[2] دەکات کە پێکهێنانی هەرێمی کوردستان ئۆتۆنۆمی لەناوچەکانی : شەنگار، زمار، سمیل، دهۆك، شیخان، تلکیف، بەعشیق، لیواکانی هەولێر، کەرکوك، سلێمانی و قەزاکانی خانەقین و مەندەلی"[3] دەگرێتەوە. ئەگەرچی (ی.ن.ك) وەك دروشمی قۆناغەکە ئامانجی مافی چارەی خۆنوسینی لەچوارچێوەی یەکێتیی یەکی ئارەزوومەندانەو فۆرمەلەی ئۆتۆنۆمی راستەقینەو دیموکراسیدا شی دەکردەوە، بەلاّم هەمیشە و بەردەوام کادیرو پێشمەرگەو لایەنگرانی خۆی بەگیانی کوردستان بوون و یەکێتی نەتەوەیی کورد پەروەردە کردوە،[4] ئەمەش ئەگەر لای هەندێك نەیار بەناکۆك و دژ بەیەکی لە سیاسەتەکان لێکدرابێتەوە ئەوا لای یەکێتی دوو لایەنی تەواو کاری یەك مەسەلە بوون کە ئەویش مەسەلەی دیاری کردنی ستراتیژی رزگاری نیشتمانیی لەلایەك و پیادەکردنی تاکتیکی قۆناغ بە قۆناغ بوو لەلایەکی ترەوە.

---

[1] یەکەم بەیانی دامەزراندنی ی.ن.ك لە ١٩٧٥/٦/١. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥).

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] الاتحاد الوطنی الکردستاني: حول الحرکةالتحرریة للشعب الکردي في کردستان العراق، ، ص٦٢.

[4] ستران عبدالله: چەند سەرە قەلەمێك دەربارەی ئەدەبیاتی کوردایەتی، رێبازی نوێ، ژمارە (١٩)، ل٨١-٨٢.

یەکێتی بە پێچەوانەی ئەو هێزو گروپانەی کادران و ئەندامانیان بەگیانی سیاسەتی رۆژانەی حزبەکەیان پەروەردە دەکردو لەئەدەبیاتی خۆیاندا بەهەمان روانینی رۆژانە جێ و تاکتیکیە وە دەیانڕوانیە ئەسڵ و جەوهەری کێشەی کوردو خەباتی کوردایەتی. یەکێتی بە پێچەوانەی ئەوانەوە پەروەدەیەکی دروست و سیاسەتێکی ژیرانەو کامل، راهێنانێکی کوردستانی و شوێنکەوتنی ئەوەی قۆناغەکە دەیهێنێتە پێش لەدەست کەوت و ئامانجەکان، پەیرەو دەکردو لەهەمان کاتیشدا دروشم و ئامانجە هەنوکەیی‌یەکانی واقیعی و بەپێی تەرازووی هێزو هەلومەرجە سیاسیە گوشار هێنەرەکان بوون، لەئەنجامی پەروەردەبوون و فێربوون لەخوێندنگەی ئەدەبیاتێکی وادا هەڤاڵ و تێکۆشەری یەکێتی خاوەنی پرەنسیپی کوردستانی و نەتەوەیی بوو. هەمیشە کادرێکی بزێوو دینامیکی نێو هەلومەرجە سەخت و گۆڕانکاری‌یەکان بوو. لەراستی‌دا راوەستان لەسەر دروشم و ئامانجەکانی یەکێتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەکوردستانی عێراقدا هەڵیگرتبو، وردبوونەوەو تێرامانی زیاتر دەخوازێ. وردبونەوە لەدروشمی مافی چارەنوس و پێوەندیەکانی بەیەکێتی ئارەزوو مەندانەو داخوازی ئۆتۆنۆمی راستەقینە ئینجا پەیوەندی‌یەکانی ئەمانە بەدیموکراتیزەکردنی عیراقەوە.

ئایا(ی.ن.ك) بەپێی پشتخان و کەلتورێکی لەمێژین دروشمی یەکێتی ئارەزوو مەندانەو چونیەکی لەهەموو ئاستەکاندا هەڵیگرتبو یاخود بەپێی گوتاری سیاسی و هێلی فکری کە خیتابی مارکسیستی و چەپ بووە ئەو دروشمەی هێناوەتە پێش؟ لەراستی‌دا لەنێو گەرمایی واقیعدا گەلێك گرانە کە تاڵە دەزووی نێوان ئەو دوو پێوەندیە دیاری بکەین.

هەروەك وتمان كە يەكێتی درێژە پێدەری رێبازی دێرینی كوردایەتی و رچەشكێنی‌یەتی، بۆیە داخوازی مافی چارەنوس و وردكردنەوەی لەچوارچێوەی یەكێتی‌یەكی ئارەزومەندانەی نێوان كوردو عەرەب كە لەمێژە لە كوردایەتیدا قسەو باس و توێژینەوەی لەسەر دەكرێت، داخوازی‌یەك بووە لەگەڵ بنەماكانی یاسای نێو دەوڵەتی و داب و نەریتی كۆمەڵی نێو دەوڵەتیشدا كۆك و تەبابووە، هێندە هەیە كە مەیلی چەپ لەناو بزوتنەوەی كوردایەتیدا كە لەدەورانی دەركەوتنی یەكێتی و شۆڕشەكەیدا لەبەر هۆكارەكانی پێشتر ئاماژەمان پێدان لە درەوشانەوە دابوون، هەوڵی دەدا شیكردنەوەی ماركسیانەی راست و دروستیش بۆ مافی چارەی خۆنوسین و مافی گەلی كورد لەوەدا پێشكەش بكات، بۆ ئەوەی لەمەیدانی كێشمەكێشی سیاسی و ئایدیۆلۆجی لەگەڵ خەباتی گەلی كوردیان دەخستە ژێر لێوەوە، سەركەوتن بەدەست بهێنن و بەو پێیەش پروپاگەندە پروپوچەكانی لەدژی كوردایەتی و بزوتنەوەكە هەبوون تەفروتونا بكرێن لەرێگای ئەو ئامانجانەشدا شی‌كردنەوەكانی (لینین) بۆ مافی چارەنوسی گەلان و رەوتی (ماوتسی تۆنگ)ی لەبیری چەپدا یارمەتیدەرێكی چاكی سەركەوتن و رووبەڕووبونەوەبوون[1] (ی.ن.ك) پێوابووكە " رووداوەكانی دوابەدوای هاوپەیمانی (عیراق) لەگەڵ شاهەنشای كۆنەپەرستدا -١٩٧٥-، سروشتی دكتاتۆریانەی راستڕەوی خۆبسەپێنێت بەسەر عیراق و گەوهەری سیاسەتە

---

[1] ستران عبدالله: چەند سەرەقەلەمێك دەربارەی ئەدەبیاتی كوردایەتی، رێبازی نوێ، ژمارە (١٩)، ل٨٢-٨٣ .

شۆڤینیستەکەی دەرهەق بەمەسەلەی کورد ریسوا کرد لە یەکەم راگواستنی سەدان هەزار کرێکارو جوتیارو روناکبیری کورد لەناوچەکانی مەندەلی و خانەقین و کەرکوك و شێخان و عین زالەو شەنگار. دووەم: بەتاڵکردنی ئۆتۆنۆمی لەناوەرۆك و ناواخنە راستەقینەکەی و سێیەم: رێگرتن لەگەلی کورد لەوەی بەشداری لەحوکمی ناوەندی و خۆجێیی بکات و چوارەم: لەت و پەتکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو لەناوبردنی هێزە چەکدارەکانیان، خۆی دەنوێنێ.[1]

بۆیە "خەبات دژی ئەو دکتاتۆریەتەی کە عیراق بۆ سەردەمی پەیمانی بەغدا لەژێر پەردەی دروشمی بریقەدارو لەپشت لافیتەی چەواشەکارانەدا دەگەرێنێتەوە، ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییەو لەسەر هەموو هێزەکانی نیشتمانیەکەی و مافی لەدیموکراسیدا پێویستە، لەپێشەوەیاندا ئەو کەس و لایەنە پێشکەوتنخوازە کوردستانیانەی کەگەلە کەیان دووچاری سیاسەتێکی شۆڤینی ملهوڕ هاتوە کە هەرەشەی لەناوبردن لەنەتەوەی کورد دەکات، بەتایبەت کە دکتاتۆریەت سەر لەنوێ تەوقی کۆلۆنیالی – سەعیدی سێ قۆڵی کۆنی کردۆتە گەردنی گەلی کوردەوە ئەویش لەڕێی هاوپەیمانی بەستنی لەگەڵ کۆنەپەرستی شاهەنشاهی و فاشیزمی تورانی لەدژی بزوتنەوە رزگاریخوازو دیموکراتیەکەی کورددا.[2]

---

[1] یەکەم بەیانی دامەزراندنی ی.ن.ك لە ١٩٧٥/٦/١.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەبەر ئەمە (ی.ن.ك) دروشمی روخانی رژێمی دکتاتۆری بەعس بەرز دەکاتەوە[1] و خەبات ئەکات بۆ "پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی هەموو پارتی و رێکخراو و تاقم و کەسە پێشکەوتوو دیموکراتی و مارکسیە لینینەکانی عیراق لەپێناوی روخاندنی حوکمی فاشستی و هێنانە سەر کاری حکومەتێکی ئیئتیلافی کە دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان جێبەجێ بکات. [2] بەلاّم لەگەڵ ئەوانەشدا (ی.ن.ك) پلانی خۆی هەبوو بۆ گەشەپێدانی کوردستان لەسەرجەم بوارەکاندا و لەبەرنامەی خۆیدا جێگیری کردبوو هەروەکو هاتوە کە تێدەکۆشێ لەپێناو چاککردنی بنەڕەتی‌ی کشتوکاڵ بە پشت بەستن بەجەماوەری جوتیاران بە جۆرێکی ئەوتۆ کە رەگ و ریشەی پێوەندی یە دەرەبەگی و خێلەکی‌یەکان دەربهێنی و زەوی و ئازادی بۆ جوتیاران دابین بکات و بێتە هۆی خەملین و گەشەکردنی لادێ و ژیانی لادێ‌یی‌یەکان و ماکیناوی کردنی کشتوکاڵ و پرۆژەکانی ئالودان. [3] وەهەر لەروی ئابوریەوە هەوڵ دەدات بۆ دانانی پلانی درێژ خایەن بۆ پیشەسازکردنی کوردستان لەرێگەی دامەزراندنی پیشەسازی کشتوکاڵی و ئاژەڵی وەپەرەپێدانی پیشەسازی پەترۆڵی و پیترۆکیمیاوی و بەهرە وەرگرتن لەو کانزایانەی

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] پرۆژەی بەرنامەوپەیڕەوی ناوخۆی ی.ن.ك، ل٢٢؛ الاتحاد الوطني الكردستاني: حول الحركةالتحررية للشعب الكردي في كردستان العراق، ص٦٩.

[3] پرۆژەی بەرنامەوپەیڕەوی ناوخۆی ی.ن.ك، ل٢٠؛ الاتحاد الوطني الكردستاني: حول الحركةالتحررية للشعب الكردي في كردستان العراق، ص٦٣.

هەن بۆ دامەزراندنی پیشەسازی قورس و ئەوانەی بۆ گەشەپێدانی وڵات پێویستن.[1]

لەڕوی پەروەردەو فێرکردنیشیەوە تێدەکۆشێ بۆ بەکوردی کردنی خوێندن لەهەموو پلەکانی دا لەهەرێمی کوردستان و پاراستنی مافی کەمایەتی یەکان (ئاسوری، تورکمان، کلدان...) لەخوێندندا بەزمانی خۆیان و[2] فراوانکردن و گەشەپێدانی زانکۆی سلێمانی وەکو زانستگایەکی تایبەتی هەرێمی کوردستان و بەستنەوەی بەدەزگاکانی ئۆتۆنۆمیەوەو بایەخدانێکی تایبەتی بەزمان و ئەدەب و مێژوو و فەرهەنگی کوردی تیایدا.[3] هەروەها دامەزراندنی ئەکادیمی زانستی کوردی لەکوردستان، لەکەسانی زاناو شارەزای نیشتمان پەروەر بۆ سەرپەرشتی کردنی نوسینەوەی مێژووی زمان و ئەدەب و بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان و ساغ کردنەوەو چەسپاندنی زاراوە زانستیەکان بەکوردی و دانانی شێوەیەکی یەکگرتوو بۆ نوسینی زمانی کوردی.[4]

---

[1] پرۆژەیبەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی ی.ن.ك، ل٢١؛ الاتحاد الوطني الكردستاني: حول الحركةالتحررية للشعب الكردي في كردستان العراق، ص٦٤.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩؛ الاتحاد الوطني الكردستاني: حول الحركةالتحررية للشعب الكردي في كردستان العراق، ص٦٧.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤؛ الاتحاد الوطني الكردستانيحول الحركةالتحررية للشعب الكردي في كردستان العراق، ص٦٨.

[4] پرۆژەیبەرنامەوپەیرەوی ناوخۆی ی.ن.ك، ل٢٥؛ الاتحاد الوطني الكردستانيحول الحركةالتحررية للشعب الكردي في كردستان العراق، ص٦٨.

خاڵێکی تری ئیجابی کە لەئەدەبیاتی شۆڕشی نوێی یەکێتی‌دا تێبینی دەکرا ڕەهەندی نەتەوەیی دروشمەکانی بوو کە بەئاشکرا دەستی لەسەر برینەکانی کوردو جەوهەری پرسی نیشتمانی کورد دادەنا کە پرسی داگیرو دابەشکردنی کوردو کوردستانەو بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسەش دەبێ کورد مافی ئازادانەی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی هەبێت.[1]

هەروەکو لەیەکەم بەیانی دامەزراندنیدا هاتوە کە (ی.ن.ك) "هاو خەباتی و پیشتیوانی تەواوی خۆی بۆ خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی تورکیاو کوردستانی ئیران دژی تورانیزمو کۆنەپەرستی شاهەنشاهی و لەپێناوی بەدی هێنانی رزگاری نەتەوەیی و دیموکراتی تەواو لەو دوو وڵاتەداو سەندنەوەی مافی گەلی کورد لەبڕیاردانی چارەنوسی خۆی بەو شێوەیەی جەماوەرەکە دەیخوازێ دووپات دەکاتەوە[2] و ئەمەی لەبەرنامەکەش دا چەسپاندوە کە (ی.ن.ك) خەبات ئەکات بۆ پێکهێنانی هاوکاری پتەو لەگەڵ بەشەکانی تری بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەسەرانسەری کوردستاندا لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەنوس

---

[1] ستران عبدالله: چەند سەرە قەلەمێك دەربارەی ئەدەبیاتی کوردایەتی، ڕێبازی نوێ، ژ(١٩)، ل٨١.

[2] یەکەم بەیانی دامەزراندنی (ی.ن.ك) لە ١٩٧٥/٦/١.

دا[1] وه قهناعهتی بهوه ههیه که " ههموو کوردێکی نیشتمان پهروهر بۆی ههیه بێته ههرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستانهوهو کاربکات".[2]

[1] پرۆژەی بەرنامەوپەیڕەوی ناوخۆی ی.ن.ك، ل٢٢" الاتحاد الوطنى الكردستاني: حول الحركةالتحررية للشعب الكردي في كردستان العراق، ص٦٥.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩، الاتحاد الوطنى الكردستاني: حول الحركةالتحررية للشعب الكردي في كردستان العراق، ص٦٣.

# بەشی سێیەم
# یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ١٩٧٦

باسی یەکەم : دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری دژی حکومەتی عیراق

باسی دووەم : ڕێکخستنی نهێنی و خەباتی جەماوەری شارەکان

باسی سێیەم :یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕاگەیاندن

# باسی یەکەم
# دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداریی دژی حکومەتی عیراق

یەك لە نەریتەکانی ڕاپەڕینە چەکدارەکانی کوردستان ئەوە بووە کە پاش هەرتێکشکانێکی ماوەیەکی مێژوویی ویستووە تا جارێکی دی بڵێسەی بزووتنەوەکە دەست پێبکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەعس بەرنامەیەکی سیاسیانەی ووردی بەرامبەر روو بە ڕووبوونەوەی کوردو تواندنەوەی هەبوو بۆیە بەرەنگار بوونەوەی ئەو نەخشەو سیاسەتە بووە ئەرکێکی دەستو بردانەی نەتەوەیی‌یانە، کە لەم بوارەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستپێشخەرو سەردەق شکێن بوو.

دوای هەرەسی ١٩٧٥، تەنها یەك ساڵو سێ مانگی خایاند کەسەر لەنوێ تەقەی پارتیزانی دەنگی دایەوە.

دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو پێناوەدا بوو کەچەك بداتەوە دەست پێشمەرگەی کوردستان، و سەنگەرە چۆلەکان ئاوەدان بکاتەوە، و کار لەپاشماوەی رێکخراو و لایەنەکانی تریش بکاتو بیان بزوێنێتەوە، و بکەونەوەخۆ، چەکی سەر بەرەوخوار کراو روو لەخۆر بکاتەوە تا هێزی پێشمەرگە پێك بێت، یەك لەشکری رزگاری نیشتمانی دابمەزرێ، خەباتی سیاسی خامۆشی خەڵکی کوردستان ببوژێتەوەو چەکدار بکرێتەوە، یەك هێزی پێشمەرگە ئامرازی پاراستنی جوڵانەوەکەو رێکخراوە سیاسیەکان بێ و باسکی چەکداری خەباتی سیاسی گەلی کوردبێ.

لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوتە جێبەجێ کردنی ئەو پلانە پێشمەرگەیی‌یەی کە دایناببوو لە دەست پێکردنەوەی خەباتی سیاسی چەکدارانە لەسەرانسەری باشووری کوردستاندا.

(ی.ن.ك) ڕێکخراوێك بوو لەهەلومەرجێکی ئێرهابی سەختو دژواردا دامەزرابوو، دوژمن و ناحەزی زۆری هەبوو، ئەرك‌و فەرمانێکی ئێجگار قورسی لەئەستۆدا بوو، هێڵی سەرەکیی کارکردنی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بوو، ئەمە یەکێك بوو لەئەرکە ساتەوەختی‌و گرنگەکان، دووەم ئەرکی دوورخستنەوەی بزوتنەوەی کورد بوو لەژێردەستی بێگانە، و وردە وردە بزوتنەوەکە لە پێوەندییە سلبی‌یەکانی جارانی پاك بکرێتەوە.[1]

لەکاتێکدا (ی.ن.ك) شۆڕشی هەڵگیرسیاندەوە، کە هەرەس هێنان بەشۆڕش‌و داگیرکردنەوەی هەموو کوردستان لەلایەن حکومەتی عیراقەوە تارمایی‌یەکی ڕەشی نائومێدی بەسەر ئاسمانی کوردستاندا هێنابوو، واتە لەکاتێکدا شۆڕش لەهەڵچوونی خەباتەوە بلێسە دەگرێ، کەچی (ی.ن.ك) لەنوشستو هەرەس هێنانەوە، باری کوردایەتی شۆڕشگێڕی ڕاست کردەوەو شۆڕشی هەڵگیرساندەوە ئەویش لەڕووی سروشتو دروشم و ڕێبازەوە بەشێوەیەکی نوێ.

---

[1] هەڤال عادل مراد، چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی بۆ ڕێبازی نوێ دەگێڕێتەوە، ڕێبازی نوێ، ژمارە(١٢) ل٨١.

شۆڕشـــی نـــویٚ بـــەناوی شۆڕشـــی عیراقـــی هەڵگیرســـاو لەچـــیاکانی کوردســـتانەوە دەســـتی پـــێ کـــرد، سروشـــتی دژایـــەتی دکتاتۆریـــەت و لەپێناوی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و نەهێشتنی زوڵم و ستەمی میللی و مەزهەبیدا بوو، دژی کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی بوو، واتە لەڕووی کۆمەڵایەتیشـــەوە هـــەر ناوەڕۆکەکـــەی دیمـــوکراتی بـــوو، بـــەهاوکاری و هاریکـــاری حزبـــەکانی (تجمـــع الـــوطني العراقـــي) بـــوو، دروشمەکـــەی دیموکراســـی بـــۆ عـــیراق و مـــافی ئۆتۆنـــۆمی لەچوارچـــێوەی عیراقێکـــی دیموکراسیدا بۆ خەڵکی کوردستان بوو.

ڕێبازە نوێیەکەشی خەباتی شۆڕشگێڕانەی پارتی زانی بوو کە وردە وردە پەرەبســێنێ و گەشــە بکــات بــەرەو شۆڕشــی گــەل بــە بــەکارهێنانی یاساو تاکیتکەکانی شەڕی نوێی پارتیزانی و ئینجا لەدواتردا شەڕی گەل.[1]

ئـــەرکی ســـەرەکی لەهەڵگیرســـانەوەی شۆڕشـــی نـــوێدا لەئەســـتۆی (ی.ن.ك) دا بوو، هەر لەسازدانی زەمینەی فیکرییەوە تا ئامادەکردنی دەروونیی خەباتگێڕان کە شۆڕشی پێویستەو هەڵگیرسانەوەی مومکینە، بەپێچەوانەی ئەو پڕوپاگەندانەی کە بەئەستەمیان دادەنا، هەر لەوەوە تا دروســتکردنی مـــەفرەزە ســـەرەتاییەکان و خســـتنەگەڕیان و ناردنـــەوەی شۆڕشـگێڕان لـەدەرەوەی وڵات بـۆ نـاو وڵات، نـەك پاڵدانـەوە لەشـارەکانی دوورە وڵات.

---

[1] مام جەلال: یوبیلی زیوین، ل١٣.

بۆ ئەم مەبەستە مام جەلال پێوەندی لەگەڵ (شاسوار جەلال – ئارام) لە کۆمەڵەو (عومەر مستەفا دەبابە) و (عەلی عەسکەری) لەبزوتنەوەو (د.خالید سەعید)و چەند کەسێکیتر دامەزراند، بەنامە ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەگەڵ داکردن.

یەکێ لەو مەسەلانەی باسی ئەکرا جۆری دەست پێ کردنەوەی خەباتی چەکداری بوو. هەربۆیە مام جەلال چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرو ئەفسەرەکان و کادرەکانی تر کردبوو.

لەزنجیرەی ئەو کۆبوونەوانەدا رۆژی ٢٣-١٩٧٦/٥/٢٤ کۆبوونەوەیەکی تری دەستەی دامەزرێنەر لە شام ئەنجام درا، (علی سنجاری و مونزیر نەقشەبەندی)یش ئامادە بوون، لەو کۆبوونەوەیەدا مام جەلال ئەو پڕۆژەیە دەخاتە روو کە ئامادەی کردبوو و باسی لێوە کردو پاش زیادکردنی هەندێ بابەت پەسەند دەکرێ،[١] هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا یەکەمین دەستەی پێشمەرگە رەوانەی کوردستان بکرێنەوەو نامە بۆ هەموو رێکخستنەکانی ناو وڵات بنێردرێ کە ئیتر دەست بکەن بەناردنی مەفرەزەکان بۆ شاخ، هەروەها (ی.ن.ك) بەشێکی زۆری کادرەکانی خۆی لەدەرەوەی وڵاتیشەوە ناردە ناوەوەو درێژەیان بەخەباتی خۆیان دا.[٢]

مام جەلال لەو نامانەی کە بۆ هەموو هێلی رێکخستنەکانی ناو وڵات دەینوسی، داوای لێ کردن مەفرەزەی (بەچۆنایەتی باش و بەچەندایەتی

---

[١] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە...ل٨٧.

[٢] مام جەلال: یۆبیلی زیوین.. ل١٣.

کەم) بنێرنە شاخ و تیپی پڕوپاگەندەی سیاسی (فرق الدعایە المسلحە)* لەسەرانسەری کوردستاندا پێك بهێنن.[1]

پلانی (ی.ن.ك) ئەوەبوو کە لەپێشەوە چەند تاقمێکی چەکدار بۆ هۆشیار کردنەوەی خەڵك و بەرزکردنەوەی ورەو هێنانەوە جۆش و خرۆشان دروست بکەن، ئینجا وردە وردە دەست بکرێ بەچالاکی سەربازی و هێرش بکرێتە سەر بنکەو بارەگاکانی داگیرکەر لەکوردستاندا.[2]

کاکڵەی بیروکاری کۆمەڵەش هەر لەسەرەتاوە ئەوەبوو کە شۆڕش ئەمجارە دوپات کردنەوەی شۆڕشی پێشوو نەبێت، نە لەڕووی شێوەو نە لەڕووی ناوەڕۆکەوە.

(پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان) ** چاکترین بەڵگەیە بۆ دەربڕینی ئەم راستی‌یەو هێڵە سەرەکیەکانی ئەم بیرکردنەوەی تێدا رەچاو دەکرێ، کە ئەبێ دەستەی چەکداری بچووك بچووك دروست بکرێ، لەسەر بناغەی رێکخستن و بیروباوەڕو سیاسەتی پشت بەخۆ بەستن و هەوڵ نەدان بۆ دروست کردنی لەشکری قەبەو فراوان و زۆر و بۆر.[3] هەرچەندە کاتێك دەستە چەکدارەکانی چوونە دەرەوە زۆر کەس گاڵتەیان بەپێشمەرگە

---

* بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٤)

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەرەوە...ل٨٩.

[2] چاو پێکەوتن لەگەڵ سالار عەزیز، لە ٢٠٠١/١٠/١٣، لە سلێمانی؛ هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عیراق لەماوەی دوو ساڵدا، ل٤.

** بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٥)

[3] ج. صادق: خەباتی چەکدار چۆن تێئەگەین؟؟ گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە(٥)، ل١٣.

ئەهات گوایە ئەو شۆڕشە گەورەو بەهێزەی پێشوو هیچی بەهیچ نەکرد و یارمەتی ئێران و ئیسرائیلو ئەمریکا دادی نەدان، ئێستا چۆن ئەم دەستە چەکدارە بچووکانە بەچوار چەکی شڕەوەو بەبێ یارمەتی و پشتیوانیدەرەوە (پشتو پەنا) ئەتوانن ئەنجامێکی باش بە دەستبێنن؟[1]

ساڵی ١٩٧٦ کە شۆڕش هەڵگیرسا، سوپای عیراق بریتی بوو لە(١٦) تیپ، بەشێکی زۆری لەشوێنە گرنگەکانی کوردستاندا دامەزرابوو، هەزاران قەڵای گەورەو سەربازگەو رەبیەو بازگەی تێدا دانابوو. ئەزمونێکی زۆری لەبەگژداچوونی جەنگی پارتیزانی و شارەزاییەکی زۆری لەخاکی کوردستاندا پەیداکردبوو. چەکی نوێی کاریگەرو تەکنیکی تازەو تاکتیکی نوێی جەنگی پارتیزانی خستبووە بەرنامەی کارەکانیەوە.[2] دوا لوتکەی کوردستانی داگیر کردبوو، تەواوی ناوچە نهێنی‌یەکانی پێشمەرگەی پشکنی بوو، شوێن بەشوێن ئاگای لەوردو درشتی هەبوو، جگەلەوە ژمارەی سوپاکەی گەیشتبوە (١٩٠،٠٠٠) هەزار سەرباز، کە بەسەر (١٦) تیپدا دابەشکرابوون، لەکاتێکدا ساڵی ١٩٧٣ شەش تا حەوت تیپی سەربازی هەبوو.[3] لەبەرامبەریشدا میللەتی کورد چەکی نەبوو، پارەی نەبوو، دوژمنەکەی زاڵ بوو، ئەوەی هەیبوو لەڕووی سەربازییەوە تەنیا دەیان یا ئەوپەڕەکەی سەدان پارچە چەکی

---

[1] حیکمەت محەمەد کەریم: شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم، ل٢٣٤

[2] کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان: ژیانی رێکخراوەیی مان، ژمارە(١٣)، مارتی ١٩٨٣، ل٣.

[3] حیکمەت محەمەد کەریم: شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاری یەکانی سەردەم، ل٢٣٤.

شاردراوەبوو، بەڵام هیچ جۆرە تۆپ‌و دۆشکەو چەشنە چەکێکی قورسی نەبوو.

بەرابەری و نابەرابەری تەرازووی هێزی سەربازی رۆڵێکی بنچینەیی دەبینێ لەدۆڕان‌و بردنەوەی شەڕدا، روون‌و ئاشکرایە هەروەك باسمان کرد رژێم لەڕووی ژمارەی سەربازو جۆری چەك‌و تەقەمەنییەوە بالا دەست بووە، بەڵام شۆڕشیش گەر شۆڕش بێت، دەتوانێ بەڕێکخستن و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە، بە تەکنیکی نوێی شەڕی پارتیزانی، جەماوەر بخاتەگەڕو ئەو ناهاوسەنگیە بەچەشنێکی ئەوتۆ کز کاتەوە کە بەزیانی رژێم تەواو بێت.

بەراورد کردنی تەرازوی هێزەکانی کورد و حکومەتی عیراق لەو سەردەمەدا دەری ئەخەن کە چ نابەرامبەریەکی گەورە لەنێوان شۆڕشی کوردو هێزەکانی حکومەتی عیراق، لەنێوان توانای گەلی کورد بەگشتی و توانای دوژمنەکەی دا هەبوو، هەر بۆیە هەندێ تاقم‌و لایەن‌و هەندێ کەس، دەست پێ کردنەوەی خەباتی سیاسی – چەکداری یان لەو هەل‌و مەرجەدا بە(مغامرە) و سەرەڕۆیی، بگرە بەکارێکی شێتانەی خۆکوژی دائەنا. بەتایبەت لەبەر ئەوەی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لەدوای شکانی شۆڕشی ئاگری داغ، و بەدەردی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی ئێران بچێ لەدوای شکانی کۆماری مهاباد، کە هەریەکەیان دەیان ساڵ کپ بوون‌و دەیان ساڵی ویست تا خۆیان رێکخستەوەو هەڵسانەوە.[1]

---

[1] کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان: ژیانی رێکخراوەیی مان، ژمارە(١٣)، ل٣.

شیکردنەوەو حساب نەکردنی دوژمن لەڕووی چەكو تەقەمەنی و تازەترین ئامێری جەنگو دەوڵەمەندی لەبەرامبەر گەلێکی کەم چەكو هەژار، لەخاکێکی بچووکی وەکو کوردستانی عیراق، کە شوێنی ستراتیژی و ژمارەی دانیشتوانی کەمە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی عیراقو ئابلوقەدانی کوردستانی عیراق بەدوژمن لەهەر چوار لاوە. بۆیە لەهەلو مەرجێکی وادا تەنیا جەنگی پارتیزانی تاکە شێوەی جەنگە بۆ درێژەدان بەخەباتو دوژمن هیلاك کردنو بێزارکردنو چۆك پێدادان.[1]

هەر بۆیە زۆری نەخایاند سەرتاپای کوردستان لەحوزەیرانی ١٩٧٦دا بەمەفرەزەی پارتیزانی و هێزی گەورەتری خێلەکانەوە لەناوچە خێلەکیەکاندا پێشمەرگەو چەکداریان لەئامێزگرتەوە.

یەکێ لەو دەستە چەکدارانەی کە ئەو کاتە چونەدەرەوە لە ناوچەی (حاجی ئۆمەران) بوو، ئەم دەستەیە لەشەوی ٢٥\٢٦/٥/١٩٧٦دا روو دەکەنە شاخ،[2] ئەوانە کۆمەڵێك پێشمەرگەی تێکۆشەری کورد پەروەر بوون، لەبەر زولم و زۆری رژێمی بەعس کەئامادەنەبوون سەری بۆ دابنەوێنن، و بۆ دەست پێکردنەوەی شۆڕش چەکیان هەڵگرتبو.* ئەم

---

[1] ج. صادق: خەباتی چەکداری چۆن تێئەگەین، گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە(٥)، ل١٣؛ محمدی حاجی محمود: گۆڕینی شێوەی شەڕ بە پیاچونەوەی واقیعبینانە، ل

[2] مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی: سەرەتای شۆڕشی نوێی ساڵی١٩٧٦ چۆن دەستی پێکرد؟ پێداچونەوەو دووبارە داڕشتنەوەی مومتاز حەیدەری، ل٢٣

* ئەم دەستە یە کە (پ. د. ك) پێی وایە کە لەسەرەتاوە پێشمەرگەی ئەو بوون، بەڵام لەراستی دا ئەم دەستە پێشمەرگەیە بەهیچ شێوەیەك لەسەر داواو بەبەرنامەی پارتی چەکیان هەڵنەگرتووە، و ئەوکاتە دوورو نزیك پێوەندیان بە (پ. د. ك)ەوە نەبووە.

دەستە چەکدارە لەسەرەتادا پێوەندی‌یان بە(عومەر مستەفا دەبابە)وە کردووە، کە ئەندامی سەرکردایەتی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)بووە و بزوتنەوەش باڵێکی (ی.ن.ك)بووە.

بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەمان ئەوەتا دووکەس لە فەرماندەکانی ئەم دەستە پێشمەرگەیە(مەلا شێم حەمەدی حاجی‌ئۆمەرانی) و(حاجی شێخەی بنزێری) ** یەکەمجار لە رۆژی ١٩٧٥/٨/٣٠ دا بەمەبەستی پێوەندی کردن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش سەردانی (عومەر دەبابە) دەکەن لە بەغدا.(١)

لە ١٩٧٦/٤/٥ دا (مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی) سەفەری (رومادی) دەکات بۆ لای(عومەر دەبابە) و دووبارە پێوەندی پێوە دەکاتەوە بۆ هەمان مەبەست، و سەبارەت بە دەست پێکردنەوەی شۆڕش گفتوگۆدەکەن. (عومەر دەبابە) باسی ئەوەی بۆ دەکات کە رژێم چەند جارێك داوای لێ کردووە سەردانی (مام جەلال) بکات لەسوریا، بەمەبەستی قەناعەت پێهێنان و هێنانەوەی بۆ عیراق، و بە (ملا شێم حەمەد)رادەگەیەنێ کە کاتێ سەردانی مام جەلالی کرد ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ئەویش دا باس دەکات. هەروەها رێنمایی شی دەکات کە بچن بۆ قەندیل و ئاگاداری خۆیان بن لە دوژمن وئەویش کاتێ کە لە سوریا

---

** حاجی شێخەی بنزیری یەکێ لەپێشمەرگە سەرەتایی‌یەکانی ناوچەی باڵەکی یانە، تا ساڵی ١٩٧٨ لێپرسراوی مەفرەزەیەك بوو لەو هێزەدا کە پارێزگاری مام جەلالیان دەکرد.

(١) مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی: سەرەتای شۆڕشی نوێی ساڵی١٩٧٦ چۆن دەستی پێکرد؟، ل١٦-١٧

گەڕایەوە پێوەندی‌یان پێوە دەکاتەوە. مەلا شێم حەمەد داوای لێدەکات کە نامەیەك بۆ مام جەلال بنوسێت و ئەو بیگەیەنێت، بەڵام (عومەر دەبابە)پێی رادەگەیەنێ کە لەبەر بارو دۆخی ئەمنی ناتوانێ چونکە لەژێر چاودێری ووردی رژێمدایە.

مەلا شێم حەمەد دەڵێ : "دوای ماوەیەك هیچ گۆڕانکاری‌یەك بەسەر رێکەوتنەکەی من و کاك عومەردا نەهات، بەڵکو چاوەڕێی ئەوە بووین بەفر بتوێتەوەو بدەینە شاخ". ئەوەبوو لە شەوی٢٥\٢٦/٤/١٩٧٦دا ئەم دەستە پێشمەرگەیە رودەکەنە شاخ و هەر هەمان شەو بەسەر کەمینی‌سوپای رژێم دا دەکەون و پێشمەرگەیەك بەناوی(سەید عەبدڵڵا) شەهید دەبێت.

لە تەمموزی ١٩٧٦دا شەهید ئارام نامەیەك بۆ ئەم دەستە چەکدارە دەنێرێت و پێوەندی‌یان پێوەدەکات و داوادەکات چاوی پێیان بکەوێت، لە هەمان کاتدا (کەمال کەرکوکی)ش نامەیان بۆ دەنێرێت [1] و پێوەندیان پێوە دەکات.*

---

[1] مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی: سەرەتای شۆڕشی نوێی سالی١٩٧٦ چۆن دەستی پێ کرد؟ل٢١-٢٢، ٢٤-٢٥، ٢٨

* عومەر دەبابە دوای گەڕانەوەی لە سوریا، لە١/٨/١٩٧٦دا پێوەندی بەم دەستە پێشمەرگەیە دەکاتەوە و داوایان لێدەکات کە چاویان بەیەکتری بکەوێت. لە ١٦/٨/١٩٧٦دا یەکتری دەبینن و رۆژی دواتر کۆبونەوەیەك ساز دەدەن. مەلا شێم حەمەد دەنوسێت: "لەم کۆبونەوەیەدابەرنامەی کاری داهاتووی پێشمەرگایەتی دانراو هەرکەسێك بۆ ناوچەیەك دەستنیشان کراو بەپێی بڕیاری سەرکردایەتی (واتە سەرکردایەتی ی.ن.ك لەناوەوەی وڵاتدا) رۆژی١/٩/١٩٧٦ دا بەرەو گوندەکانی

دوابەدوای چونە دەرەوەی دەستە چەکدارەکانی کۆمەڵەش هەندێ لەسەرکردەو لێپرسراوەکانی جوڵانەوەکەی پێشوش خۆیان گەیاندە شاخ و لەماوەیەکی کەمدا سەدان چەکداریان لەخۆیان کۆکردەوە. [1]چونە دەرەوەی دەستە چەکدارەکانی هەرێمی سلێمانی، راپەڕینی تێکۆشەرانی باڵەکایەتی، دەرچونی هەڤاڵان (عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری، تایەری عەلی والی، د. خالید سەعید، سەعدی گچکە، قادر عەزیزو سەید کاکە، دوابەدوای دەرچوونی نەجمەدین عەزیز (سالار) و مەحمود عەبدولرەحمان، ملازم جوامێر سیامیرو جمال عەلی باپیر) و چەندین تێکۆشەری تر بوونە هۆی تەقینەوەی خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانە

---

(وەرتێ) و(گەرەوانی ژێری) و (گەرەوانی ژوری) و (زێوە) و (هەرتەل) رۆیشتین. دوای ئەو جەولەیە بە بڕیاری سەرکردایەتی رۆژی١٩٧٦/٩/١٥ چومە ناوچەی باڵەکایەتی بەری (رۆست) و (گرتك). لێرەدا ئەو راستی‌یەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو دەستە چەکدارەی لە ٢٦/ی گولانی١٩٧٦ دا چونە شاخ، دەستەیەك پێشمەرگە و کەسایەتی دڵسۆز و کوردپەروەر بوون و هیچ پێوەندی‌یەکیان بە قیادەی موەقەتەی پارتی‌یەوە نەبووە وەك (پدك)لە ئەدەبیاتی خۆی‌دا باس لەوە دەکات و وای لێکدەدەنەوە گوایە ئەوان بەر لە (ی.ن.ك) شۆڕشیان دەست پێ‌کردۆتەوە. لەراستی‌دا ئەو تێکۆشەرانە لە سەرەتادا پێوەندی‌یان بە یەکێتی یەوە هەبووە و لەژێر رابەرایەتی و رێنمایی یەکانی سەرکردایەتی(ی.ن.ك)دا نەخشەی کارەکانیان کێشاوە. هەروەك لە نوسینەکانی مەلا شێم حەمەد دا دەردەکەوێ، کەلە ساڵی ١٩٧٧دابوو چۆتە ئێران و لەوێ پێوەندی بە (ئیدریس بارزانی)ەوە کردوە. (**مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی: سەرەتای شۆڕشی نوێ، ل٣١، ٣٣-٣٤**)

[1] فازل کەریم ئەحمەد: خەباتی چەکدار لەپێناو ئەفسانەو راستی‌دا، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە(٩)، ساڵی١٩٨٩، ل٤٠.

بەشێوەیەکی زۆر فراوانتر لەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) نەخشەی بۆ کێشابوو.[1] هاوبەشی هەڤالانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لەشۆڕش و (ی.ن.ك) دا پالێکی گەورەی بەبزوتنەوەکەوەنا بەرەو پێشەوەو لەگەڵ کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان دا بونە دوو باڵەکەی (ی.ن.ك) لەولاتدا.

لێرەوە چالاکی دەستی پێ کردەوەو دەنگ و باسی بەرپا بوونەوەی سەر لەنوێی خەباتی چەکداری لە بواری نێو دەوڵەتیدا بیسترایەوە، ئەو کاتە رژێم تێگەیشت دەبێ دان بەڕاستیەکاندا بنێ و دەست لەدرۆی هەتا هەتایەی کۆتایی پێ هێنانی گیانی بەرەنگاری گەلی کورد هەڵبگرێ، ئیدی کەوتە جێبەجێ کردنی فراوانترین نەخشەی شۆڕشی چەواشە لەناوچەکەدا.[2]

بەلام (ی.ن.ك) چونکە ڕێکخراوێك بوو لەهەلومەرجێکی سەخت و دژواردا دامەزرابوو، دوژمن و ناحەزی هەبوو، ئەرك و فەرمانێکی ئێجگار قورسی لەئەستۆدابوو، ئەندام و لایەنگرو دۆستەکانی ئەمیش وەکو تێکۆشەرانی کەی گەلی کورد بلاوەیان پێ کرابوو، راونرابوون و دەربەدەرو ئاوارەبوون.

لەبەر ئەوە ڕێکخستنی خۆی بەخەتی جیاجیا، ڕێکخراوی جیاوازو لەیەك دابڕاوی نهێنی پێکهێنا بوو، ئەبوو جێبەجێ کردنی پارچە جیاجیاکانی پلانە پێشمەرگەییەکەش بەئەڵقەو ڕێکخراوە جیاوازەکانی

---

[1] هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی...ل٦.

[2] حیکمەت محمد کریم، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم، ل٢٣٥.

شوێن و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بسپێرێ و هەر ئەڵقەو خەت و ڕێکخراوێکیان بەجیا بکەوێتە جێبەجێ کردنی ئەو بەشەی پێی سپێردرابوو.[1]

یەکێك لەو ئەڵقە گرنگانەی ئەم فرمانە پیرۆزەیان پێ سپێردرابوو دەستە چەکدارەکانی بادینان بوون. ئەوەبوو لە ١٩٧٦/٦/١دا بەبۆنەی تێپەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر دامەزراندنییەوە، (ی.ن.ك) یەکەم دەستەی چەکداری خۆی لەسوریاوە ناردەوە بۆ کوردستان.[2] بۆ ئەم مەبەستە مام جەلال چوو بۆ قامیشلی بۆ بەڕێ کردنی ئەم دەستە چەکدارە کە یەکەمین وەجبەی پێشمەرگە بوو بەرەو کوردستان گەڕاوەتەوە. نەجمەدین بیۆك کەیا (نەجۆ) ئەم پۆلە پێشمەرگەیەی گەیاندەوە باشوری کوردستان،[3] نەقیبی ئەندازیار (ئیبراهیم عەزۆ محەمەد)* فەرماندەی دەستە

---

[1] قیادەی موەقەتە لەچ بەرەیەکدا وەستاوە، ل٣٩.

[2] هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عیراق، ل٢٥.

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانەوبەوە...ل٨٩-٩٠.

* ئیبراهیم عەزۆ ناسراو بە (جەبار)، لەساڵی ١٩٤٩ لە دێی گرڤر(ناحیەی عینزالە)لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٦٩کۆلیجی ئەندازیاری زانکۆی موصلی تەواو کردووە، لێپرسراوی لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە لە زانکۆ تا دەرچوونی. دوای تەواو کردنی خوێندن لە سوپای عیراقدا ئەفسەر بووە. لەیەکێتی سۆڤیەت و مصر دا خولی ڕاهێنان و مەشقی سەربازیی بینیوە، دوای ئەم خولانە پلەی (نەقیب)ی وەرگرتووە لە سوپادا، لەساڵی ١٩٧١دا بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، و بەر لە دەرچوونی بۆ سوریا ئەندامی کۆمیتەی شاری بەغدا بوو. سەرکردەی یەکەمین دەستەی کادیران و پێشمەرگە بوو، و لە١٩٧٦/٧/١٧دا لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگەی تر کەوتنە بۆسەیەکی قیادەی

چەکدارەکانی بادینـان بـوو، یەکـەمجار لـەنزیك روبـاری (هیـزل) لەپشـتی زاخـۆوە لەگـەڵ پێشـمەرگەکانی تـردا یـەکی گرتـەوە بـۆ رێکخسـتنەوەی مەفرەزەکان و کارو فرمان بەسەریاندا، کە ژمارەیان (٣٧) پێشـمەرگە بـوو، دابەش بوون بە(٤) مەفرەزەوە: فەرماندەی هەریەك لەمەفرەزەکان (ئیبراهیم عەزۆ، عزەت ئیسماعیل شەنگاری، عمر ئیبراهیم رەشید، جەبار مەلا غەنی سندی) بوون. ئەم چوار دەستەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان دابەش بوون بەسـەر ناوچەکانی زاخۆ، ئامێدی، دهـۆك، هەریەکـەیان لەلایەکـەوە کەوتنە چالاکی سیاسی و رێکخراوەیی و پێشمەرگەیی.[1]

فەرمانـدەی مـەفرەزەکان و پێشـمەرگەکان، زۆربـەیان پێشـمەرگە یـان کادر بوون لەشۆڕشی ئەیلول دا، شارەزای ناوچەکانی بادینـان و ئاشـنای خەڵکەکەی بوون.[2]

ئەم دەستە پارتیزانە پێشمەرگەی هەڵبژاردەی لاوە شۆڕشێگڕو ئازاو نەبەزەکانی بادینان بوون، هەموویان مەشقی جەنگی‌یان پێ کرابوو. خولی پەروەردەکردنی سیاسیان دیبو. جگـە لـەوەی لەشـەڕەکانی ١٩٧٤-١٩٧٥ دا هەموو پێشمەرگە بوو بوون، هەندێکیان کادری سیاسی بوون و لـەخولی کادیری پارتی دەرچووبوون.

لـەناو ئـەو پێشـمەرگانەدا خـەڵکی زاخـۆ، دهـۆك، شـێخان، عەینزالـە، تەلەعفـەرو شـەنگاریان تێـدابوو، هەنـدێکیان جوتیـارو هەنـدێکیان

---

موەقەتەوە، لە ١٩/١٠/١٩٧٦دا بەدیلی شەهید کرا. (دەفتـەری سـەروەری شـەهیدانی دەڤەری بادینان، ل٩-١٠)

[1] هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕی گەلی کوردستانی عیراق، ل٢٥.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانەوبەوە...ل٨٩.

خوێنـدكاری زانكـۆ بـوون.[1] ئـەم پێشـمەرگانە بـەبیرو بـاوەڕێكی پتـەوو گیـانێكی شۆڕشـگێڕانەو بەورەیـەكی جەنگاوەرانـەوە بـەرەو ناوچـەكانی خۆیـان چـوونو جـەماوەری بادینـانیش پێشـوازییەكی بـێ وێنـەیان لێ كردن، چ بەهاوكاری كردنو یارمـەتی دانیـان، چ ڕێنمایی كردنیـان، وە چ بەشاردنەوەو داڵدەدانیان.[2]

ئەم دەستە پێشمەرگەیە ماوەیەكی باش بەناوچەكاندا گەڕاو دەستی كـردەوە بەخـەڵك هانـدانو ڕێكخسـتنو پێوەنـدی دروسـت كـردن لەگـەڵ تێكۆشەرانی شـارەكانو مـژدەیان بەجـەماوەردا كـە خـەباتی چەكدارانە وا خەریكـە دەسـت دەبكاتـەوە، لـەو مـاوە كەمـەدا زۆر سـەركەوتوانە كـارو فرمانەكانی خۆیان بەجێ هێناو لەزۆر شوێنو ناوچەدا تۆوی ڕێكخستنو پێشـمەرگەیان چـاندو ڕۆڵێكـی گـەورەیان گێـڕا لەجۆشـدانی كۆمـەڵانی خەڵكو سازدانەوەی تێكۆشەران بۆ شەڕی پێشمەرگانە.[3]

بـــەڵام ئـــەم مەفرەزانـــە روو بـــەڕووی كۆســـپو تەگـــەرە هاتنـــەوە لەناوچەكەدا، ئەویش ڕێگری دروست كردنی قیادەی موەقەتە بوو بۆیـان. چـــەكدارەكانی قیـــادەی موەقەتـــەو ســـەركردەكانیان لـــەباتی ئـــەوەی بەلەخۆبوردنو گیانبازی ئەو پێشمەرگانەو دەست پێ كردنەوەی خـەباتی چەكدار شادبنو پشتیوانی لەو پێشمەرگانە بكەن كە لـەپێناوی بـەرگری لەنەتەوەو نیشتمانەكەیان گیانی خۆیان هاویشتبووە سەر لەپی دەستیان و ئەچوون بەگـژ زەبـرو زەنگـی دڕندانـەی دوژمنـدا، كەچـی پـێی قـەلسو

[1] قیادەی موەقەتە لەچ بەرەیەكدا وەستاوە، ل٤٠.
[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.
[3] هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕی گەلی كوردستانی عیراق، ل٢٥.

دڵگران بوون و کەوتنە هەڵپەی لەناو بردنیان بەیارمەتی (میت)ی دەزگای جاسوسی تورکیاو بەهاوکاری خێڵ و هۆزە کۆنە پەرستە خائینەکانی قشوری و گولی، دەیان چەکداری خەڵکی تورکیایان سازداو خستیانە دوایان بۆ دۆزینەوەو لەنێو بردنیان.[1] و پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاودەکردەوە گوایە ئیبراهیم عەزۆو هاوڕێکانی پیاوی (سەدام حسێن)ن.

لە ١٥ی تەمووزی ١٩٧٦ ئیبراهیم عەزۆ بۆ بەڕێکردنی پێشمەرگەی نەخۆش (تەها شەنگاری) و ناردنی پۆستەیەکی نامەو نوسراو لەگەڵ دەستەکەی چووە ناوچەی گۆیی (قەزای ئولودەرە) لەویلایەتی هەکاری لەباکوری کوردستان.

سەرکردایەتی قیادەی موەقەتە کە پێشتر هەستی بەجموجۆڵی شۆڕشگێڕانەی (ی.ن.ك) کردبوو لەناوچەکەدا، هەندێك جاسوسی ناردبووە باکوری کوردستان لەسەر سنوری ئولودەرە – چەلی (چەقورجە) بۆ چاودێری کردنی کادرو پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) و رێگرتن لەچالاکیەکانیان و هاندانی خێڵ و هۆزە دواکەوتووەکانی سنور دژیان، کە گوایە تێکۆشەرانی (ی.ن.ك) پیاوی سەدام حسێن و رژێمی عیراقن و ئەیانەوێ شۆڕش لەوان تێك بدەن!!

تاقمی قیادەی موەقەتە خەلکانی ناوچە سنوری یەکانیان ئاگادار کردبووەوە کە هەر چەکدارێکی سەر بە (ی.ن.ك) بەو ناوەدا تێپەڕی بیگرن و چەکەکەی ببەن بۆخۆیان بەو مەرجەی خۆی تەسلیم بەوان بکەن.

---

[1] قیادەی موەقەتە لەچ بەرەیەکدا وەستاوە، ل٣٩، ٤١" بەهرۆز گەلاڵی: کوردایەتی و هەڵوێست، بەرگی یەکەم، ل٣٠-٣١

بەم شێوەیە بەفیتی قیادەی موەقەتە لەگوندی نیروە (ئولودەرە) ئیبراهیم عەزۆ و (٨) پێشمەرگەی تر بەناوی میوانداری‌یەوە بەپێچەوانەی هەموو خوڕەوشت و نەریتێکی کوردەواری‌یەوە بەفێڵ دەستگیر کران.[1]

پاش ئەوەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گرتنی ئیبڕاهیم عەزۆ و هاوڕێکانی پێگەیشت، لە چەند لایەکەوە تەقەڵای بەردانیانی کرد:-

* مام جەلال بەناوی (ی.ن.ک)ەوە نامەی بۆ ئیدریس و مەسعود بارزانی و عەلی عەبدوڵڵا نووسی، داوای لێ کردن کە دەست بەرداری ئەم جۆرە کردەوانە بن و ئەو هەڤاڵانە ئازاد بکەن و لەجیاتی ئەوە هاوکاری‌یان لەگەڵ بکەن و یارمەتی‌یان بدەن و پشتیوانیان لێ بکەن و نەهێڵن جارێکی تر تاوانی وا بەناوی ئەوانەوە رووبدات. لە هەمان کاتدا نامەی بۆ هەندێك لەو کەسانە نارد کە لە ئێران بوون و جێی متمانەی ماڵی بارزانی بوون تا نفوزی خۆیان لە بەردانی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا بەکار بێنن.[2]

---

[1] هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عیراق، ل٢٦.

[2] نامەی مام جەلال بۆ کاك مەسعود بارزانی و کاك ئیدریس بارزانی لە١٩٧٦/٨/١٠، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٩)؛ نامەی مام جەلال بۆ کاك عەلی عەبدوڵڵا لە ١٩٧٦/٨/١٠، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٠)

* (**التجمـــع الـــوطني العراقـــي**)* لەچـــەندين لاوە هـــەوڵی داو لێپرسراوەکانی قیادەی موەقەتەی لەمەترسی ئەنجامی ئەو جۆرە کارانە وریا کردەوە.[١]

* چەندین کەسایەتی نیشتمان پەروەری کورد لەسوریا کەوتنە تکا، تەنانەت وەفدێکیشیان چوو بۆ ئەو ناوچەیەی ئەو هەڤاڵانەی لێ زیندانی کرابوون کوردستانی تورکیا. چەندین حزبی کوردی سوریا ناڕەزایی‌یان دەربڕی‌و داوای ئازاد کردنیان کردن.[٢]

* لەباکوری کوردستانیش چەندین کەس‌و تاقمی نیشتمان پەروەر کەوتنە هەوڵدان بۆ ئازاد کردنی ئەم هەڤالانە تەنانەت پارتی شۆڕشی میللی کوردستان کە بە(د.د.ك.د) ناسرابوو، وەفدێکیان ناردە لای لێپرسراوانی قیادەی موەقەتەو ئامادەیی‌یان دەربڕی کە بکەونە نێوانەوەو لەهەمان کاتدا هەڕەشەیان لەقیادەی موەقەتە کرد کە ئەگەر ئەو هەڤاڵانە ئازاد نەکەن ئەوا دەکەونە دژایەتی کردنیان.[٣]

بەڵام سەرکردایەتی قیادەی موەقەتە گوێیان نەدایە ئەو هەموو هەوڵە خێرخوازانەیەو تەقەلاکانی کوردیان پشتگوێ خست، بەپێچەوانەوە شەڕی پێشمەرگەکانی(ی.ن.ك) و لەنێوبردنیان گرتەبەر.[٤]

---

* (**التجمع الديمقراطي العراقي**) ئەو بەرەیە بوو کە هێزە بەرهەڵستکارەکانی عیراق لە سوریا پێکیان هێنا بوو و چەند رێکخراوێکی سیاسی تێدابوو.

[١] قیادەی موەقەتە لەچ بەرەیەکدا وەستاوە، ل٤١-٤٢.

[٢] قیادەی موەقەتە لەچ بەرەیەکدا وەستاوە، ل٤١-٤٢.

[٣] هەمان سەرچاوە

[٤] بەهرۆز گەلاڵی: کوردایەتی و هەڵوێست، ل٣٢

ئیــبراهیم عــەزۆ و هاوڕێکــانی ماوەیــەك بــەگیراوی لەناوچــەکانی ئولودەرە، قوشوری و ئەرتوشی (چەلی) سوڕێنرانەوە، تا پاشتر لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تریان دا لە١٩/١٠/١٩٧٦دا لەلایەن قیادەی موەقەتە شەهیدکران.[1]

لەو بارو دۆخە دژوارەدا مەفرەزەکانی یەکێتیی لە نێوچەی بادینان تا چەند هەفتەیەك لەیەکدی دەپچڕێن و پاش ئەوە یەکدی دەگرنەوەو بڕیار دەدەن کە مەفرەزەی (عزت شەنگاری و عومەرئیبراهیم) بە دوای سۆراخی ئیبراهیم عەزۆ و پێشمەرگەکانیدا بگەڕێن و مەفرەزەکەی (جەباری مەلا غەنی سەندی)ش لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆی بەردەوام بێت. بەڵام مەخابن هەردوو ئەو مەفرەزەیەش بەهەمان ڕێ و شوێنی ئیبراهیم عەزۆدا دەچن و لە گوندی (روبوزك) لە قەزای ئولودەرەی سەر بە هەکاری دەکەونە بۆ سەیەکی سەر بەقیادەی موەقەتەوەو چەك دەکرێن. هەر لەوێ هەردوو فەرماندەی مەفرەزەکان شەهید دەکرێن و پێشمەرگەکانیش زیندان دەکرێن کە ژمارەیان (١٨) کەس دەبێت و پاش چەند ڕۆژێك هەر لە ئەشکەوتی (باڤێ) دا گوللە باران دەکرێن.[2]

شایانی باسە کە مەفرەزەکەی (جەباری مەلا غەنی سندی و عەبدول ڕەحمانی شەنگاری) کە بۆ حەسانەوە لەسەر کانیەکی پشت زاخۆ بوون، لەناکاو لە لایەن قیادەی موقەتەوە دەستریژ دەکرێن و هەر لەوێدا جەباری مەلا غەنی و سێ پێشمەرگە شەهید دەکرێن و عەبدول ڕەحمانی شەنگاری

---

[1] هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕی گەلی کوردستانی عیراق، ل٢٦.

[2] قیادەی موەقەتە لەچ بەرەیەکدا وەستاوە، ل٤٣-٤٤.

و چوار پێشمەرگەی تر خۆیان دەرباز دەکەن بەڵام لەهەمان رۆژدا لەلایەن سوپای عیراقەوە ئەوانیش بەدیل گیران و دوای ئازاردان و ئەشکەنجەو لێپرسینەوەیەکی دڕندانە*، لە ٢٩/ مارتی ١٩٧٧ لەقەسابخانەی موسڵ لەسێدارە دران.(١)

بەم جۆرە دەستە چەکدارەکانی بادینان لەلایەن چەکدارەکانی قیادەی موەقەتە بەفێڵ و پیلان، دور لەخوڕەوشتی سیاسی شۆڕشگێڕانە لەناو بران، ئەم دەستە شەهیدانە تاوانێکیان نەکردبوو، تا شایستەی ئەو جۆرە راونان و کوشتنە بن و گوناهێکیان نەبوو بەو دەردە ببرێن، ئەمانە کەسێکیان لەقیادەی موەقەتە نەکوشتبوو، ئەمانە سالانی ١٩٧٤-١٩٧٥ پێشمەرگەی دڵسۆزی شۆڕش و لەبەر فەرمانی بارزانی بوون. مەگەر تەنها گوناهەکەیان ئەوەبووبێ کە دڵسۆزی کوردو کوردستان بوون و هەوڵیان ئەدا گڕی شۆڕش هەڵبگیرسێننەوە.

لەم بارەیەوە (فرەنسۆ هەریری)دەڵێت:"جەلال تالەبانی ویستی لە سوریاوە هەندێ مەفرەزە بنێرێت لەمەفرەزەکانی ئێمە بدا لەناوچەی بادینان، هەندێ خەڵکی نارد و لەوێ توشی شەڕی کردن، لەبرادەرانی ئێمەیان داو زۆر کەسیش لەوێ شەهیدبوون".(٢)

لێرەدا دەکرێ بپرسین، ئایا چ بەڵگەیەك هەیە کە مام جەلال ئەم مەفرەزانەی بۆ ئەوە ناردبوو تا لە چەکدارەکانی پارتی بدەن؟ ئایا لەکوێ ئەم مەفرەزانە چوونە سەر پارتی و شەڕیان پێ فرۆشتن؟ئەی ئەو (زۆر

---

* بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٧)

(١) قیادەی موەقەتە لەچ بەرەیەکدا وەستاوە، ل٤٤.

(٢) فرەنسۆ هەریری: بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنوسرێ، ل٢٠

کەس)انەی کە لەپارتی کوژران کێ بوون و ناویان چی بوو؟بۆچی تەنها یەك کەس لەم کوژراوانە ناویان نەهاتووە لە ئەدەبیاتەکانی پارتی‌دا؟ یاخود مەسەلەکە بە پێچەوانەوە بوو و قیادەی موەقەتە لە کوردستانی ژێردەستی تورکیاوە ڕێگەی خەباتیان لە مەفرەزە سەرەتایی‌یەکانی (ی.ن.ك) گرت و بەفێڵ و پیلان لەنێویان بردن. چونکە لە ڕاستی‌دا ئەوکاتە هێشتا هیچ چەکدارێکی پارتی نەگەڕابوونەوە کوردستان تاکو یەکێتی هەوڵ بدات ڕێگەی کارکردنیان پێ‌بگرێ‌و هێزی چەکدار بنێرێتە سەریان.

ئەم ڕاستی‌یەش لەو لیژنە سێ‌قۆڵی‌یە هاوبەشی‌یەدا دەردەکەوێ کە پێک هاتبوو لەنوێنەرانی (ی.ن.ك) و حزبی‌بەعس(قیادەی قوتری) و قیادەی موەقەتە تابچنە تورکیا بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو مەسەلەیە، بەلاّم قیادەی موەقەتە نەیانهێشت لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوەو خەریك بوو بەکوشتن‌و بەگرتنیان بدەن.[1]

بێ‌گومان لەناوبردنی ئەم چەند دەستە پێشمەرگەیە، کە (ی.ن.ك) هێشتا لەسەرەتای کارکردندابوو، مەغزایەکی گرنگ‌و مانایەکی زۆری هەبوو، ئەم چەند مەفرەزە بچوکە ناوکی هێزی پێشمەرگەی بادینان بوون‌و بەپێی ئەو پلانەی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) داینابوو، بادینانیش یەکێك بوو لەئەڵقە گرنگ‌و بنچینەییەکانی نەخشەی دەست پێ کردنەوەی خەباتی سیاسی چەکدارو هەڵگیرساندنەوەی گڕی شۆڕش لە باشوری کوردستاندا.

---

[1] قیادەی موەقەتە لەچ بەرەیەکدا وەستاوە، ل٤٥.

هەرچەندە ئەم تاوانە گەورەیەی قیادەی موەقەتە دەرهەق بەئیبراهیم عەزۆو هاوڕێکانی کارێکی زۆر نەئانە(سلبی) کردە سەر گەشەپێدانی چالاکی شۆڕشگێڕانەو چەکدارانە لەوڵاتدا، بەڵام چونکە هێزی بنچینەیی شۆڕش و رێکخستنی شۆڕشگێڕانە لەوڵاتدا، خۆ سازدان بەهێمنی و بەئەسپایی بەردەوام بوو، بۆیە ئەم تاوانە نەیتوانی پەکی هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری بخات، هەرچەندە لەڕوی چەك و تفاقەوە پەکی پێشمەرگەکانی کوردستانی خست، چونکە هەر زوو پێش ناردنەوەی ئەم تێکۆشەرانە دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك) لەگەڵ کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵە پێك هاتبوون کە چەندین دەستەی چەکدار بنێرنە دەرەوە، هەروەها (د. خالید سەعید)یش خۆی تاقمێکی سازدابوو، کە(حاجی شێخەی بنزیری) و دەیان چەکداری کەیش ئامادە بوون لەگەڵ ئەو دا.[1]

لەهەمان کاتدا کەسەرکردایەتی دەرەوەی وڵات بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دامەزراندنی (ی.ن.ك) دەستە چەکدارەکانی بادینانی ناردەوە، سەرکردایەتی ناوخۆش بڕیاری دا کەلەهەمان کاتدا ئەودەستە چەکدارانەی کە ئامادەی کردبوون بیان نێرێتە شاخ بۆ دەست پێ کردنەوەی شۆڕشی چەکداری کە بڕیار بوو ١٩٧٦/٦/١ دەست پێ بکا بەڵام لەبەر هەندێ هۆکار دواخرا بۆ ١٩٧٦/٦/٢٦. شایانی باسە هەر ئەو شەوە یەکەم مەفرەزە کە پێکهاتبوون لە (مەحمود عەبدولرەحمان – خولە کەشکۆل، عەلی شیعە، شەوکەتی حاجی موشیر، حامیدی حاجی غالی،

[1] هەواڵنامەی خەباتی شۆرگێری گەلی کوردستانی عیراق، ل٥ " شێخ عەلی بیرەوەرییەکانی بۆ رێبازی نوێ دەگێڕێتەوە، رێبازی نوێ، ژمارە (١٣)، ل١٠٧-١٠٨.

حەمەی حاجی مەحمود، تۆفیق رەحیم، حەمە سەعید محەمەد ئەمین) بەرەو شاخی سورێن دەکەونەڕێ، [1]جگە لەمانە چەند دەستەیەکی دیکەش بۆ سازدانی خەباتی پێشمەرگایەتی دەچنە شاخ، بۆ نمونە:-

له ١٩٧٦/٧/١٩ نەجمەدین عەزیز (سالار) و جەمالی عەلی باپیر و تاهیر شێخ سدیق و محەمەد غەریب دەچنە ناوچەی شاربازێڕ، له ١٩٧٦/٧/٢١دا دەستەیەکی چەکدار بەفەرماندەیی (جەمال عەلی باپیر) لەجافەتی پێك هات، و لە ١٩٧٦/٧/٢٩ دەستەیەکی چەکداری تر لەشاربازێڕ بەفەرماندەیی ملازم جوامێر سیامیر پێك هات.[2]

یەکەم کاری پێشمەرگەکان پڕوپاگەندەی راگەیاندن بوو، مژدەی سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ و پێشمەرگە بوو، هاندانی خەلکی‌بوو کە خۆیان بەحکومەتی بەعس نەفرۆشن، لەگەڵ دام‌و دەزگاکانی رژێم کارنەکەن، داوای یارمەتی و چەك‌و تەقەمەنی‌یان لێ ئەکردن. پێشمەرگەکانیش خۆیان کاری پارتزانانەیان دەکرد کە بەڕۆژ خۆیان لەمەکۆی تایبەتیدا ئەشاردەوە، بەشەویش جموجوڵی خۆیان دەکردو

---

[1]محمدی حاجی محمود: رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی یەکەم١٩٧٦-١٩٨١، ل٢٣" چاوپێکەوتن لەگەل مەلا بەختیار، لە ٢٠٠١/٣/١٤ لە سلێمانی؛ شەوکەتی حاجی مشیر: مێژووی ئەم گەلە بە خوێن نوسراوە، هەقە دلسۆزبین بۆی و چەواشەی نەکەین، کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٠٥)، ١٩٩٣/٦/٦.

[2]چاو پێکەوتن لەگەڵ سالار عەزیز، لە ٢٠٠١/١٠/١٣، لە سلێمانی؛ هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕی گەلی کوردستانی عیراق، ل٢٦.

کۆبوونەوەیان بەخەڵکی گوندەکان دەکرد، بۆ ئەوەی نەزانن ژمارەیان کەمە هەندێ جار جۆرەها تاکتیکی پێشمەرگانەیان بەکاردەهێنا.[1]

لەشـەوی ١٩٧٦/٧/١١ دەسـتەی چـەکداری هـەورامان و شـارەزوور لەسەر ڕێگەی خورماڵ- سەید سادق یەکەمین چالاکی پێشمەرگەیی نواند بەلێدانی لـەئوتومبێلێکی پۆلیسـی کـە لەئەنجامـدا (٢) پـۆلیس کـوژران و (٢)ی تـریش برینـدار کـران، ڕۆژی دواتـر لەهـەموو ناوچەکانی شارەزورو هەڵەبجە بڵاوبۆوە کە پێشمەرگە سەریان هەڵداوە تەوە.[2]

لەشەوی ١٩٧٦/٧/٣٠ بەبۆنەی (٣٠) تەمموزەوە ڕژێم ئاهەنگێك ساز دەکات لەهاوینەهـەواری (ئەحمـەد ئاوا)، مەفرەزەکـەی شـارەزوور هێـرش دەکەنە سـەریان و تەقە لەسـەربازەکانی ڕژێـم دەکـەن و چـەند کەسێکیان لێ دەکـوژن، بێگومـان ئەمـەش پڕوپاگەندەیـەکی بـاش بـوو بـۆ پێشـمەرگەو شۆڕش، چونکە بەهەزاران کەس لەشارە جیاجیاکانی خواروو ناوەڕاستی عیراقەوە ڕوویان کردبووە ئەم هاوینەهەوارە.[3]

پـاش ئـەو ڕووداوە بـە هەفتەیـەك لـە (١٩٧٦/٨/٨) دا ژمارەیـەك لـەو کورد پەروەرانەی دوور خرابوونەوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لەسەر داوای مام جەلال کە نامەی بۆ ناردبوون، بڕیاریان دا لـە ژێـر

---

[1] شێخ عەلی بیرەوەرییەکانی بۆ ڕێبازی نوێ دەگێڕێتـەوە، ڕێبـازی نـوێ ژمـارە (١٣)، ل١٠٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ل١١٠

[3] شەوکەتی حاجی مشیر: مێژووی ئەم گەلە بە خوێن نوسراوە، هەقە دلسۆزبین بۆی و چەواشەی نەکەین، کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٠٥)، ١٩٩٣/٦/٦.

دەستی دووژمن هەڵبێن و خۆیان بگەیێننە چیاکانی کوردستان و بەشداری لە خەباتی ڕەوای نوێی نەتەوەکەیاندا بکەن.

د. خالید سەعید، سەعدی گچکە لە (بەغدا)، عومەر مستەفا دەبابەو سەید کاکە لە (رمادی)، عەلی عەسکەری لە (رفاعی)، تایەری عەلی والی لە (عمارە)ەوە شوێنەکانی خۆیان بەنهێنی بەجێ هێشت و بەرەو کوردستان کەوتنەڕێو بڕیاریان دا کە هەڤاڵێکیان بچێتە سلێمانی و هەندێکی تریان بچنە چیای قەندیل.[1]

لە ١٩٧٦/٨/١٤ هەڤالان (د. خالید سەعید، عومەر دەبابە، سەعدی گچکە، سەید کاکە، یاسین قادر، جەعفەر ئەسوەدو جەوهەر سەعید) گەیشتنە گوندی (ئینەدزی)ی قەندیل و دەستیان کرد بەدۆزینەوەو ڕێکخستنەوەو ئامادەکردنی دەستەی چەکدار.[2]

هەر لەم بارەیەوە سەید کاکە دەڵێ:" لە ٨/١٥ گەیشتینە قەندیل، (عەلی کۆ)ی لێ بوو کە دەوری (٢٠) کەسی لەخێڵەکەی خۆی لەگەڵدابوو". دەزگەکانی رژێمی بەغدا لەحاجی ئۆمەران بە عەلی کۆ یان راگەیاندبوو کە راگوێزی باشوری عیراقی دەکەن. ناوبراو لەترسی ئەو بڕیارەی رژێم هەلات نەك لەدڵسۆزی خۆیەوە. لەهەمان کاتدا پێوەندی لەگەڵ رژێمی ئێرانیش دا هەبوو.[3]

---

[1] ئاسی رەباتی: هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشور، ل٤١

[2] هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕی گەلی کوردستانی عیراق، ل٢٧ ؛ سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، ل٨٧.

[3] سەید کاکە: بیرەوەری پێشمەرگەیەك، ل٨٧.

لـەپاییزی ١٩٧٦دا مـەفرەزەکانی پێشـمەرگەی (ی.ن.ك) گەیشـتنە ناوچەکانی خۆشناوەتی و دەوروبەری کۆیەو زرارەتی و دۆڵـی سماقولی و زۆر شوێنی تر.[1]

بـۆ یەکـەم جـار شـەڕو پێکـدادانی سـوپای عێراقـی و پێشـمەرگەی کوردسـتان دوای هەرەسـی ١٩٧٥ لـە شـەوی ١٣-١٩٧٦/٩/١٤ دا بـوو لـە گوندی (قاینجە) کە لەوێدا هێزێکی سەربازی گەورەی رژێم هێرشی سەر مەفرەزەی شارەزووریان کردوو لە ئەنجامی شەرێکی دەستەو یەخانەدا کورد یەکەم شەهیدی دا کە ئەویش (فاتیح شێخ حەیدەر) بوو.[2]

جگـە لـە (ی.ن.ك) لـەو سـەردەمەدا چـەند مەفرەزەیـەکی بچـوکی (پاسۆك)یش رویان کردە شاخ و دەستیان بە خەباتی چەکداری کرد، لە کەسە هەرە ناودارەکانیان کە لەو سەردەمەدا رۆڵـی هەبوو(جەلالی حاجی حسێن) بوو. و پێوەندی شیان لەگەل یەکێتی زۆر باش بوو.[3]

کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان هـەر لەسـەرەتاوە هیوایـەکی گـەورەیان بەتاقی کردنەوەی ئەم جارە هەبوو و بەگەشبینیەوە سەیری چالاکی ئەو دەسـتە چـەکدارە بچـوکانەیان دەکـرد کـە بەتوانایـەکی زۆر کەمـەوە،

---

(1) رێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم، ل٦٧.

(2) محمـدی حـاجی محمـود: رۆژژمێـری پێشـمەرگەیەك، بـەرگی یەکـەم١٩٧٦-١٩٨١، ل٤٠-٤١؛ شـێخ عـەلی بیرەوەریـیـەکانی بـۆ رێبـازی نـوێ دەگێڕێتـەوە، رێبـازی نـوێ، ژمارە(١٣)، ل١١٢؛ شـەوکەتی حـاجی مشـیر: مێـژووی ئـەم گەلـە بـە خـوێن نوسـراوە، هەقـە دلسـۆزبین بـۆی و چەواشـەی نەکـەین، کوردسـتانی نـوێ، ژمـارە(٤٠٥)، ١٩٩٣/٦/٦.

(3) چاوپێکەوتن لەگەل مەلا بەختیار، لە ٢٠٠١/٣/١٤ لە سلێمانی.

بەبرسێتی و روتی و رەجالی‌یەوە دەستیان دابووە شۆڕش، ئەو دەمە لەناو لاوەکاندا ئەو بیرو باوەڕە باوبوو کە (هەر گەلێك چەندە بچوك و لاوازو بێ هێز بێت، دەتوانێ بەشێوازی خەباتی چەکداری درێژخایەن روو بەڕووی گەورەترین هێزی سەربازی و سیاسی ئەم دنیایە بێتەوەو چۆکیشی پێ دابدات.[1] نمونەی ئەزموون و تاقی کردنەوەی ڤیتنام و لاوس و کەمبۆدیایان لەبەر چاووبوو، کە چۆن توانیان هێزەکانی ئەمریکا لەناوچەکەیان دەرپەڕێنن.

ئەو سەردەمە لەکوردستاندا دوو بۆچوونی جیاواز دەربارەی خەباتی چەکداری و چۆنیەتی پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەو دەست پێ کردنەوەی لەئارادابوون:-

**یەکەمیان:** شاسوار جەلال (ئارام) نوێنەرایەتی دەکرد، و بریتی بوو لەدروست کردنی دەستەی چەکداری بچوك بچوك، کە ئەرکی سەرەکی هۆشیار کردنەوەی کۆمەلانی خەلك بێت (فرق الدعايه المسلحه)، وە پەلە نەکردن لەشەڕو پێکدادان و چالاکی سەربازی و بایەخ دان بەئیش و کاری سیاسی و رۆشنبیری لەناو جوتیاراندا. هەروەها پەلەنەکردن لەژمارەو چەندایەتی هێزی پێشمەرگەو پشت گوێ نەخستنی دەسەلاتی رابەری سیاسی و رێکخستن، و بوار نەدان بەوەی هێزی سەربازی بەلولەی تفەنگ دەسەلاتی خۆی بەسەر رێکخستنی سیاسی‌دا بسەپێنێ و بیکاتە پاشکۆی خۆی شەهید ئارام لە(پێڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان)دا

[1] فازیل کەریم ئەحمەد: خەباتی چەکدار لەنێوان ئەفسانەو راستی‌دا، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە(٩) ل٣٥.

هەوڵی‌داوە هێڵە سەرەکیەکانی ئەم بۆچوونە بچەسپێنێ، بۆ ئەوەی نەهێلرێت دیاردەی عەشیرەتگەری لەنێو هێزی پێشمەرگەدا سەر هەڵبداتەوە.[1] و بەدەستەی پێشمەرگەی نهێنی پارتیزانیەوە بۆ هۆشیار کردنەوەی زەحمەتکێشان بەناوی شۆڕشی نوێوە لەدێهاتو شاخەکانەوە دەست بکرێ بەشۆڕشی درێژخایەن لەپێناوی روخاندنی رژێم و هێنانە سەرکاری رژێمێکی دیموکراتی ئیئتلافی عیراقی کە ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان دابین بکات، شۆڕشەکەش ناو بنرێ (شۆڕشی عیراقی لەکوردستانەوە هەڵگیرساو).[2]

**دووەمیان:** عەلی عەسکەری نوێنەرایەتی دەکرد، ئەم پێی وابوو دام و دەزگا لێکترازاوەکانی بزوتنەوە چەکدارەکەی پێشوو، دەتوانرێ سەر لەنوێ وەك جاران ببوژێنرێتەوەو درێژە بەخەباتی چەکداری بدرێ، ئەوانەی لایەنگری ئەم بۆچوونەیان دەکرد، هەمیشە ئەم رستەیەیان دووبارە دەکردەوە کە (تەنها سەرکردایەتیەك هەرەسی هێناوە، جەماوەر هەمان جەماوەرەو رژێمیش هەمان رژێم زوڵم و زۆرداریش هەر بەردەوامە).[3]

---

[1] فازیل کەریم ئەحمەد: خەباتی چەکدار لەنێوان ئەفسانەو راستیدا، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە(٩)، ل٤٠؛ چاو پێکەوتن لەگەڵ سالار عەزیز، لە ٢٠٠١/١٠/١٣، لە سلێمانی؛ چاو پێکەوتن لەگەڵ ملازم عومەر عبدالله، لە ٢٠٠١/١٠/١٠ لە سلێمانی

[2] حیکمەت محەمەد کەریم: شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم، ل٢٣٥.

[3] فازیل کەریم ئەحمەد: خەباتی چەکدار لە نێوان ئەفسانەو راستیدا، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە(٩)، ل٤١.

ئەودەستەیە پێکەوەنانی هێزێکی چەکدارانەی فراوانیان لەتەواوی چین و توێژەکانی گەلدا وەك خۆپیشاندانێکی چەکدارانە پەسەند دەکرد هەتا فشار بخرێتە سەر رژێم و مفاوەزات بەزوویی بسەلمێنێ و کورد لەمەترسی شۆڤینیزم رزگاری ببێ.[1] عەلی عەسکەری سەرجەمی بیرکردنەوەو بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕی کە (دەبێ خۆپیشاندانێکی چەکدارانە بکەین، بۆ ئەوەی رژێم مفاوەزاتمان لەگەڵدا بکات)، بۆیە هەوڵیان دەدا بەکورتترین ماوە گەورەترین ژمارەی چەکدار لەخۆیان کۆبکەنەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە چۆنایەتی و شێوەی رێکخستن و پەروەردە کردنی سیاسی. گرنگ ئەوەبوو رژێم بگەیەننە ئەو بڕوایەی ئەمان بەنوێنەری گەلی کورد دابنێن و لەسەر مێزی مفاوەزات گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات خۆئەگەر رژێم بەشێوەی ئاشتی‌یانەو گفتوگۆ رازی نەبوو ئەوا وەك هێزێکی سیاسی سەیر بکرێن و بەنوێنەری گەلی کورد قبوڵ بکرێن.[2]

ئەوانەی پێیان وابوو کە ئەبێ (ی.ن.ك) هێزی گەورەو بەژمارە پێکەوە بنێت و ئەیانویست لەماوەیەکی کەمدا لەشکرە دامرکاوەکانی جاران هەڵسێنەوە، بەڵگەیان ئەوە بوو کە : شەڕی ئەمجارە شەڕی مان و نەمانە، شەڕی بەرگری کردنە، نەك رزگاری نیشتمانی دیموکراتی، ئەبێ دەرگا بخرێتە سەر پشت بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە ئەیانەوێت دژی رژێم و

---

[1] حیکمەت محەمەد کەریم: شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاری‌یەکانی سەردەم، ل٢٣٥.

[2] فازیل کەریم ئەحمەد: خەباتی چەکدار لە نێوان ئەفسانەو راستی‌دا، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە(٩) ل٤١.

بەشـــداری لـــە مـــافی کـــورد بکـــەن. ئـــەم بیروڕایـــە تـــەنها ســـۆزێکی نەتەوەییانەبوو وەك لەوەی بیرکردنەوەیەکی زانستی و شارەزایانە بێت لەجەنگ و تێگەیشتنی بارودۆخی کوردستان و خاسیەتەکانی لێکدانەوەی بەپێی کەمی چەك و پێداویستیەکانی جەنگ.[1]

هەمیشـە نـاکۆکی و زۆرانبـازی لـەنێوان ئـەم دوو بۆچـونەدا هـەبوو لەناوچەیەکی دیاریکراودا، کە یەکەمیان دەستەی دامەزرێنـەری (ی.ن.ك) و (کۆمەڵـــەی مارکســـی لینینـــی کوردســـتان) نوێنەرایـــەتیان دەکـــردو دووەمیشـیان پێرەوانـی (بزوتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان) بـوون، هەردوکیشـیان لـەناو یەکێتیـدا بەشـێوەیەکی گشـتی کاریـان بـۆ هێـزی چەکداری یەکێتی دەکرد.

ئـەو نەخشـە و پلانـەی کۆمەڵـە لەسـەرەتاوە پـەیڕەوی دەکـرد، بـووە قوربـانی ئـەو سیاسـەتە پـڕ نـاکۆکی و دژواریـەی بڕیـاری پـەیڕەوکردنی دابوو، هێزی چەکداری کۆمەڵە لـەو کاتـەدا بەپەنجـەی دەسـت دەژمێـردرا، لەچاو ئەو هێزانەی کە لەدەوری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دا کۆبوو بونەوە، بوونی دوو سیاسەت و جیهانبینی زۆر جیاواز، بوونی دوو هێـز یـەکێکیان گـەورەو ئـەوەی کەشیان زۆر بچـوك، تەرازوەکـە بەتـەواوی بەقازانجی بزوتنەوە داشکابوو.

سەرەڕای ئەم نابەرابەریـەش، ئەنـدام و کادرەکـانی کۆمەڵـە سـەریان دانـە دەنوانـدو جڵـەوی خۆیـان نەدەدایـە دەسـتی ئـەوان، بەڵام کۆمەڵـە بـۆ ئـەوەی بتوانـێ خـۆی بپـارێزێ و پارسـەنگێك بـۆ خـۆی دروسـت بکـات و

[1] ج. صادق: خەباتی چەکدار چۆن تێئەگەین؟ گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە(٥)، ل١٣.

حیساب بۆ زاڵ بوون و گەورەبوونی هاوپەیمانەکەی بکات و بتوانێ داکۆکی لەخۆی بکات، لەزۆر شوێن دەستی کرد بەچەکدار کۆکردنەوە، بێ ئەوەی گوێ بداتە چۆنایەتی وناسنامەی چینایەتی ئەوانەی دەیانەوێ بچنە ریزەکانی‌یەوە.[1]

ژمارەیەك لە سەرکردایەتی بزووتنەوە کەسانی ناودار بوون و لەوانە بوون کە لە شۆرشی ئەیلول دا ڕۆلی بەرچاویان بینیبوو. بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەچوونە ریزی شۆرشەوە پێوەندی‌یان لەگەڵ بزووتنەوەدا دەکرد، لەبەر ئەوە ژمارەیەکی کەمی کۆمەڵە لە ناوچەی هەولێر لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدابوون.[2]

بەرپاکردنەوەی جەنگی پارتیزانی بۆ ژیاندنەوەی گیانی بەرەنگاربوونەوە سیاسەتێکی دروست بوو، بەڵام پێویستە قسە لەسەر ئەوە بکرێ کە ئەو جەنگە پارتیزانی‌یە بەنیازی چ ستراتیژێکی سیاسی بەرپا کراوە؟ هەڵەکانی بەرپاکردنی جەنگە پارتیزانی‌یەکە چی بوون؟

هەڵبەتە سەرهەڵدانی شەڕی پارتیزانانە بەو شێوە بەرفراوانی‌یەی دووای چوونە دەرەوەی ئەو کەسایەتی‌یە ناسراوانە بوو کە بێگومان چەند لایەنێکی ئەرێتی (اجابی) هەبوو، هەر بەو چەشنەی لایەنی نەرێتی (سلبی) هەبوو.

راپەرینی سەدان چەکدار لەزۆر شوێنی کوردستان دا کڵپەی شۆڕشی لەکوردستاندا بەرز کردەوەو توانای شۆڕشگێڕی لەبن نەهاتووی گەلی

---

[1] فازیل کەریم ئەحمەد: خەباتی چەکدار لە نێوان ئەفسانەو راستی دا، یەکگرتن، ژمارە(٩) ل٤٢.

[2] رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم، ل٦٨.

کوردی دەربڕییەوەو دەنگی دادپەروەری و ئازادیخوازی کوردەواری بەدنیا راگەیاندەوەو خەباتی کوردایەتی جۆش دایەوە، و لەزۆر شوێنی کوردستان دا ئاگری شۆڕش بڵێسەی سەندەوە، نەخشەو پلانەکانی داگیرکەرانی کوردستانی تێك و پێکدا. بەرگری نیشتمانیی دژی پلانەکانی راگواستن و کاولکردنی کوردستان بەشێوەیەکی فراوان وتوندو تیژی بەخۆ دەگرت. لەزۆر شوێن زۆر شەڕی گەورە قەومان، دوژمن بە دەیان کوژراوو بە سەدان بریندار‌ی هەبوو، سەدان پارچە چەکی دوژمن کەوتە دەستی کورد. کار بەدەستە بەعسیەکان خەیاڵ پلاوی (چارەسەرکردنی یەکجارەکی مەسەلەی کورد) و خەونەکانی کوردایەتی و مراندنی گیانی شۆڕشگێڕی و بەرگریی لەناو بردنی کوردیان لێ بوو بەخەیاڵ. ناچار بوون جارێکی کەش (٦) تیپی سوپای عیراقی بنێرنە کوردستان‌و هەزاران پۆلیس و چەکداری تر بخەنەوە جەنگی کوردستانەوە، کە هەموو ئەمانەش بەپارەو مەسرەفێکی گەلێك زۆر کەوتنە سەر خەزێنەی عیراق. ئائەمانە بوون لایەنە ئیجابی‌یە زۆرەکانی تەقینەوەی خەباتی چەکداری.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی سەلبیشی لێ کەوتەوە کە بریتی بوو لەهێنانەوەکایەی هەندێك ئاغاو ماوەدان بەبوژاندنەوەی کەسانێکی خراپ‌و دڵڕەش لەڕیزی قیادەی موەقەتەدا لەهەندێ شوێنی کوردستاندا کە جۆرەها کاری ناشایستەیان بەناوی پێشمەرگەوە ئەنجام ئەدا. زۆری و بۆری لەڕێزی پێشمەرگەدا وەك راکردنەوەی چەکدارە خێڵەکی و بەزیوەکان بۆ ریزی دوژمن‌و زیان گەیاندن بەو کەسانەی کە یارمەتی

پێشـمەرگەو شۆڕشـیان دەدا لەشـارەکاندا*، ئەمـە بـووە هـۆی هێنانـە خـــوارەوەی ورەی خـــەڵك‌و دروســـت کردنـــی هەســـتی ســـڵەمینەوە لەپێشمەرگەو جۆرە بێ متمانەیی‌یەك لـەلای زۆر کـەس و باغرکردنـەوەی کاربەدەسـتان، و سـەر لەخـەڵك تێکـدان‌و بوژاندنـەوەی هەنـدێ دەرەبـەگ لەلایەن رژێمی بەعسەوە لەئەنجامی خۆفرۆشتنەوەیان بەدوژمن.

* ئەو هێزە گەورەیەی پێکەوە نرابوو، لەبەر ئەوەی هـەر زۆر و بۆر بوو، بەرگەی ئـەو هێرشـەی نـەگرت کـە لـە بـەهاری١٩٧٧ دا رژێمـی بـەعس کردیـە سـەر دێهاتـەکانی کوردستان و ژمارەی پێشمەرگە لە نزیکەی حەوت هەشت هـەزارەوە گەیشتە حەوت سەد هەشت سەد پێشمەرگەو زۆربەیان بەبێ تەقە و بەرگری کردن، بەپێی خۆیان گەڕانەوەو تەسلیم بوونەوە.

# باسی دووەم

## ڕێکخستنی نهێنی وخەباتی جەماوەریی شارەکان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کاتێك چوە مەیدانی خەباتەوە ئامانجی خەباتەکەی سیاسی‌یانە بوو زیاتر لەوەی چەکدارانە بێت، بۆیە هەر لەسەرەتاوە سەرکردایەتیەکەی باوەڕی وابوو کە دەبێ خەباتی چەکداری بۆ پیشتیوانی بێ لە خەباتی سیاسی، چونکە ئەگەر خەباتی سیاسی پشتیوانێکی چەکدارانەی نەبێ، ئەوا بەعس بە ئاسانی دەتوانێ لەنێوی ببات. هەر لەبەر ئەوە ترسی دامو دەزگا سەرکوت کەرەکانی بەعس لە ڕێکخراوە نهێنیەکانی شار زۆرتر بوو* وەك لە ڕێکخراوە ئاشکراکانی پێشمەرگە، و بەو پەڕی دڕندایەتیەوە سۆراخی دەکردن و لەهەرجێیەك هەستی پێ بکردنایە بەگرتن و ئەشکەنجەو کوشتن هەولی دەدا لە ڕەگ و ڕیشەوە دەریان بهێنێت.[1]

---

* لە نێو ڕێکخستنی شارەکاندا دەستەی چەکداری شۆڕشگێڕانە پێکهێنرابوو، کە لەگەڵ کاتدا گورزی کوشندەیان دەسرەواندە پیاوانی ڕژێمی بەعس و دام و دەزگا حەساسەکانی، و ئەنجامدانی ئەم جۆرەکارانەش دەنگدانەوەی باشی دەبوو لە بەرژەوەندی شۆڕش و لە زیانی دوژمن بوون بۆ نمونە: کاتێك تەرمی شەهیدان شیهابی شێخ نوری و هاوڕێکانی دەبرێنەوە بۆ سلێمانی، لیژنەی ڕێکخستنی ناوشار بڕیار دەدات کە لە تۆڵەی لەسێدارە دانی ئەم کەسایەتیانەدا چالاکیەك ئەنجام بدات. ئەوەبوو بریاریاندا کە لە پارێزگاری سلێمانی بدەن، لە ڕۆژی ٢١/١٢/١٩٧٦ دا لە شەقامی مەولەوی تەقەی لێکراو بریندار کرا. (ی.ن.ك): **٢٤سال خەبات و سەروەری و هەڵویستی شۆڕشگێڕانە...ل٦٨)**

[1] نەوشێروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل١٣

هەنگاوی یەکەم لە ستراتیژی(ی.ن.ک)دا خەباتی سیاسی بووە و خەباتی چەکدارانە ئامرازێك بووە بۆ هێنانە دی ئامانجە سیاسییەکان. لەوانەیە لە ئاستی واقیعدا وورد کردنەوە یاخود جیاکردنەوەی هەردوو شێوازی خەباتەکە تۆزێك ئاستەم بێت. بەڵام چاوپێداخشاندنەوە بەسەرەتاکانی دروست بوونی یەکێتی و چۆنیەتی گەشەکردنی خەباتەکەی دەتوانن زۆر شتمان بۆ ڕوون بکەنەوە.[1]

هەربۆیە لەسەرەتاوە (ی.ن.ك) گرنگی زۆری بە ڕێکخستنەکانی دەدا، هەوڵی دەدا لە زۆربەی شوێنە گرنگ و حەساسەکان، لەناو زۆربەی چین و توێژەکان دا ڕێکخستنی خۆی درووست بکات، لە ڕاستیشدا بە ماوەیەکی کەم دوای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) لە(١٩٧٥/٦/١)دا ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەران لەنێو ڕیزەکانیدا جێگەی خۆیان کردەوە، ئەمە سەرباری ڕێکخستنە پتەوەکەی کۆمەڵە کە چەند ساڵێك بوو پەروەردەی دەکرد.

ڕێکخستنە نهێنیەکان، لە شانەی بچوکەوە، بە شێنەیی بۆ کۆمیتەو لیژنەی باڵاو سەرکردایەتی ناوخۆ، تەشەنەیان سەند، تەشەنە سەندنێکی ئەو تۆ کە ڕژێم بە هەموو تواناو تۆڕە جاسوسیەکانیەوە هەوڵی دەدا ڕێگەی پەرەسەندنی ڕێکخستن بتەنێ، بەڵام نەك ئەوەی بۆ نەکرا، بەڵکو تا زیاتر فشاری دەخستنە سەر، متمانەی جەماوەر بەڕێکخستن زیاتر دەبوو.[2]

---

[1] ستران عبدالله: سەرە قەلەمێك دەربارەی ئەدەبیاتی کوردایەتی، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە (١٩)، ل٩١

[2] مەلا بەختیار: بەهای خەباتی نهێنیلە (٢٥)ساڵ خەباتدا گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە(١٩)، ل٦٢

خـەباتی نهێنــی، شـێوەی هێشـوویی هــەبوو، کۆمیتەیـەکی (٣-٥) کەسی سەرپەرشتی بەشەکانیان دەکرد. زۆرترین پێوەندی تاك تاك و دوو دوو بوو. وورده وورده شانەبەندی کران. ئیتر راپـۆرت نووسین و ئابوونە وەرگرتنیش پەیڕەو کرا. هەتا وای لێهات کۆبوونـەوەی مانگانە جاری وا هـەبوو مـانگی دوو جـار سـاز دەدران.[1] لـە قەزاکانـدا کۆمیتـەی قـەزاو لـە ناحیەکانـدا کۆمیتـەی بچـوکتر پێکـەوە نرابـوون. سـەرەتا لەسـەر ئاسـتی پارێزگـا، لـق دروسـت نەئـەکرا. تەنانـەت تـا شۆرشـیش دەسـتی پێکـرد، لەسەر ئاستی پارێزگا رێکخستن مەرکەزی نەبوو. لەماوەی چەند مانگێکدا کەم شارو شارۆچکەی کوردستـان هەبـوو رێکـخستنیان تیـادا بەشـێوەیەك لە شێوەکان درووست نەکرابێ.[2]

دوای گرتنی هەڤالانی سـەرکردایەتیکۆمەڵە، ماوەیـەك پشـێوی و بێ سەروبەری و پچڕان ریزەکانی رێکخستنی گرتەوە، بەڵام ئەوەنـدەی نـەبرد کۆمیتـــەی هەرێمـــەکان هاتـــە کایـــەوەو لەماوەیـــەکی کـــورتی کـــاری رێکخراوەییاندا کاری باشیان بۆ رێکخستن کرد بۆ وێنە:-

١-گرێدانەوەی رێکخستنی شارەکان پێکەوە.

٢-سەرپەرشتی کردنی رێکخستن بە شێوەیەکی رێك وپێك.

٣-بڵاوکردنەوەی بەیاننامە دەربارەی بارودۆخی ڕامیاری ئەو کاتـەی کوردستـان و ئامـاژەکردن بـۆ کـەم و کوڕی و گیروگرفتـەکانی رێکخسـتن و

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٦٢

[2] هەمان سەرچاوەی، ل٦١

دانانی نەخشەو پلانی نویٚ بۆ پتەو کردن و گەشەپێدان و بەرەو پێشەوە بردنی ڕێکخستن.

٤-لەدەست پێکردنی شۆرشی نویٚ دا لە ١٩٧٦/٦/١ دا ڕۆلێکی بالاٌیان هەبوو لە پێکهێنانی دەستەی چەکدارو ناردنە دەرەوەیان و دابین کردنی پێداویستیەکانیان.[1]

دەست پێکردنی خەباتی چەکدارانە، ئەرکی ڕێکخستنەکانی گرانترو قورستر کرد، چونکە پێشتر تەنها بەکاری ڕێکخراوەیی هەڵئەسان. بەلاٌم دوای ئەوە هاوکاری کردنی دەستە پارتیزانەکانیشی چووە سەر. دام و دەزگا تۆقێنەرەکانی رژێمی عێراقیش زیاتر خۆیان بە هێز کردوو کەوتنە خۆ سازدان بۆ لێدانی چ ڕێکخستنی شارو چ دەستە پارتیزانەکان. لەهەمان کاتدا رژێمی بەغدا ژمارەیەك دەزگای سیخوڕی دامەزراند بوو وەك :

" أمن، أستخبارات، أمن العامة، منظومة، التنظيم الوطني، شباب، فتوة، أتحادنساء، ......" ئەمانە ئەگەرچی هەندێکیان ڕێکخراوی بەناو جەماوەری و پیشەیی بوون. بەلاٌم لەلایەن رژێمەوە یەك فەرمانیان ئاراستە ئەکرا کە ئەویش دەست نیشان کردنی ماڵی تێکۆشەران و چاودێری کردنی جم و جۆڵی خەڵك و ئاگادارکردنەوەی دام و دەزگا تۆقێنەرەکانی ڕژێم بوو. خەڵکێکی زۆریشیان لەم دام و دەزگا سیخوڕیانەدا کۆ کردبۆوە، لەو خەڵکانەشدا تیایاندا هەبوو زۆر دڵسۆزانە کاری بۆ ڕژێمی عێراق

---

[1] شێخ جەمال شێخ نوری: بیرەوەریەکانم لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا (١٩٧١-١٩٨٣)، ل١٢

دەکـرد. لـە دێهاتەکانیشـدا موختـار و چـەندین تـۆڕی سـیخوڕی تریـان دروست کردبوو، لە ڕووی مادیەوە پارەو پولێکی زۆریان بۆ ئەو کەسانە خەرج دەکرد کە خەڵکێکی تێکۆشەر یاخود ماڵی پێشمەرگەی بۆ دەست نیشان دەکردن.[1] ئەمەش زۆر کەسی دەروون و ویژدان لاوازی خزاندبووە زەلکاوی خیانەتەوە.

لـــە ڕووی ڕاگەیاندنیشـــەوە ڕۆژانـــە لەلایـــەن دام و دەزگـــا سـیخوڕیەکانیەوە چـەندین پڕوپاگەنـدەی ژەهـراوی و ڕووخێنـەریان دژی بزووتنـەوەی گـەلی کـورد بڵاودەکـردەوە. لـەو کاتـەدا (ی.ن.ك) لـە ڕووی ڕاگەیاندنـەوە لاواز بـوو، چـونکە نـە ئێسـگەی ڕادیـۆی هـەبوو نـە دام و دەزگــای چــاپەمەنی بــاش تــاکو وەڵامــی پڕوپاگەنــدەکان بداتــەوە و ڕاسـتیەکان بـۆ جـەماوەر ڕوون بکاتـەوە. ئـەوەی کـە بیـان کردایـە تـەنها لــەڕێگای ڕێکخســتنەکانەوە بــوو. هەرچــەند ڕێکخســتنەکانی کۆمەڵــە درێخیــان نــەدەکرد لــەم ڕووەوە بــەڵام شــتێکی زۆر کاریگــەر نــەبوو و سنورێکی دیاری کراوی هەبوو.[2]

ڕژێمی بەعس زۆر بەوردی چاودێری ڕێکخستنەکانی دەکرد، بۆ ئەم مەبەســتە پــارەو پــولێکی زۆری هەڵڕشــتبوو، دیــارە لــە هەنــدێ کاتــدا ئەنــدامانی ڕێکخســتنەکانی یــەکێتیی نیشــتمانیی کوردســتان لەلایــەن بەعسـەوە دەسـتگیر دەکـران بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەنـدامانی یـەکێتی بـە گشتی و کۆمەڵە بەتایبەتی کاتێك کەزیندان دەکران زۆر قارەمان و خۆڕاگر

---

[1] شـێخ جـەمال شـێخ نـوری: بیرەوەریـەکانم لـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەدا (١٩٧١-١٩٨٣)، ل١٥

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦

بوون بەرامبەر بە دوژمن، لە پێناو هێشتنەوەو پاراستنی ڕێکخستندا ژیانی خۆیان دەبەخشی، مانەوەی ڕێکخستنی (ی.ن.ك)یان زۆر لامەبەستر بوو لە ژیانی خۆیان.*

دەتوانین بڵێین ڕێکخستنە نهێنییەکانی (ی.ن.ك) یەکێك لە تۆکمەترین و توندو تۆڵترین ڕێکخستنەکانی حزبەکانی ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. ئەم ڕاستیەش لەوەدا خۆی دەردەخات کەدڕەندەترین ڕژێمی ڕۆژهەڵات (ڕژێمی بەعسی عێراق) بە هەموو توانایەوە پەلاماری دەداو جۆرەها دام و دەزگای تایبەتی لەپێناوی سەرکوت کردنیدا دامەزراندبوو، مانگانە چەندین ملیۆنی لەو پێناوەدا سەرف دەکرد. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامەکانی (ی.ن.ك) بە ئەزمونتر دەبوون و پەل و پۆی ڕێکخستنە نهێنیەکانیان زیاتر ڕەگی دادەکوتا و فراوانتر دەبوو.(١)

شێوەی پێك هاتەی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) هەروەکو لە بڕگەی پێنجەمی (پڕۆژەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ) ی داهاتووە بەم جۆرە بوو:

---

* ساڵی ١٩٧٦ ڕێکخراوێك لە سلێمانی گیران و (١٢) کەسیان لێ لەسێدارە دران، لەوانە: یاسین محەمەد حەسەن، ئیسماعیل قاسم عەلی، محەمەد قاسم عەلی، خەسرەو عبدوللا، نەسرەدین نەجمەدین، مستەفا قادر، سلاح مەجید، فەرەیدون عبدولقادر ... ئەمانە پێوەندیان بە کەسێکەوە کردبوو بە ناوی (فەرهادی مەلا ڕەزا)، ناوبراویش زمانی لێدابوون و بەگرتی دابوون. (نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ١٣-١٤)

(١) حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار): شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم، ل٦٣

أ-شانه:

بنچینه‌ی ڕێکخستن وڕه‌گ وده‌ماری یه‌کێتیه

له‌ناوجه‌ماوه‌ری گه‌لداکه چالاّکیه‌کانی بریتی بوون له‌:

١-بلاّوکردنه‌وه‌ی بیرو ڕاو بلاّوکراوه‌کانی یه‌کێتی.

٢-دروست کردنی پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ کۆمه‌لاّنی خه‌ڵك و زانینی گیرگرفت و پێویستی و داواکانیان، فێرکردن و لێوه فێربوونیان، کۆکردنه‌وه‌ی هه‌واڵ و ده‌نگ و باس و گه‌یاندنی به یه‌کێتی.

٣-دۆزینه‌وه‌ی ئه‌ندام و لایه‌نگرو دۆستی نوێ.

٤-شانه له (٣-٧) ئه‌ندام پێك ده‌هات به پێی بڕیاری کۆمیته‌یه‌کی ده‌سه‌لاّتدار.

٥- سازدانی کۆبوونه‌وه‌ی ده‌وری بۆ خۆهۆشیارکردنه‌وه‌و لێکۆڵینه‌وه‌ی کارو باری یه‌کێتی و دانانی ڕێ و شوێنی ڕاستی کارکردن و فه‌رمان به‌جێ هێنان.

ب-هێشوو :

بۆ پاراستنی ڕێکخستن و به هۆی په‌رش و بلاّوبوونه‌وه‌ی تێکۆشه‌ران و تازه‌یی دروست بوونی یه‌کێتیه‌وه. ڕێکخستنی یه‌کێتی له‌سه‌ره‌تادا به‌شێوه‌ی هێشوو به‌یه‌که‌وه ئه‌به‌ستران :

١-هێشوو پێك ده‌هات له چه‌ند شانه‌یه‌ك که به‌پێی پره‌نسیپی نه‌ناوه‌ندێتی کاری ئه‌کرد.

٢-ده‌گونجا له‌یه‌ك ناوچه‌دا چه‌ند هێشوویه‌کی سه‌ربه‌خۆ و له‌یه‌ك جیا هه‌بونایه.

٣-هێشوو یەکسەر بەسترابۆوە بە ئورگانی ناوەندی یان کۆمیتەیەکی دەسەڵاتدارەوە.

٤-هەر رێکخراوێك بیدابایەتە پاڵ یەکێتی وەکو هێشوویەکی سەربەخۆ ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرا.

**ج-ئۆرگانی ناوەندی :**

دەستەی دامەزرێنەر ئۆرگانی ناوەندی بوو کە لێپرسراو بوو لە رێکخستنی سیاسی و سەربازی و دانانی پلان و سیاسەتی گشتی یەکێتی و دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی ناوەندی. ئەویش تا کاتی بەستنی کۆنگرە یا کۆبوونەوەیەکی فراوانی نوێنەرانی رێکخراوەکانی یەکێتی.

**د-کۆنگرە :**

دەستەی دامەزرێنەر لە نزیکترین کاتدا پێی بکرێ کۆنگرە رێك دەخات لە نوێنەرانی هەموو رێکخراوەکانی یەکێتی.[1]

رێکخستنەکانی (ی.ن.ك) ئەگەر چی تازە دامەزرابوون و خۆیان بەشێوەیەکی سەرەتایی رێکخستبوو، سەرباری ئەوەی هەندێ کێشەی نێو خۆییش ڕووبە ڕوویان ببوبۆوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرامبەر دوژمندا خۆراگرو نهێنی پارێز بوون.

---

[1] پرۆژەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل٦٣-٦٤، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٩)؛ الاتحاد الوطني الكردستاني: حول الحركة التحررية للشعب الكردي في كردستان العراق، ل ٧٣-٧٤

یەکێ لەو کێشانەی لە ساڵی ١٩٧٦ دا ڕوو بەڕووی ڕێکخستنەکان بۆوە کە جیا بوونەوەی دەستەیەکی بچوك بوو کە دەیان وویست ڕێکخراوێکی سەرتاسەری لە عێراقدا درووست بکەن.[١]

ئەم گروپە ناوی خۆیان نابوو (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) و (أبراهیم خلیل) و (أبراهیم حسن) سەرکردایەتیان دەکردن. ئەم جیابوونەوەیە لەکاتێکی زۆر ناسکدا ڕوویدا. لەلایەك هێشتا برینی پێشوو (گرتنی سەرکردایەتی) سارێژ نەببوو، لە لایەکی ترەوە کۆمەڵە خۆی بۆ خەباتی چەکداری سازدەدا لە کوردستاندا، کە شۆرشی نوێ هەڵگیرسا بە ڕابەرایەتی (ی.ن.ك)، ئەم گروپەش مەفرەزەیەکی (٥-٦) کەسیان دروست کردبوو لە هەڵەبجەو (ابراهیم خلیل) سەرپەرشتی دەکردو (ابراهیم حسن) یش سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ناوشاری دەکرد.

(ابراهیم حسن) لەسەردانیدا بۆ سەر مەفرەزەیەك و لە گەڕانەوەیدا لە زاڵگەی هەڵەبجە پیاوانی ڕژێم گومانی لێ دەکەن و دەیگرن. هەرلەوێ (ابراهیم حسن) وورە بەرئەداو ئەروخێ، ئیعتراف لەسەر تەواوی ڕێکخستنەکانی دەکات و هەموویان بەگرت ئەدات. هەر ئەو ڕۆژەش فڕۆکە دەچێتە سەر مەفرەزەکەیان و (ابراهیم خلیل) و تەواوی مەفرەزەکە شەهید دەکات.[٢]

---

[١] ج. صادق. خەباتی چەکدار چۆن تێئەگەین ؟ گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە (٥)، خولی یەکەم، ل ١-٢

[٢] شێخ جەمال شێخ نوری: بیرەوەریەکانم لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا، ل١٣-١٤

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕێکخراوە جۆراوجۆرە سیخوڕە تێکدەرانەیەی کە ڕژێمی بەعسی دروستی کردبوون، (یەکێتی)ش ژمارەیەك ڕێکخراوی تایبەتی دروست کرد تا بەئاسانی بچنە نێو دەستە و توێژاڵە جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردەواری. یەکەم ڕێکخراو کە پێکهێنرا (یەکێتی خوێندکارانی کوردستان) بوو، کە لە ١٩٧٦/٤/٢٦ دا دامەزرا.[1] مژدەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە وەکو زایەڵەیەکی دڵخۆشکەرە خوێندکارانی هێنایە سەر هەست و جولاندنی بۆ هەڵوێست وەرگرتن.[2] ئەمەش ڕاستیەکی مێژوویی حاشا هەڵنەگرە کە (یەکێتی خوێندکارانی کوردستان)* یەکەمین و تاکە ڕێکخراوی بە نهێنی دامەزراوە پاش

---

[1] شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد: ١٩٧٦/٤/٢٦، لێدوانی بەڵگە نامەکانی شەهید شوانی عەلی سەعید...، ل٨

[2] مەلا بەختیار: لەمەڕ ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی باشووری کوردستان، ل٤٥-٤٦

* **مەلا بەختیار** دەڵێ: لەسەرەتای نیسانی ١٩٧٦ بوو بزووتنەوەیەکی خۆرسکی خوێندکاران سەری هەڵداو لە کوردستانداو ئەم توێژە بە حوکمی سەربزێوی و گیانی بەرەنگار بوونەوەی حەماسیانەیان، ئامادە نەبوون سەر بۆ ڕژێم دابنەوێنن و لە بۆنەو یادەکانی ڕژێمدا هەڵپەڕن، دەنگی ناڕەزاییان هەڵدەبڕی. لەمەوە بەدەست پێشخەری چەندین خوێندکاری شۆڕشگێر، لەوانە: شوان عەلی (شامل)، ئازاد هەورامی، لەتیفی شێخ عومەر، مامۆستا محەمەد کەرکوکی ... داخوازی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێی خوێندکارانیان گەیاندە کۆمیتەی هەرێمەکان، دوای راوێژکردن بڕیاری دامەزراندنی یەکێتی خوێندکاران پەسند کرا. یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنەکەش شەهید ئارام نووسی، هەروەها ملابەختیار دەڵێ: پەیڕەوو پرۆگرامی ڕێکخراوەکەش بەمن (واتە بە مەلا بەختیار) سپێدرا. (**مەلا بەختیار: ساڵڕۆژی یەکێتیی و دەربەستی خوێندکاران، ڕۆژنامەی ڕێبازی خوێندکاران، ژمارە (٢٧)، لە١٩٩٨/٦/١**).

هەرەس و بەرپەرچی بڕیارە دژە دیموکراتیەکانی ڕژێمی دایەوەو خۆی بۆ خەباتێکی سەخت ئامادە کرد لە ریزی ئەو شۆڕشەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رابەرایەتی ئەکرد.

ئەم رێکخراوە یەکەم کۆبوونەوەی فراوانی خۆی لە کەرکوك بەستا. لەم کۆبوونەوەیەدا(کۆسرەت رەسول عەلی، شوان عەلی، رەئوف ئاکرەیی، لەتیفی شێخ عومەر و محمد حسن و ...)بەشدار بوون، و هەر لە وێدا شوان عەلی (شامل) وەك یەکەم سکرتێری رێکخراوەکە هەڵبژێردرا.[1]

---

ئەوەبوو لە ١٩٧٦/٤/٢٦ دا یەکەم بەیانی دامەزراندنی یەکێتی خوێندکارانی کوردستان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان لەیەك کاتدا بڵاوکرایەوەو ئەمەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو. بەڵام لەراستیدا بەپێی بەڵگەنامەیەکی تر کە لەم دواییەدا دۆزراوەتەوە، شوان عەلی(شامل)پەیڕەو و پرۆگرامی رێکخراوەکەی نوسیوە و تائێستاش مسوەدەکەی ماوە کە بە دەستخەتی شەهید(شامل)ە. **بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٣٣).**

[1] شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد: ١٩٧٦/٤/٢٦ لێدوانی بەڵگە نامەکانی شەهید شوان عەلی، ل١٢

# باسی سێیەم
# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بواری ڕاگەیاندن

دوومـانگ دوای هەرەسـی ١٩٧٥، یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان وەك ڕێکخراوێکـی نیمچـە بـەرەیی، بەبەرنامەیـەکی نـوێی سیاسـی، کۆمەڵایـەتی، پێشـمەرگەیی، ڕونـاکبیری چووە مەیـدانی خەباتـەوە. ئـەو ڕێکخراوە نوێیە نەناسراوە پێویستی بەکاری ڕاگەیاندن و فیکری گرنگ هـەبوو. تـاکو خـۆی بـە کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان و ناوچـەکەو دنیـا بناسـێنێ وجـەماوەر لـە دەوری خـۆی کۆبکاتـەوەو ئەندامـەکانی خۆیشـی بەیەکەوە گرێ بدات.

بۆیە پێویست بوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ئۆرگان) یێك یا زمانحاڵێکی هەبێ، تا بیرو بۆچوونەکانی بەخەڵك بناسێنێ و هەڵوێستی خۆی لە ڕوداوەکان دیاری بکات، چونکە ئەو سەردەمە تازە شۆڕشی کورد دامرکابوبوەوەو ڕژێمی عێراقیش لە راگەیاندنەکانی خۆیدا(چ لەناوەو چ لەدەرەوە) پـڕو پاگەندەی ئەوەی دەکرد کە گوایە (یاخی بون لە باکور کۆتـایی پـێ هـاتووە). سـەرباری ئـەو سیاسـەتە دژبەکوردانەیـەی کـە لـە مەیـدانی پراکتیکـدا پێـڕەوی دەکـرد، کەچـی لـە هـەمان کاتـدا لـەڕێی کەناڵەکانیـەوە چارەسـەر کردنـی کێشـەی کوردی رادەگەیانـد و بـەردەوام پـــۆل پـــۆل وەفـــدی ڕەوانـــەی دەرەوە دەکـــرد بـــۆ بەئەنجامـــدانی پڕوپاگەنـدەکانی. ئـەم وەفدانـەش پێکهـاتبوون لـە نوێنـەرانی بەعسـی دەسـەڵاتدار و کرێگرتـەکانی نێـو حزبـە کارتۆنیـەکان و(حشـع)، کـە

هەمووئەمانە لە چوارچێوەی بەرەیەکی کارتۆنی بەنێوی (بەرەی نەتەوەیی و نیشتمانی پێشکەوتوخواز !!)دا کۆببونەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبوو وەڵامێکی ئەم پڕوپاگەندانەی رژێم بداتەوە، جا چ بۆ بەدرۆ خستنەوەیان لەدەرەوە، یاخود بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر لەناوەوەی وڵاتدا تا بزانن کە شۆرشی کورد لەنێو نەچوەو سەر لەنوێ بەگوڕو تەوژمێکی تازەوە هاتۆتە مەیدانەوە. باشترین کەناڵی راگەیاندن کە لەو سەردەمەدا لەتوانای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابوو تەنها، دەرکردنی ڕۆژنامە بوو.

ڕۆژنامە ئەو کەناڵەیە کە پێوەندی فیکری و رێکخستن لە نێوان شارو شارۆچکەو دێهاتەکان، لە نێوان شارو شاخدا دروست دەکات، کادیرو ئەندامان بەبیرو باوەڕو ڕێبازی حزب چەکدار دەکات، بە هەواڵە جیاجیاکانی سەرکەوتن و کارە دزێوو دڕندەکانی دوژمن ئاشنا دەکات. بەهۆی ئۆرگانی حیزبەوە کۆبەندی مەسەلە بنچینەییەکان بەیەکەوە گرێ دەدرێت. ڕێنمایی کارە ئاشکراو نهێنییەکان ئەکرێت. لە پارچە پارچەیی ڕزگاریان دەکات چونکە ڕۆژنامە جیا لەوەی بیرو بۆ چون لەیەکتر نزیک دەکاتەوەو یەکیان دەخات. ڕێگا بۆ هاوپەیمانێتی سیاسی خۆش دەکات. لەهەمان کاتیش دا (ڕێکخەرێکی سیاسی بەکۆمەڵ)ە. بۆیە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری دا یەکەم زمانحاڵ (ئۆرگان)ی خۆی بەزمانی عەرەبی بە نێوی (الشرارە) بڵاوبکاتەوە.[1]

---

[1] ئەرسەلان بایز: راگەیاندنی شۆرش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ١٩٧٥-١٩٩١، ل٨٤

دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە زمانی عەرەبی، بەر لەزمانی کوردی لەلایەن (ی.ن.ك) ەوە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە :

١-ئەو سەردەمە بنکەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە (دیمەشق) بوو، هیچ چاپخانەیەکی ئەوتۆش لەوێ نەبوو کە پیتی کوردی هەبێت، بۆیە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە زمانی عەرەبی ئاسانتر بوو لەوەی بە زمانی کوردی دەربچێت.

٢-پڕوپاگەندەی ئەوە هەبوو کە کورد ئیسرائیلی دووەمە، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی ترسناکی هەبوو بۆ کورد لەو سەردەمەدا و دەبووایە یەکێتی هەوڵبدات ئەم پڕوپاگەندەیە بڕەوێنێتەوە، بێگومان ئەمەش بۆ دنیای عەرەب تەنها بە بلاوکراوەیەکی عەرەبی دەکرا.

٣-بەمەبەستیگەیاندنی بیرۆبۆچونەکانی (ی.ن.ك) بە دنیای عەرەب. بەتایبەت کە یەکێتی ڕێکخراوێکی چەپ بوو، مارکسییەکانیش داینەمۆی یەکێتی بوون. هەروەها سکرتێری گشتی (مام جەلال) یش پێوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ هەندێك لە دەوڵەتانی عەرەب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب بە گشتی و ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بەتایبەت هەبوو.[1]

ڕۆژنامەی (الشراره)* کە بەعەرەبی و لەدەرەوەی وڵات دەردەچوو، یەکەمین بڵاوکراوەیە کە لەدوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ دا بەچەند مانگێك

---

[1] هەمان سەرچاوە ل ٧٨

* ڕۆژنامەی (الشراره) لە ساڵی ١٩٧٥ -١٩٧٦ دا (٥) ژمارەی لێ دەرچوو بەم شێوەیە:

-ژمارە (١) لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥، **بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٣٢)**

جاڕنامەی شۆڕشی نوێی تێدا بڵاوبۆتەوە. [1] ئەم ڕۆژنامەیە (الشرارە) چەند ژمارەیەکی سەرەتایی لە چاپخانەیەکی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی سووری لە دیمەشق چاپ دەکرا. تایپ و نووسینی هێڵ و ناونیشانەکان و دەرهێنانی هونەریشی هەر لەو چاپخانەیە دەکرا، بەبێ ئەوەی هیچ سانسۆرێکی لەسەر بێت. هەرژمارەو (٢٠٠٠) دووهەزار دانەی لێ ڕادەکێشرا. [2]

ناوی (الشرارە) لە ئۆرگانەکەی لینین (ئیسکرا) * وەرگیراوە وتەکەی سەرەوەشی (ومن الشرارة یندلع اللهیب) * * لە ماوتسی تۆنگ وەرگیراوە

---

-ژمارە (٢) لە کانوونی دووەمی ١٩٧٦

-ژمارە (٣) لە ئازاری ١٩٧٦

-ژمارە (٤) لە حوزەیرانی ١٩٧٦

-ژمارە (٥) لە کانونی یەکەمی ١٩٧٦

[1] نەوزاد عەلی ئەحمەد: بەرەو سەرەتا، ١٩٩٨، سلێمانی، ل٢٢

[2] ئەرسەلان بایز: ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ١٩٧٥-١٩٩١، ل٨٣

* ئیسکرا (الشرارە) یەکەمین ڕۆژنامەی مارکسی نهێنی بوو بۆ سەرانسەری روسیا لە ساڵی ١٩٠٠ لینین دایمەزراند. ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆڵێکی گەورەی بینی بۆ پێك هێنانی حزبی چینی کرێکارانی شۆڕشگێر لە ڕوسیا. هەروەها (حزبی شیوعی عێراق) لە کاتی سەرکردەیی هاوڕێ (فەهد) دا یەکەم ڕۆژنامەی بەناوی (الشرارە) ەوە دەرکرد. هەروەها دەستەیەکی تر لەو حزبەدا (الشرارە الجدیدە) یان دەردەکرد.

* * (ومن الشرارة یندلع اللهیب) واتە (لە پزیسکێکەوە کڵپە هەڵدەستێ) ناونیشانی ووتارێکی (ماوتسی تۆنگ) ە لە ٥ ی کانوونی دووەمی ١٩٣٠ دا بڵاوکراوەتەوە واتە ئاگری دەنکە شخارتەیەك دەشتاییەکی گەورە دەسوتێنێ.

کە ئەو سەردەمە لەناو ڕێکخراوە چەپەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر باو بوو، ئەو ڕۆژانە بیرو باوەڕی مارکسیەت و سۆسیالیستی لەبرەو دابوون. سەرکەوتنی گەورەیان لە (ڤێتنام) بەدەست هێنابوو. شۆڕشی فەڵەستینیش لەهەڕەتی لاوی‌دابوو، جەنگی سارد لەنێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی دا گەرم بوو. یەکێتی سۆڤیەت و چین لەوسالأنەدا وەك دوو زلهێزی دنیای سۆسیالیستی، وەك پشت و پەنای گەلانی چەوساوەو ژێر دەست ناسرابوون. بۆیە نەك چەپ و سۆسیالیستەکان بگرە حیزبە بۆرژوازی‌یەکانیش وەك مۆدیل پڕو پاگەندەی مارکسی‌یەتیان دەکرد، و لەپێڕەوی ناوخۆیاندا پشتیان پێ‌دەبەست. پشت تێ‌کردنی ئەمەریکاش لەمەسەلەی کورد و پەشیمان بوونەوەی لەبەڵێنەکانی، کاردانەوەیەکی نەئانە(سلبی) هەبوو لەسەر هەمووکوردێك، چ جای ڕێکخراوە چەپ و مارکسی‌یەکان. [1]بۆیە ئەگەر هەرکەسێك بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەی (ی.ن.ك) بخوێنێتەوە، دەبینێ تووند ڕەوی زاڵە بەسەریدا. هەرلەناوی بڵاوکراوەکانەوە تاکو دروشم و بابەتی نێو بڵاوکراوەکان. ناوەڕۆکی باسەکانیش پڕن لە بابەتی دوژمنایەتی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی و سەهیۆنیزم ! ئەمەش نابێ بەدابڕاوی لە ڕوداوەکانی ئەو زەمانە سەیر بکرێ، چونکە :

---

[1] ئەرسەلان بایز: ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ١٩٧٥-١٩٩١، ل٧٩

**یەكەم** : بەهۆی كارەساتەكەی پەیمانی جەزائیرەوە، كاردانەوەیەكی بەهێز دژی ئەمریكاو ئێران لەلای هەموو كورد دروست بووبوو. هەمو كەس ئەم دووهێزەیان بە پیلان گێڕو دوژمنی كورد دائەنا.

**دووەم** : تێكۆشەرانی نێو (ی.ن.ك) پێشینەی فكرییان ماركسی و چەپ بوو. زۆربەیان بەسترابوونەوە بە كۆمەڵەوە. هەندێ لەو بۆچونانە " قەناعەتی فكری " بوون لەلایان. بیری چەپیش لەو سەردەمەدا برەوی زۆری هەبوو.[1]

سەبارەت بەناوی (الشرارە) د. فوئاد معسوم دەڵێ : " مام جەلال ئەم ناوەی هەڵبژارد، ئەویش و ئێمەش بە ئومێدی (ومن الشرارە یندلع اللهیب) بووین. تەنانەت كە شۆڕشی نوێ ڕاگەیەنرا لە ١٩٧٦/٦/١ دا ووتارێك لە (الشرارە) دا لە ژێر ناونیشانی (وقد اندلع اللهیب) دا نوسرا "[2] ئەمەش گوزارشتێك بوو كە دەستپێكی ئامادەكاری سیاسی بوو ئینجا بلێسەی شۆرش گڕی‌دا. تیمەكانی پڕوپاگەندەی چەكدار (فرق الدعایە المسلحە) كە لە نەخشەی (ڕزگاری) مام جەلال دا هاتبوو، كاریان شەری چەكداری نەبوو، بەڵكوپڕوپاگەندە بوو بۆ كوردایەتی تازە، بۆ دەستپێكردنەوەی شۆڕش لە شوێنە جیاجیاكانی كوردستاندا.

دەستپێكردنی خەباتی چەكداری ئەمجارە دیسانەوە تەجاوزی قۆناغەكەی تێدا بوو. پێوەرەكەی دەڵێ كورد بۆیە چەكی هەڵگرتووە دوژمنەكانی ناچاریان كردووە. لێرەشدا دووبارە دەبێتەوە. بەڵام لەگەڵ

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەكەناری دانوبەوە تا خڕی ناو زەنگ، ل ٧٤

[2] ئەرسەلان بایز: راگەیاندنی شۆرش و بزوتنەوەی شیعری كوردی، ل٧٩.

جیاوازی ئـەوەی کـورد ئـەمجارە خـۆی دەسـت پێشـخەری لەتەقـەدا کـرد. ئەمـەش بـۆ ئـەوە بـوو چـونکە دەویسـترا پیلانێکـی بەغـدا بـۆ ڕاگـوێزانی خەڵکی ناوچە سنووریەکان پوچەڵ بکرێتەوە.[1]

ئـەو وتارانـەی لـە (الشـرارە) دا بڵاودەکرانـەوە، زۆربـەی هـەرە زۆریـان لەلایـەن مـام جـەلال و نەوشـیروان مسـتەفاوە دەنوسـران.[2] ئامـادەکردنی دەنگ و باس و هەندێ ووتاریش لە لایەن (د. فوئاد معسوم)ەوە بوو.[3]

لەیەکـەم ژمـارەی (الشــرارە) دا دروشمــی شــۆڕش و (ی.ن.ك) بــەم شێوەیە نووسراوە :

" خەباتی جەماوەریی شۆڕشگێڕانەی پێکەوە گرێ دراو لەگەڵ هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی عێراقـدا لەبەرەیـەکی تێکۆشـانی یـەکگرتوودا، لـە پێناو ڕزگارکردنی عێراق لـە دیکتاتۆریـەت و هێنانـە کایـەی حکومـەتێکی دیموکراتی ئیتلاف". [4]

ئەگەر (الشرارە) پێویست بووبێت بۆ پتەوکردنی برایەتی و هاوکاری کورد و عەرەب، ئەوا ئۆرگانێکی تر بەزمانی کوردی و بۆئەو سەردەمی بێ ئومێدی دوای هەرەس و پارچە پارچەیی و خـەباتی سەختی نهێنـی گـەلێ پێویستر بوو. ئۆرگانێکی کوردی پێویست بـوو بۆ ئـەوەی بیرو بۆچـوونی گــروپ و کەســایەتیە نیشــتمان پــەروەرە چــەپە جیاوازەکــان لــە نــاو

---

[1] ستران عبداللە: چەند سەرەقەلەمێك دەربارەی ئەدەبیاتی کوردایەتی، ڕێبازی نوێ، ژمارە (١٩)، ل ٩١-٩٢.

[2] نەوزاد عەلی ئەحمەد: بەرەو سەرەتا، ل٢٧.

[3] ئەرسەلان بایز: ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ، ل٨٣.

[4] الشرارە، ژمارە (١)، تشرینی دووەمی ١٩٧٥ .

چوارچـێوەی (ی.ن.ك) دا یـەك بخـات.[1] بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەسـتەی سـەرکردایەتی بڕیـاری دا ڕۆژنامەیـەك بـەناوی (ڕێبـازی نـوێ) دەربکـات. ناولێنـانی (ڕێبـازی نـوێ) دوای گفتـو گـۆو لێـدوانی زۆربـوو لـە نێـوان سەرکردایەتی و هەندێك لە پسپۆر و شارەزایانی ئەدەب و زمانی کوردی. سەرەتا ناونرا (ڕێبان) *و دواتر (نوێ)** ی بۆ زیاد کرا.[2]

دیاردەی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی لەو بابەتەش (کوردی و سیاسی) دووچـاری گێروگرفتـی زۆر بـوو لـە شـام کـە ئـەو سـەردەمە بنکـەی سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) ی لێ بـوو. چـونکە چاپخانەیەکی وای لـێ نـەبوو پیتی کوردی هەبێت تا ڕۆژنامەکەی لێ چاپ بکەن. ئینجا بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەیـەکی وا لەچاپخانەیەکی ئـەهلی دا دەبـوو ڕەزامەنـدی چـەند دام ودەزگایـەکی حکومی وەربگیرێت. تائەوسا لـە سوریا نووسینی کوردی چاپ نەکرابوو، بۆیە بڕیاریاندا لە لوبنان چاپی بکەن.[3]

یەکەم ژمارەی (ڕێبازی نوێ) لـە کانوونی دووەمـی ١٩٧٦ دا چاپکرا *. لە ژمارە یەکی ئەم ڕۆژنامەیەدا هاتووە :

---

[1] ئەرسەلان بایز: ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ، ل٨٤.

* . کامل بەصیر ئەم ناوەی پێشنیار کرد.

** عبدالرزاق فەیلی(نوێ) ی بۆ زیاد کرد، لەو ڕوانگەیەوە کەوا ئەم شۆڕشە نوێیەو جیایە لە شۆڕشەکەی پێشوو.

[2] ئەرسەلان بایز: ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ،ل٨٥.

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانووبەوە بۆ خری ناو زەنگ، ل ٧٢-٧٣

* لەساڵی ١٩٧٦ دا (ڕێبازی نوێ) دوو ژمارەی لێ دەرچوو:

١-ژمارە (١) لە کانونی دووەمی ١٩٧٦، **بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٣١**

" لـەم چـەرخەداكە شۆرشـى نيشـتمانى كـورد شۆرشـێكى ڕزگـارى خوازانەو ديموكراتى نوێيە، هەر پارتيەكى پێشڕەوى شۆرشگێڕ ئەتوانێ ڕۆڵــى پێشــڕەوى تيـا بگێــڕێ. نــەك ڕابەرايەتيــەكى خێڵــەكى. ئــەبێ هاوپەيمانيـەتى لەگـەڵ هێـزە دۆسـتەكان، و هێـزە پێشـكەوتنخوازەكانى عــەرەب و ئێــران و توركيـا بكــرێ (نــەك لەگــەڵ كۆمــەڵ و حكومەتــە كۆنەپەرست و دكتاتۆرەكان) و وەلەگەڵ هێزەكانى شۆرشى سۆسياليزمى جيهـانى لـە بزووتنــەوەى ڕزگـارى خوازانــەى شۆرشـگێڕو بزوتنــەوەى شۆرشگێڕانەى چينى كرێكارو وولاتە سۆسياليستەكان، نەك ئيمپرياليزم و سەهيۆنيەت و دام و دەزگا بۆرجوازيەكان" [1]

(ى.ن.ك) بەم چەند دێرەى سەر (ڕێبازى نوێ) ڕێبازى سياسى خۆى دەست نيشان كردووە. لە ناوەڕاستى حەفتاكاندا هێشتا قۆناغ قۆناغى شۆڕشــى چــەكدارى شۆڕشــگێڕى نيشــتمانى رزگــاريخواز بــوو كــە (ى.ن.ك)يش شۆڕشى گەلى كورد بە يەكێك لەزنجيرە شۆڕشەكانى جيهان دەزانێ. سەركردايەتى (ى.ن.ك) بڕوايان بە ديموكراتيەتى نوێهەبوو. لەو سەردەمەشدا دەبوو پارتى پێشڕەو سەركردايەتى شۆڕشى بكردايە نەك سەركردايەتى خێڵەكى. لێرەدا مەبەست ئەوەيە سەركردايەتى شۆڕشى كوردستان دوچارى هەرەس بوو، چونكە حزبى پێشڕەو سەركردايەتى نەدەكرد. (ى.ن.ك) پێى وابوو حكومەتە ناوچەيى يەكان، ئيران و توركيا، كۆنەپەرســت و پاشــكۆى ئيمپريــاليزمن، بۆيــە نــاكرێ هاوكــارى و

---

٢-ژمارە (٢) لە تشرينى دووەمى ١٩٧٦

[1] ڕێبازى نوێ، ژمارە (١)، كانوونى دووەمى ١٩٧٦، **بڕوانە پاشكۆى ژمارە(٣١)**

هاوپەیمانیان لەگەلدا بکرێت، یان پشتیان پیٚ ببەسترێت. بەڵکو شۆڕشی پێشکەوتنخوازی باشوری کوردستان هاوپەیمانی گەلانی تورك و ئیران بێت. ئەو رژێمانە دژی ئازادی و دیموکراتی و مافی رەوای گەلی کوردن، لەروانگەی (ی.ن.ك) هوە ئەو سەردەمە حکومەتی سوریا کە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بوو، حکومەتێکی‌نیشتمان پەروەر بوو، دژی عیراق بوو. ئەبوو هاوپەیمانی لەگەڵدا بکرێت. سەرکردایەتی (ی.ن.ك) پێی وابوو هاوپەیمانی لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازو سۆسیالیستی جیهان و حکومەتە سۆسیالیستی‌یەکان، پێویستە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش‌و دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ناوخۆ و جیهان. [1]

(ی.ن.ك) جگە لەهەردوو رۆژنامەی (الشرارە) و (رێبازی نویٚ)، لە دەرەوەی وڵات، لەبواری راگەیاندندا چەند بڵاوکراوەیەکی تریشی دەر کردووە، لەوانە:

- الاتحاد الوطني الكردستاني لماذا ؟

ئەم نامیلکەیە مام جەلال نوسیویەتی و بە زمانی عەرەبی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥ دا بڵاو کراوەتەوە.

-الاتحاد:

بڵاو کراوەیەکی ناو بەناو بوو لقی ئەوروپای (ی.ن.ك) بە زمانی عەرەبی دەری دەکرد، ژمارە (١)ی لە حوزەیرانی ١٩٧٦ دا دەرچووە. [2]هەروەها لەگەڵ چەندین بڵاوکراوەی تر.

---

[1] ئەرسەلان بایز: راگەیاندنی شۆرش و بزوتنەوەی شیعری کوردی، ل٨٦-٨٧.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

– مشروع المنهاج والنظام الداخلي للاتحاد الوطني الكردستاني

ئەمەشیان پرۆژەی بەرنامەو پێرەوی ناوخۆی (ی.ن.ك) ە بە زمانی عەرەبی و لە دەرەوەی وڵات لە ئەیلولی ١٩٧٦دا چاپکراوە.[1]

جگە لەمانە، دەستەی دامەزرێنەری ناوەوەی وڵاتیش درێغییان نەکردووە لە بواری ڕاگەیاندن دا. سەرباری ئەوەی کارکردن لەم بوارەدا لەناوەوە زۆر سەخت و دژوار بوو، جا چ لەبەر ئەو چاودێریو فشارە زۆرەی بەعس خستبویە سەر تێکۆشەران، یاخود لەبەر نەبوونیو دەست نەکەوتنی کەل وپەلی چاپەمەنی.

کادیرەکانی کۆمەڵە لە دوای هەرەس (تایپ) ێکیان شاردبۆوە لە ناوچەی شاربازێر، دوای گواستیانەوە بۆ سلێمانی و لەوێدا حەشاریان دابوو، هەرچی بەیاننامەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵە هەبوو بەو تایپە چاپ دەکران.[2]

دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆرش و دروست کردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان، دوای دەست پێکردنەوەی خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتی، ئەو تایپە برایە شاخ. تایپەکە لە چەشنی(ئۆڵۆمپیا) بوو. لە جانتایەکی بچوکی پلاستیکیدا بوو، بۆکاری پارتیزانی سووك و سوڵو گونجاو بوو. لەگەڵ ئەو تایپە ڕۆنیۆیەکی بچوکیشیان پەیدا کردبوو کەبەدەست کاری دەکرد. یەکەمین جار ئەو تایپ و ڕۆنیۆیە برایە (تەنگەی مادێنا).*

---

[1] ئازاد خانەقینی: مادێنا، ٢٠٠٠، سلێمانی، ل١٦.

[2] ئەرسەلان بایز: ڕاگەیاندنی شۆرش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ، ل٦٨.

* یەکەم بارەگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) تەنگەی (مادێنا) بوو. تەنگەی مادێنای حسێن بەگ کەوتۆتە بەرامبەر گوندی هەڵەدن لە دۆڵی جافایەتی و شوێنێکی یەکجار

یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی(ی.ن.ك) بە زمانی کوردی پێ چاپکرا. تایپەکە بەیاننامەکەی لەسەرستێنسڵی ئاسایی چاپ کردوو پاشان بە ڕۆنیۆ ڕاکێشرا.[1]

پاش ماوەیەك تایپ و ڕۆنیۆکە برایە (گەورە دێ) و نامیلکەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ چی ؟) کە لەدەرەوەی وڵات چاپ کرابووشاسوار جەلال (ئارام) وەرگێرابووە سەر زمانی کوردی و لەوێ بەچاپ گەیەنرا.[2] وە هەرلەوێ بۆیەکەمین جار (پەیڕەوی ناوخۆی دەستەچەکدارەکان)چاپ کرا، [3]کەباسی لە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان دەکرد، چۆن ڕەفتار لەگەڵ جەماوەر بکەن، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دیل چۆن بێ ... چۆن خۆیان لە دوژمن بشارنەوەو خۆیان لای کۆمەڵانی خەڵك خۆشەویست بکەن.

هەر لەوێ یەکەمین بەلاغی سەربازی بەچاپ گەیەنرا. باسی لەو شەڕو پێکدادانە دەکرد کەدەستە چەکدارەکانی شۆرش دژ بە سوپای ڕژێمی عێراق ئەنجامیان ئەدا، پاشان تایپ و ڕۆنیۆکە برایە (کانی کنێر) لە پشتی تووژەڵەی سەر سنووری ئێران.[4]

---

سەختە، کەم کەس ئەتوانێ بۆی سەرکەوێت. بۆیە لەوتەنگەیەدا تایپ و ڕۆنیۆکەیان شاردبۆوە. (ئازاد خانەقینی: مادێنا، ل ٢٢).

[1] ئەرسەلان بایز: ڕاگەیاندنی شۆرش و بزوتنەوەی شیعری کوردی، ل٦٨-٦٩.

[2] گۆڤاری نڤار، ژمارە (١)، ساڵی ١٩٩٨، ل ٥.

[3] ئەرسەلان بایز: ڕاگەیاندنی شۆرش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ، ل٧٠.

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

زۆربەی نووسینەکانی ئەم سەردەمە لەلایەن شەهید ئارامەوە لەناو شار دەنووسران و لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکران.[1] کادیری سەرەکیی ڕاگەیاندنیش کە کاری تایپ و چاپەمەنی ئەنجام دەدا (حەمە سەعید) بوو.*

یەکێك لە کێشە هەرەگەورەکانی ئەو ساتە ڕووبەڕووی ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێی کوردستان بووبووەوە لەکاری ڕۆژنامە نووسی و چاپەمەنی دا، نەبوونی کاغەزو مەرەکەب بوو کە لە کتێبخانەکان دە کڕدران، دەبوو بزانن بۆچی بەکار دەهێنرێت چونکە دەزگای ئەمن پرسیاری لێ دەکردن. هی تریش هەبوو بەڵام لەرێگای قاچاغ و بەنرخی زۆر گران دەست دەکەوت. ئەمەش لەوەوە بوو لەو سەردەمە سەختانەدا کە هەردوو ڕژێمی عێراق و ئێران هەماهەنگیان لە دژی شۆڕشی نوێی کوردستاندا دەکردوو هەوڵی سەرلەنوێ دامرکاندنەوەیان دەدا بە تایبەت کە (ی.ن.ك) خاوەن ڕێبازێکی فکری چەپ و پێشکەوتنخواز بوو، ئەم

---

[1] ئازاد خانەقینی: مادێنا، ل ٢٢

* لەدیارترین ئەو کادیرانەی لە بواری ڕاگەیاندندا لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦ لەناو شاردا ڕۆڵیان هەبوو ئەمانە بوون: ١-شاسوار جەلال (ئارام) لە ١٩٧٨/١/٣١ شەهید کراوە. ٢-جەمال عەلی مارف (جەمالی ڕەش) لە ٢٧-١٩٧٨/١/٢٨ لە موصڵ لەسێدارە درا. ٣-شوان عەلی (شامل) لە ١٩٧٧/٩/١ شەهید کرا. ٤-ئازاد عبدالمجید غفار (ئازاد هەورامی) لە ١٩٨٨/٨/٣١ شەهید کرا. ٥-شێخ محمد (شێخ شەماڵی باخ) لە ١٩٨٣/٤/١٥ شەهید کرا. ٦- تایەری شێخ سدیق ٧-ئاوات قارەمانی٨-سوارە ئەحمەد عارف ٩-حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار). (ئازاد خانەقینی: مادێنا، ل ٢٠).

کۆسپانەشیان دەخستە بەردەمی.[1] بەڵام تێکۆشەرانی (ی.ن.ك) کۆڵیان نەداو تا دەهات زیاتر پەرەیان بەکارەکانیان دەدا تا لە ساڵی ١٩٧٦دا چاپخانەی ناوەندیی (ی.ن.ك) یان دامەزراند کە بەچاپخانەی (شەهید ئیبراهیم عەزۆ)* ناسرابوو.[2]

# بەشی چوارەم
# پێوەندیەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا

## باسی یەکەم : پێوەندی هاوکارانەی یەکێتی و هێزە کوردستانیەکان

---

[1] ئەرسەلان بایز: راگەیاندنی شۆرش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ، ل ٧٠.

* لەگرنگترین ئەو بەرهەمانەی کەلەوچاپخانەیەدا چاپکراون ئەمانە بوون:

١-بەیاننامەی دامەزراندنی (ی.ن.ك)، نووسینی مام جەلال و وەرگێرانی ئارام، ئەیلولی ١٩٧٦. **بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٦)**

٢- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ نووسینی مام جەلال وەرگێرانی ئارام، تشرینی یەکەمی ١٩٧٦. **بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٣٠)**

٣- پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان، نوسینی ئارام، ئەیلولی ١٩٧٦. **بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٥)**

٤-ئەرکەکانمان لەم پلەیەی خەباتدا (کۆمیتەی هەرێمەکان)، ئەیلولی ١٩٧٦.

**(ئازاد خانەقینی: مادێنا، ل ٢٣).**

[2] ئەرسەلان بایز: راگەیاندنی شۆرش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ، ل٦٧.

باسی دووەم : پێوەندی یەکێتی و بەهێزە بەرهەڵستکارەکانی عیراقەوە

باسی سێیەم : پێوەندی یەکێتی لە گەڵ بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی نێوچەکە.

باسی چوارەم : پێوەندی یەکێتی لە گەڵ دەوڵەتانی نێوچەکە.

باسی پێنجەم : پێوەندی یەکێتی بە دەوڵەتە زلهێزەکانەوە

## باسی یەکەم:
# پێوەندی هاوکارانەی یەکێتی و هێزە کوردستانیەکان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، لەسەر ڕێبازێکی شۆڕشگێرانە دەڕۆیشت بەڕێوە، چونکە شۆڕشەکە لە هەموو ئاستەکاندا نویێ بوو، گۆڕان و نویێ بونەوە لە دروشم و ئامانجەکانیدا خەسلەتێکی دیکەی ئەدەبیاتی یەکێتی بوو، دروشم و ئامانجەکانی لەسەرێکەوە کاریگەری پێشکەوتنی خواستە نەتەوەیییەکانی گەلی کوردیان پێوە دیار بوو، ئەو خواستە نەتەوەیییانەی هەرەسی ١٩٧٥ و شکستی پرۆژە نەتەوەییەکەی ئەیلول نەیانتوانی ڕێگرین لەبەردەم گەشەکردن و بەرەو پێشەوەچونیان.[١]

یەك لە چالاکیە سەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ چارەسەر کردنی حاڵەتی پەرت و بڵاوی و پەڕاگەندەیی جولانەوەی سیاسی کوردستان بووە، بۆ سازدانی کۆکردنەوەو یەکێتییەك لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا لەپێناوی یەکێتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ریزەکانی گەلی کورددا. بەواتایەکی تر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێی وابوو بۆ یەکێتی گەلی کورد و جولانەوەکەی و هێزە سیاسیەکان دامەزراوە.[٢] و ریزەکانی سەرەڕای جیاوازی فکری و سیاسی لایەن و

[١]- ستران عبدالله: چەند سەرە قەلەمێك دەربارەی ئەدەبیاتی کوردایەتی، ڕێبازی نویێ، ژمارە (١٩)، ل ٨١

[٢] حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة فی الشرق الاسط، ل٢٤٩

ڕێکخراوەکــان، دەتــوانن پێکــەوە بــژین و بەرنامــەی کــاری سیاســی و پێشــمەرگەیی و ڕێکخســتنی شــۆڕش دابنــێن. ئنجــا درێــژە بەخــەباتی شۆڕشگێرانە بدەن لە پێناو ڕزگاری نیشتمانی و سەربەستی گەلی کوردو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کوردستان دا.[1]

سەبارەت بەمە مام جەلال دەڵێ :

" پێمان باش بوو شۆڕشەکە فرە حزبیش بێت، هەربۆیە زۆر زوو هەوڵماندا لەگەڵ برایانی پارتی ڕێککەوین و سەردانی (لەندەن) م کرد بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵیانداو پاشان کاك مسعودمان دەعوەت کرد بۆ شام و لەوێ بەهاوبەشی لەگەڵ بەعسی سەربە سوریادا ڕێکەوتنێکمان ئیمزا کرد".[2] *

---

[1]– کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان: یەکێتی گەلەکەمان لە یادی لەدایك بوونی کۆمەڵە و یەکێتیدا، گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە (١٤) خولی سێیەم، ١٩٨٦، ل ٧-٨.

[2]– مام جەلال: سەروەری یۆبیلی زیوین، ل٣٧.

* لە ڕێکەوتنەکەی سوریادا کە لە (١٩٧٧/٣/١) مۆرکرا لە نێوان ی.ن.ك و پ. د. ك و حزبی بەعسی سەر بەسوریا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە پێکەوە شۆڕش بکەنەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەك پەیدا بکات و مسعود بارزانیش لە خەزێنەی شۆڕش پارە دابین بکات بۆ پێشمەرگە. بۆ ناردنەوەی پێشمەرگەکانیش ی.ن.ك پرسی پێ کردن، مسعود بارزانی ڕازی بوو لەسەر ناردنەوەیان، بەتایبەتی ئەو پێشمەرگانەی کە (حسێن بابە شێخ) ڕابەرایەتی دەکردن و لەسەرەوە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی. بەلام کاتێ پێشمەرگەکانی شێخ حسێن بابە شێخ لە ناوچەکانی بادینان نزیك بوونەوە، قیادەی موەقەتە کەوتنە دژایەتی کردنیان و شەڕپێ فرۆشتنیان و ویستیان ئەوانیش بەدەردی دەستە پێشمەرگەکەی ئیبراهیم عەزۆ بەرن. **(مام جەلال: سەروەری یۆبیلی زیوین، ل ٣٧-٣٨).**

**یەکێتی هەوڵی زۆری داوەکە لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی(پ. د. ك)دا توشی کێشەو گیرو گرفت نەیەن، نامەکانی مام جەلال بۆ مەلا مستەفا و مسعود بارزانی گەواهی ئەو ڕاستی‌یەی سەرەوە دەدەن، [1] جگە لەوە مام جەلال چەند کەسانێکی وەك :د. محمود عوسمان و شەمسەدین موفتی ڕاسپارد قسەیان لەگەڵدا بکەن. دەیویست دڵنیایان بکا لەوەی یەکێتی بۆ درێــژە پێــدانی خەباتــە دژی ڕژێمــی عێــراق و بــەهیچ جــۆرێ نیــازی دوژمنایەتی ئەوانەی نی‌یە. بەڵام ئەم هەوڵانە هەمووی بێ سوود بوو، بەڵکو گومانی لەلا بە هێزتر دەکردن.[2]**

**لەوماوەیەدا پێوەندی نێوان پارتی و یەکێتی باش نەبوو، سەرباری ئــەو هــەموو دەســت پێشــخەریەی کــە یــەکێتیی نیشــتمانیی کوردســتان بەگشــتی و مــام جــەلال بەتایبــەتی دەیخســتە ڕوو بــۆ بــە ئاشــتی پێکــەوە**

---

**سامی شۆڕش لە کتێبی (کردستان والاکراد)دا سەبارەت بەم ڕێککەوتنە دەنوسێت گوایە لە ١٩٧٦/١٢/١٩ دا مسعود بارزانی چۆتە دیمەشق و ڕێکەوتنێکی لەگەڵ مام جەلال دا بە ئامادەبوونی نوێنەری حزبی بەعسی سوری(باقر یاسین) مۆر کردووە. ). (سامی شورِش: کردستان ولاکراد، الحرکة القومیة والزعامة السیاسیة، ادریس بارزانی...نموذجاَ، ل١٤٤)، ئەمە هەڵەیە و لەڕاستی دا ڕێکەوتنەکە لە ١٩٧٧/٣/١دا کراوە. بروانە پاشکۆی ژمارە(٢١)**

**[1] نامەی مام جەلال بۆ کاك مسعود و کاك ئیدریس بارزانی لە ١٩٧٦/٨/١٠، بروانە پاشکۆی ژمارە(١٩) " نامەی مام جەلال بۆ کاك عەلی عەبدوڵڵا لە ١٩٧٦/٨/١٠، بروانە پاشکۆی ژمارە(٢٠)**

**[2]– نەوشێروان مستەفا ئەمین: لە کەنای دانوبەوە، ل٩٦**

ژیانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان،[1] بەڵام گەلێك جار لەلایەن پارتیەوە کۆسپ دەخرایە بەر پەیوەندییەکان،[2] کە رەنگە ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێتەوە:-

١-پارتی کەتاکو هەرەسی شۆڕشی ئەیلولیش تاکە حیزب و گەورە دەسەلاتداری نێوچەکەبوو، لەدوای(١٩٧٥)ەوە بێهێزی و کەم دەسەڵاتی خۆی لەبەرامبەر یەکێتی پێ قەبوڵ نەدەکرا.

٢-گومانیان لە خۆنزیك بوونەوەی یەکێتی و کارکردنی هاوبەشانە هەبوو، چونکە هەربەر لەوە بەماوەیەکی کەم بڵاوکراوەکانی یەکێتی باسی لە عەشیرەتگەری و سەرکردایەتی بەزیوی بارزانی دەکرد.

٣-لەسەرکردایەتی کاتی(پ. د. ك)دا کۆمەڵە کەسانێك هەبوون کە رێگر بوون و هیچ کات لەگەل نزیك بوونەوەدا نەبوون لەگەل یەکێتیدا.

٤- پارتی پێی وابوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ دژایەتی کردنی ئەوان دامەزراوە، [3] گەلێ جار لەئەدەبیاتی خۆشیاندا باسیان لەمە کردووە. بۆ نموونە مسعود بارزانی لە راپۆرتی نۆیەمین کۆنگرەی (پدك) دا دەڵێت :

---

[1] ئاسی رەباتی: هەلوێستی یەکێتیو تالەبانی-دەربارەی شۆڕشی باشوری کوردستان، ل٤٤

[2] بەهرۆز گەلالی: کوردایەتی و هەڵوێست، ل٢٨

[3] فرەنسۆ هەریری: بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنوسرێ، ل١٩؛ مكتب الدراسات والبحوث المركزی للحزب الدیمقراتی الكردستاني: الاقتتال الداخلی فی كردستان العراق، ج١، ص١٣-١٤

" زۆر لە دوژمنان و خائینان وایان ئەزانی پارتی نەماوەو مەیدان بۆ ئەوان چۆل بووەو مەجالی ئیش کردنیان پێ درابوو، لەلایەن مخابەراتی دەوڵەتانی مەنتیقە کەوتنە جموجۆل".[1]

یاخود دەڵێت : " ئەو وەزعەی پاش نەکسەی ١٩٧٥ دروست بوو، پالی بەزۆر کەس و جەماعەتەوە نا بۆ ئەوەی دووبارە بێنەوە کۆری خەبات، هەندێك لە دڵسۆزیەوەو زۆریشیان نێردراون لە لایەن دوژمنانی کوردەوە".[2]

ئەوەی راستی بێ جگە لە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و مەفرەزەیەکی پاسۆك، چ لایەنێکی سیاسی تر نەبوو لەسەر گۆرەپانی خەبات لە باشوری کوردستاندا. لێرەدا مەبەستی مسعود بارزانی تەنها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە کاتێك کە دەڵێ " زۆربەیان لەلایەن دوژمنانی کوردەوە نێردرابوون".

دەکرێ ئەو مەسەلەیە لە دوو ئەگەر بەدەر نەبێت. یا ئەوەتا پارتی توشی وەهمێك بوو بوو و پێ وابوو ئەو لایەنە سیاسی‌یە نوێیانە بۆ دژایەتی ئەوان دروست بوون، یاخود بەهیچ شێوەیەك دیموکراتیەتیان قبوڵ نەبووە کە جگە لەخۆیان کەسێکی تر، یان لایەنێکی تر لەسەر گۆرەپانەکە بن و خەبات بکەن، بۆیە بەم شێوەیە تێیان دەڕوانی.

شایانی باسە کەپارتی لەسەردەمێکی درەنگتردا و دوای مەفرەزەکانی(ی.ن.ك)، مەفرەزەیان ناردۆتەوە کوردستان "یەکەم دەستەی

---

(١)حبيب محمد كريم: تاريخ الحزب الديمقراتي الكردستاني – العراق– ص ٣٧٦.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٤.

چەکدار و کادری پارتی کە لەسنوری سوریاـ تورکیاوە گەڕانەوە بۆ کوردستانی‌عێراق، لەکۆتایی نیسانی ١٩٧٧دا بوو". [1] لەشوێنێکی‌تردا مسعود بارزانی دەڵێت : " تەقدیر بۆ زروفی ناسکی میللەتی کوردو ئیمان بەوەی کە دەبێ ئەحزابی تریش هەبێ لە مەیدان، زۆر هەوڵماندا کە جەبهەیەکی کوردستانی دروست بێت بەڵام جەماعەتی تر کۆسپیان دەخستە رێگەو رۆژ بە رۆژ براکوژی‌یان تەشجیع دەکرد تا گەیشتە ئەوەی زۆر شتی دڵتەزێن روبدات. وەقەت ئێمە تحملی مەسئولیەت ناکەین. چونکە بەواجبی خۆمان هەڵساین بۆ رێکەوتن". [2]

راستی یەکەی ئەو بەرەیەی کە (مەسعود بارزانی) باسی لێدەکات هەروەك خۆشی دەڵێ (هەوڵمان داوە)، واتە هیچ بەرەیەك نەبووە تا لایەنەکەی دیکە رەتی بکاتەوە، هیچ حیزبێکیش چ کوردستانی چ عیراقی نەبووە کە بە نوسین و بە دەمی تەقەلای دامەزراندنی بەرەیەکی نە کردبێت، بەڵام لەبەر ژمارەیەك لە فاکتەری دیکە ئەو بانگاشانەی بەدەمی لەسەر کاغەز وەك خۆیان مانەوە. هەر لەو سەردەمەدا کە پارتی باس لە بەرە دەکات و گوایا یەکێتی پشتگوێی خستووە، کەچی پارتی کۆمەڵێك کاری دژی یەکێتی ئەنجامداوە، بۆنمونە:-

---

[1] سامی شورش: کردستان ولاکراد، الحرکة القومیة والزعامة السیاسیة، ادریس بارزانی...نموذجاً، ص١٤٥

[2] -هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٥

یەکەم دەستەی چەکداری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ١٩٧٦/٦/١ لە سوریاوە دەگەڕێنەوە کوردستان هەموویان لەلایەن قیادەی موەقەتەوە گیران و شەهید کران.*

لە دواتریشدا کاتێ (شێخ حسێن بابە شێخ) وجارێکی تریش (ملازم حسن خۆشناو) گەڕانەوە ناوچەکانی بادینان، ئەگەر چی بەرێکەوتنیش بوو لەگەڵ پارتی، بەڵام دیسانەوە قیادەی موەقەتە شەڕیان پێ فرۆشتن و رێگەیان پێگرتن، بەڵام پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان زوو خۆیان دەرباز کردوو خۆیان لە شەر لادا.

لە ماوەی (٦) مانگ خەباتی چەکداریدا (١٩٧٦/٦/١-١٩٧٧/١/١)، (٢٢) پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدەستی قیادەی موەقەتەوە شەهید کراون*، لەبەرامبەردا لەو ماوەیە تەنانەت یەك پێشمەرگەی پارتی لە لایەن یەکێتیەوە شەهیدنەکراوە[1]. ئایا ئەم بەراوردە چیمان بۆ دەردەخات و دەمان گەیەنێتە چ راستیەك ؟ ئایا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن (دوژمنانی کوردو مخابەراتی

---

* لەم بارەیەوە فرەنسۆ هەریری لەلاپەڕە(٢٠)ی کتێبی بۆئەوەی مێژوو بەچەواشەیی نەنوسرێ دەنوسێت: "مام جەلال لەلایەك خەریکی بەهێز کردنی حزبەکەی خۆی (ی.ن.ك)بوو و پارتیش سەرکردایەتی یەکی کاتی پێك هێنا" لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ی.ن.ك بەر لە قیادەی موەقەتە دروست کراوەو کاری رێکخستن و پێشمەرگەیی خۆی رێکخستووە، بۆیە مام جەلال خەریکی بەهێز کردنی یەکێتی بووە کاتێ کە پارتی سەرکردایەتی کاتی پێکهێناوە.

* بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢٨)

[1] چاو پێکەوتن لەگەڵ سالار عەزیز، لە ٢٠٠١/١٠/١٣، لە سلێمانی.

مەنتیقەکەوە) دروست کراوە بۆ دژایەتی پارتی؟ وەك باسی لێوە دەکەن! یاخود بە پێچەوانەوە لایەنی تر هەبوون بۆ ئەم مەبەستە لە دژی یەکێتی دروست کرابوون؟

داگیر کەرانی کوردستان (عێراق، ئێران، تورکیا) هەرچی لە توانایاندا بوو بێ لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردویانە، تەنها (سوریا) ی لێ دەردەچێت کە دژی عێراق بوو و هاوکاری یەکێتی دەکرد و لەهەمان کاتدا لەگەڵ پارتیش دا پێوەندی زۆر باش بوو.[1] بەڵام قیادەی موەقەتە لە تورکیادا بنکەو بارەگای ئاشکرایان دانابوو و دەزگاکانی تورکیا هاوکاریان دەکردن و لەگەڵ دەرەبەگ و خێڵە (جاش) ەکانی سەر سنوور پێوەندیان هەبوو و هاوکاری یەکتریان دەکرد، لە ئێرانیش بە هەمان شێوە پارتی بە ئاشکرا هەبوو و کاری دەکرد، لەو ماوەیەدا دوو کەس لە سەرکردەکانی قیادەی موەقەتە لە تاران بە مۆری ساختەو بەیان و بڵاوکراوەو کۆمەڵێك کەل و پەلی قاچاغەوە بەهەڵە لە لایەن ساواکەوە گیران، کەچی پاش ماوەیەکی کورت بەرەڵا کران و بەناوی پەنابەریەوە نێردرانە (نەمسا) بۆ ئەوەی درێژە بەکارەکانیان بدەن.[2]

کەچی ئێران ئەندامەکانی کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان دەگرت و پاش ئازارو ئەشکەنجە تەسلیمی عێراق دەکرانەوە بۆ ئەوەی لە سێدارە بدرێن. لە وانە تەسلیم کردنەوەی (شیهابی شێخ نوری و جەعفەر وئەنوەرو هاوڕێکانیان) زیندووترین نموونەن. ئەمە دەری

---

[1] سامی شۆرش: کردستان ولاکراد، ص١٤٤-١٤٥.

[2] قیادەی موەقەتە لە چ بەرەیەکدا وەستاوە ؟، ل٤٧ .

دەخات کە ئایا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن (دوژمنانی کوردو مخابەراتی مەنتیقەکەوە) دروست کراوە؟ یاخود هێزێکی رەسەنی کوردایەتیەو بەڵکو بەرامبەرەکەی بۆ دژایەتی ئەو قوت کراوەتەوە؟

قیادەی موەقەتە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانیان لە وڵات و شوێن و ناوچەی جیاوازدا شێوەی کارکردنی جیاوازیان بەکار دەهێناو ڕێگای جۆراو جۆریان دەگرتە بەر.

لەکاتێکدا لە ناوچەکانی سنوری تورکیادا، هەموو هێزو توانای خۆیان بەکاردەهێنا بۆ لەناو بردنی یەکجاری و تەفرو تونا کردنی تەواوەتی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زووترین کات. لەوێ بە ئاشکرا بە زەبری چەك و لولەی تفەنگ، بەگرتن و ڕاونان و کوشتن دەیانویست جولانەوە نوێیەکە بشکێنن و لە ناوی ببەن. بە پێی سەنگ و سوکی تەرازوی هێزەکانی ئەو کاتەی ئەوێ، دەرهەق ئەم کارەش دەهاتن.

لەهەمان کاتدا لە ناوچەکانی هەولێرو کەرکوك و سلێمانیدا بە جۆرێکی تر دەجولانەوەو شێوەیەکی تریان بە کاردەهێنا لە کار کردن و هەڵسوڕاندندا، چونکە تەرازوی هێزەکانی ئەوان و یەکێتی لەم ناوچانەدا ماوەی ئەوەی بە قیادەی موەقەتە نەدەدا بە لولەی تفەنگ هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەناو ببەن. هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم ناوچانەدا بە چاکی جێگیر بووبوون، پەرەیان سەندبوو، بە هێزبوون، دەسەڵاتیان وای لێهاتبوو قیادەی موەقەتە بە ئاسانی نەیدەتوانی لە ڕوویاندا بووەستێ، بۆیە پەنای دەبردە بەر رێگەی

تیرۆر، و شێوەی تری بەکار دەهێنا بۆ شەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزەکانی.[1]

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبەر ئەوەی لەو ناوچانە دەسەلاّتدار بوو، هەروەها لەبەردەمی تاقیکردنەوەی بیرو سەرەتاکانی خۆی دابوو، بەکردەوە لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی ڕۆژانەیدا، نەك هەر ڕێگەی لەو کەسانە نەدەگرت کە بەناوی قیادەی موەقەتەوە بە دانەو بە کۆمەڵ لە ئێرانەوە دەگەڕانەوە ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی ئەم، نەك هەر نەی دەگرتن و نەی دەکوشتن، بەڵکو حورمەتی دەگرتن، ڕێنمایی دەکردن، دەیپاراستن و یامەتی دەدان و لەگەڵ هێزەکانی خۆی دەیگێران، و ماوەی دەدان دەستەو تاقمی چەکدار دروست بکەن و پێکەوە بنێنن و بارەگاو بنکە دابمەزرێنن.[2]

خودی فرەنسۆ هەریری لەم بارەیەوە دەنوسێت: "پێش ئەوەی جەلال تالەبانی خەلك بنێرێت بۆ کوردستان، ئێمە هەبووین وەك سەرکردایەتی کاتیی پارتی، بزوتنەوەی سۆسیالیستی هەبوو، خوالێخۆشبوان ڕەسول مامەند، د. خالید، عەلی عەسکەری، و ملازم عومەر عەبدوڵلاّش بەناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ئیشیان دەکرد. ئەو هەرسێ لایەنە وەکو بەرەیەکیان پێکهێنابوو. کەمال کەرکوکی لەگەل ڕەسول مامەند و د. خالید و عەلی عەسکەری و ملازم عومەر بەیانێکیان دەرکردبوو کە وەك برا ئیش دەکەن، نەگیرو گرفت هەبوو نەشەڕی براکوژی، کەس شەڕی بە کەس

---

[1] -قیادەی موەقەتە لە چ بەرەیەکدا وەستاوە ؟، ل٤٦.

[2] چاوپێکەوتن لەگەل محمدی حاجی مەحمود، لە٢٠٠١/٩/٢، لە سلێمانی.

نەدەفرۆشت. هەموو وەك یەك حزب ئیشیان دەكرد و شەڕیان لە دژی حزبی بەعس دەكرد".[١]

لێرەدا فرەنسۆ هەریری دان بەوەدا دەنێت لەناوچەكانی هەولێر و سلێمانی و كەركوك دا كە(ی.ن.ك) تیایدا بالادەست بووە، قیادەی موەقەتەی پارتی بەئازادی خەریكی كاری سیاسی و پێشمەرگایەتی خۆیان بوون، بەبێئەوەی كەس دەست بێنێتە ڕێگەیان، لەهەمان كاتدا باس لە بزوتنەوەی سۆسیالیست و كۆمەڵەی ڕەنجدەران دەكات و ناوی كەسایەتیەناساراوەكانیان دەبات كە هاوكاری(كەمال كەركوكی)یان كردووەو پێوەندیان زۆر باش بووە، كەچی لەولاوە دەڵێت(پێش ئەوەی جەلال تالەبانی خەلك بنێرێت بۆ كوردستان، ئێمە هەبووین وەك سەركردایەتی كاتیی پارتی). وەك ئەوەی ئەوكەسانە لەحزبێكی تردابوبن و هیچ پێوەندییەكیان بە مام جەلالەوە نەبوبێ، لە كاتێكدا بزوتنەوەو كۆمەڵە دوو باڵە سەرەكی یەكەی (ی.ن.ك) بوون و ئەو كەسایەتیانەی ناویشیان دەبات هەموویان ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی بوون لە ناوەوەی ولاتدا.

ئەمە ئەزمونێكی نوێ بوو لە ژیانی سیاسی گەلی كوردا. هەروەك لەبلاوكراوەكانی یەكێتی دا هاتووە: لەو شوێنانەی كە پێشمەرگەی یەكێتی هەبوون قیادەی موەقەتە زەفەری پێدەبردن و لەناوی دەبردن. لەو

---

[١] فرەنسۆ هەریری: بۆئەوەی مێژوو بەچەواشەیی نەنوسرێ، ل٢٠.

شـوێنانەی کـە یـەکێتی دەسـەڵات و توانـای هـەبوو ڕێگـەی بـەوان دابـوو خۆیان کۆبکەنەوەو پەرە بسێنن.[1]

بـەو پێیـە دەردەکـەوێ کـە یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان هـەر لەسەرەتاوە بەرژەوەندیەکانی کوردی لەبەر چاو دەگرت، بۆیـە ململانـێی نێـو خـۆو شـتە لاوەکیـەکانی خسـتبووە لاوەو بـۆ ئـەوەی هـەموو هێـزوو توانای گەلی کورد کۆ ببێتـەوەو پێکـەوە بچنەوە بەگژ ڕژێمـی عێراقدا، بە گیـانێکی هەسـت کـردن بـە لێپرسـراویەتی نیشـتمانی و نەتـەوەیی، چـاو پۆشـی لەمانـە هـەمووی دەکـرد، دانـی بـەخۆی داگـرت و نەکەوتـە دوای هەڵگیرساندنی شەڕی لابەلاوە، بەپێچەوانەوە هەوڵـەکانی لـە بەهێزکردنی پێوەندی لەگەڵ پارتیدا بەردەوام بووە. .

هـەر لـەو ماوەیـەدا (علـی عسـکری) نامەیـەکی بـۆ (ئیـدریس بـارزانی) نووسی کە لەکەرەج بوو، لەوێدا داوای هاوکـاری و پشـتیوانی و یارمـەتی لێکـردن. لەمــەش بـترازێ (د. خالــد سـعید) هێزێکــی سـازدا بـۆ سـەر ناوچـەکانی بادینـان و بـەڕێ کردنـی (عمـر مسـتەفا دەبابـە) بـۆ دەرەوەی وڵات، لە سنوری تورکیا چووە ناوچەی (چو قورچە) لەوێ بە ئامادەبوونی (ماجد ئەحمەد بەگی چەلی) سـەرۆکی شـارەوانی (چقورچـە) و لەگـەڵ دوو سەرکردەی قیادەی موەقەتە (جەوهەر نـامیق و کـەریم سنجاری) کۆبـۆوە، هەرلـەوێ لەسـەر ئـەوە ڕێـك کـەوتن کـە جەوهـەر نـامیق بچـێتە سوریا تـا

---

[1]–قیادەی موەقەتە لە چ بەرەیەکدا وەستاوە ؟، ل٤٨.

دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و قیادەی موەقەتە گفتوگۆ بکەن.[1]

هەر لەو ماوەیەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو جار ڕێککەوتنی لەگەڵ ئیمزا کردن. جارێکیان لە (سورەبانی چوارتا) و جارێکی تریش لە (شێنێی قەڵادزێ)دا.[2]

هەروەها مام جەلال لە (لەندەن) لەگەل مسعود بارزانی و سامی عبدالرحمن دا کۆبۆوە، بەمەبەستی چاك کردن و ڕێکخستنی پێوەندیەکانی نێوان یەکێتی و قیادەی موەقەتە.[3] بەڵام ئەو ڕێککەوتنانەی کرابوون لەلایەن قیادەی موەقەتەوە پێشێل کران و هەڵوەشێنرانەوە.[4]

هەرچۆنێ بێ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دانی بە خۆی دا گرت، سەرباری ئەوەی چەندین پێشمەرگە و کادری بەدەستی قیادەی موەقەتە شەهید کران، بەڵام لەو ماوەیەدا هیچ وەڵامدانەوەیەکی نە ئانە (سلبی) نەبوو و زیاتر هەوڵی پێکەوە ژیانی دەدا.[5]

ستراتیژی یەکێتی لەپەیوەندیەکانیدا لەکوردستانی گەورەدا بەم جۆرەبوو:

---

[1] قیادەی موەقەتە لە چ بەرەیەکدا وەستاوە ؟، ل٤٩ .

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ ملازم عمر عبدالله لە ٢٠٠١/١٠/١٠، لە سلێمانی.

[3] قیادەی موەقەتە لە چ بەرەیەکدا وەستاوە ؟، ل ٥٠ .

[4] مام جەلال: سەروەری یۆبیلی زیوین، ل١٣.

[5] چاو پێکەوتن لەگەڵ ملازم عومەر عبدالله، لە ٢٠٠١/١٠/١٠، لە سلێمانی.

١- دەبێ "هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان بێت نەك لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان "دا .

٢-تاقی کردنەوەی شۆڕشگێڕانەی کورد تەواو ئەو ڕاستیەی سەلماندبوو کە مەحالە پشت بەستن بە داگیرکەری بەشێکی کوردستان مافی کورد وەربگیرێ. کارەساتە دڵتەزێنەکەی هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ دەرس و پەندێکی گەورەو پڕلە ئەزمونە کە هەرگیز پشت بەستن بە داگیرکەری بەشێکی کوردستان سەرکەوتن بە دەست ناهێنرێ و کۆمەڵانی خەڵکیش لەم ڕێگەیەوە بە مافەکانیان شاد نابن. چونکە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەیەك دابڕاونین و سەرکەوتن و ژێرکەوتنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی هەر پارچەیەکی کوردستان ڕەنگدانەوەی قوڵ و کاریگەرانەی لەسەر بزوتنەوەی پارچەکانی تر هەیە.[1]

٣- " گەشەکردن و پەرەسەندنی جولانەوەی کورد لەبەشێکی تری کوردستاندا جولانەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا لاواز ناکات. بەڵکو گوڕو تەکانێکی بەتینی پێ دەدا. مەسەلەی کورد لە کێشەیەکی ناوخۆیی عێراقەوە دەباتە ئاستێکی بالاّ تر. واتە وەك مەسەلەیەکی گەورەترو کێشەیەکی ناوچەیی نەتەوەیەکی دابەش کراو و نیشتمانێکی پارچە پارچە کراو دەخاتە ڕوو و سەرنجی رای گشتی زیاتر بۆ رادەکێشێ و دۆستی زیاتری بۆ پەیدا دەکات ".[2]

---

[1]- یەکێتیی نیشتیمانی‌ی کوردستان: ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە ؟ ل١٦، ٦ .

[2]- ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە ؟، ل ٤٧ .

٤- لە هەمان کاتدا لاواز بوون و لەناو چوونی جولانەوەی کورد لە بەشێکی تری کوردستاندا جگەلەوەی جولانەوەی شۆرشگێرانەی کورد لە کوردستانی عێراقدا لە چوار چێوەی کێشەیەکی ناوخۆیی عێراقدا قەتیس دەکاو دەرفەتی زیاتر بەرژێمی بەغدا دەدا کە پەردەی بەسەر دا بدا، لەهەمان کاتدا بەشێکی زۆری وزەو توانای گەلی کورد بێبەش دەبێت و ژمارەیەك دۆستیشی لە کیس دەچێت. سەرەڕای ئەوەش لە قولایی ستراتیجی کوردستان و گەلی کوردی دادەبڕێ و داگیر کەرێکی کوردستان لە کێشەیەکی گەورە دەستی بەتاڵ دەبێ بۆ هاوکاری و رێککەوتن لەگەڵ رژێمی فاشی عێراقدا بۆ سەرکوتکردنەوەی جولانەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا.[١]

بۆزیاتر رون کردنەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتی بەپارچەکانی دیکەی کوردستانەوە، (عمر شێخ موس) دەڵێ : " پلانێکمان دانا بۆ ئەوەی ئەو میراتە خراپەی سەرکردایەتی شۆرشی پێشوو کەبریتی بوو لە هاوکاری کردن لەگەڵ حکومەتەکان لە جیاتی هاوکاری کردن لەگەڵ بزوتنەوەکان، و سەپاندنی سیاسەتی خۆی بەسەریاندا کە ئەوە هەموو وای کردبوو ئەو حزبە کوردیانە ببن بە لقێکی (پدك) لەو ولاتانەدا، هەموشی لەبەرژەوەندی ئەوان بێ. ئێمە بە پێویستمان زانی ئەو تەرازووە لاسەنگە راست بکەینەوە. یەکسەر پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا لە کوردستانی ئێران و تورکیاو سوریا کرد . و دەستمان کرد بە هاوکاری کردن لەگەڵیاندا. ئەوانیش زۆر بەگەرمی هاتنە پێش. بێگومان هەندێکیان

---

[١]- هەمان سەرچاوە، ل ٤٨ .

(تحفظ) یان هەبوو، رەخنەیەکی زۆرمان لە جیاتی سەرکردایەتی شۆڕشی پێشوو لە خۆمان گرت بۆ ئەوەی بتوانین زەمینە خۆش بکەین و پلانەکانی خۆمان بۆ خستنە ڕوو. یەکەم پێشنیارمان ئەوە بوو کە لیژنەیەکی هاوکارانەی کوردستانی دامەزرێنین، ئەمە پرۆژەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو کە بتوانێ لەگەڵ پارتە سەرەکیەکانی هەموو پارچەکاندا لیژنەیەکی هاوکاری بێتە کایەوەو بەبەردەوامی کاری سیاسی، سەربازی، دبلۆماسی و تێکۆشان لە نێوان خۆماندا ئەنجام پێ بدەین، بەڵام هەریەکەی تاکتیکی خۆی هەبێ و لەهەمان کاتدا هەوڵ بدرێ ستراتیژێکی یەکگرتووش هەبێ". [1]

لەم بۆچونانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێ‌کە یەکێتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، هەوڵێکی زۆری زوو بەزوویدا بۆ بنیاتنانی بناغەی دۆستایەتی لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراوانەی لە باکوری کوردستان (کوردستانی ژێر دەستی تورکیا) دا هەبوون، یەکێتی کە ڕێکخراوێکی تازەو نەناسراو بوو لەوێ، زوو کەوتە بەر لێشاوی پروپاگەندانە، بۆیە سەرەتا ئەو ڕێکخراوانە لە یەکێتی کەوتنە سلەمینەوە. [2]

لەبەر ئەوە وەك هەنگاوی یەکەم یەکێتی توانی تەنها لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا) –بالی د. شڤان –دا دۆستایەتی دابمەزرێنێ هۆی ئەمەش ئەوەبوو کە ڕێبەری ئەم حیزبە (د.شڤان) لەگەڵ دوو لەکادیرەکانی سەرکردایەتی (بروسك و چەکۆ) لەلایەن (پ.د.ك)ەوە

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ عمری شێخموس لە ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل ٦٨–٦٩.

تـيرۆر كرابـوون. هـەورەها يـەكێتی كـە بـە حزبێكـی چـەپ ناسـرا بـوو، يارمەتیيـــەكی زۆری ئـــەم حزبـــەی دەدا، ژمارەيـــەك چـــەكی پێـــدابوو، چـەردەيەك پـارەی بـۆ ژيـانی كادرەكـانی و چـالاكی حزبەكـەيان تـەرخان كردبوو.[1]

دواتر يەكێتی پێوەندييەكانی لەگەڵ ئەم حزبانەدا دامەزراند :-

يەكێتی لەگەڵ (د.د.كا.د) دا پێوەندی زۆر باش بوو. لە ساڵی ١٩٧٥ دا (نجم الدين بيوك كايا)* سـەردانی سوريای كـرد و رێكـەوتنێكی لەگـەڵ يەكێتیدا بۆ هاوكاری كردن ئيمزاكرد.[2]

لەگـەڵ دەسـت پێكردنـەوەی شـەری چـەكداريش دا (د.د.كـا.د) گـەڵێ هاوكـاری يـەكێتی كـردو كارئاسـانی يـان بـۆ پێشـمەرگەكانی دەكـردو

---

(1)- هەمان سەرچاوە، ل ٦٩-٧٠

* نەجمەدين بيۆك كەيا، لە كوردستانی توركيا ناسراوە بە نەجۆ، و لـە لای يـەكێتيش بـە (صـلاح) ناسـرابوو، سـاڵی ١٩٤٣ لـە گوندی(قـەرەهان) لـە ويلايـەتی(ئۆرفـە) هاتۆتـە دنيـاوە، هـەر لـە سـەرەتای لاوێتیيـەوە لـە بزوتنـەوەی رزگـاريخوازی نەتـەوەی كورددا بەشـدار بـووە، سـاڵی ١٩٧١ لـەزانكۆی ئەسـتەمبوڵ خوێنـدنی حقـوقی تـەواو كـردوە. نەجۆ تێكۆشەرێكی كوردستـانیبوو. بۆيـە هـەر لـە دەست پێكردنـی شۆڕشـی نوێـی كوردسـتانی باشـوردا(١٩٧٦/٦/١)بـە ئـەو پـەڕی دڵسـۆزی و فيداكاریيـەوە هـەموو توانای خۆی لە پێناوی سەر خستنیدا بەخت كرد، تا لە بەهاری١٩٨٢دا لـە توركيا دەستگير كرا، پاش نزيكەی دوو ساڵ بەندی، بە دەستی ژەندرمـەی تـورك، لـە زينـدای ديـار بـەكر لـە ١٩٨٤/١/٢٢دا شـەهيد كـرا. (د. كـەمال فوئـاد: **كوردسـتان يەكـەمين رۆژنامەی كوردی ١٩١٧-١٩١٨، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٧-٨**)

(2)-چـاوپێكەوتن لەگــەڵ مـام جـەلال، كوردسـتانی نـوێ، ژمـارە(١٢٩٨)١٩٩٦/٦/٢"

چاوپێكەوتن لەگەل عمری شێخموس، لە ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی

یارمەتیان دەدان. بەتایبەت (عمر چەتین) و (نجم الدین بیوك كەیا). [1] لە ڕێگای (نجم الدین بیوك كەیا) یشەوە كە دۆستێكی نزیكی یەكێتی بوو، (ی.ن.ك) زۆر لە ڕێكخراوە كوردیەكانی ژێر دەستی توركیایان ناسی وەك (ئالای رزگاری) كە (خەجۆ) سكرتێریان بوو. [2] ڕێكخراوی (كاوە) ش كە دەستەیەك بوون لە (د. د. كا. د) جیا ببونەوەو ماركسی و ماوی بوون، لەگەڵ یەكێتیدا پێوەندیەكی باشی هاوكارانەیان هەبوو. [3]

كەمال بورقای كە سكرتێری (پارتی سۆسیالیستی كوردستانی توركیا) بوو، لەگەڵ یەكێتی دا پێوەندی زۆر باش بوو، یەكەم بەیانی دامەزراندنی (ی.ن.ك) كە دەرچوو ئەوان لە ڕۆژنامەكەی خۆیاندا بە زمانی توركی بڵاویان كردەوە و دواتریش پەیوەندیەكان تا دەهات پتەوتر دەبوو. [4]

لێرەدا بەپێویستی دەزانم پەیوەندی یەكانی یەكێتی وەك بەرنامەیەكی ستراتیژی لەگەڵ گشت پارچەكانی دیكەی كوردستاندا بەم جۆرە بخەمە بەردەست :-

---

(١)- عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدة (الاتحاد)، (٣٩٣)، ٢٠٠٠/١٠/٢٧

(٢)- چاوپێكەوتن لەگەڵعمری شێخموس، لە ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی

(٣)- عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدة (الاتحاد)، (٣٩٣)، ٢٠٠٠/١٠/٢٧

(٤)- عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدة (الاتحاد)، (٣٩٣)، ٢٠٠٠/١٠/٢٧

## یەکەم :باکوری کوردستان :-

تێڕوانینی یەکێتی لە پتەو کردنی پێوەندی هاوکارانەیدا لەگەڵ ئەم بەشەی کوردستاندا لەم فاکتەرانەدا خۆی دەبینیەوە:-

١-گرنگی کوردستانی ژێردەستی تورکیا بۆ کورد وەك گرنگی مصر وایە بۆ عەرەب.

٢- ئەو هەڵسانەوەیەی لە کوردستانی ژێر دەستی تورکیادا دەستی پێکردبوو، دەبوایە پشتیوانی بێ قەیدو شەرت بکرێ بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەوان هەڵوێستیان لە یەکێتی چیەو چۆنە.

٣-دەبێ جولانەوەی سیاسی کوردستانی ژێر دەستی تورکیا بەبێ دەست تێوەردان و کوێخایەتی گەشە بکات.

لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك یەکێتی خۆی لەکارو باری سیاسی ئەو پارچەیەی کوردستان هەڵنەدەقورتاند. تەنانەت دژایەتی ئەو حزبانەشی نەدەکرد کە دژایەتی یەکێتیان دەکرد و ئامادە بوو یارمەتیان پێشکەش بکات.[١]

---

[١]- نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل ٧٠.

## دووەم: ڕۆژهەڵاتی کوردستان:-

هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم بەشەی کوردستاندا دۆست و لایەنگری زۆر بوو، لەم بارەیەوە (مام جەلال) دەڵێت: "لە کوردستانی ئیران لەگەڵ (د. عبدالرحمن قاسملو)دا پێوەندیمان باش بوو، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی (ی.ن.ك)ەوە پرسم بە د. عبدالرحمن قاسملۆ وە کردووە، ئەو زۆری پێ باش بوو، وە هانی داین کە ئەو کارە بکەینو لەدواتریشدا پێوەندیمان باشتر بوو، ئێمەش دژی عیراق بووین بۆیە ئەو پێوەندییە هەر بە نهێنی مایەوە".[1]

جگە لەمە چەند کەسایەتیەکی تری وەك (حەسەنی قازی) و (محەمەدی موهتەدی) پەرۆشی هاوکاری کردن بوون لەگەل یەکێتیدا. ئەوانە بڵاوکراوە گرنگەکانی یەکێتیان وەردەگێڕایە سەر زمانی فارسی و بڵاویان دەکردەوە کە ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ ناسینی یەکێتی لەناو کوردەکانی ئێراندا و ئامادەبوون هەرچیەك کە لە دەستیان دێ بۆ هەڵسانەوەی جولانەوەی کورد لە باشوری کوردستاندا بیکەن.[2]

ئەوانە ئەو کەسانە بوون کە لەدوایی دا لەنێو ریزەکانی (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران)دا کاریان دەکرد، سەبارەت بەوانەش (مام جەلال) دەلێت:" پێوەندیمان لەگەڵیاندا زۆر باش بوو، ئەگەر چی ئەوکاتە زۆربەی کادیرەکانیشیان لە زیندان دابوون".[3]

---

[1] چاو پێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٢٩٨)، ١٩٩٦/٦/٢.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل ٤٥ .

[3] چاو پێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٢٩٨)، ١٩٩٦/٦/٢.

لـەم بارەیـەوە (سـەلاحەدینی موهتـەدی) دەڵـێ :" ناسـینی یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن کوردەکانی ئێران کە وەك پارتێکی فکری و سیاسی سەیرمان دەکرد، نەك تەنها وەك هێزێکی چەکدار، لەو پەیامەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٧٥ دا بڵاوی کردەوە بە ناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوەردستان بۆ چی ؟) کە بەدەستمان گەیشت ".[1]

لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەری چەکداری و دامەزراندنی یەکەمین مەفرەزە سەرەتایەکان لەباشوری کوردستاندا، (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) هەوڵی دوو شتی دا :

١-ئەوەنـدەی بتـوانرێ وەك حزبێکـی سیاسـی لـە هـەموو بوارێکـەوە یارمەتی (ی.ن.ك) بدەن.

٢-بەپێی توانا (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) خەڵکی خۆی بنێرێتە نێو ریزەکانی (ی.ن.ك) تا فێری کاری پێشمەرگایەتی و راهێنانی سەربازی و بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی بن.[2]

هەر لەم بارەیەوە (موهتەدی) دەڵێ :" دوو هۆکار هەبوون کە یارمەتی (ی.ن.ك) دا تا لەنێو خەڵکی کوردستانی ژێردەستی ئێراندا خۆشەویست بێت، ئەوانەش :

١-ئەو رۆڵە خراپـەی کـە (پدك) هـەر لەسـەردەمی شۆرشـی ئەیلولـەوە بەرامبـەر کوردەکـانی ئێـران پـەیرەوی دەکـرد لـە کوشـتن و راوەدوو نـانی تێکۆشەرانی کوردستانی ژێر دەستی ئێران. لە ساڵی ١٩٧٥ یشدا کاتێك

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحەدینی موهتەدی) لە ٢٠٠١/٢/١٩، لە سلێمانی.

[2]- هەمان سەرچاوە.

چوونە ئێران لەگەڵ رژێمی شادا رێککەوتن و ئەوەی لەدەستیان دەهات دەیان کرد بۆ یارمەتی دانی ئەم رژێمە لەسەرکوت کردن و دامرکاندنەوەی خەباتی تازەی کوردستانی ئێران کە خەریك بوو تازە شۆرش دەست پێ بکاتەوە. لەمەوە خەڵك بەراوردی یەکێتی دەکرد لەگەڵ پارتیدا کە زۆر جیا بوون لەیەکتری.

٢-خەڵك دەیبینی (ی.ن.ك) هەر لەدروست بوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانیەوە، هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق هاوکاری یەکتریان دەکرد بۆ لێدانی پێشمەرگە. پێشمەرگەی یەکێتی بەبرسیەتی و نەداریەوە دەهاتنە کوردستانی ئێران و دەچوونە دێهاتەکان و خەڵك یارمەتی دەدان. کەچی پاسگاکان بەبەر تەقەو تۆپیان دەدان و لەو دیوو سنوریان دەکردنەوە بۆ ژێر دەستی عێراق. پارتی بە ئارەزووی خۆیان لە ناو شارەکانی ئێراندا تەراتێنیان دەکرد. بەمە خەڵك بە ئاشکرا بۆی دەردەکەوت کە یەکێتی هێزێکی رەسەنی شۆرشگێری کوردایەتی‌یە، لەو دیوو عێراق لێیان دەکوژێ و لەم دیوویش ئێران وەبەر تۆپانیان دەدا. ئەم حاڵەتە یارمەتی زۆری یەکێتی دا کە وەك هێزێکی رەسەنی کوردایەتی لەبەر چاوی خەڵکی کوردستانی ئێران خۆشەویست بێت و لەگەڵ پارتی دا بەراوردی پێبکات.[1]

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحەدینی موهتەدی) لە ٢٠٠١/٢/١٩، لە سلێمانی

## سێیەم : کوردستانی ژێر دەستی سوریا:-

یـەکێتی لەگـەڵ زۆربـەی کوردەکـان پێوەنـدی بـاش بـوو بـە حـوکمی ئەوەی هەر لەسەرەتادا سوریای کردبوو بە بنکەی سەرەکی خۆی. و پارتە کوردیـەکانی ئـەویش بـە ئاشـکرا لـە ناوسـوریادا کاریـان دەکـرد، لەوانـە (پـــارتی دیمـــوکراتی پێشـــکەوتنخواز) کـــە مامۆســـتا(حەمید دەرویش)سـکرتێری بـوو،[1] و (پـارتی دیمـوکراتی چـەپی سـوریا) کـە (یوسـف دیبـۆك) سـکرتێری بـوو، زۆر دۆسـتی یـەکێتی بـوون.[2] بـەڵام لەوانـەی کـە لەگـەڵ یـەکێتی دا نـەیار و نـاکۆك بـوون دەسـتەی (صـلاح بدرالـدین)بوو،* کـە هاوکـاری (پ. د. ك)بـوو، لەهـەمان کاتـدا نـاوبراو

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەل مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە(١٢٩٨)، ٢/٦/١٩٩٦.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عومەری شێخموس) لە ١٣/١٠/٢٠٠٠، لە سلێمانی.

* صلاح بدرالدین لە سەرەتادا سکرتێری پارتی دیموکراتی چەپی سوری بوو، بەڵام ناوبراو پێوەندی بە موخابەراتی عیراقەوە هەبوو، موخابـەرات لەڕێگـەی (شێخ جەبار تـاهیر شـەریف)ەوە داوایـان لێ کردبـوو کـە بـەیانێك دژی بەیانەکـەی دامەزرانـدنی (ی.ن.ك) دەر بکات، تەنانەت موخابەرات دەقی بەیانەکەشیان بۆ نوسی بوو کە بە چ شـێوەیەك بێـت، بـەڵام لـە ژمـارەی شـەش کـەس لـە ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی حزبەکەی، پێـنج کـەس دژی دەرکردنـی ئـەم بەیانـەبوون، تـەنها صـلاح بدرالـدین سور بـوو لەسـەر دەرکردنـی بەیانەکـە. ئـیتر لەسـەر ئەمـە سـەرجەم ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی بڕیـاری دەرکردنـی صـلاح بدرالـدین دەدەن لـە حزبەکـە چـونکە پێوەنـدی پێوەنـدی بـە حکومـەتی عیراقـەوە هـەبوو. دواتـر صـلاح بەتـەنها لـە سـەر داخـوازی موخابەراتی عیراقەوە بەیانەکەلە دژی یـەکێتی دەردەکات. (**چاوپێکەوتن لەگـەل مـام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە(١٢٩٨)، ٢/٦/١٩٩٦**).

پێوەندییەکی توندو تۆڵی بە رژێمی بەعسی بەغداوە هەبوو، لەهەمان کاتیشدا زۆر بەتوندی دژی دەست پێکردنەوەی شۆڕشی چەکدارانەی نوێ‌ی‌کورد و یەکێتی بوو. هەر لەسەر داوای بەغدا بەیانێکی دژ بە یەکەم بەیانی دامەزراندنی ی. . ن. ک بڵاو کردەوە.[1]

---

[1]- نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانووبەوە، ل١٢٠ .

-چاوپێکەوتن لەگەڵ (عومەری شێخموس) لە ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی.

## باسی دووەم:
## پەیوەندی یەکێتی بەهێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقەوە

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە سەر ئاستی عێراقدا هەوڵی‌داوە هاوپەیمانێ‌یەك لە نێوان جولانەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد وئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانی وپارت و رێکخراوە نیشتمان پەروەرو دیموکرات وپێشکەوتنخوازەکان ببەستی"[1] ئەم هاوخەباتیەش لە سەرەتاوە دروشمی سەرەکی رێبازی راستەقینەی (ی.ن.ك) بووە لە گەڵ هێزە شۆرشگێرو پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و کوردستاندا، بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی باشووری کوردستاندا، کە خەباتی حزبێکی سیاسی بە هاو خەباتی وهاوکاری لە گەڵ حزبە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقدا دەچێتە کایەی شۆرشەوە.[2]

لەم بارەیەوە لە یەکەم بەیانی دامەزراندنی (ی.ن.ك) دا هاتووە:" دەبێ هێزە شۆرشگێرەکانی کوردستان شان بە شان لە گەڵ تێکڕایی هێزە پێشکەوتنخوازو نەتەوەیی‌یە چەپەکان لە عێراقداکار بکەین بۆ ئەنجام دانی ئەرکەکانی شۆرشی نیشتمانی دیموکراتی کە رووبەڕوی گەلی عێراق بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد وکەمینەکانی دەبێتەوە".[3]

لەم روانگەیەوە یەکێتی پێی وابوو کە بە عێراقی کردنی شۆرش، فرمانێکی پێویست بوو بۆ گێڕانەوەی بزوتنەوەی رزگاری گەلی کورد بۆ سەر ڕێ وشوێنی سروشتی خۆی، وسوك وئاسان کردنی گیروگرفت وکەم

---

[1] ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە ول١٦.

[2] مام جەلال: سەروەری یۆبیلی زوین ول١٥.

[3] یەکەم بەیانی دامەزراندنی ی.ن.ك لە ١٩٧٥/٦/١، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٥)

وكوڕی‌یەكانی خەباتی رزگاریخوازی گەلی كورد. لەبەر ئەوەی لە عێراقدا یەك رژێمی فاشستی ودكتاتۆری و یەك دەوڵەت ویەك سوپا وهتد... هەیە، گەلی عەرەب و كورد وكەمایەتیەكان دەچەوسێنێتەوە، هەر چەندە ئەو چەوساندنەوەیە لە ڕوی نەتەوایەتیەوە یەكسان نیە، بەلاَم لە چەندین روی ترەوە ناوكۆی‌یە و ناكۆكی سەرەكی عەرەب وكورد وكەمایەتیەكان لەگەل رژێمی كۆنەپەرستی عێراقدایە. نەك هەر گەلێك لە گەلٚ هێزێكی جیاوازدا، وگەلی كورد ناتوانیٚ لە ڕوداوە سودبەخش وزیان بەخشەكانی عێراق خۆی لابدات و جیابكاتەوە. بە هەر شێوەیەك بیەویٚ یانەیەویٚ و پێی بزانیٚ یانەزانیٚ كار لە یەكتر دەكەن.[1]

كۆمەڵە وحزب ورێكخراوە بەرهەلستكارەكانی عێراق كە چوبونە سوریا رێكخراوێكی (بەرەیی)یان دامەزراندبوو بە ناوی (التجمع الوطني العراقي=توع)، ئەو حزب ورێكخراوانەی لەم بەرەیەدا كۆبوبونەوە بریتی بوون لە مانە:

1- حزب البعث العربي الاشتراكي– قيادة قطر العراق.
2- الحركة العربية الاشتراكية.
3- الحزب الشيوعي العراقي–القيادة المركزية.
4- مؤتمر القوميين الاشتراكيين.
5- الحزب الاشتراكي.

---

[1] كۆمەلەی رەنجدەرانی كوردستان: رێبازی كۆمەلە، گۆڤاری كۆمەڵە، ژمارە (٥)، ل٢.

### 6-الجيش الشعبي لتحرير العراق[١]

**(التجمع الوطني العراقي) ئەم هەڵوێستەی(ی.ن.ك) یان بە ئیجابی هەڵسەنگاند وپێشوازیان لێکرد. بۆیە لە تەمموزی ١٩٧٥ دا سەرکردایەتی (توع) بروسکەیەکیان بۆ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی ناردو تیایدا پیرۆزبایی دامەزراندنی (ی.ن.ك)یان لێکردن و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەرامبەر دووبارە سەرهەڵدانەوەی جولانەوەی کورد وهیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخواستن[٢].**

**یەکێتی دوای ئەوەی بە تەواوی لە سوریا جێگیربوو و ئەوێی کرد بە مەڵبەندی سەرکردایەتی خۆی، دەبوو هەلوێستی خۆی لە (التجمع الوطنی العراقی) رون بکاتەوە. سوریا بۆ یەکێتی پێویست بوو، چونکە لەلایەکەوە وەك دەوڵەتێك پشتگیری لە شۆرشی کورد دەکرد لەوکاتەدا، لەلایەکی تریشەوە بنکەی سەرکردایەتی یەکێتی لێبوو کە شوێنێکی شیاو بوو بۆ ئەو کاتەو نزیك بوو لە مەڵبەندی شۆرشەوە کە باشوری کوردستان بوو.**

**بەڵام مانەوەی یەکێتی لە سوریا وڕاپەڕاندنی کارەکانی ئەو کاتە بەند بوو لەسەر ئەوەی یەکێتی ببێتە ئەندامی (التجمع الوطنی**

---

(١) صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، ل٣١٨؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل٦٥؛ عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدة (الاتحاد)، (٣٧٧)، ٢٠٠١/٧/٧

(٢) دەقی بروسکەی پیرۆزبایی (قيادة التجمع الوطني العراقي) بۆ دەستەی دامەزرێنەری(ی.ن.ك) لە تەمموزی ١٩٧٥دا، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٩)

العراقی).[1] بەڵام ئەندامێتی یەکێتی لەم بەرەیەدا، هەروەك (نەوشیروان مستەفا) دەنوسێت :یەکێتی دەخستە ژێرباری چەند ئیلتیزامێکی سیاسی گرانەوە، لە وانە:

1- دەبوایە شۆڕشی کورد بەشێك بێ لە شۆرشی عێراق و دروشمەکانی شۆرشی کورد بەشێك بێ لە شۆرشی عێراق و دروشمەکانی شۆرشێکی عێراقی بەرزبکاتەوە ویەکێتی لەژێر ئالأی (التجمع الوطنی العراقی)دا شۆرش بکات.

2-دەبوایە یەکێتی روخاندنی رژێم بکاتە ئامانج و دروشمی سەرەکیی خۆی، کە ئەمەش کاری ئەو نەبوو.

3- دەبوایە یەکێتی تا ڕوخاندنی رژێمی بەعس درێژە بە خەبات بداو هیچ جۆرە سازین و چارەسەرێکی مام ناوەندی قبول نەکات.

لەبەر ئەم هۆکارانە یەکێتی نەدەبووایە ببێ بە ئەندام لە(التجمع الوطنی العراقی)دا، ئەگەرچی کەوتبووە ژێر باری کۆمەڵێك ئیلتیزاماتیشەوە لەو سەردەمەدا.

بەڵام لە کۆبونەوەیەکی دەستەی دامەزرێنەردا کە لە ١٩٧٥/١٢/١٧ دا لە دیمەشق بەستراو تەنها (عمر شێخموس) ئامادەنەبوو[2]. ئەم باسە خرایە بەر لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن و دەنگدان، کە ئایا (ی.ن.ك) ببێ بە ئەندام لە (التجمع الوطنی العراقی) دا یان نا؟ لە نێو ئەندامانی دەستەی

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل٦٥.

(٢)عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدة (الاتحاد)، (٣٧٧)، ٢٠٠١/٧/٧ .

دامەزرێنــەر دا تەنها(نەوشــیروان مســتەفا) و(عــادل مــراد) دەنگیــان بــۆ ئەندامــەتی (ی.ن.ك) نــەدا بــۆ ئەندامــەتی نێــو بــەرەی(التجمـع الــوطنی العراقی).

لــەم بارەیەوە(نەوشـیروان مســتەفا) بـیرورای وا بـوو کـە :" یـەکێتی نەچێتە ژێرباری هیچ ئیلتیزامێکی سیاسیەوە و خۆی نەبەستێتەوە بەهیچ رێکخراوێکی ترەوە. بۆ ئەوەی ئازادی جولاندنەوەی هەبێ "[1] بەلاّم بە زۆرایـەتی دەنـگ دەسـتەی دامەزرێنـەر یـەکێتی بڕیاریـدا ببـێ بـە ئەنـدام لە(التجمع الـوطنی العراقـی)[2] دا ودواتـر کەوتـە گفتوگۆ لـە گەلیـدا و زۆر مەسەلەی پێ سەلماند* لە وانە:

-پرۆگرامی(التجمع الوطنی العراقی) دەستکاری کرا، مافەکانی کورد رونتر وفراوانتر خرایە ناوی.

-(التجمع الوطنی العراقی) بەلێنی دا کە توانای ماددی ومەعنەوی بۆ شۆرشی کورد دابین بکەن وشۆرشەکە گەشە پێبدەن بۆ شۆرشێکی عیراق لەروی سەرکردایەتی و بەشداری ومەیدانیی کارەوە.

-(التجمـع الـوطنی العراقـی) بـەلێنیان دا کـە هاوکـات لەگـەلْ دەسـت پێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستاندا، ئەوانیش لـە ناوەراسـت و لە خواروی عێراقدا چالاکی شۆرشگێرانە دەست پێبکەن[3].

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل٦٥.

(٢) -عادل مراد: محاولة جادة لکتابة جزء من التاریخ الحدیث لکرد العراق، جریدة (الاتحاد)، (٣٧٧)، ٢٠٠١/٧/٧ .

* بڕوانە هەردوو پاشکۆی ژمارە (١٢) و (١٣)

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل٦٦.

بـەلام بـەکردەوە شۆڕشـەکە نـەکرا بـە شۆڕشـێکی عێراقـی. هێـزە عێراقیـەکان نـەك هـەر نـەیانتوانی شۆڕشـەکە بگەیەننـە خـواروی عێـراق و ئـەهوارەکان و تەقینـەوە بخەنـە شـارەکانی عێراقـەوە بـەڵکو هەنـدێك لـەو ریکخراوانە ئامادەنەبوون بگەڕێنەوە کوردستانیش. تـەنها سـەرکردایەتی هەرێمی عێراق (حزبی بەعس) و (جیش التحریر الشعبی)[1] نەبێ کە بە پێی توانای خۆیان گەڕانەوە کوردستان، توانای ئەوانیش زۆرکەم بوو، بـــەلاَم ئـــەوانی تـــر هیچـــیان نـــەکرد. بـــەڵکو زۆربـــەی ئۆبـــالی شۆڕشەکەقورسـایی‌یەکەی هـەر لـە ئەسـتۆی(ی.ن.ك) دا مایـەوەو خـوێن رشتن وکوژران هەربەشی یەکێتی بوو.

[1] یەکێتی نیشتمانی کوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ میری، ل٥٩.

# باسی سێیەم:
# پەیوەندی یەکێتی
# لەگەڵ بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی نێوچەکە

جولانــــەوەی شۆڕشــــگێڕانەی گــــەلی کــــورد، جولانەوەیــــەکی رزگاریخوازانــەی فـراوانترین بەشــی کۆمــەڵانی خــەلکی کوردسـتانە دژبــە چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی و لەپێناوی سەربەستی گەلی کورد و دیاری کردنی چارەنوسی خۆیدا، ئەلقەیەکی لە پسان نەهاتوی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی گەلانی دنیایە کە ئەویش بەشێکی گرنگی شۆڕشی جیهانی پێك دەهێنێ. جولانەوەیەکیش ئەوە سروشت و ڕێباز و ئامانجی بێ، هەموو هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و ناوچەکە و دنیـا پێویسـتە هاوپـەیمانی ڕاسـتەقینەی بـن، بێگومـان هـەموو هێـزە داگیرکەرو کۆنەپارێزەکانیش دەکەونە دژایەتی کردنی.[1]

لەگـەل ئەوەشـدا (ی.ن.ك) بـاش لـەو ڕاسـتیە گەیشـتبو کـە بـە تـەنها ناتوانێ لەم ناوچە گرنگە و لە دنیادا بژیت و درێـژە بـە خـەبات بـدات گـەر دوور بێت لە پەیوەندییەکی هاوکارانە لەگەڵ ئەو هێزانـەدا. بەواتایـەکی دیکە یـەکێتی نـاتوانێ بێ هەلوێسـت و بێ پەیوەنـدی لەگـەل دیاردەکـانی ژیـانی سیاسـی و گـەلان و دەولـەتانی نێوچـەکەدا، هـەڵبکات و ناشـتوانێ دووره پەرێزی بەرژەوەندی و نەخشەی ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی گۆڕەپانی زۆرانی و ململانێی ناوچەکە و دنیادا بوەستێت.[2] بۆیـە یـەکێ

---

[1] ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە؟ ل ١٠

[2] کۆمەلـەی رەنجـدەرانی کوردسـتان: هاوپـەیمانی نـەك کلکایـەتی دۆسـتایەتی نـەك نۆکەرایەتی، گۆڤاری کۆمەلە، ژمارە (١٢)، خولی سێیەم، مارت ١٩٨٦، ل٤

لــە هێڵــە ســەرەکیيەکانی کــارکردنی هەرلەســەرتاوە دروســت کردنــی پێوەندی بوو لەگەل بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی نێوچەکە. لەم ڕووەوە لە یەکەم بەیانی دامەزراندنیدا سڵاو دەنێرێ بۆ شۆڕشی زەفار و ئەریتریا و هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکانی ئێران و تورکیا و هاوخەباتی خۆی دەردەبڕێ لە گەلیاندا.[1]

لە پرۆژەی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆش دا هاتوە کە "(ی.ن.ك) خەبات دەکــات بــۆ پێکــەوە گرێــدانی بزوتنــەوەی خــەلکی کوردســتان لەگــەل بزوتنـــەوەی رزگاریخوازانـــەی گـــەلانی دنیـــای ســـێیەم و بزوتنـــەوەی شۆڕشــگێڕانەی چــینی کرێکــاری ولاتــانی ســەرمایەداری و دەولەتــە سۆسیالیستەکاندا".[2] پێکەوە گرێدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەلکی کوردســتان و بزوتنــەوەی ڕزگــاریخواز و شۆڕشــگێڕانەی عــەرەب، فــارس، تورك، ئازەری، بلوج و گەلانی تر، بۆ شکاندن و دەرکردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و روخاندنی حوکمی چینە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، و تـەواو کردنــی ســەربەخۆیی نیشــتمانی سیاســی و ئــابووری، و گەشــەپێدانی دیموکراسی لە ڕۆژهەلات دا.[3]

(ی.ن.ك) کــە ئــەم بڕگەیــەی لــە بەرنامــەی خۆیــدا جــێگیر کردبــوو، دەیزانــی پێویســتە لــە ســەری کــە ڕێــز و پێگــەی بزوتنــەوەی کــورد لــەلای بزوتنەوەکانی ڕزگاریخواز و دەولەتانی بەرهەلستی پەیماننامە سەربازی

---

[1] یەکەم بەیانی دامەزراندنی ی.ن.ك لە ١/٦/١٩٧٥،

(٢)الاتحاد الوطني الكردستاني: حول الحركة التحررية للشعب الكردی في كردستان العراق، ص٦٦، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢٩)

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥

یە کۆلۆنیالەکان لە نێوچەکەدا بگێڕێتەوە. چونکە شۆڕش لە بنەڕەتدا بەندە بە کۆمەڵێك بنەماو دروشم و بە های پیرۆز ئەگەر هەلسوڕێنەرانی سازشیان لەسەر کرد، ئەوا دەبێتە ئامرازێك دژی گەل و پەل و پۆی دام و دەزگاکانی ئەو لایەنەی کە سازشیان لە گەلدا کردوەو لە دژی بزوتنەوە تێکۆشەرەکان، لە پێناوی ئازادی و سیاسی و ژیانی دیموکراتی‌دا بەکاری دەهێنی.

لەو سەردەمەشدا خەبات لە سایەی ئەو هەل و مەرجە سەختە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەولەتیانە و کەمی توانی ماددی‌دا مەسەلەیەکی ئاسان نەبوو. ڕێگاکەش لە هەموو لایەکەوە پڕلە کەند و کۆسپ و مەترسی بوو بەلام باوەڕ بە خۆبون و بە وزەی لەبن نەهاتوی کۆمەلانی خەلك و عەدالەتی مەسەلەکەو پاشەڕۆژی گەش ... هەموو ئەمانە پالیان بە (ی.ن.ك)ەوە دەنا بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا زالبێ.

ئەو کەسانەی لە دامەزراندنی (ی.ن.ك)دا بەشدار بوون، لە بواری سیاسەت و خەباتدا تازە نەبوون، بۆیە بەو شارەزاییەی کە هەیانبو زۆر بایەخیان بە مەسەلەی پێوەندی بەستن لەگەل هێزە سیاسیەکانی نێوچەکە دەدا، بۆ ئاگادارکردنیان لەوەی کە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد هەر بەردەوامە.[1]

بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی یەکەمین نوسینگەی خۆی لە (بەیروت) کردەوە. ئەمەش مانای گرنگی دانی یەکێتی دەگەیاند لەگەل

---

(١) –عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدة (الاتحاد)، (٣٧٣)، ٢٠٠٠/٦/٩.

شۆڕشگێڕانی دنیادا، کە ئەو کاتە (بەیروت) یەکێك لە بنکە سەرەکی‌یەکان بوو و زۆربەی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ناوچەکە لەوێ کۆبوبونەوە.[1]

لەم بارەیەوە مام جەلال ڕۆلێکی کاریگەری گێڕا لە پێوەندی کردن بە هێز و لایەنە هاوسۆزەکان لەگەل مەسەلەی کورددا. بەتایبەتی لەگەل هێزە ڕزگاریخوازەکانی فەلەستین.[2] چونکە پێوەندی‌ی لەگەل سەرانی فەلەستینی خۆش بوو، دۆستایەتی لەگەل (یاسر عەرەفات) و (جۆرج حەبەش) و (نایف حەواتمە)دا هەبوو. لەو ڕێگایەوە یەکێتی پێوەندی لەگەل دامەزراندبوون. بەلێنیان دابوو یارمەتی یەکێتی بدەن بە چەك و مەشق پێ کردنی کادرو پێشمەرگەکانی، ئامادەبوون هاوکاری یەکێتی بکەن لەوەی کە بنکەی پێشمەرگایەتی لە لوبنان دابمەزرێنێ.[3]

یەکێتی پێوەندی بە زۆربەی ڕێکخراوە فەلەستینیەکانەوە هەبوو، لەوانە:

- حركة التحرير الفلسطيني (فتح)
- الجبهة الشعبية لتحرير فلسطين (جورج حەبەش)
- الجبهة الديمقراطية لتحرير فلسطين (نايف حواتمة)
- الجبهة الشعبية – القيادة العامة (أحمد جبريل)

---

[1] عادل مراد، چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی بۆ ڕێبازی نوێ دەگێڕێتەوە، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە (١٢)، ل٨١.

[2] د. کەمال فوئاد: سەرەتاکانی دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژ (١٩)، ل ٢٨.

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل٧٤.

- **جبهة النضال الشعبي الفلسطيني (د.سمير عوشة)**[1] و

**ئەم ڕێکخراوانە سەرباری ئەوەی زۆربەیان پێوەندیان لەگەل عیراقدا زۆر باش بوو، بەلام لەگەل (ی.ن.ك)یشدا دۆست بوون و پێوەندیان نەبڕی و بە ئاشکرا دەیانگوت (ی.ن.ك) هێزێکی شۆڕشگێڕە.**[2]

**لە (لوبنان)یش یەکێتی پێوەندی لەگەل (حزب الشیوعي اللبناني) و (منظمة العمل الشیوعي)دا باش بوو.**[3]

**لە تورکیاش لەگەل (الجیش الشعبی لتحریر ترکیا)**[4] **و (پارتی چەپی کۆمۆنستی یەکگرتوی تورکیا)**[5] **دا پێوەندی هەبوو. هەروەها لە ئێرانیش دا (ی.ن.ك) پێوەندی لەگەل (ڕێکخراوی مجاهدینی خلقی ئێران)و (بەرەی نیشتمانی) و (حزبی تودەی شۆڕشگێڕ – ماوی–) و (ڕێکخراوی فدائی خلقی ئێران)دا بەستبو و هاوکاری لە نێوانیاندا هەبوو.**[6]

---

(1) عادل مراد: چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی بۆ ڕێبازی نویٚ دەگێڕێتەوە، گۆڤاری ڕێبازی نویٚ، ژمارە (١٢)، ل٨١.

(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

(3) چاوپێکەوتن لەگەل د. فؤاد معصوم لە ٢٠٠١/٣/٣، لە سلێمانی. الاتحاد، العدد (٣٨٤)، ٢٠٠٠/٨/٢٥ .

(٤) –عادل مراد: محاولة جادة لکتابة جزء من التاریخ الحدیث لکرد العراق، جریدة (الاتحاد)، (٣٨٤)، ٢٠٠٠/٨/٢٥.

(5) چاوپێکەوتن لەگەل عمر شێخموس، لە ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی.

(٦) عادل مراد: محاولة جادة لکتابة جزء من التاریخ الحدیث لکرد العراق، جریدة (الاتحاد)، (٣٨٤)، ٢٠٠٠/٨/٢٥؛ چاوپێکەوتن لەگەل عمر شێخموس لە ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی.

جگـە لەمانەلەگـەل کۆمـەلێك حـزب و ڕێکخـراوی تـری بزوتنـەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی نێوچەکەدا، پێوەندی بەستبوو، لەوانە:

(الجبهـة الشـعبية لتحريـر بحـرين) و (الجبهـة الشـعبية لتحريـر اريتريا)[1] و (الجبهة الشعبية لتحرير عمان– ظفار) و (الحزب الأشتراكى اليمينى) و هێزە چەپەکانی ئوردن و مصر و مەغریب.[2]

هـەر سـەبارەت بـە پێوەندییـەکانی یـەکێتی لەگـەڵ ئـەو هێزانـەدا، (عادل مراد) دەڵێ: "لەگەل زۆربـەی ئـەو ڕێکخراوانـەی لـە لوبنـان بنکـەیان هەبوو پێوەندیمان باش بوو، لەوانـە : ڕێکخراوەکانی سودانی، مصری، مـەغریب، تونسـی، سعودی، ئەرمـەنی، یەمـەنی باکور، یەمـەنی خـواروو، یابانی، ئیتالی، ئیسپانی، هەروەها ڕێکخراوەکانی ئەمریکای لاتین و لەگەڵ ئیرلەندیەکانیش پێوەندیمان هەبوو ...".[3]

لەهــەمان کاتــدا وەك عومــەر شــێخموس دەڵــێ: (ی.ن.ك) ڕێزێکــی گــەورەی لێ دەگــیرا لەلایــەن ئــەو پــارت و ڕێکخراوانــەوە، پێوەنــدی و هاوکاریـیـە کـە لەگـەڵ کاتـدا هـەر لـە ڕوی سیاسـی و ئایدیۆلۆجیـیـەوە نەدەمایەوە و لە ڕوی پراکتیکیشەوە دەکرا.[4]

---

(1) عادل مـراد، چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی بۆ ڕێبازی نویێ دەگێڕێتەوە، گۆڤاری ڕێبازی نویێ، ژمارە (١٢)، ل٨٢.

(٢) عادل مـراد: محاولـة جادة لكتابـة جزء مـن التـاريخ الحـديث لكـرد العـراق، جريـدة (الاتحاد)، (٣٨٤)، ٢٠٠٠/٨/٢٥.

(3) عادل مراد، چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی بۆ ڕێبازی نویێ دەگێڕێتەوە، گۆڤاری ڕێبازی نویێ، ژمارە (١٢)، ل٨٢.

(4) چاوپێکەوتن لەگەل عمر شێخموس، لە ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی.

ئەگەرچی دوای سەرهەلدانی (ی.ن.ك) شالاوێكی بەرفراوان لەلایەن دوژمنانی كوردەوە دەستی پێكردبوو، بەو مەبەستەی لە گرنگی دامەزراندنی (ی.ن.ك) كەم بكەنەوە، بەلام لەگەل ئەوەشدا یەكێتی توانی پەیوەندی دۆستانەی لەگەل هێز و پارتە سیاسی‌یەكانی بزوتنەوەی گەلانی رۆژهەلاتدا پەرەبسێنێ.

# باسی چوارەم:
# پێوەندیەکانی یەکێتی لەگەڵ دەوڵەتانی نێوچەکە

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باش لەوە گەیشتبوو کە، کاریگەریو توانای هێزی هەر لایەنێك بەتەنها بەهی خۆی پێوانە ناکرێ. هێزی ڕاستەقینەی هەر لایەنێکی سیاسی بریتیە لە هێزی خۆی و هێزی دۆستەکانی پێکەوە. دەتوانین بڵێین، خاڵە لاوازەکانی بەرەی دوژمنیش بەبەشێ لە سەرچاوەی هێزو توانای ئەو لایەنەی تر لە ململانێ کەدا لەقەڵەم دەدرێ.

لێرەدا بەڕۆشنی دەردەکەوێ، دۆستایەتی و هاوپەیمانی بریتیە لەو هۆیەی کە لایەنێکی سیاسی بۆ گەورە کردن و بەهێز کردنی تواناو هێزی خۆی، بۆ پاراستنی خۆی و مەسەلەکەی، بۆ پارستنی بەرژەوەندی و گەشەکردن و بۆ پێشەوە چوون، بۆ سەرکەوتن و دەستکەوتی سیاسی لە ململانێکەدا دەیگرێتەبەر، واتا کۆکردنەوەی هێزی تر بۆ خۆی، بۆمەسەلەکەیەتی.

ئاشکرایە ئەو هێزو توانا زیادەیە، کە بە هاوپەیمانی و دۆستایەتی لایەنی تر دابین دەکرێ، هەر لە خۆوە، و بە خۆرایی نییە. بەڵکو پرۆسەیەکە لە ڕووی دوژمنی هاوبەشدا، یا بۆ بەرژەوەندی هاوبەش کە دۆستەکان بەشێك لە هێزو توانای خۆیان دەخەنە سەر هێزو توانای

ڕێکخراو یاخود جولانەوەکە. بۆ ئەوەی جولانەوەکەش هێزو توانای خۆی بخاتە سەر هی ئەوان.[1]

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرکی بە پێویستیی دۆزینەوەی هاوپەیمانە ستراتیجیەکان و تاکتیکیە کان کردبوو. پۆل پۆل کردنی هاوپەیمانان و دۆستەکانیشی بەپێی لێکدانەوەی زانستی و بەرژەوەندیە بالاو گەورەکانی جولانەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان، بە کارێکی پێویست دەزانی، بۆیە پێی وابوو کە پێویستە :

- هاوپەیمانی و دۆستایەتی، هەموو ئەو لایەن و ڕێکخراوە سیاسیانە، هەموو ئەو بزوتنەوەو دەوڵەتانە بکات کەلەسەر ئاستی ستراتیجی، یاخود لەسەر ئاستی تاکتیکی لەگەڵیان یەك دەگرنەوە.

- هاوپەیمانی و هاوخەباتی لە دۆستایەتی جیا بکاتەوە، هاوپەیمانی ستراتیجی لەهی تاکتیکی جیا بکاتەوە. دۆستایەتی درێژ خایەن لە هی تاکتیکی کورت خایەن جیا بکاتەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە هەمیشە، لە هەموو هەلو مەرجێکدا هاوپەیمانی و دۆستایەتی لە ڕەدو کەوتن و کلکایەتی، لە نۆکەرایەتی جیا بکاتەوە. یەکێتی بەردەوام دەیگوت "دۆستایەتی دەکەین و نەفرەت لە نۆکەرایەتی دەکەین".[2]

بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکە ... پێوەندیەکانی هاوپەیمانێتی بوو لەگەڵ جولانەوەی ڕزگاری خوازانەو

---

(١)- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. هاوپەیمانی نەك کلکایەتی، دۆستایەتی نەك نۆکەرایەتی، گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە (١٢)، خولی سێیەم، ١٩٨٦، ل ٥.

(٢)- شوان: هەلوێستی کۆمەڵە دەربارەی هەندێ مەسەلەی ستراتیجی، ل٢١.

دیموکراتی و پێشکەوتوانەی گەلانی نێوچەکەو هەندێك لەو دەوڵەتانەی کە بەرژەوەندی هاوبەش و دوژمنی هاوبەشیان هەبووکۆی کردبونەوە لە گەڵ یەکێتی دا نەك لەگەڵ دەوڵەت و هێزە کۆنەپەرست و نۆکەرەکان.[1]

یەکێتی پێی وابوو کە پێویستە سەربەخۆیی سیاسی خۆی و سەربەخۆیی جولانەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان بپارێزێ، و ڕێگا لە پاشکۆیەتی، و لەبەستنەوەی جولانەوەکە بەستراتیجی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەوت بگرێ. ئەمە بەردی بناغەی سیاسەتی یەکێتیبوو.[2]

گەلی کورد لە دوای هەرەسی (١٩٧٥) ەوە بێکەس و کەساس بوو لە ڕووی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتەکاندا، بەعس کەوتبووە ویزەی، ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی ئەم جیهانە پڕ لافی سۆسیالیزم و دیموکراسی‌یە، دوژمنەکەیان پڕ چەك دەکرد و کوردیان فەرامۆشی بەرژەوەندی‌یەکانی جەنگی سارد کردبوو. دەوڵەتانی ناوچەکە، کە هاوکاری کوردیان دەکرد زۆر کەم بوون، سوریا یەکێ لەو دەوڵەتانە بوو کە بەپێی ناکۆکیە سیاسی‌یەکانی ناوچەکەو دوژمنایەتی لەگەڵ بەعسی عێراقدا پشتیوانی هێزە سیاسیەکانی عێراق و کوردستانی دەکرد. ئەم یارمەتیەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە سوریاو عێراق لە ساڵی ١٩٧٥دا لە سەر ئاوی فورات گیرگرفتێکی گەورە لە نێوانیاندا هەبوو، و ناکۆکی ئایدۆلۆژیش لە نێوان هەردوو باڵی حزبی بەعسی سوری و عێراقیدا هەبوو،[3] هەروەها

---

[1]- ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یە چەند مەسەلەیەك ؟ ل١٦.

[2] – شوان: هەلوێستی کۆمەلە دەربارەی هەندێ مەسەلەی ستراتیجی، ل٢٠.

[3] محمودی مەلا عزەت: بازنەکانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد، ل١٣٦.

ناکۆکی زۆر توندو تیژ لە نێوان شەخسی سەدام حسێن و حافظ ئەسەد دا هەبوو و ژمارەیەك لە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سوری چوو بوونە عێراق، پەنابەر بوون و لە (قیادەیقەومی) دا بەشداریان دەکرد سەرباری ئەمانە لەسەر مەسەلەی فەلەستین و ڕێککەوتنامەی جەزائیریش بۆ چوونی جیاوازی گەورەیان هەبوو. لە ئەنجامی ئەم جیاوازیانە سوریەکان لە ڕوانگەی سیاسەتی پڕاگماتیکی خۆیانەوە ئامادە بوون یاریدەی ئۆپۆزیسۆنی عێراقی بدەن، کە جولانەوەی کوردیش بەشێك بوو لەم ئۆپۆزیسۆنە.[1]

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کاتی دامەزراندنیدا سوریای کرد بە بنکەی سەرکردایەتی و شوێنی خۆ ڕێکخستن و مەشق پێکردنی هەندێ کادیرو پێشمەرگەکانی و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئۆرگان و بەیاننامەکانی، و سوریەکان ڕێگەیان بەو کەسانەدەدا کە لە ئێران و عێراق و تورکیاوە بۆ لای یەکێتی دەچوون، جا چ لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی دیمەشقەوە بوایە، یاخود بە قاچاغ لە سنوورەکانەوە بە پێ بچوونایە بۆ پێوەندی کردن بە (ی.ن.ك) ەوە.[2]

دەربارەی پێوەندی نێوان (ی.ن.ك) و سوریا، مام جەلال دەڵێت : "هەرگیز چاکەی سوریامان لە بیر ناچێتەوە، بەڕاستی ئەو سەردەمە سوریا نەبوایە نەمان دەتوانی ئەو کارە وەك پێویست ئەنجام بدەین، سوریا نەك هەر دەرگای بۆ کردینەوە، دەرگای سیاسی، دەرگای

---

[1]- چاوپێکەوتن لەکەڵ عمر شێخموس لە ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی.

(٢)- عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدة (الاتحاد)، (٣٨٤)، ٢٠٠٠/٨/٢٥ .

ڕێکخستن، دەرگای پروپاگەندە، بەڵکو دەرگای ڕاهێنانی پێشمەرگەشیی بۆ کردینەوە، دەرگای چەك پەیداکردنی بۆ کردینەوە کە چەکمان پێبدات و کەرەسەکانی شۆرشمان بۆ بێنێتە دی، بۆیە بەڕاستی (ی.ن.ك) زۆر قەرزاری سوریایە". [1]

هەرلەم بارەیەوە (نەوشیروان مستەفا) ش دەنوسێت : " ئەگەر دامەزراندنی یەکێتی و هەڵگیرساندنەوەی شۆرش دوای هەرەس، بەسەروەریەکی گەورە لە مێژووی کوردا حساب بکرێ، دەبێ لەم سەروەریەدا کورد بەڕێزلێنانەوە چاکەی سوریا، هی حافظ ئەسەدی لەبەر چاو بێ". [2]

جگە لە سوریا (لیبیا) ش یەکێ بوو لەو دەوڵەتانەی کە (ی.ن.ك) پێوەندی لەگەڵیا زۆر باش بوو و هاوکاری جولانەوەی کوردی دەکرد لەو ساتە وەختەدا. لیبیا زۆری پێخۆش بوو کە شۆرشی کوردستان بمێنێ و بزوتنەوەیەکی پێشکەوتوو خواز هەبێ و پێوەندیشیان لەگەڵ مام جەلال باش بوو. کاتی خۆی مام جەلال (جمال عبد الناصر) ی بینیبوو، (معمر قەزافی) ش ناصری بوو و رقی زۆری لە (سەدام حسێن) بوو و لەگەڵیدا ناکۆك بوو، لەبەر ئەم هۆکارانە ئامادە بوو یارمەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدات. [3] بۆیە بەلێنیان بە (مام جەلال) دابوو بەردەوام یارمەتی یەکێتی بدەن بە پارەو بەچەك. ئەو کاتە هێشتا خەباتی چەکداری لە

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٢٩٨) ١٩٩٦/٦/٢.

[2]- نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە، ل ٧٧.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ عمرشێخموس، ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی.

کوردستان دەستی پێنەکردبوەوە. لیبیەکان مانگانە چەردەیەك پارەیان بۆ یارمەتی دانی بارەگاو کادرو پێشمەرگەکانی یەکێتی لە سوریا تەرخان کردبوو. هەموو مانگێ پارەکەیان دەنارده سەر حسابێك لە لوبنان و لەوێ وەردەگیرا.[1]

هەرلەو بارەیەوە (عادل مراد) دەڵێت :" پێوەندی بەتینمان لەگەڵ لیبیادا هەبوو، و زۆر هاوکاری دەکردین، لە ڕێگەی یارمەتی (معمر قەزافی) ەوە توانیمان یەکەمین ئیزگەی ڕادیۆ بۆ شۆرش وەدەست بخەین. هەر لەو ڕێگەیەوە لە ساڵی ١٩٧٦دا کۆمەڵێك ئامێری (هۆکی تۆکی) مان دەستکەوت".[2]

لەمەش بترازێ، بۆیەکەمجار ی. ن. ك لەساڵی ١٩٧٦ دا لە پاریس، بڕی ملیۆنێك فرەنکی فەڕەنسی لە لیپرسراوێکی بەرزی لیبیی وەرگرت.[3]

ئەو دەوڵەتانەی کە زۆر بەئاشکرا یارمەتی (ی.ن.ك) یان دەدا تەنها سوریاو لیبیا بوون، لەپاڵ ئەمانەشدا(مام جەلال) دەڵێت: " لەگەڵ یەمەنی دیموکراتی دا پێوەندیمان کردوو ئەوانیش پێشوازیان لێکردین".[4]

دەوڵەتی ئێران لەو سەردەمەدا لەگەڵ عێراقدا پێوەندیی زۆر باش بوو. بە پێی ڕێکەوتنەکەی جەزائیر، دەبوو هاوکاری یەکتری بکەن بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی سنورو نەهێشتنی ئاژاوەو پەشێوی لەدژی

---

(١)– نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەنای دانوبەوە ل٧٥.

(٢)– عادل مراد: محاولة جادة لكتابة جزء من التاريخ الحديث لكرد العراق، جريدة (الاتحاد)، (٣٨٤)، ٢٠٠٠/٨/٢٥.

[3]– هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[4]– چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٢٩٨) ١٩٩٦/٦/٢.

یەکتری، و زانیاری دەربارەی تاقمە بەرهەڵستکارەکانی یەکتری ئاڵوگۆڕ بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کۆمیتەی ناوخۆییان دروست کردبوو. بۆیە پێوەندی (ی.ن.ك) لەگەڵ ئێراندا زۆر خراپ بوو. هەر ئەندامێك یان پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ك) لە ئێراندا دەستگیر بکرایە، راستەوخۆ تەسلیم عێراق دەکرایەوە.

لەگەڵ دەوڵەتی تورکیاشدا یەکێتی هیچ جۆرە پێوندی‌یەکی نەبوو، بەڵکو تورکیا دژایەتی (ی.ن.ك) یشی دەکردو لەگەڵ عێراقدا هاوپەیمان بوو.[١]

---

[١]- چاوپێکەتن لەگەڵ عمر شێخموس، ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی.

# باسی پێنجەم.
# پێوەندیەکانی یەکێتی بە دەوڵەتە زلهێزەکانەوە

ڕژێمی بەعس بەردەوام هەوڵی دەدا کە مەسەلەی لە نێو بردنی کوردو کوردستان بخاتە چوارچێوەی ئەوسیاسەتەوە کە شەڕی ئەمجارە، شەڕی نێوان هەوڵی بەرەو پێشەوە بردنی میللەتی دواکەوتووی کوردو ئاوەدان کردنەوەی خاکی بە جێماوی کوردستانە. و پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە گوایە شەڕی میللەتێکە تەنها حەزی لە ئاژاوەو پەشێوی و بەربەرەکانی دام و دەزگای ئیداری و بەڕێوەبردن و پێشکەوتن و یاسایەو شەیدای کوشتن و بڕین و یاخی بوونە.[1]

هەر بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوو کە شۆڕشی کوردستان لە دنیای دەرەوە دابڕێت و گەمارۆی بدات و لەناو ئۆردوگاو دەوڵەت و ڕێکخراوێك، هەرچیەك بووبێت ناوی شۆڕش و بزوتنەوەکەی بزرێنێت و دەلاقەیەکیان لە نێواندا دروست بکات بەوەی کە ئەو شەڕەی کورد دەیکات، شەڕی نێوان میللەتێکی دواکەوتووی شەڕ خوازی دژ بە پێشکەوتن و حکومەتێکی پێشکەوتو خوازی هەوڵدەری ئاوەدانی و گەشەکردنە.[2]

لەبەرامبەر ئەمەدا (ی.ن.ك) بەردەوام هەوڵی دەدا کەراستی کێشەی ڕەوای کوردو دەنگی ناڕەزایی ئەم گەلە زۆر لێکراوە بە دنیای دەرەوە بگەیەنێت. ئەگەر چی لە ڕووی دبلۆماسیەوە ئەم خەباتە زۆر سەخت بوو،

[1]-جوامێر: چەند رواڵەتێکی نوێ ی پیلانەکانی دوژمن بۆ بەگژاچونەوەی شۆڕشی کوردستانی عیراق، گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە (٢)، ساڵی ١٩٧٩، ل٤.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل٦.

چونکه پێگەی ئەو سەردەمەی عێراق لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەهێز بوو، باوەڕ نەدەکرا بەوەی حکومەتی عێراق تائەو ڕادەیە بە توندی و دڵ ڕەقی مامەڵە لەگەڵ داخوازیە ڕەواکانی گەلی کوردا بکات.[1] بۆ یەکێتی زۆر زەحمەت بوو کە لەلایەن گەورە دەولەتانەوە گوێی لێ بگیرێ. جا چ دەوڵەتانیبلۆکی ڕۆژئاوا بێت یاخود ڕۆژهەلات. چونکە بە بۆچوونی (ی.ن.ك) دەوڵەتانی ڕۆژئاوا سەر بە بلۆکی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بوون، پێوەندی کردن پێیانەوە لەگەڵ ڕێبازو بەرنامەی (ی.ن.ك)دا نەدەگونجا، چونکە یەکێتی ڕێکخراوێکی چەپ و مارکسی بوو. لەلایەکی تریشەوە بە حوکمی ئەوەی لە دوای هەرەسی ١٩٧٥، جگەلەوەی کە ئەمریکا پشتی لەمەسەلەی کورد کردبوو. لەهەمان کاتیشدا ڕایان وابوو کەهەڵەیەکی گەورەیان کردبوو کە لەسەر داخوازی شای ئێران یارمەتی بزوتنەوەی گەلی کوردیان دابوو. رازی بوون بەوەی کە هیچ جۆرە پێوەندیەکیان لەگەڵ مەسەلەی کورد دا نەبێ، چونکە لەلایئەوان بەرژەوەندیە ناوچەیی و ستراتیجیەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی نێوچەکە (ئیران و تورکیا و دەوڵەتە عەرەبیەکان) دا زۆر لەوە گرنگتر بوو . بۆیە ئامادەنەبوون هیچ جۆرە پێوەندیەك لەگەڵ بزوتنەوەی تازەی گەلی کوردا ببەستن. نە ئەمریکا دەیویست لەگەڵ (ی.ن.ك) دا پێوەندی هەبێ لەراستیشدا یەکێتی :" لەو سەردەمەدا هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ ئەمریکادا نەبوو".[2]

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد شاکەلی، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٦١)، ٢٠٠٠/٦/١.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. فوئاد معصوم لە ٢٠٠١/٣/٣، لە سلێمانی.

لەلایەکی دیکەوە یەکێتی سۆڤیەتیش پێوەندی لەگەڵ (ی.ن.ک) دا باش نەبوو، * هەموی چوارساڵێك تێپەڕی کردبووبەسەر گەورەترین ڕێکەوتننامەی ستراتیژی نێوان سۆڤیەت و عیراق کە مۆریان کردبوو، لە هەمان کاتدا (حشع) یش لەگەڵ بەعسدا هاوپەیمان بوون و لەیەك بەرەدا کاریان دەکرد. بە پێچەوانەوە هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر هێزە پێشکەوتنخواز و رزگاریخوازەکان یەکجار خراپ بوو، لەم بارەیەوە (عمر شێخموس) دەڵێ: " لە ساڵانی ١٩٧٥ و ١٩٧٦ دا لەدەرەوەی وڵات ڕاسپێردرام کە چەند یاداشتێکی ڕەسمیم بە ناوی (ی.ن.ك)ەوە بۆ لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنسیتی سۆڤیەت نووسی، بەڵام هەر وەڵامیشیان نەدایەوە". [1]

لەگەڵ دەوڵەتانی سۆسیالیستی (ئەوروپای ڕۆژهەڵات) یش (ی.ن.ك) پێوەندی باش نەبوو. ئەو دەوڵەتانە هەر شتێ ببوایە پێوەندیان بە سۆڤیەتەوە دەکرد. یەکێتیش لە ڕووی فکریەوە لەگەڵ ئەوان نە دەگونجا، چونکە زیاتر ئەندێشەی ماوی لە نێو (ی.ن.ك)دا زاڵبوو و ڕەخنەیان لەوان دەگرت. [2]

---

* د. فوئاد مەعصوم دەڵێ: دوا بەدوای ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی شۆڕشی ئەیلول و هەرەسهێنانی، مام جەلال بانگهێشت کرا کە بەشێوەیەکی نهێنی سەردانی مۆسکۆ بکات، و سەردانەکەی سێ ڕۆژی خایاند، بەڵام ئەم پەیوەندییە ئەوە نەبوو کە هیچی لێ شین ببێتەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ د. فوئاد مەعصوم، لە ٢٠٠١/١٢/٦ لە سلێمانی).

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ عمر شێخموس لە ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ عمر شێخموس لە ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی.

جگە لەمە ئەو دەوڵەتانەش پێوەندیەکی بەتینی سیاسی و ئابوری‌یان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەبوو کە بەرژەوەندیان وای دەخواست. (حشع) یش ئەو کاتە دژایەتی توندی یەکێتی دەکردو شەری یەکێتیان دەکردو وتاری توندیان لە یەکێتی دەنوسی، ئەم هۆکارەش ڕەنگ دانەوەی خراپی هەبوو لە سەر پێوەندی ئەم دەوڵەتانە بە یەکێتی‌یەوە.

سەبارەت بە دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاواش، (ی.ن.ك) هیچ گرنگی نەدەدا بە پێوەندی کردن لەگەڵیاندا، بە حوکمی ئەوەی یەکێتی بزوتنەوەیەکی چەپی شۆرشگێر بوو. ئەوانە لە ڕوانگەی بۆچونی ئایدۆلۆژی یەکێتی‌یەوە بە نادۆست دەزانران بەلاّم لەوێدا (ی.ن.ك) هەوڵی دەدا پێوەندی لەگەڵ هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازو بزوتنەوەکانی کرێکاران و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و ڕێکخراوە چەپە جۆراو جۆرەکان و سۆسیال دیموکرات و پارتە کۆمەنستەکانی * ئەو وولاّتانە دابمەزرێنێ.[1]

بەلاّم پەیوەندییەکانی یەکێتی وەك (د.فوئاد معصوم) دەڵێ: "زیاتر لەگەڵ ڕۆشنبیرەکانی ئەوروپی‌دا بوو، لەگەڵ ئەو کەسانەدابوو کە دۆستی میللەتی کورد بوون. لەگەڵ هەندێ لە ڕۆژنامە نوسەکان بوو، بەمەبەستی

---

* مەبەست لە پارتە کۆمەنستەکان ئەو پارتانەیە کە وەك بیرو باوەڕ کۆمۆنستی بوون. نەك پارتە کۆمۆنستەکانی سەر بە سۆڤیەت. ئەوانەی سەر بە سۆڤیەت لەگەڵ (ی.ن.ك) دا پێوەندیان باش نەبوو. چونکە ئەوان بەهۆی نزیکی پێوەندی نێوان سۆڤیەت و عێراق لە لایەك و هاوپەیمانی بەعس و حشع لە لایەکی ترەوە. پێوەندیان لەگەڵ حزبی بەعسدا باشتر بوو نەك لەگەڵ یەکێتی دا.

[1]- ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە ؟ ل ١٦.

ئەوەی مەسەلەکانیان بۆ ڕوون بکرێتەوەو بارو دۆخەکە چۆنەو پەرۆشی زانیاری بوون لەسەر بارو دۆخی عێراق کە بەرەو کوێ دەڕوات وەك دەوڵەتێکی ناوچەکە، پێوەندیەکان لەوەندە تێنەدەپەڕین و زیاتر نەبوو، لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپایەکاندا".[1]

وەك دەر دەکەوێ پێوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ هیچ یەکێك لە دەوڵەتانی دەرەوەدا نەبووە، هەرچەندە لقێکی چالاکیشی لە ئیتالیا دا هەبوو، بەڵام وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا کە زیاتر لەگەڵ ڕێکخراوە چەپڕەو و کۆمۆنیستەکانیئەوروپای رۆژئاوادابوو، بەتایبەتی(ئیتالیاو فەرەنسا و سوید) کە ئەمەی دواییان یارمەتییەکی زۆری یەکێتی دەدا لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا.[2]

لە نیسانی ١٩٧٦ دا مام جەلال سەردانێکی بۆ نەمسا کرد. لەو سەردانەدا ژمارەیەکی باشی لە کاربەدەست و سیاسی و ڕۆژنامەوانی نەمسایی بینی، ڕادیۆو تەلەفزیۆن گفتوگۆی کورتیان لەگەڵ مام جەلال دا بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەکانیش هەندێ ستونیان دەربارەی قسەکانی نووسی.[3]

بە کورتی لەو سەردەمەدا بە هیچ شێوەیەك (ی.ن.ك) هیچ پێوەندیەکی ڕەسمی لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکاندا نەبووەو ئەوەی هەشبووە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و دەزگا ناڕەسمییەکان تێپەڕی نەکردووە.

---

[1] – چاوپێکەوتن لەگەڵ د. فوئاد معصوم لە ٢٠٠١/٣/٣، لە سلێمانی.

[2]–چاوپێکەوتن لەگەڵ عمر شێخموس لە ٢٠٠٠/١٠/١٣، لە سلێمانی.

[3]– نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانووبەوە، ل ٥٨.

# ئەنجام

هیچ گەلێك هێندەی كورد مێژووەكەی پڕ نیيە لە راپەڕین و شۆڕشی چەكدارانەی ئازادیخوازانە لە پێناوی سەربەخۆیی و مافی نەتەوایەتی‌دا. ستەم و ژێر دەستەیی نەتەوەیی كورد دوای شەڕی جیهانی یەكەم و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا زیاتر پەرەی سەند، لە لە هەمان كاتدا دژ بەو سیاسەتە راپەڕین و شۆڕشەكانی كورد گەشەو پەرەیان سەند. بەلام مەخابن هەرهەموو ئەو شۆڕشانە بە هاوكاری وولاتانی داگیركەر و بە ئاگابوونی گەورە دەوڵەتان بە شێوەیەكی جەرگبڕانە كۆتایی‌یان پێهاتووە و زیاتر كورد ژێر دەستە كراوە، كە یەك لەو شۆڕشە گەورانەی تراژیدیانە كۆتایی پێهات، شۆڕشی چواردە ساڵەی ئەیلول بوو لە ئازاری ١٩٧٥دا.

بەلام دوای شكستی هەر بزوتنەوەیەكی چەكدارانە، شۆرشێك، ڕاپەڕینێكی تر سەری هەڵداوە. هەرەسی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ دا، بوو بەهۆی دروست بوونی بۆشایەكی سیاسی، فیكری و سەربازی لە كوردستاندا، بۆ پڕكردنەوەی ئەم بۆشایی‌یە، وەك وەلامدانەوەیەكی مێژوویی، وەك پێداویستیەكی مێژوویی، بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەی ڕژێمی عێراق كە لەو ساتەدا سیاسەتی دڕندانەی گرتبووەبەر، یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە دایك بوو.

یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەگەڵ دروست بوونی خۆیدا شێوازێكی تازەی داهێنا لە خەباتی نەتەوەیی كورددا، خەباتێكی نیمچە بەرەیی، فرە حزبی و ستراتیژێكی نوێ.

ئەم قۆناغە مێژوویییە (١٩٧٥-١٩٧٦) کە سەردەمی دروست بوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەست پێکردنەوەی شۆرش بوو کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتی و تازەی لە خۆ گرت کە لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا لە کوردستان سەریان هەڵداو بەر لەو سەردەمە بونیان نەبووە، بەتایبەتی خەسلەتی کارکردنی پلورالیستانە دیاردەیەکی سیاسی نوێیە لە مێژووی کورددا، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبو کە چەند ڕێکخراوێکی سیاسی جیا جیا لە ناونیمچە بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا یەکیان گرتوو نەریتێکی نوێی شۆرشگێرانەیان داهێنا کە بریتی بوو لە پرەنسیپی پشت بەخۆ بەستن، و هاوکاری جولانەوەی شۆرشگێرانەو پێشکەوتنخوازانەی ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دروست بوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەخشەو پلانی حکومەتی عێراقی هەڵوەشاندەوەو پلانی نەتەوەیی و نیشتمانی دژبە بەغدا دانا بۆ ئەوەی کورد درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆی بدات بە هیوای گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانیان.

سەرهەڵدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵگیرساندنەوەی ئاگری شۆرش لە دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، دژی بەعەرەب کردن و ڕاگواستن و بەبەعس کردن خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکە ڕەوایەتی پێ دراوە چونکە داکۆکی لە مافی دیموکراتی و مافی نەتەوایەتی گەلی کورد دەکات.

دروست بوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵگیرساندنەوەی شۆرش خەسڵەتێکی نیشتمانی گشتیی هەبوو، تایبەت نەبوو بە ناوچەیەك، ئەم دیاردە سیاسی یە نوێیە پێچەوانەی ڕاپەڕین و جولانەوە

**چەکداریەکانی پێشووی کوردستان بوو کە لەلایەن شێخ و ئاغا و سەرۆك هۆزەکانـەوە ڕابەرایـەتی دەکـران، هەڵبـژاردەی ڕۆشـنبیرو شۆرشـگێڕی کوردسـتان بـە بـیرو بـاوەڕێکی نـوێوە چـونە سـەر شـانۆی سیاسـی کوردســتان و ڕۆڵــی ســەرەکی بینــی لــە ڕێبەرایــەتی کــردن دا، ئــەو هەڵبژاردەیە بە خەبات و لێهاتوویی و توانای خۆیانەوە سەرکردایەتی ئەو جولانەوەیــە نوێیــەیان گرتــە ئەســتۆ، نــەك بــە شــێوەیەکی کلاسـیکی ترادسیۆنی دەسەڵاتیان بۆ مابێتەوە.**

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم /کتێبە کوردییەکان :


**ئازاد خانەقینی :**

١. **مادێنـا**، مێـژوو و ببلیۆگرافیـای راگەیانـدنی (ی.ن.ك) (١٩٧٥ – ١٩٩١)، چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٠.

**ئازاد مستەفا :**

٢. کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی، بێ ساڵ و شوێنی چاپ.

**ئاسی رەباتی:**

٣. هەڵوێسـتی یـەکێتی و تاڵبـانی دەربـارەی شۆڕشـی کوردسـتانی باشور، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، ١٩٩٦، سوید.

**ئۆرخانی غالب :**

٤. **شۆڕشـی ئـەیلول و رۆژگـاری دوای هـەرەس**، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی هەڵوێست، لەندەن، ١٩٩٠.

**ئەمین قادر مینە :**

٥. **ئـەمنی سـتراتیجی عـیراق و سێکوچـکەی بەعسـیان: تـەرحیل، تەعریب، تەبعیس**، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

**ئیبراهیم جەلال :**

٦. **خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول- بنیات نان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥**، چاپی سێیەم، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ١٩٩٩.

**ئیبراهیم محمود:**

٧. وێنەی کورد لای عەرەب لە پاش جەنگی کەنداو، وەرگێڕانی حسن جیهاد ئەمین، ١٩٩٧، سلێمانی.

**بەهرۆز گەلاڵی :**

٨. کوردایەتی و هەڵوێست، بەرگی یەکەم، ١٩٩٦، هەولێر.

٩. **رسول مامەند ٥٠ساڵ تەمەن و ٣٣ ساڵ خەبات**، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

**برزۆ عەلی هەژار :**

١٠. **شەهیدی سەرکردە عەلی هەژار، ژیانی و خەباتی سیاسی**، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣.

**پارتی دیموکراتی کوردستان ( سەرکردایەتی کاتی ) :**

١١. **رێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد**، راپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرایەتی کوردستان کە لەلایەن کۆنفرانسی پارتیەوە لە (١١-١٥) ی ئابی ١٩٧٦ پەسند کراوە.

**پارتی دیموکراتی کوردستان( کۆمیتەی ئامادەکردن ):**

١٢. **هەلسەنگاندنی رەوش و هەرەسهێنانی شورشی کورد** (دەرس و پەندەکان) چاپی دووەم، ئایاری ١٩٩٨، سلێمانی.

**جەبار قادر ( دکتۆر ) :**

١٣. **چەند بابەتێکی مێژووی کورد**، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

**جەمال نەبەز( دکتۆر ):**

١٤. **ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەیی کورد لە بەر گڕی ئاگری جەنگی عیراق و ئیران، لەبڵاو کراوەکانی** ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆکهۆلم، ١٩٨٩.

١٥. دۆزی ناسیۆنالی کورد، ١٩٨٥، سوید، بنکەی چاپەمەنی ئازاد.

**حەمەی فەرەج هەڵە بجەیی :**

١٦. **لەشنرویۆوە بۆ ستۆکهۆڵم**، چەند لاپەڕەیەك لە بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ ی گەلی کوردستاندا، سلێمانی، ٢٠٠٠.

**حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی :**

١٧. **راپۆرتی سیاسی سەر بە هەشتەمین کۆنگرەی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی** – کانونی دووەمی ١٩٧٤، بغداد، ١٩٧٧.

١٨. **راپۆرتی ناوەندی نۆیەمین کۆنگرەی هەرێمایەتی**، لە حوزەیرانی ١٩٨٢، چاپخانەی دار الحریە، بغداد، ١٩٨٣.

**حزبی سۆسیالیستی کوردستان-عێراق :**

١٩. **ڕاپـۆرتی سیاسـی کـۆنگرەی یەکـەمی حزبـی سۆسیالیسـتی کوردستان** کە لە نێوان (١٢–١٥)ی ئایاری ١٩٨١ دا بەسترا.

**حزبی شیوعی عیراق :**

٢٠. **لەبەڵگەنامەکانی سێیەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی عیراق**- ئایاری ١٩٧٦ لەپێناوی چەسپاندن و قوڵکردنەوەی ڕێڕەوی شۆڕشگێڕانەی عیراقدا روەو سۆسیالیزم، چاپخانەی الرواد، بغداد، ١٩٧٧.

**حنا یوسف فریج:**

٢١. **مەسەلەی نەتەوەی کورد لەعیراقداو دەست خستنەناوەوەی بیانی لە ناوچەکەدا**، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە: نوسینگەی دیمەشقی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپی یەکەم، شام، ١٩٩٩.

**حوسێن عارف :**

٢٢. **بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن** ١٩٧٤/٣/٢٨ بۆ ١٩٧٥/٣/٢٧، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

**حوسێن محمد عزیز :**

٢٣. **پێنج کاتژمێر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد دا**، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، سوید، ١٩٩٥.

٢٤. **خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا**، دەقی چاوپێکەوتن لەگەڵ جەرجیس فەتحوللای پارێزەر دا، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم، سوید، ١٩٩٧.

**حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (کۆمسیۆنی ئاموزش):**

٢٥. **سەرهەلدان و تێکشکانی شۆڕشی ئەیلول لە کوردستانی عێراق، ژێرار چالیاند، کەندال نەزان، عبدالرحمان قاسملو، عصمت شریف وانلی، مستەفا نازدار، ئارچی روزفلت، کامرانقرداغی، ئەلیزا مارکوس، پیل فریلیك:**

٢٦. **گەلیکی پەژموردەو نیشتمانیکی پەرت**، وەرگێیرانی م. گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨.

**ڕێباز:**

٢٧. **قەندیل بەغدای هەژاند**، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٣.

**سەید کاکە :**

٢٨. **بیرەوەری پێشمەرگەیەك**، چاپی یەکەم، ئاپاری١٩٨٩.

**شوان :**

٢٩. **هەلوێستی کۆمەڵە دەربارەی هەندێ مەسەلەی ستراتیجی**، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٩.

**شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد :**

